

# ئاڤێستا

# مێژینەترین سروودی کورد

# ئاڤێستا

# مێژینەترین سروودی کورد

## نەسکی سێیەم

## (یەشت)ەکان

کۆکردنەوەو وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە

جەلیل عەباسی (ج.قەقنەس)

**ئـــاڤێستا**

**مێژینەترین سروودی کورد**

**نەسکی سێیەم: (یەشت)ەکان**

---

❖ بابەت:

❖ کۆکردنەوەو وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە: جەلیل عەباسی

❖ پیتچنین: نزار نوری

❖ نەخشەسازی ناوەوە: نزار نوری

❖ نەخشەسازی بەرگ:

❖ نۆبەتی چاپ:

❖ چاپخانە:

❖ تیراژ:

❖ نرخ:

❖ ژمارەی سپاردن:

## پێشەکی:

وەک دەزانین، ئاڤێستای ئەمڕۆ (٦) بەش (نەسکە): ١ـ گاتاکان ٢ یەسنا ٣ـ یەشت ٤ـ ڤیسپێرەد ٥ـ ڤەندیداد ٦ـ خوردە ئاڤێستا.

(یەشت)ەکان بەش (نەسکە)ی سێیەمی ئاڤێستا پێکدەهێنن کە بریتین لە (٢١) بەش بە ناوەکانی:١ـ هورمزدیەشت ٢ـ هەفتەن یەشتی بچووک و گەورە ٣ـ ئەردیبەهەشت یەشت ٤ـ خورداد یەشت ٥ـ ئابان یەشت ٦ـ هەتاو یەشت ٧ـ مانگ یەشت ٨ـ تیر یەشت ٩ـ گەئوشە یەشت (دورڤاسپە یەشت) ١٠ـ میهر یەشت ١١ـ سروش یەشتی هادوخت ١٢ـ رەشن یەشت ١٣ـ فەروەردین یەشت ١٤ـ بەهرام یەشت ١٥ـ رام یەشت ١٦ـ دین یەشت ١٧ـ ئەرتە یەشت (ئەشەی یەشت) ١٨ـ ئەشتاد یەشت ١٩ـ زامیاد یەشت ٢٠ـ هەوم یەشت ٢١ـ وەنەن یەشت و هەرواش هادوخت نەسک کە دەبێتە دوایین بەش یا خۆ باشترە بڵێیم پاشکۆی یەشتەکان. ئەم (٢١) بەشە سیمبولێکی سەرجەم بەشەکانی ئاڤێستای جارانە کە (٢١) نەسکە بووە.

وشەی یەشت لە ئاڤێستادا بە (یەشتی) هاتووە. لە ڕەگی وشەی (یەسنا)یە و هەمان واتاش دەگەیەنێت (ستایش و نیایش و پەرستش و سەنا و سکالا). ئەم بەشەی ئاڤێستا (یەشتەکان) تایبەتە بە ستایشی ئیزەدەکان و چەند وشەیەکی لێ دەبنەوە کە بریتین لە: یەشتن، بە واتای پەرستن و ستایشکردن و (یەشتی)یش گەلێ جار لە دەقەکانی ئاڤێستادا بە هەمان واتا و بۆ هەمان مەبەست هاتووە، ***یەشتر*** بە واتای ستایشکار و پەرستشکار دێت. گوتمان کە یەشت و یەسنا لە واتادا یەکن، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە جیاوازییەکیشیان

هەیە: یەسنا بە واتای ستایش و پەرستش و سەنا و سکاڵا بە شێوە و ڕەهەندە گشتییەکەی دێت، بەڵام یەشت بە هەمان واتا تایبەتە بە ستایشکردنی ئیزەد و ئەمشاسپەندەکان، ئەمەش لە سەرجەم (٢١) یەشتەکەی ئاڤێستادا وەدیار دەکەوێت. هەر یەشتێک بۆ خۆی دەبێتە چەند بەشێکی سەرەکی کە پێیدەگوترێت (کردە) و هەرکردەیەکیش دەبێتە چەندین بڕگە. یەشتەکان لە بواری مێژوویانەوە جیاوازییان هەیە، چوار یەشتی سەرەتا سادە و ساکارترن، بەتایبەتی یەشتەکانی دووەم و سێیەم و تەنانەت چوارەمیش هەر زۆر ساکارن و بابەتێکی زۆر گرینگ لەخۆ ناگرن. دوو یەشتی کۆتایی (وەنەند و هەوم) زۆر کورتن بەپێچەوانەی یەشتە گەورەکان کە لە بواری زۆریی وشە و ڕستەسازیی و ڕێزمانەوە گەلێ دەوڵەمەندن و بەشێکی بەرچاوی ئەدەبیاتی مەزدیەسنایان لەسەر بنیات نراوە.

وەک لە نێوەرۆکدا دەبینرێت، زۆربەی یەشتەکان ناوی ئەو ئیزەدانەیان تێدا هاتووە و ستایش کراون کە ناوی سی ڕۆژەی مانگیشیان بەناوەوە کراوە. ئەڵبەت ناوی ئەم سی ئیزەدە لە هەردوو (سی ڕۆژەی بچووک و گەورە)دا بەدوای یەکدا هاتووە بەڵام ئەم خشتەیە لە یەشتەکاندا پەیڕەو نەکراوە.

بەهەرحاڵ، وەکوو پێشتر لێی دوام، یەشتەکان دەبنە سێیەمین نەسکەی ئاڤێستا و تایبەتن بە سەنا و سکاڵا و ستایش و پاڕانەوە بۆ ئەمشاسپەندەکان واتە ئەو ئیزەدانەی کە لە دینی مەزدیەسنادا پیرۆز کراون و ڕێزیان لێگیراوە و هەریەکەیان ئەرکێکی گرینگی لە ئەستۆیە بۆ پاراستن و پەرەپێدان و گەشەی جیهان و ژیانی مرۆڤ.

هیوادارم خوێنەری بیرتیژی کورد بتوانێ لە خوێندنەوەی وردیان سوود وەرگرێت و پەیام و نهێنیەکانی ئەم دین و فەلسەفە پیرۆزە مرۆییە لە نێو وشەکانیاندا بدۆزێتەوە.

جەلیل عەباسی

# یەکەم

# هورمەزدیەشت[1]

(١)

زەردەشت لە ئاهوورای پرسیی:

ئەی ئەهوورەمەزدا.. ئەی پیرۆزترین ڕۆح.. ئەی داداری جیهانی خاکی.. ئەی ئەشەڤەن لە مەنسەرەی پیرۆزو هێژادا...

چ شتێك تواناتر.. چی سەرکەوتووتر.. چی پێگەبەرزترین و چ شتێك بۆ ڕۆژی پەسڵان کاراترینە؟

(٢)

چ شتێك سەرکەوتووترین و چی چارەسازترینی هەموو شتەکانە؟

چ شتێك باشتر زاڵ دەبێت بەسەر دوژمنایەتیی دێوەکان و خەڵکانی درۆپەرستدا؟

لە سەرتاسەری ئەم جیهانە خاکییەدا چ شتێك زۆرتر کار دەکاتە سەر ئەندێشەی جەماوەر؟

لە سەرتاسەری ئەم جیهانە خاکییەدا چ شتێك زۆرترو باشتر ناخی جەماوەر پاك و خاوێن دەکاتەوە؟

(٣)

ئەهوورامەزدا فەرمووی:

ئەی سپیتمان زەردەشت..

ناوی من و ئەمشاسپەندەکان لە مەنسەرەی هێژادا، لە هەموو شت کاراتر.. لە هەموو شت بە بڕشتتر.. لە هەموو شت بەرزترو سەرکەوتووترە و بۆ ڕۆژی پەسڵانیش لە هەموو شتێك کاریگەرترە.

(٤)

ئەوەیە سەرکەوتووترین و چارەسازترینی هەموو شتەکان.. ئەوەیە کە سەردەکەوێ بەسەر دێوەکان و خەڵکانی درۆ پیشەدا.. ئەوەیە کە لەسەرتاسەری ئەم جیهانە خاکییەدا، بەسەر ئەندێشەی جەماوەردا کاریگەرتر دەبێت.. ئەوەیە کە لە سەرتاسەری ئەم گۆی زەوییەدا ناخی جەماوەر خاوێنتر دەکاتەوە.

(٥)

زەردەشت گوتی:

ئەی ئەهوورامەزدای ئەشەڤەن...

وشیارو ئاگام بکەوە لە ناوی پیرۆزت کە لە هەموو شتێك مەزنترو چاکترو جوانترە و بۆ ڕۆژی پەسڵانیش لە هەموو شت کاریگەرترو چارەسازترە و لە هەموو شتێکیش زۆرترو باشتر زاڵ دەبێت بەسەر دێوەکان و خەڵکانی درۆپیشەدا..

(٦)

... تا وەکوو منیش زاڵ بم و سەرکەوم بەسەر هەموو دێوەکان و هەموو شوێنکەوتوانی درۆدا.. تا زاڵ ببم بەسەر هەموو پەری و جادووەکاندا.. تاکوو نەتوانن شکستم بدەن، نە دێو.. نە درۆ پیشە.. نە پەری و نە جادووگەرەکان.

**(٧)**

ئەهوورامەزدا فەرمووی:
ئەی زەردەشتی ئەشەڤەن...
یەکەم: منم سەرچاوەی زانین و ئاگایی
دووەم: منم بەخشندەی سامان
سێیەم: منم بەتواناترین
چوارەم: منم باشترین ئەشە
پێنجەم: منم سیمبۆلی هەموو بەخششە پاك و ئەشەییەکان
شەشەم: منم ئاوەز
حەوتەم: منم ئاوەزمەند
هەشتەم: منم دانایی
نۆیەم: منم دانا

**(٨)**

دەیەم: منم هێژایی
یازدەهەم: منم هێژا
دوازدەهەم: منم ئەهوورە
سێزدەهەم: منم بەهێزترین
چواردەهەم: منم دەستی دوژمن پێڕانەگەیەشتوو
پازدەهەم: منم نەبەز
شازدەهەم: منم پاداشبەخش
حەڤدەهەم: منم پاسەوانی هەمووان
هەژدەهەم: منم چارەسازی هەمووان
نۆزدەهەم: منم ئافەریدگار
بیستەم: منم مەزدا

(٩)

ئەی زەردەشت..

بە ڕۆژو بە شەو، بە نیازی شایستەی زەورەوە ستایشم بکە

بەم چەشنە، من (ئەهوورەمەزدا) یارمەتی و پشتوپەنات پێدەبەخشم..

سرووشی پاك، پەنا و یارمەتیت پێدەگەیەنێ..

ئاوو ڕوەك و ڕۆحی پەیڕەوانی ئەشەیش بۆ یارمەتی و پاڵپشتیکردنت بەرەو لات دێن.

(١٠)

ئەی زەردەشت..

ئەگەر خوازیاری سەرکەوتنی بەسەر دێو و درۆپەرست و جادووگەر و کەوی و کەرپەنە ستەمکارەکان و جەردە و ئەشمووغی دووپێ و گورگی چوار پێستدا...

(١١)

گەر خوازیاری سەرکەوتنی بەسەر لەشکری زۆر و پرچەك و تەیار و شەڕەنگێز و خوێنڕێژی دوژمندا، لە هەموو ڕۆژان و شەواندا ئەم ناوانەی منت لە بیر بێت و یادیان بکەرەوە:

(١٢)

| | |
|---|---|
| پشتیوان | ناوی منە |
| بەدیهێن و پاسەوان | ناوی منە |
| پیرۆزترین ڕۆح | ناوی منە |
| چارەبەخش | ناوی منە |

| | |
|---|---|
| چارەبەخشترین | ناوی منە |
| پێشەوا | ناوی منە |
| چاکترین پێشەوا | ناوی منە |
| ئەهوورە | ناوی منە |
| مەزدا | ناوی منە |
| ئەشەڤەن | ناوی منە |
| ئەشەڤەنترین | ناوی منە |
| شکۆدار | ناوی منە |
| شکۆدارترین | ناوی منە |
| بینا | ناوی منە |
| بیناترین | ناوی منە |
| دووربین | ناوی منە |
| دووربینترین | ناوی منە |

**(١٣)**

| | |
|---|---|
| پاسەوان | ناوی منە |
| پشتوپەنا | ناوی منە |
| دادار | ناوی منە |
| پارێزەر | ناوی منە |
| ناسراو | ناوی منە |
| چاکترین ناسراو | ناوی منە |
| پەروەردگار | ناوی منە |
| فەشوشومەنسەرە | ناوی منە |
| خوازیاری شەهریاریی چاك | ناوی منە |
| شەهریاری دادگەر | ناوی منە |
| دادگەرترین شەهریار | ناوی منە |

**(١٤)**

فریونەدەر ناوی منە
فریونەخۆر ناوی منە
تێکشکێنەری شەڕاشۆیی ناوی منە
سەرکەوتوو بەسەر دوژمندا ناوی منە
تێکشکێنەری هەموو خراپەیەك ناوی منە
ئافرێنەری تاقانە ناوی منە
بەخشندەی هەموو چاکەکان ناوی منە
دلۆڤان ناوی منە

**(١٥)**

چاکەکار ناوی منە
پاداشبەخش ناوی منە
سوودمەند ناوی منە
بەهێز ناوی منە
بەهێزترین ناوی منە
ئەشەڤەن ناوی منە
مەزن ناوی منە
شایستەی شەهریاری ناوی منە
شایستەترین شەهریار ناوی منە
زانا ناوی منە
داناترین ناوی منە
دووربین و ئایەندەبین ناوی منە

(١٦)

ئەی زەردەشت..

ئەمانەن ناوەکانی من

ئەو کەسەی لەم جیهانە خاکییەدا ئەم ناوانەی من لەبەر بکات یا بە ڕۆژو شەو بەدەنگی بەرز بیانڵێتەوە...

(١٧)

... ئەوەی کاتی لەخەو هەستان یا کاتی نووستن.. کاتی بەستنی کوشتی یا لێکردنەوەی.. کاتی ڕۆیشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی یا وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی ئەم ناوانەی من بڵێتەوە...

(١٨)

... لەو ڕۆژو شەوانەدا، نە تیر کاری تێدەکات و نە شیرو خەنجەری دوژمنی کینەجۆی درۆپەرست و نە بەردو گورزو تێڵایەکیش کە قین لەدڵان بۆی دەهاوێن.

(١٩)

ئەم ناوانەی من وەکوو قەڵغانێکی پشت و پێشی سنگ بۆ پاراستنی مرۆڤ لە بەرامبەر هەڕەشەی تاقمی بێشوماری درۆپەرستان و نابەکارانی (وەرێنە) و (کەیەزە)ی ناپاکدا، بەجۆرێك، دەڵێی هەزار پیاو پارێزگاریی لە پیاوێکی دی دەکەن.

**(٢٠)**

ئەی ئەهوورە... وشیارو بەئاگام بکەوە:

ئەو سەرکەوتووە کێیە کە لە سای ڕاهێنانەکانی تۆدا دالّدەی بوونەوەرەکان دەدات؟..

ئەی مەزدا...

وشیارو بەئاگام بکەوە لە هەڵبژاردنی ئەو مەزنە چارەسازەو وا بکە سرووش و سرشتی چاك ڕوو لەوو لەوانەش بکات کە تۆ خۆت دەتەوێت.

**(٢١)**

ستایش بۆ فەڕی کەیانی

ستایش بۆ ئێرانڤیچ

ستایش بۆ (سەڤەکە)

ستایش بۆ ئاوی (دای تیا)

ستایش بۆ (ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا)[٢]

ستایش بۆ سەرجەم ئافەریدە ئەشەڤەنەکان

"یەسنە ئەهو ڤەئیریو.."

"ئەشێم ڤەهوو.."

**(٢٢)**

ستایشی ئەهوونەڤەیرە دەکەم،

ستایشی ئەردیبەهەشت، جوانترین ئەمشاسپەند دەکەم،

ستایشی هێزو بڕست و سەرکەوتن و شکۆو توانا دەکەم،

ستایشی ئەهوورامەزدای خاوەن فەڕو شکۆ دەکەم،

"یەنگهە هاتام.."

(٢٣)

"يەسە ئەهوڤەئیریو.."

خوازیاری دروود و سەنا و ستایش و توانایی و بڕستم بۆ ئەهوورەمەزدای خاوەن فەڕو شکۆ

"ئەشێم ڤەهوو.."

(٢٤)

ئەی زەردەشت...

هەمیشە پارێزەری دۆست بە! لە بەرامبەر دوژمنی بەدخوازدا

مەهێڵە دۆست تووشی زیان ببێ،

مەهێڵە دۆست تووشی ڕەنج و مەینەت ببێ،

مەهێڵە ئەو مرۆڤە بڕوادار و بەئاگایەی کە بۆ نیازێکی گەورە پێشکەشییەك ئاراستەی من و ئەمشاسپەندان دەکات، لە سامانی خۆی بێبەش ببێت.

(٢٥)

ئەی زەردەشت...

ئەمەیە ڤەهوومەن کە من ئەفراندوومە

ئەی زەردەشت...

ئەمەیە ئەردیبەهەشت کە من ئەفراندوومە

ئەی زەردەشت...

ئەمەیە شەهریوەر کە من ئەفراندوومە

ئەی زەردەشت...

ئەمەیە سپەندارمەز کە من ئەفراندوومە

ئەی زەردەشت...

ئەمانەن خورداد و ئەمورداد        کە من ئەفراندوومن

ئەمانە لەو دنیادا پاداشتی ئەشەڤەنەکان دەدەنەوە

**(٢٦)**

ئەی زەردەشتی ئەشەڤەن...

بەهۆی ئاوەز و دانایی منەوە تێبگە و بزانە کە سەرەنجامی ژیان و زیندەگی لە ئایندەدا چۆنە.

**(٢٧)**

هەزار دەرمان بگاتێ

دە هەزار دەرمان لە سپەندارمەزەوە بگاتێ

بە یارمەتیی سپەندارمەز، دوژمنایەتی و شەڕانگێزیی دێوی درۆ تێکبشکێنن و پەرێشانی بکەن.. گوێی ببڕن.. دەستەکانی ببەستنەوە.. چەکەکەی تێك بشکێنن و کۆت و زنجیری بکەن، بەجۆرێك کە بۆ تاهەتایە بەسترابێتەوە.

**(٢٨)**

ئەی مەزدا...

ئایا ئەشەڤەن سەردەکەوێ بەسەر دروەندا؟

ئایا ئەشەڤەن زاڵ دەبێ بەسەر درۆدا؟

ئایا ئەشەڤەنەکان سەردەکەون بەسەر دروەندەکاندا؟

ستایشی بڕستی ژنەفتەنیی ئەهوورەمەزدا دەکەین کە مەنسەری لێ بژنەفین،

ستایشی هێزی ڕاهێنەری ئەهوورەمەزدا دەکەین کە مەنسەرەی پێ ئەزبەر کردین،

ستایشی هێزی گوتاری ئەهوورەمەزدا دەکەین کە مەنسەرەی پێ گوتینەوە، بە ڕۆژو شەو، بە نیازی شایستەی زەورەوە ستایشی کێوی بڵندی (ئوشیدەم)[٣] دەکەین.

**(٢٩)**

زەردەشت گوتی:

بەم ڕێگەچارەیە، ئێوە بەرەو تووناوتوونی زەوی تەفروتوونا دەکەم.[٤]

بەهۆی بینایی سپەندارمەزەوە، چی جەردە و ڕێگر هەیە، لە زەویدا دەکەوێت.

**(٣٠)**

هەزار دەرمان بگاتێ، دەهەزار دەرمان بگاتێ،

ستایشی فرەوەشیی ئەم ئەشەڤەنانە دەکەین کە بە (ئەشموخڤانوەنت)[٥] ناسراون. لەمەودوا خوازیارم هەروەکوو مرۆڤێکی ئیماندار ستایشی فرەوەشیی ئەشەڤەنەکانی دیکە بکەم؛

ستایشی فرەوەشیی (گڤەکرێنە)ی بە هێزی مەزدا ئافەریدە

ستایشی گڤەکرێنەی بەتوانای مەزدا ئافەریدە.

**(٣١)**

..........[٦]

"ئەشێم ڤەهوو.."

**(٣٢)**

ستایشی سپەندارمەزدی ئەشەڤەن و کارساز دەکەین؛[٧]

ئێستا، ئەو زاتەی لە هەمووان مەزنترە (ئەهوورەمەزدا) وەك (ئەهوو) و (رەتوو) هەڵدەبژێرین، تا بتوانین ئەهریمەنی نابەکار لەناو بەرین.. تا دێوی ڕق و قینی چنگخوێنین بتارێنین.. تا دێوە مەزەندەرییەکان لەنێو بەرین.. تا دێو و درۆپیشەکانی (وەرێنە) بتارێنین.. تا ئەهوورەمەزدای بە فەڕو شکۆ بە مەزنێتی بناسین.. تا ئەمشاسپەندە مەزنەکان بناسین.. تا ئەستێرەی پڕشکۆ (تەشتەر)ی ڕووناک و درەوشاوە بەجوانی بناسین.. تا مرۆڤی ئەشەڤەن بە پاکی و هەرواش سەرجەم ئەفرێنراوە ئەشەڤەنەکانی سپەنتەمینو بە مەزنێتی بناسین.

**(٣٣)**

"ئەشێم ڤەهوو.."  
"ئەهمائی ڕەئێشچە.."  
"ئوشێم ڤوهوو.."  
هەزار دەرمان بگات..  
دە هەزار دەرمان بگات  
"ئەشێم ڤوهوو.."  
ئەی مەزدا  
بەهانامەوە بێ و یارمەتیم بدە.

# دووەم...

# هەفتەن یەشتی بچووک[٨]

(١)

ئەهوورەمەزدای خاوەن فەڕوشکۆ
ئەمشاسپەندان
ڤەهوومەنە،
ئاشتیی پیرۆز کە چاودێری سەرجەم ئافرانە
زانستی سروشتیی مەزدا ئافەریدە
زانستی فێرکاریی مەزدا ئافەریدە...

(٢)

ئەردیبەهەشتی جوانتر
نوێژی وزەبەخشی مەزدا ئافەریدەی (ئەئیریەمەن ئەیشیە)
(سەوەك)ی چاکی ئاسۆ ڕوونی مەزدا ئافەریدە[٩]
شەهریوەر
ئاسنی سوورەوەکراو
میهرەبانی و جوامێریی خەمینی دەروێشان...

(٣)

سپەندارمەزی چاك
(راتا)ی چاکی ئاسۆ ڕوونی مەزدا ئافەریدەی ئەشەڤەن[١٠]
خوردادی جوامێر
(یائیریە هوشیتی)

ئیزەدانیساڵ.. جوامێرانی ئەشەڤەن
ئەمورردادی جوامێر
ڕانە ئاژەڵ و کێڵگەی سوودبەخش
(گڤە کرێنە)ی بەهێزی مەزدا ئافەریدە...[١١]

**(٤)**

(میهر)ی کراوەی لەوەڕگە و (ڕام)ی لەوەڕگەبەخشی چاك
ئەردیبەهەشت و ئازەری ئەهوورەمەزدا
جوامێری مەزن (ئەپام نەبات)
ئاوی مەزدا ئافەریدە...

**(٥)**

فرەوەشیی ئەشەڤەنەکان و ژنان و دایکانی کوڕە چاکەکان
یائەیریەهوشیتی
(ئەمە)ی چاك ئەفرێنراوی بەتوانا
(بەهرام)ی ئەهوورە ئافەریدە
(ئەوەپەرەتات)ی پیرۆز
سرووشی پارێزکاری پاداشتبەخشی گێتی ئەفزا
و... (ڕەشن)ی ڕاستترین و (ئەرشتاد)ی گێتی ئەفرۆز و جیهان پەروەر شاد و خۆشنوود دەکەین.
"یەسە ئەهوو ڤەئەیریو.." کە زەوت پێم بڵێت؛
"یەسە ئەهوو ڤەئەیریو.." کە مرۆڤی زانا و پارێزکار پێم بڵێت.

(٦)

ستایشی ئەهوورەمەزدای خاوەن فەڕوشکۆ دەکەین،
...... (لێرەوە تا کۆتایی بڕگەی (١٠) دووبارەی بڕگەکانی (١ تا ٥)ە.

(٧)

ئەی زەردەشت...
ئەو، جادووکاران و دێوەکان و خەڵکانی درۆپەرست لەنێو دەبات،
ئەی زەردەشتی سپیتمان...
ئەو کەسەی کە بەڕاستی بە ئێمەوە پەیوەستە، هەرکاتێ ئەم وشانە بڵێتەوە، ئەوا هەموو درۆیەك لەنێو دەچێت.. بە قسەکانی ئەو، هەموو درۆیەك نابووت دەبێت.

(٨)

ستایشی ئەو کەسە دەکەین کە بۆ بەربەرەکانێی دوژمنانی دینی مەزداپەرستی لە یاریدەی ئەو حەوت ئەمشاسپەندە چاك و پیرۆزە بەهرەمەند دەبێت.
ستایشی ئاوی زوڵاڵی مەزدا ئافەریدە دەکەین کە هەمیشە و هەردەم بەپاکی دەڕوات.

(٩و ١٠)

............ (لە خودی دەقە ئاڤێستاییەکەدا تێکەڵ و پێکەڵ بووە و نە بەدروستی دەخوێنرێتەوەو نە واتایەکی دروست و ڕۆشنیش دەداتە دەستەوە).

**(١١)**

**"یەسە ئەهووڤەئەیریو.."......**

**.........(دووبارەی بڕگەکانی ١ تا ٥ی ئەم بەشە)**

**......**

**حەوت یەشتی گەورە**

**.........**

**ئەم (حەوت یەشتی گەورە)یە هەمان (حەوت هات/ هاتەکانی ٣٥ تا ٤٢)ن و هێنانەوەی لێرەدا دووبارە و ناپێویستە، بۆیە ئێمەش بەسەریدا تێدەپەڕین.**

# سێیەم
# ئەردیبەهەشت یەشت

**تێبینی:**

بڕگەکانی (١ تا ٥)ی بەشی پێشوو بە شێوەی هەڵبژاردە وەکوو پێشەکییەك بۆ ئەم یەشتەش دانراوە.

**(١)**

ئەهوورامەزدا بە سپیتمان زەردەشتی گوت:

ئەی سپیتمان زەردەشت... ئەی سەناکار.. ئەی ستایشکار.. ئەی زەوت.. ئەی ڕاستیخواز.. ئەی پەرستشکاری دڵنەرمی سرووتخوێن،

ئەو کاتەی کە من و ئەردیبەهەشت، هەتاوی ڕووناک و ورشەدار و هەرواش خانە هەتاوشێوەکانمان ئەفراند.......(١٢)

بە تایبەتی ستایش و نیایش لە ئێمەوە بۆ ئەمشاسپەندان...

**(٢)**

زەردەشت گوتی:

ئەی ئەهوورامەزدا.. ئەی مژدەبەخشی گفتی ڕاست و دروست

ئێستا بە سپیتمان زەردەشتی سەناخوان و ستایشکار و زەوت و ڕاستیخواز و پەرستشکار و دڵنەرم و سرووتخوێن بفەرموو:

چۆن و چی بوو ئەو گفتە، کاتێ تۆ و ئەردیبەهەشت هەتاوی ڕووناک و ورشەدار و خانە هەتاوشێوەکانتان ئەفراند؟...(١٣)

... بەتایبەتی سەنا و ستایش لە ئێوەوە بۆ ئەمشاسپەندەکان.

(٣)

من بانگی ئەردیبەهەشت دەکەم،
ئەو کاتەش کە من بانگی ئەردیبەهەشت دەکەم،
ئارامگەی چاك و پاکی دیکەی ئەمشاسپەندەکانیش؛
کە مەزدا بە گفتەی چاك دەیپارێزێت...
کە مەزدا بە کردەی چاك دەیپارێزێت...
کە مەزدا بە بیری چاك دەیپارێزێت...
بە ڕوومدا دەکرێتەوە
ئەو ئارامگە چاك و پاك و پیرۆزەی کە لە (گەرەزمان)ی ئاهوورادایە.

(٤)

گەرەزمان بۆ مرۆڤە چاك و ئەشەڤەنەکانە
هیچ شوێنکەوتوویەکی درۆ ڕێی ناکەوێتە ئەوێ و ناگاتە دیداری ئەهوورامەزدا تێیدا.

(٥)

نوێژی (ئەئیریەمەن ئیشیە) کە ئەنگەرەمینو و سەرجەم جادووکارە ناپاکەکانی دیکە دەتارێنێ، مەزنترین مەنسەرەی پیرۆزە.. چاکترین مەنسەرەی پیرۆزە.. جوانترین مەنسەرەی پیرۆزە.
لەنێو هەموو مەنسەرە پیرۆزەکاندا بەهێزترینە..
بەهێزترین مەنسەرەی پیرۆزە
لەنێو هەموو مەنسەرە پیرۆزەکاندا خۆڕاگرترینە..
خۆڕاگرترین مەنسەرەی پیرۆزە

لەنێو هەموو مەنسەرە پیرۆزەکاندا سەرکەوتووترینە..
سەرکەوتووترین مەنسەرەی پیرۆزە
لەنێو هەموو مەنسەرە پیرۆزەکاندا دەرمانبەخشترینە..
دەرمانبەخشترین مەنسەرەی پیرۆزە

**(٦)**

یەك لە پزیشکان بە یارمەتیی ئەشە دەرمانمان بکات،
یەك لە پزیشکان بە یارمەتیی زانست دەرمانمان بکات،
یەك لە پزیشکان بە یارمەتیی (کارد/کەتەر) دەرمانمان بکات،
یەك لە پزیشکان بە یارمەتیی گیاوگوڵ دەرمانمان بکات،
یەك لە پزیشکانیش بە یارمەتیی مەنسەرە دەرمانمان بکات[١٤]،
چارەسازترین پزیشك ئەوەیە کە بە مەنسەرەی پیرۆز دەرمانمان بکات[١٥]،
ئەوەی کە نەخۆشییە دەروونییەکانی مرۆڤی ئەشەڤەن دەرمانمان بکات،
چارەسازترینی پزیشکەکانە.

**(٧)**

| | |
|---|---|
| ئەی ناخۆشییەکان | ون بن |
| ئەی مەرگ | ون بە |
| ئەی دێوەکان | ون بن |
| ئەی پەتیارەکان | ون بن |
| ئەی (ئەشمووغ)ی کینەجۆ | ون بە |
| ئەی پیاوی ستەمکار | ون بە |

**(٨)**

ئەی ئەژدیها نەژادەکان وون بن
ئەی گورگ نەژادەکان وون بن
ئەی بەدخووو ئازاردەرە دوو پێیەکان وون بن
ئەی (تەرومەئەیتی) وون بە
ئەی (پەئیری مەئیتی) وون بە[١٦]
ئەی (تا)ی ناخۆش وون بە
ئەی ئاشۆو ئاژاوە وون بە
ئەی پیاوی چاوپیس وون بە

**(٩)**

ئەی درۆزنترین درۆزنەکان وون بە
ئەی ژنی بەدکارەی جادووگەر وون بە
ئەی ژنی بەدکاری (کەخوارەزە) وون بە
ئەی (با)ی ئەپاختەر وون بە[١٧]
ئەی (با)ی ئەپاختەر نابووت بە
هەرچی لە ڕەگەزی ئەم ئەژدیهایەیە نابووت بێت.

**(١٠)**

ئەوەی کە هەزارجار، هەزار کەس و دەهەزارجار، دە هەزار لە دێوەکان بکوژێت، ئەوا نەخۆشییەکان لەنێو دەبات.. دێوی مەرگ لەنێو دەبات.. پەتیارەکان لەنێو دەبات.. ئەشمووغی دژی ئەشە لەنێو دەبات.. خەڵکانی ناپاك و ستەمکار لەنێو دەبات...

(١١)

ئەژدیهانەژادەکان لەنێو دەبات.. گورگنەژادەکان لەنێو دەبات.. بەدخووو ئازاردەرە دوو پێیەکان لەنێو دەبات.. تەرومەیتی لەنێو دەبات.. پەئیری مەیتی لەنێو دەبات.. درۆزن لەنێو دەبات.. (تا) لەنێو دەبات.. ئاشوب و ئاژاوە لەنێو دەبات.. چاوچنۆك لەنێو دەبات...

(١٢)

درۆپەرستترینی درۆپەرستان لەنێو دەبات.. ژنی بەدکاری جادووگەر لەنێو دەبات.. ژنی بەدکارەی کەخوارەزە لەنێو دەبات.. (با)ی ئەپاختەر لەنێو دەبات و نابوودی دەکات.. هەرچییەك پەیوەستە بە بەدخووو زیانەخرۆ دووپێیەکان، هەمووی لەنێو دەبات و نابوودی دەکات.

(١٣)

ئەگەر کەسێك، هەزارجار، هەزار کەس و دە هەزارجار، دە هەزار لەو دێوانە بکوژێت، ئەوا فریوکارترینی دێوەکان، واتە ئەهریمەنی نابەکار لە بەرزایی ئاسمانەوە دەکەوێتە خوارو سەرنگوون دەبێت.

(١٤)

ئەهریمەنی نابەکار گوتی:
وەی لە من لە دەستی ئەردیبەهەشت:
ناخۆشترین ناخۆشییەکان لەنێو دەبات.
لەگەڵ ناخۆشترین ناخۆشییەکان بەشەڕ دێت،
خراپترین خراپییەکان لەنێو دەبات.

لەگەڵ خراپترین خراپییەکاندا بەشەڕ دێ،
دێوترینی دێوەکان لەنێو دەبات.
لەگەڵ دێوترینی دێوەکاندا بەشەڕ دێ،
پەتیارەترینی پەتیارەکان لەنێو دەبات.
لەگەڵ پەتیارەترینی پەتیارەکاندا بەشەڕ دێ،
ئەشمووغی دژی ئەشە لەنێو دەبات.
لەگەڵ ئەشمووغی دژی ئەشەدا بەشەڕ دێ،
ستەمکارترینی ستەمکاران لەنێو دەبات.
لەگەڵ ستەمکارترینی ستەمکارەکاندا بەشەڕ دێ.

**(١٥ و ١٦)**

............

(دووبارەی بڕگەکانی ١١ و ١٢ بەڵام بە شێوازی دەربڕینی بڕگەی ١٤

**(١٧)**

درۆ، دەبێ کەم ببێتەوە
درۆ، دەبێ لەنێو بچێت
درۆ، دەبێ تەواو ببێت و یەکسەر نابوود ببێت
تۆ ئەی درۆ، دەبێ لە ئەپاختەردا لەنێو بچی
تۆ نابێ بمێنیت و ئەم جیهانە خاکییەی ئەشە بشێوێنی!

**(١٨)**

بــه هــۆی زەورو نــوێژێکی بــه دەنگــی بــەرزەوە، ستایشــی جــوانترینی ئەمشاسپەندەکان، ئەردیبەهەشت دەکەین.

بەهۆی هەومی تێکەڵاو بە شیر.. بەهۆی بەرسەم.. بە زمانی ئاوەز.. بە مەنسەرە.. بە بیرو زمان و کردەی چاك.. بە زەورو گوتەی زوڵاڵەوە ستایشی جوانترین ئەمشاسپەند، ئەردیبەهەشت دەکەین.

"یەنگهە هاتام.."

**(١٩)**

"یەسنە ئەهو ڤەئیریو.."

سەناو ستایش دەنێرین بۆ جوانترین ئەشماسپەند، ئەردیبەهەشت، بەهۆی نوێژی (ئەیریەمەن ئیشیە)ی مەزداو سەوەکەی ئاسۆ ڕوونی مەزدا ئافەریدەی ئەشەڤەن.

"ئەشێم ڤەهوو..."

"ئەهمایی ڕەئێشچە..."

# چوارەم
# خورداد یەشت

(١)

ئەهوورەمەزدا بە سپیتمان زەردەشتی گوت:
من یاوەری و رزگاریی و ئۆخژن و بەختەوەریی هەئورڤەتاتە (خورداد)م بۆ خەڵکانی ئەشەڤەن خوڵقاند.......(١٨)
هەرکەسێك ستایشی بکات، وەکوو ئەوە وایە کە هاوکات سەناو ستایشی ئاراستەی ئەمشاسپەندەکانی دیکە: (بەهمەن و ئەردیبەهەشت و شەهریوەرو سپەندارمەزو خورداد و ئەمورداد)ی کردبێت.

(٢)

کەسێك کە هەزار جار، دەهەزار جار، سەدهەزارجار لە شەڕی دێوەکاندا ناوی ئەمشاسپەندەکان بەتایبەتی ناوی (خورداد) بڵێتەوە، ئەوا (نەسو) و (هەشی) و (بەشی) و (سەئێنی) و (بووجی/ بەئوجی)ی لێ دوور دەکەونەوە.(١٩)

(٣)

سەرەتا، من بە دەنگی بەرز بە مرۆڤی ئەشەڤەن دەڵێم: هەرکەس بەم چەشنە لەنێو ئیزەدە مینوییەکاندا ڕوو لە (ڕەشن) و سەرجەمی ئەشماسپەندەکان بکات، ئەوا ئەوانیش ئەو مرۆڤە ئەشەڤەنە لە نەسوو هەشی و بەشی و سەئێنی و بووجی و سوپای بەهێزو پڕچەك و خوێنڕێژی دوژمن و هەرواش لە ستەمکاریی و جادووگەریی و چارەڕەشیی دەپارێزن.

**(٤)**

چۆن ڕێبازی مرۆڤی ئەشەڤەن و هیی مرۆڤی دروەند بناسین و لێکیان جیا بکەینەوە؟:

ئەهوورەمەزدا فەرمووی:

ئەگەر کەسێك مەنسەرە لەبەر بڵێتەوە یا فێری ببێت یا بە ئاواز بیڵێتەوە و هێڵێك بە دەوری خۆیدا بکێشێت[٢٠]، ئەوا خۆی دەگەیەنێتە ئۆخژن و ئاسوودەیی.

**(٥)**

هەریەك لە ئێوە، تۆ و درۆ[٢١] چ ئاشکرا بن چ پەنهان، خەریکی هەر خراپەکارییەکیش بن، من لەنێو بنەماڵە ئێرانییەکاندا وەدەرتان دەنێم..

من، تۆ و درووج دەخەمە بەند..

من، تۆ و درووج لەنێو دەبەم..

من، تۆ و درووج دەخەمە ژێر پێ.[٢٢]

**(٦)**

من، بە مرۆڤی ئەشەڤەن دەڵێم: سێ هێڵ بکێشێت.. سێ هێڵ

من، بە مرۆڤی ئەشەڤەن دەڵێم: شەش هێڵ بکێشێت.. شەش هێڵ

من، بە مرۆڤی ئەشەڤەن دەڵێم: نۆ هێڵ بکێشێت.. نۆ هێڵ.

**(٧)**

ناوی ئەمشاسپەندەكان، درۆی هاوتەریبی نەسووی لە توخم و تیرەی (كەرەپ)ەكان نابوود دەكات.

زەوت (زەردەشت) بە ئارەزووی خۆی ـ وەك چۆن هەمیشە دەیخوازێت ـ ئەوان بەرەو دۆزەخی ترسناك دەتارێنێ.

**(٨)**

كاتێ كە هێشتا هەتاو ئاوا نەبووە و پاش ئاوابوونی هەتاویش، ئەو (زەردەشت) بە چەكێكی كوشندە، بە ڕەزامەندیی ئیزەدە مینوییەكان و ناسینی دروستیان، نەسوو تێكدەشكێنێت و بەرەو ئەپاختەری دەتارێنێت و دەیخاتە نێو چاڵی قووڵی نابوودییەوە.

**(٩)**

ئەی زەردەشت...

تۆ، نابێ ئەم مەنسەرەیە فێری كەسێكی دی بكەیت جگە لە باوك، كوڕ یا براو یا خۆ ئاتروبانی پەیوەست بە هەرسێ پێگەكەوە، كەسێك كە خاوەنی ناوی چاك و دینی چاك و پاكی و پارێزكاریی و ئەشەڤەنییە.. كەسێك كە دلێرانە و جوامێرانە، هەمووكات و لە هەموو شوێن و بارودۆخێكدا یاریدە و هەوڵی گەشەپێدانی دین بدات.[٢٣]

**(١٠)**

..........

دووبارەی برگەی (١٨)ی بەشی (٣) واتە ئەردیبەهەشت یەشتە بەڵام لێرەوە لەجێی ناوی ئەردیبەهەشت، ناوی خورداد دێت.

**(١١)**

"یەسە ئەهووڤەئەیریو.."

سەنا و ستایش دەنێرین بۆ خوردادی جوامێر.. بۆ یائەیریەهوشیتی.. بۆ ئیزەدانی ساڵ و سەرجەمی جوامێرە ئەشەڤەنەکان.

"ئەشێم ڤوهوو.."

"ئەهمائی ڕەئێشچە.."

؛

# پێنجەم

# ئابان یەشت

بـۆ ڕەزامـەنـدیی و خۆشـنوودیی ئـاوی زوڵاڵـی ئـەشـەڤـەنـی (ئەرێدڤی)[٢٤] و سەرجەم گوڵ و گیا مەزدا ئافەریدەکان،
{ڕاسبی}:
"یەسە ئەهووڤەئەیریو.." کە زەوت پێم بڵێت؛
{زەوت}:
"ئەسارەتوش ئەشەئەت چیەت هەچا.." کە مرۆڤی زانا و پارێزکار بیڵێت.

**کردەی یەکەم:**

**(١)**

ئەهوورەمەزدا بە سپیتمان زەردەشتی گوت:

ئەی سپیتمان زەردەشت...

بە خواستی من ستایشی ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا بکە کە لە هەموو شوێنێك لە گەشەدایە..

کە دەرمانبەخشە.. دژی دێوە.. ئاهوورایی (ڕەچە)ە[٢٥]

هەر ئەوە کە لەم جیهانەدا شایانی سەنا و ستایشە

ئەوە، ئەو ئەشەڤەنەی کە ژیان دەپارێزێت و گەشە بە سەروەت و سامان و داهاتی وڵات دەبەخشێت..

ئەوە، ئەشەڤەنێکە کە پەرە بە گێتی دەدات.

**(٢)**

ئەوە، کە توخمی هەموو پیاوان بە پاکی دەپارێزێت و منداڵدانی هەموو ژنان پاك و خاوێن و ئامادە دەکاتەوە، بۆ بە دنیاهێنانی مرۆڤی ئەشەڤەن..

ئەوە کە زاییینی ژنان ئاسان دەکاتەوە و لەکاتی خۆیدا مەمکی دایکان پڕ لە شیر دەکات.

(٣)

هەر ئەوە خاوەن بەرو سەمەرو بەرهەمی مەزن و ناودار،
هەر ئەوە کە لە هێژایی و فەڕوشکۆدا، لە هەموو ئاوەکانی سەرزەمین تێدە پەڕێنێت..
هەر ئەوە، ئەو بەهێزو بەتوانایەی کە لە کێوی (هوکەر)ەوە دەڕژێتە دەریای (فەراخ کەرت).[٢٦]

(٤)

کاتێ ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا، ئەو خودان هەزار ڕووبارو هەزار دەریاچەیە کە هەریەکەیان هێندەی چل ڕۆژ ڕێگای ڕێبوارێکی چاپوك دوورودرێژە، بەرەو دەریای فەراخکەرت (ڕەوان) دەبێت، سەرتاسەری لێوارەکانی ئەو دەریایە دەکەونە خرۆش و لە نێوەڕاستیدا شەپۆل هەڵدەستێ.

(٥)

لەم ئاوەی کە لە منەوە بەدیهاتووە، بۆ هەریەکە لە حەوت وڵات ڕووبارێك دەخرۆشێت..
ڕووبارێك لەو ئاوەی کە لە منەوە سەرچاوەی گرتووە و لە هاوین و زستانیشدا هەروەك خۆی دەمێنێتەوە..
ئەو[٢٧]، لە پێناوی مندا، ئاوەکان و توخمی پیاوان و مناڵدانی ژنان و شیری دایکان پاك و خاوێن دەکاتەوە.

**(٦)**

من (ئەهوورەمەزدا) بە هێزی راهێنەرانەی خۆم، ئەوم وەدیهێنا تاوەکووماڵ و گوند و شار و وڵاتی ئەم جیهانە ئاوەدان بکەمەوە و داڵدەی بدەم و پشتیوان و پاسەوانی بم.

**(٧)**

ئەی زەردەشت...

ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا بەهۆی خواستی مەزدای ئەفرێنەر دەخرۆشێت، باڵە جوان و سپییەکانی کە بە مرواریی زۆرجوان و دڵڕفێن ڕازاونەتەوە، هێندەی پانیی سەرشانی ئەسپێك دەبن..

ئەو نازدارە هەرە بەهێزە، لە جۆش و خرۆشی خۆیدا وا بیر دەکاتەوە:...

**(٨)**

کێ ڕازونیازم لەگەڵ دەکات؟

چ کەسێك زەوری ئاوێتەی هەوم و تێکەڵ بە شیری بە ئایینی ئەشە پاڵفتەکراوم بە دیاری بۆ دێنێ؟

من ئاواتی خۆشی و بەختەوەریی بۆ ئاوا پەیماناس و دڵپاکێك دەخوازم و ئارەزوو دەکەم هەمیشە و هەردەم شادمان و بەگوڕ بمێنێتەوە.

**(٩)**

ستایشی ئەو (ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا)ی ئەشەڤەن دەکەین بە نوێژێك بە دەنگی بەرز.. بە نوێژی پاك و چاك بەجێ هێنراو بە زەورەوە.

ئەی ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا...

هیوادارین تۆ بە دادوەری بگەیتە فریامان تاوەکوو باشتر ستایش بکرێیت بەهۆی هەومی ئاوێتەی شیرو بەهۆی بەرسەم و زمانی ئاوەزو مەنسەرە و بیرو گوتە و کردەی چاك و بە زەورو گوتەی ڕاستەوە..

"یەنگهە هاتام.."

## کردەی دووەم

**(١٠)**

..........

دووبارەبوونەوەی بڕگەی (١)

**(١١)**

ئەو، سواری شەپۆل بووە و جڵەوەکەی لە دەستە.. شەپۆل داژوێت و گیانی بەختیاریخوازی لە ناخەوە وا بیر دەکاتەوە:

..........

................ (دووبارەبوونەوەی بڕگەکانی (٨ و ٩)..[٢٨]

## کردەی سێیەم

**(١٢)**

(... ... ...)

(١٣)

ئەو، بە چوار ئەسپی گەورەی سپی، هەرچوار یەکڕەنگ و یەك ڕەگەز، زاڵ دەبێ بەسەر دوژمنایەتیی سەرجەم دوژمنان: دێوەکان.. درۆپەرستان.. جادووگەران.. کەوی و کەرەپەنە ستەمکارەکاندا.

(... ... ...)

## کردەی چوارەم

(١٤)

(... ... ...)

(١٥)

ئەو، بەهێزو پڕ ورشەو باڵابەرزو هێژایە.. ئەوە کە بە ڕۆژو بە شەو.. بە گەورەیی هەموو ئاوەکانی سەرزەمین، بە گوڕو بە خرۆشەوە دەڕوات و دەکشێ.

(... ... ...)

## کردەی پێنجەم

(١٦)

(... ... ...)

**(١٧)**

ئەفرێنەر، ئەهوورامەزدا، دروودی بۆ ئەو نارد لە ئێرانڤیچ و لە لێوارەکانی ڕووباری (دایتیا)[٢٩]ی پیرۆزدا بەهۆی هەومی تێکەڵاو بە شیرو بەرسەم.. بە زمانی ئاوەزو مەنسەرە.. بە بیرو گفتەو کردەی چاك.. بە زەورو بە گوتەی ڕاستەوە...

**(١٨)**

...و داوای کرد:

ئەی ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا.. ئەی پاك.. ئەی بەهێزترین...

لەم کامەرانییەدا هاویارم بە کە کوڕی پورڤەشەسپ (زەردەشتی ئەشەڤەن) وا ڕابهێنم تا هەمیشە بە پێی دین بیر بکاتەوە.. بە پێی دین قسە بکات و بە پێی دین بجووڵێتەوە.

**(١٩)**

ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا کە هەمیشە یارو یاوەری خوازیارانی پێشکەشکردنی زەورە، یاری و یارمەتیی بەویش بەخشی.

**کردەی شەشەم**

**(٢٠)**

(... ... ...)

**(٢١)**

هوشەنگی پێشدادی لە داوێنی کێوی ئەلبورزدا سەد ئەسپ و هەزار گاو دەهەزار مەڕی بە پێشکەشی بۆ هێنا...

**(٢٢)**

...و داوای لێکرد:

(..........) دووبارەی سەرەتای بڕگەی (١٨)، ناوهێنانی ئاناهیتا کە لێرەودوا تەنیا چەند خاڵ لە جێی دادەنێین.

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە ببمە شەهریاری مەزنی هەموو وڵاتان.. تا بتوانم زاڵ ببم بەسەر هەموو دێوو درنج و پەری و جادووکارو کەوی و کەرەپەنە ستەمکارەکاندا.. تا بتوانم پشتی دێوە مەزەندەری و درنجەکانی (وەرێنە) بشکێنم.

**(٢٣)**

ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا کە هەمیشە یارمەتیی خوازیارانی پێشکەشکردنی زەور دەدات، ئەویشی کامەران کرد.

(... ... ...)

## کردەی حەوتەم

**(٢٤)**

(... ... ...)

**(٢٥)**

جەمشیدی شوانچاك لە داوێنی كێوی هوكەردا سەد ئەسپ و هەزار گاو دەهەزار مەڕی پێشكەشكرد...

**(٢٦)**

...و داوای لێكرد:

........ (دووبارەی بڕگەی ٢٢یە، بەم جیاوازییەوە كە لە كۆتاییدا دەڵێت:

... تا بتوانم دێوەكان لە سوودو سامان.. لە فراوانی و ئاوەدانی.. لە شادمانی و سەرفرازی بێبەش و بێبەش بكەم.

**(٢٧)**

... دووبارەی بڕگەی ٢٣

(... ... ...)

## كردەی هەشتەم

**(٢٨)**

(... ... ...)

**(٢٩)**

(*ئەژیدەهاك)ی سێ قەپۆس* لە سەرزەمینی (بەوری)[٣٠] سەد ئەسپ و هەزار گاو دەهەزار مەڕی پێشكەش كرد...

(٣٠)

...و داوای لێکرد

ئەی....

ئـەم کامـەرانییـەم پـێ ببـەخشـە کـە بتـوانم هـەر حـەوت وڵات وێـران بکـەم و کەسی تێدا نەهێڵم.

(٣١)

ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا ئەو کامەرانییەی پێ نەبەخشی،

(... ... ...)

**کردەی نۆیەم**

(٣٢)

(... ... ...)

(٣٣)

فـەرەیـدون کـوڕی ئـابتین لـە بنـەماڵـەی بـەهێـز لـە سـەرزەمینـی چوارگۆشـەی (وەرێنە)دا سەد ئەسپ و... (دووبارەی بڕگەی پێشکەشییەکانی ئاناهیتا)...

(٣٤)

...و داوای لێکرد:

ئەی... (دووبارەی ناوهێنانی ئاناهیتا)..

ئـەم کامـەرانییـەم پـێ ببـەخشـە کـە بتـوانم زاڵ بـبم و سـەربکـەوم بـەسـەر

ئەژیدەهاکی سێ قەپۆسی سێ سەری شەش چاو، ئەو دێوە سامناکەی درۆ.. ئەو دێوە درۆپەرستە جیهانشێوێنە و ئەو بەهێزترین درنجەی کە ئەهریمەن بە ناپاکیی دروستی کرد بۆ خاپوورکردنی جیهانی ئەشە..

یارمەتیم بدە تا بتوانم هەردوو ژنەکەی (سەنگهەڤەك) و (ئەرێنەڤەك)ی لێ بستێنمەوە و لەدەستی ئەو ڕزگاریان بکەم کە شیاوی پاسەوانیی خێزان و گەشەی بنەماڵەن[٣١].

**(٣٥)**

... (دووبارەی بڕگەی بەخشینەکانی ئاناهیتا)

(... ... ...)

## کردەی دەیەم

**(٣٦)**

(... ... ...)

**(٣٧)**

گەرشاسپی نەریمان لە لێواری دەریاچەی (پیشینگهە)[٣٢]دا سەد ئەسپ و.......

**(٣٨)**

...و داوای لێکرد:

ئەی.....

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە بتوانم زاڵ ببم بەسەر (گەندەرێڤە)[٣٣]ی پاژنەزێڕین لە لێواری دەریای خرۆشانی فەراخکەرتدا.. تا بتوانم لەم زەمینە پان و بەرین و گۆئاسایەدا بە زووترین کات بگەمە سەر دروەندی نابەکار.

**(٣٩)**

........

(... ... ...)

## کردەی یازدەهەم

**(٤٠)**

(... ... ...)

**(٤١)**

(ئەفراسیاو)ی تۆرانیی بەدکار لە (هەنگ)(٣٤)ی ژێرزەمینیی خۆیدا سەد...

**(٤٢)**

...و داوای لێکرد:

ئەی.....

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە بتوانم ئەو فەڕوشکۆیە لە فەراخکەرتدا بخەمە ژێر دەسەڵاتی خۆم.. فەڕوشکۆیەك کە ئێستا هیی نەژادە ئێرانییەکان و زەردەشتی ئەشەڤەنە.

(٤٣)

ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا ئەو ئاواتەی نەهێنایە دی.

(... ... ...)

## کردەی دوازدەهەم

(٤٤)

(... ... ...)

(٤٥)

(کاووس)ی بەهێز لە داوێنی کێوی (ئەرێزیفیە)دا[٣٥] سەد...

(٤٦)

...و داوای لێکرد:

ئەی....

...... (دووبارەی بڕگەی ٢٢ی کردەی شەشەم

(٤٧)

..... دووبارەی بڕگەی بەخشینەکانی ئاناهیتا)

(... ... ...)

## کردەی سێزدەهەم

**(٤٨)**

(... ... ...)

**(٤٩)**

(کەیخەسرەو)[٣٦]ی پاڵەوانی سەرزەمینە ئێرانییەکان و پارێزەری وڵات، لە لێواری دەریاچەی قووڵ و بەرینی (چیچەست)دا، سەد....

**(٥٠)**

...و داوای لێکرد:

ئەی.....

ئەم... (دووبارەی برگەی ٢٢ی کردەی شەشەم).. تا بتوانم بە درێژایی ڕێگای بەرەنگاری، لە پێشی پێشەوەی هەموو جەنگاوەرەکاندا بم.. تا من و هاوسەنگەرەکانم نەکەوینە بۆسە و داوی دوژمنی ناپاکەوە، کاتێ بە شەڕاشۆیی و کینەوە هێرشمان دەکەنە سەر.

**(٥١)**

........

(... ... ...)

## کردەی چواردەهەم

**(٥٢)**

(... ... ...)

**(٥٣)**

(تـووس)[٣٧]ی پاڵـەوانـی جـەنگـاوەر بـە سـواریی ئـەسـپەکـەی ستایشـی ئاناهیتـای کـرد و خوازیـاری تـەندروسـتیی خـۆی و گـوڕوهێزی ئـەسـپەکـانی بـوو تـا بتـوانێ لـە دوورەوە دووژمـن ببینێـت و هێرشـبەران بـە زەبـری شمشـێر شکسـت بدات.

**(٥٤)**

تووس داوای لێکرد:

ئەی.....

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە بتوانم زاڵ ببم بەسەر کوڕە جەنگاوەرەکانی بنەماڵـەی (وەیسـە) لـە گوزەرگـەی (خشـەسروکە) بـەسـەر بـەرزایی (گـەنـگ)ی بڵند و ئەشەڤەنەوە.. تا بتوانم سەرزەمینی تۆرانییەکان لەنێو بەرم، بە سەدان.. بە هەزاران.. بە دەیان هەزار.. بە سەدان هەزار[٣٨].

**(٥٥)**

.......

(... ... ...)

**کردەی پازدەهەم**

**(٥٦)**

(... ... ...)

(٥٧)

کوڕە جەنگاوەرەکانی بنەماڵەی وەیسە لە گوزەرگەی خشەسروکە بەسەر بەرزایی گەنگی بڵند و ئەشەڤەنەوە سەد....

(٥٨)

...و داوایان لێکرد:

ئەی........

ئەم کامەرانییەمان پێ ببەخشە کە سەرکەوین بەسەر (تووس)ی قارەمانی جەنگاوەردا و بتوانین سەرزەمینە ئێرانییەکان لەنێو بەرین بە سەدان و هەزاران و دەیان و سەدان هەزاران

(٥٩)

...... ئەو ئاواتەی نەهێنانە دی.

(... ... ...)

## کردەی شازدەهەم

(٦٠)

(... ... ...)

(٦١)

(پائورڤە)[٣٩]ی گەمیەوانی لێهاتوو، کاتێ کە (فەرەیدوون)ی قارەمانی جەنگاوەر وەکوو هەڵۆیەك بەرەو ئاسمان ڕفاندی، ستایشی ئاناهیتای کرد

**(٦٢)**

... ئەو، سێ شەوو سێ ڕۆژ هەر بە ئاسمانەوە دەخولایەوە و نەیدەتوانی دابەزێتەوە ماڵەکەی خۆی..

کاتێ سێیەمین شەوی سەرگەردانیی، بە ئاسمانەوە گەیشتە بەربەیان، کاتی سەرهەڵدانی بەربەیانی ڕووناک و پیرۆز، هاواری لە ئاناهیتا کرد و لێی پاڕایەوە:

**(٦٣)**

ئەی ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا...

زووتر فریام کەوە،

ئێستا فریام کەوە و داڵدەم بدە تا دەگەمەوە سەرزەمینی ئاهوورایی و ماڵی خۆم، ئەوکات، هەر هەمیشە لە ڕۆخی ئاوی (ڕەنگها)دا هەزار زەوری بەپێی ئایینی ئەشە پاڵفتەکراوی ئاوێتەی هەوم و شیری پاکت پێشکەش دەکەم[٤٠].

**(٦٤)**

ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا، لە شێوەی کچێکی جوانی شۆخ و شەنگی بەهرەمەندی باڵابەرز و سەربڵند و ڕەسەن و مەزن کە گێسووی تا سەر پاژنەی پێی ڕاکێشرابوو، بە ڕێسمانی زێڕینەوە کەوتە ڕێ...

**(٦٥)**

قۆڵی پائورڤەی گرت و لە کەمترین ماوەدا بێوەی و تەندروست و بێ هیچ زیان و ناخۆشییەك، هەروەك چۆن پێشتر دەژیا، گەیاندییەوە سەرزەویی ئاهوورایی و ماڵەکەی خۆی..

**(٦٦)**

ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا.... (دووبارەی بڕگەی بەخشینەکانی ئاناهیتا)
(... ... ...)

**کردەی حەڤدەهەم**

**(٦٧)**

(... ... ...)

**(٦٨)**

جاماسپ، کاتێ لە دوورەوە لەشکری دروەندە درۆپەرستەکانی بینی کە بە نیازی شەڕو هێرشبردن و وێرانگەری بەڕێوە بوو، سەد.....

**(٦٩)**

...و داوای لێکرد:
ئەی.....
ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە منیش وەکوو هەموو ئارییەك بگەمە سەرکەوتنی گەورە.

**(٧٠)**

.... (دووبارە بڕگەی بەخشینەکانی ئاناهیتا)
(... ... ...)

## کردەی هەژدەهەم

**(٧١)**

(... ... ...)

**(٧٢)**

(ئەشەڤەزدەنگهە)ی کوڕی (پوروز ئاخشتی) و ئەشەڤەزدەنگهەی کوڕی (سایوژدەری)[٤١] بۆ ئیزەدی مەزن....

... دووبارەی پێشکەشییەکانی ئاناهیتا

**(٧٣)**

...و داوای لێکرد:

ئەی......

ئەم کامەرانییەمان پێ ببەخشە کە لە شەڕەکاندا سەربکەوین بەسەر تۆرانییەکانی (دانو) (کەرە) و (وەرە) لە بنەماڵەی (ئەسەبەنە) و هەرواش بەسەر (دوورەئێکەئێتە)[٤٢]دا

**(٧٤)**

.... دووبارەی بڕگەی بەخشینەکانی ئاناهیتا

## کردەی نۆزدەهەم

**(٧٥)**

(... ... ...)

**(٧٦)**

(ڤیسـتەئورفـە)ی سـەر بـە بنـەماڵـەی (نـەوزەر) لـە ڕۆخی ئـاوی (ویتەنگوهەیتی)[٤٣]دا بە زمانێکی پاراو بەم چەشنە ڕووی لێکرد:

**(٧٧)**

ئەی...

ئەم قسەیە بە پێی ئایینی ئەشەو بە ڕاستی و دروستی دەکەم: من بە بارتەقای تاڵ تاڵی قژەکانم دێوپەرستم کوشتوون، بۆیەش داوات لێدەکەم وشکانییەکم لەمبەری (ویتەنگوهەیتی)یەوە تا ئەوبەری بۆ دابین بکە تاکوو بتوانم لێی بپەڕمەوە.

**(٧٨)**

ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا لە شێوەی.... (دووبارەی برگەی ٦٤)... مووروووی جوانی لە پێداو رازاوە بە زێڕو زیوی نایاب لەوێ ئامادە بوو، بەشێك لە ئاوەکەی وەستاندو لە بەشەکەی دیکەی جیا کردەوە[٤٤] و بەم چەشنە ڕێوازێکی وشکانیی بۆ دروست کرد لەمبەری ئاوەکەوە بۆ ئەوبەرەوەی.

**(٧٩)**

... دووبارە برگەی بەخشینەکانی ئاناهیتا

(... ... ...)

## کردەی بیستەم

**(٨٠)**

(... ... ...)

**(٨١)**

(یۆئیشــته)ی ســەر بــە بنــەماڵــەی (فریانــە) لــە پــاڵ گــۆمی قــووڵی (ڕەنگها)دا[٤٥]...

سەد.....

**(٨٢)**

...و داوای لێکرد:

ئەی....

ئەم بەختەوەرییەم پێ ببەخشە کە بتوانم سەر بکەوم بەسەر (ئەختیە)ی فێڵبازی لاساردا.. کە بتوانم وڵامی ئەو نەوەدو نۆ پرسیارە بدەمەوە، ئەختیەی لاساری فێڵباز لەڕووی دوژمنایەتی و ناحەزییەوە لێمانی دەکات.[٤٦]

**(٨٣)**

................

(... ... ...)

## کردەی بیست و یەکەم

**(٨٤)**

(... ... ...)

(٨٥)

ئەهوورەمەزدای پیرۆز فەرمانی دا:
ئەی ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا
لەنێو ئەستێرەکانەوە بەرەو زەمینی ئەهوورایی بەڕێ بکەوە
بڕۆرە خوارەوە و دووبارە بگەڕێوە ئێرە، چونکە دەبێ فەرماندە دلێرەکان و گەورەکانی وڵات بتبینن و سەنا و ستایشت بکەن.

(٨٦)

جەنگاوەرانی ئازا، بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە ئەسپی ڕەسەن و سەرکەوتنی فەرۆشکۆی مەزدایی دەبێ داوای یارمەتیت لێبکەن..
ئاگربانە چاکەکان، ئەو مامۆستا و ڕاهێنەرانەی ڕۆح، بۆ گەیشتنە زانست و هێژایی و پیرۆزیی و باڵادەستیی مەزدایی، داوای یارمەتی لە تۆ بکەن.

(٨٧)

کیژانی چالاك و شایستەی ژیانی هاوسەری، دەبێ داوای سەروەر و هاوسەرێکی جوامێرت لێبکەن.. ژنانی گەنج، کاتی منداڵبوونیان دەبێ داوای پشتیوانیی و ئاسانکاریت لێبکەن.
ئەوە تۆی... تۆ ئەی ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا کە توانایی بەجێهێنان و دابینکردنی ئەو خواستانەت هەیە.

(٨٨)

ئەی زەردەشت...
ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا لە سەرووی ئەستێرەکانەوە بەرەو زەمینی مەزدایی هاتە خوارەوە و گوتی:

(٨٩)

ئەی سپیتەمانی ئەشەڤەن...

بەڕاستی، ئەهوورەمەزدا تۆی وەکوو پێشەوای ئەم جیهانە خاکییە هەڵبژاردو منیشی بۆ پاراستنی ئافران و ئەفرێنراوەکانی ئەشە دیاری کرد.

بە هۆی فەڕوشکۆی منەوەیە کە خەڵك و گیانەوەرانی گەورەو بچووك لەم زەمینەدا دەژین..

لە ڕاستیدا، من سەرجەم ئافرانی چاك و ئەشەڤەنی مەزدا دەپارێزم، هەروەك چۆن خانوویەك (لانە/ سەرپەنا)یەك، گیانداران لەخۆ دەگرێت و دەیانپارێزێت.

(٩٠)

زەردەشت، پرسیاری لە ئاناهیتا کرد:

ئەی ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا...

ئەی ئەوەی کە مەزدا ڕێگایەکی نەك لە خوار بەڵکوو لە سەرووی ئەستێرەکانەوە بۆت دیاری کرد تاکوو مارو (ئەرێسنە) و (ڤەوەژەکە) و (وەرێنەوەویشە) ئازارت پێ نەگەیەنن..

بە کامە شێواز ستایشت بکەم؟

بەکامە ستایش سرووتی تایبەتیت بۆ بەجێ بهێنم؟[٤٧]

(٩١)

ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا وڵامی دایەوە:

ئەی سپیتەمانی ئەشەڤەن.....

بەم شێوازە ستایشم بکەو بەم ستایشە سرووتی تایبەتیم بۆ بەجێ بهێنە:

هەر لە بەرەبەیانەوە تا ئاوابوونی ڕۆژ، تۆو ئاگربانەکانی دینئاگایی و زانایانی بەئەزموون و مەنسەرەخواز، دەتوانن لەم (زەور)ەی من بنۆشن.

**(٩٢)**

نابێ (هەرێسە)ی تا دارو نەخۆش، (سەشی)، (کەسویشە)و ژنی ناپاکی دوور لە گاتەو (پیس)ی جیاکراوەی دوورخراوە، لەم زەورەی من بخۆنەوە.(٤٨)

**(٩٣)**

من بەشداریی ئەو ڕێوڕەسمە ناکەم کە کوێرو کەڕو کورتەبنەو بێ عەقڵ و (ئەرە)و فێڵبازو شوێنکەوتوانی دیکەی ئەهریمەن بەڕێوەی دەبەن.

نابێ سینەکووڕو پشتکووڕو خڕتەڵەو خاوەن ددانی رەش و چیڕو چڵکن لەم زەورەی من بخۆنەوە.(٤٩)

**(٩٤)**

زەردەشت لە ئاناهیتای پرسی: ئەی ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا....

ئەو زەورانەی دێوپەرستان و شوێنکەوتوانی درۆ پاش ئاوابوونی ڕۆژ پێشکەشی تۆیان دەکەن چییان بەسەر دێ؟

**(٩٥)**

ئاناهیتا لە وڵامدا گوتی:

ئەی سپیتمان زەردەشتی ئەشەڤەن.....

ئەو ڕێوڕەسمی زەورەی من بەشداریی تێدا نەکەم، هەر شایەنی دێوەکانە..

لەو ڕێوڕەسمەدا، لە جیاتیی من، هەزارو شەش سەد کەسی ترسناك و زۆربلێ و درۆزن و بێ حەیاو سووك و چرووك بەشدار دەبن.

**(٩٦)**

من، ستایشی کیژی زێرینی هەمیشە پەسنکراوی (هوکەر) دەکەم کە ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا لەوێوە و لە بەرزایی باڵای هەزار مرۆڤەوە بەرەولام هات.[٥٠]

ئەو، (ئاناهیتا)، لە فەرِوشکۆدا هێژاترە لە سەرجەم ئاوەکانی سەرزەوی و هەمیشە بە هێزو بە خرۆشەوە لە ڕۆیشتندایە.

(... ... ...)

**کردەی بیست ودووەم**

**(٩٧)**

(... ... ...)

**(٩٨)**

هەر ئەوە کە مەزدا پەرستان، بەرسەم بەدەست لە دەوری کۆ دەبنەوە.

(هڤو)یەکان ستایشی ئەویان کرد،

(نەوزەر)یەکان ستایشیان کرد،

(هڤو)یەکان داوای ماڵ و سامانیان لێکرد و (نەوزەر)یەکان داوای ئەسپی ڕەسەن.. زۆری پێ نەچوو کە ئەمان دەوڵەمەند بوونەوە و ئەوانیش بوونە خاوەنی ئەسپی ڕەسەن..*گەرشاسپ* لەم سەرزەمینەدا بووە خودان ئەسپی چالاك و چەلەنگ و چابوك[٥١]

**(٩٩)**

.... دووبارەی بەخشینەکانی ئاناهیتا

(... ... ...)

## کردەی بیست و سێیەم

**(١٠٠)**

.............

**(١٠١)**

هەر ئەوە خودان هەزار دەریاچە و هەزار ڕووبار کە هەریەکەیان بە درێژایی چل ڕۆژەڕێی سوارچاکێکە...

لە ڕۆخی هەریەکەیاندا بینایەکی جوان ساز کراوە بە سەد پەنجەرەی ڕۆشن و هەزار کۆڵەکەی جوانەوە.. خانوویەکی گەورە و بەرین بە سەد هەزار کۆڵەکەوە.

**(١٠٢)**

لە هەرکام لەو خانووانەدا جێخەوێکی ڕازاوە بە پێخەفی جوان و بۆنخۆش ئامادە کراوە..

ئەی زەردەشت....

لە ئاوەها شوێنێکدا ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا لە بەرزایی باڵای هەزار پیاوەوە دەڕژێتە خوارەوە..

هەر ئەوە کە....... دووبارەی بڕگەی پەسنەکانی ئاناهیتا

(... ... ...)

## کردەی بیست و چوارەم

**(١٠٣)**

(... ... ...)

**(١٠٤)**

زەردەشتی ئەشەڤەن، لە ئێرانویچدا و لە لێواری ڕووباری (دایتیا)ی پیرۆزو بە هەومی ئاوێتەی شیرو بەرسەم و بە زمانی ئاوەزو مەنسەرە و بە بیرو گوتە و کردەی چاکەوە ستایشی ئەوی کرد...

**(١٠٥)**

...و داوای لێکرد:

ئەی......

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە تا بتوانم وا لە *کەیگوشتاسپی* دلێر، کوڕی (*لەهراسپ*) بکەم، کە هەمیشە بە پێی دین بیر بکاتەوە.. بە پێی دین قسە بکات و بە پێی دین بجوولێتەوە[٥٢]

**(١٠٦)**

............... دووبارەی بڕگەی بەخشینەکانی ئاناهیتا

(... ... ...)

## کردەی بیست و پێنجەم

**(١٠٧)**

(... ... ...)

(١٠٨)

کەی گشتاسپی هێژا

لە ڕۆخی ئاوی (قرەزدانەڤ)دا سەد...............[٥٣]

(١٠٩)

.....و داوای لێکرد:

ئەی...............

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە تا لە شەڕی ئەم جیهانەدا سەربکەوم بەسەر (تەسریاڤەنت)ی دژی دین و (پێشەنە)ی دێوپەرست و (ئەرجاسپ)ی درۆخوازدا.[٥٤]

(١١٠)

............ دووبارە بڕگەی بەخشینەکانی ئاناهیتا

## کردەی بیست و شەشەم

(١١١)

..................................

(١١٢)

(زەریر) بە سواریی ئەسپ و لە حاڵی شەڕو بەرەنگاریدا، لە ڕۆخی ئاوی (دایتیا)دا[٥٥] سەد.......

**(١١٣)**

...و داوای لێکرد:

ئەی.........................

ئـەم کامـەرانییـەم پـێ ببـەخشـە لـەم شـەڕەدا سـەر بکـەوم بـەسـەر (هەومەیەکە)ی دێوپەرستی *چنگتیژ* کە لە هەشت خانوودا خۆی حەشار داوە، هەرواش بەسەر ئەرجاسپی درۆخوازدا.[٥٦]

**(١١٤)**

...................

(... ... ...)

## کردەی بیست و حەوتەم

**(١١٥)**

............................

**(١١٦)**

(وەنـدەرە مـەینیش)ی بـرای *ئـەرجاسـپ*، نزیـك دەریـای فـەراخکـەرت،[٥٧] سەد.............

**(١١٧)**

.......و داوای لێکرد:

ئەی.............................

کامـەرانـم بکـە بـەوەی سـەربکـەوم بـەسـەر*کـەی گشتاسـپی* ئـازا و زەریـری

سوارچاك و جەنگاوەردا تا بتوانم سەرزەمینە ئێرانییەکان وێران بکەم بە سەدان و هەزاران جار...

**(١١٨)**

ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا خواستە چەوتەکانی ئەوی نەهێنایە دی
(... ... ...)

**كردەی بيست و هەشتەم**

**(١١٩)**

............................

**(١٢٠)**

ئەهوورەمەزدا، چوارئەسپی لە با و باران و هەورو تەرزە بۆ ئەو ئەفراند...
ئەی زەردەشتی سپیتمان...
هەمیشە لەم چوار ئەسپەوە، باران و بەفرو تەرزە بۆ من دادەبارێت، بە کەسێك کە هەزارو نۆسەد (تیر)ی پێ بەخشراوە[٥٨]

**(١٢١)**

..........................................[٥٩]

....................................

## کردەی بیست و نۆیەم

(١٢٢)

..........................

(١٢٣)

ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتای پیرۆزی (پەنام)ی زێڕینپۆش، بە ئارەزووی بیستنی سروودی (زەوت)، ڕاوەستاوە و لە ناخی خۆیدا بە تێڕامانێکەوە دەپرسێت[٦٠]

(١٢٤)

کێ ستایشم دەکات؟

کێیە کە زەوری ئاوێتەی هەوم و شیری بە ئایینی ئەشە پاڵفتەکراوم پێشکەش بکات؟

من، شادکامی دەبەخشمە ئاوا پەیماندارێکی دڵپاك و دەمەوێ هەمیشە چاك و پاك و خۆش و کامەران بژی.

(... ... ...)

## کردەی سییەم

(١٢٥)

..........................

(١٢٦)

....................................[٦١]

(١٢٧)

لە ڕاستیدا ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتای مەزن، هەروەك چۆن پیشەی خۆیەتی، بەرسەمی بەدەستەوە و گوارەی زێڕی چوارگۆشەی لە گوێدا و ملوانکەی زێڕ لە مل، دەدرۆشێتەوە و دەردەکەوێت...

ئەو، پشتوێنێکی جوانی لە کەمەری بەستووە تا مەمکەکانی قوتتر بنێونن و جوانتر و دڵبەرتر بێت.

(١٢٨)

تاجێکی جوانی ڕازاوە بە سەد ئەستێرە بەسەریەوەیەتی.. تاجێکی زێڕینی هەشت سووچ کە وەکوو (گۆ)یەك دروست کراوە و بەجوانی ڕازێنراوەتەوە.. تاجێکی جوان کە قوببەیەکی هاتۆتە پێشەوە و بەرجەستەتر دەنوێنێ.

(١٢٩)

ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا، جلوبەرگێکی لە پێستی (بەبەر) دووراوی پۆشیوە: لە پێستی سێ سەد بەبەری مێ کە هەریەکەیان چوار بێچوو دەزێت... بەبەری مێ، جوانترین گیاندارە بە پێست و موویەکی چڕوپڕە و پەرداخەوە..

بەبەر، ئەو گیاندارە ئاوییەیە کە ئەگەر پێستەکەی بە کاتی خۆی ئامادە و خۆش بکرێت، ئەوا هەروەکوو زێڕ و زیو بەجوانی دەدرۆشێتەوە.(٦٢)

(١٣٠)

ئەی ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا...

ئەی چاك.. ئەی پاك.. ئەی بەتواناترین...

دواکار و خوازیارم گەلێ هێژا بم و بگەمە شەهریارییەکی مەزنی ئەوتۆ کە {وڵاتەکەم} بژێویی زۆری تێدا بێت و بەش و بەهرەی هەمووان زۆر بێت.. کە تێیدا ئەسپە ڕەسەنەکان بحیلێنن و گالیسکەکان لە خرۆشدا بن.. کە تێیدا خۆراك و

شتومەك فراوان بێت.. بۆنخۆشیی فراوان بێت.. ئەمبارەكان پڕ بن لە هەر شتێك جەماوەر ئارەزووی بكات و بۆ ژیانێكی كامەران پێویست بێت.

**(١٣١)**

ئەی ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا... ئەی..................

خوازیاری دوو چالاكم: چالاكێكی دوو پێ و چالاكێكی چوار پێ[٦٣]...

چالاكێكی دوو پێ كە لە شەڕدا چوست و چابوك و بەهێز بێت و گۆڕەپانی جەنگ سەركەوتوانە بەڕێوە بەرێت..

چالاكێكی چوار پێیش كە بتوانێ هەردوو لای سەنگەری دوژمن تێپەڕێنێت و تێكی بشێوێنێ: لە چەپەوە بۆ ڕاست و لە ڕاستیشەوە بۆ چەپ.

**(١٣٢)**

ئەی ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا...

بەهۆی ئەم ستایشەوە.. بەهۆی ئەو شتە پیرۆزانەوە كە ئاراستەت دەكرێ، لە سەرووی ئەستێرەكانەوە ڕوو لە زەمینی مەزدا و زەویی نیازكراو بكە..

وەرە بۆ یاریدەی ئەو ئاواتخوازەی كە داوات لێدەكات تا ڕزگاری بكەیت..

وەرە بۆ یاریدەی ئەو كەسەی كە زەورت بۆ دەهێنێت و بە پێی ئایینی ئەشە پێشكەشت دەكات، تا سەرجەم جەنگاوەرە دلێرەكان، وەكووكەی *گشتاسپ* بگەڕێنەوە نێو ماڵ و خێزانی خۆیان.

**(١٣٣)**

"یەسە ئەهو ڤەئەیریو..."

دروود و ستایش دەنێرین بۆ: ئاوە پاكەكانی مەزدا و بۆ ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتای ئەشەڤەن.

"ئەشێم ڤوهوو..."

"ئەهمائی ڕەئێشچە..."

شەشەم

هەتاو یەشت

**بۆ خۆشنوودیی هەتاوی جاویدانی ڕووناک و پڕشکۆو تیژپەڕ**
**"یەسە ئەهووڤەئەیریو..." کە زەوت پێم بڵێت**
**" ئەسارەتووش ئەشەئەت چیەت هەچا..." کە پیاوی پارێزکاری زانا پێم بڵێت.**

**(١)**

ستایشی هەتاوی جاویدان و پڕشکۆو رووناکی تیژپەڕ دەکەم،
ئەو کاتەی هەتاو تیشك دەهاوێت و ڕووناک دەبێتەوە.. کاتێ هەتاو دەدرەوشێتەوە.. سەدان و هەزاران ئیزەدی مینوویی ڕا دەبن و ئەم فەڕو شکۆیە ئامادە و ڕەوانە دەکەن..
ئەوان، ئەم فەڕو شکۆیە دەبەخشنە زەمینی ئاهوورایی بۆ گەشەی جیهانی ئەشەو ژیانی ئەشە.

**(٢)**

کاتێ هەتاو هەڵبێت، زەویی ئاهوورایی پاك دەبێتەوە.. ئاوەکان پاك دەبنەوە: ئاوی کانیاوەکان، ئاوی دەریا، ئاوی مەنگ..
خیلقەتی ئەشەش ـ کە هیی ڕۆحی پیرۆزە ـ پاك و خاوێن دەبێتەوە.

**(٣)**

ئەگەر هەتاو هەڵنەیەت، دێوەکان هەموو شتێکی هەر حەوت وڵات نابووت دەکەن و ئیدی جێگایەك بۆ ئیزەدە مینووییەکان لەم جیهانە خاکییەدا نامێنێ.

**(٤)**

ئەو کەسەی کە ستایشی هەتاوی جاویدانی پڕشکۆی تیژپەڕ بکات، دەگاتە بڕست و توانای خۆڕاگری لە بەرامبەر تاریکی.. خۆڕاگری لە بەرامبەر زوڵمی دێو

ئەفرێنراو.. خۆڕاگری لە بەرامبەر دزو جەردەکان.. خۆڕاگری لە بەرامبەر پەری و جادووگەرەکان و خۆڕاگری لە بەرامبەر (مەرێشەونە)دا.

ئاوا کەسێك لە ڕاستیدا ستایشی ئەهوورەمەزدا دەکات.. ستایشی گیانی خۆی و ئەمشاسپەندەکان دەکات و دەبێتە هۆی خۆشنوودیی سەرجەم ئیزەدە مینویی و جیهانیەکان[٦٤].

..........................

**(٥)**

ستایشی (میهر)ی بەرینی ژینگە دەکەم: ئەو، کە خودان هەزار گوێ و دە هەزار چاوە.

ستایشی گورزی میهری بەرینی ژینگە دەکەم کە بە قورسی بەسەر دێوەکاندا دەدرێت.

ستایشی دۆستایەتی دەکەم، باشترین دۆستایەتییەك کە لە نێوان مانگ و هەتاودایە.

**(٦)**

بە هۆی هەومی ئاوێتەی شیرو بە بەرسەم و زمانی ئەقڵ و مەنسەرە و بە بیرو زمان و کردەی چاکەوە، ستایشی هەتاوی جاویدانی پڕشکۆی تیژپەڕ دەکەم.

"یەنگهە هاتام..."

**(٧)**

"یەسە ئەهوو ڤەئەیریو..."

دروود و ستایش بۆ هەتاوی جاویدانی پڕشکۆی تیژپەڕ.

"ئەشێم ڤوهوو.."

"ئەهمائی ڕەئێشچە.."[٦٥]

## حەوتەم
## مانگ یەشت

**بۆ خۆشنوودیی مانگی هەڵگری تۆوی ژیان و گیانلەبەرانی دیکە،**
**"یەسە ئەهوو ڤەئەیریو.." کە زەوت پێم بڵێت؛**
**"ئەسارەتووش ئەشەئەت چیەت هەچا.." کە پیاوی پارێزکاری زانا پێم بڵێت.**

**(١)**

دروود بۆ ئەهوورامەزدا
دروود بۆ ئەمشاسپەندان
دروود بۆ مانگی هەڵگری توخمی ژیان
دروود بۆ مانگ، کاتێ سەیری دەکەین،
دروود بۆ مانگ کاتێ ڕووناکمان دەکاتەوە

**(٢)**

مانگ لە چ کاتێکدا گەورە دەبێت؟
مانگ، چ کاتێك کەم دەکات؟
مانگ، لە ماوەی پازدە ڕۆژدا گەورە دەبێت و لە ماوەی پازدە ڕۆژیشدا کەم دەکات.. درێژیی زەمەنی گەورە بوونی، بە هەمان ئەندازەی زەمەنی کەم کردنیەتی.
ـ گەورەبوون و کەمکردنەوەی مانگ لە کوێوەیە؟[٦٦]

**(٣)**

ستایشی مانگ دەکەم، ئەو ئەشەڤەن و سەروەرەی ئەشە کە هەڵگری توخمی ژیانە..
ئێستا مانگم دۆزییەوە..
سەیری ڕووناکایی مانگم کرد..

ئێستا ڕووناکایی مانگم ناسی.

ئەمشاسپەندەکان ڕا دەبن.. ئەو شکۆ و ڕووناکاییە ئامادە و ڕەوانەی سەرزەمینی مەزدایی دەکەن.

**(٤)**

کاتێ ڕووناکایی مانگ بدرۆشێت، ئەوا هەمیشە لە بەهاراندا گیای سەوز لە زەوی دەڕوێت..

ئەندەر مانگ.. پڕ مانگ.. ویشەپتەسە..

ستایشی هەموو ئەو ئەشەڤەنانە دەکەین.[٦٧]

**(٥)**

ستایشی مانگی هەڵگری توخمی ژیان دەکەین، ئەو بەخشندە پڕشکۆیە.. ئەو ڕووناکیبەخشە بەتریفە و هێژا و پاك و بەهێزە.. ئەو سوودبەخش و ئاوەدانکەرەوەیە.. ئەو چاك و پاك و چالاك و دەرمانبەخشە پیرۆزە.

**(٦)**

بەهۆی زەورو نوێژێکی بە دەنگی بەرزەوە ستایشی مانگی هەڵگری توخمی ژیان دەکەین، بۆ فەڕ و شکۆ و ڕووناکاییە پیرۆزەکەی..

ستایشی مانگی ئەشەڤەن دەکەین بە هۆی هەومی ئاوێتەی شیر و بە بەرسەم و بە زمانی مەنسەرە و بە بیر و زمان و کردەی چاکەوە..

"یەنگهە هاتام.."

**(٧)**

"یەسە ئەهوو ڤەئەیریو.."

..............................[٦٨]

# هەشتەم

# تیر یەشت

(٦٩)
..............................

## کردەی یەکەم

**(١)**

ئەهوورەمەزدا بە سپیتمان زەردەشتی فەرمووو:
تۆ، دۆست و یار و سەروەری زانای جیهان، ستایشی مانگ و (میەزد) و خانومان بکە تا (تەشتەر)، ئەستێرەی فەڕبەخشی شکۆمەند لەگەڵ مانگدا شکۆ ببەخشنە مرۆڤ[٧٠]
ستایشی تەشتەر، ئەستێرەی بەخشندەی ژینگەی ئارام دەکەم.

**(٢)**

ستایشی تەشتەر دەکەین، ئەو ئەستێرە بەفەڕو پڕشکۆیەی کە ژینگە و خانووی خۆش و ئاراممان پێدەبەخشێت.
ستایشی ئەو تیرێژبەخشە ڕۆشن و چارەسازو تیژپەڕو بەرزو بڵندە دەکەین کە لە دوورەوە دەدرەوشێتەوە و ڕووناکیی پاك دەبەخشێت.
سەنا و ستایش بۆ: ئاوی دەریای بەرین.. بۆ ڕووباری (ڤەنگوەهی)ی ناودار.. بۆ گەشەی مەزدایی.. بۆ فەڕو شکۆی کەیانی و بۆ فرەوەشیی سپیتمان زەردەشتی ئەشەڤەن.[٧١]

**(٣)**

بە بۆنەی فەڕو شکۆ و ڕووناکییەکەیەوە، من بە نوێژێك بە دەنگی بەرزو بە زەوروەوە ستایشی دەکەم.
ستایشی تەشتەر، ئەستێرەی شکۆمەند و ڕووناک دەکەین بە هۆی هەومی

ئاوێتەی شیرو بە بەرسەم و بە زمانی مەنسەرە و بە بیرو گفتە و کردەی چاك و بە زەورو بەدەنگی بەرزەوە؛

"یەنگهە هاتام..."

## کردەی دووەم

**(٤)**

ستایشی تەشتەر، ئەستێرەی پڕشکۆ دەکەین کە هەڵگری توخمی ئاوە.. ئەو مەزنە بە هێزو تیژبین و هێژاو پایەبڵندەی کە ناوی چاك هیی ئەوە و بە ڕەگەز دەگەڕێتەوە سەر (ئەپام نەبات).[٧٢]

[٧٣]..................................

## کردەی سێیەم

**(٥)**

ستایشی تەشتەر، ئەو ئەستێرە شکۆمەندە دەکەین کە هەموو گیاندارانی گەورە و بچووك و ئەو خەڵکەی لە ڕابردوودا ستەمیان کردووە و (کەئێنە)کان کە لەمەودوا دەست بە ستەمکاریی دەکەن ، هەر هەموویان لە چاوەڕوانیی ئەودان و دەپرسن:[٧٤]

ـ کەی تەشتەری شکۆمەند بۆ ئێمە و بەرەو ئێمە سەرهەڵدەدات؟

ـ کەی سەرچاوەکانی ئاو، بە هێزو گوڕی ئەسپێکەوە، سەرلەنوێ ڕەوان دەبنەوە؟

..................................

## کردەی چوارەم

**(٦)**

ستایشی تەشتەر، ئەو ئەستێرە شکۆدارە دەکەین کە گورج و توند بەرەو دەریای فەراخکەرت دەخرۆشێت.. توند و تیژ هەروەکوو ئەو (تیر)ەی کە (ئارەش)ی کەواندار لە کێوی (ئەیریوخشوسە)وە بەرەو کێوی (خڤانوەنت)ی هاویشت.(٧٥)

**(٧)**

تیرێك کە ئەهوورەمەزدای ئافەریدگار فووی لێکرد و ئینجا هەموو ئیزەدەکانی ئاوو گیا و میهری بەرینی ژینگە ڕێگەیان بۆ کردەوە.

..................................

## کردەی پێنجەم

**(٨)**

ستایشی تەشتەر، ئەو ئەستێرە پڕ شکۆیە دەکەین کە زاڵ دەبێ بەسەر پەری و جادووکاراندا.. کە ئەو پەری و جادووکارانە تێکدەشکێنێ لەکاتێکدا لە نزیك دەریای خرۆشان و قووڵ و خۆشدیمەنی فراخکەرتدا، کە ئاوەکەی زەمینێکی بەرینی داگرتووە، لە شێوەی ئەستێرەی ڕاخوشاو، لەنێوان زەوی و ئاسماندا پرژوبڵاو دەبنەوە...

لەو کاتەدا، ئەو لە شێوەی ئەسپێکی پاك و چابوکدا دەردەکەوێت و ئیدی ئاوەکە دەکەوێتە شەپۆلان و (با)ی بەهێز دەکەوێتە جووڵە و خرۆش.

(٩)

ئینجا (سەتەوەیس) بۆ بەخشینی پاداشت دەیگاتێ و ئەم ئاوە پاکە دەگەیەنێتە هەر حەوت وڵات.[٧٦]

پاشان تەشتەری جوان و ئاشتیبەخش ڕوو لەو وڵاتانە دەکات و مزگێنیی ساڵێکی خۆش و پڕخێر و بەرەکەتیان دەداتێ..

ئاوا سەرزەمینە ئێرانییەکان بەهرەمەند دەبن لە ساڵێکی خۆش و پڕخێر و شادی.

................................

## کردەی شەشەم

(١٠)

ستایشی تەشتەر، ئەستێرەی ڕووناکی شکۆمەند دەکەین کە ئاوا لەگەڵ ئەهوورەمەزدادا کەوتە گفتوگۆ:

ئەی ئەهوورەمەزدا... ئەی پیرۆزترین ڕۆح... ئەی داداری ئەم جیهانە خاکییە... ئەی ئەشەڤەن...

(١١)

ئەگەر خەڵك لە نوێژەکانیاندا ناوی منیش بەرن و ستایشم بکەن، هەروەك چۆن ناوی ئیزەدەکانی دیکە دەبەن و ستایشیان دەکەن، منیش بە گیانی ڕووناک و جاویدانی خۆمەوە، ڕوو لەو خەڵکە ئەشەڤەنە دەکەم و بە کات و ساتێکی دیاریکراو، لە یەك یا دوو (پەنجاشەو)دا دەردەکەوم.

(١٢)

ستایشی تەشتەر دەکەین،

ستایشی (تیشتەریەئینی) دەکەین،

ستایشی ئەو ئەستێرەیە دەکەین کە پاش (یەکەمین) دێت،

ستایشی (پەروین) دەکەین،

ستایشی (هەفتوەڕەنگ) دەکەین بۆ خۆڕاگری لە بەرانبەر پەری و جادووکاراندا.

ستایشی (وەنەند) دەکەین بۆ هێزو سەرکەوتنی شایان و توانای بەرخودان و زاڵبوون بەسەر حەزو سەرکەوتن بەسەر دوژمندا[٧٧]

ستایشی تەشتەری چاوتیژ دەکەین.

(١٣)

ئەی سپیتمان زەردەشت.....

تەشتەری شکۆمەند، لە دە شەوی یەکەمدا، بیچمی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت و وەکوو پەیکەرێکی گەنج و چاوگەش و جوان و چوست و چالاك و بەتوانا لەناو نوورو ڕووناکیدا دەفرێت

(١٤)

لە تەمەنی پیاوێکدا کە بۆ یەکەمجار (کوشتی)ی بۆ دەبەستن،[٧٨]

لە تەمەنی پیاوێکدا کە پێگەیشتبێت و بەهێز بووبێت،

لە تەمەنی پیاوێکدا کە گەیشتبێتە قۆناغی پیاوەتی:

**(١٥)**

ـ چ کەسێك لێرە، لەم ئەنجومەنەدا قسە دەکات؟

ـ کێ لێرەدا پرسیار دەورووژێنێ؟

ـ ئێستا لێرەدا کێ ستایشی من دەکات، بە زەوری ئاوێتەی شیرو هەومەوە؟

ـ کێ بکەمە خاوەن کوڕی چوست و چالاك؟

ـ تەندروستی و ڕەوانێکی پێگەیشتووو کوڕی زۆر بە کێ ببەخشم؟

ـ نووکە، من لەم جیهانە خاکییەدا بە پێی ئایینی ئەشە سزاوارو شایستەی ستایشم.

**(١٦)**

ئەی سپیتمان زەردەشت.........

تەشتەری شکۆمەند لە دە شەوی دووەمدا لە بیچمی (گا)یەکی شاخ زێڕین لە ڕووناکاییدا دەفڕێت

**(١٧)**

..................................

..........................................(٧٩)

**(١٨)**

ئەی سپیتمان زەردەشت..........

تەشتەری شکۆدار لە دە شەوی سێیەمدا بە بیچمی ئەسپێکی جوان و سپی بە یاڵ و هەوساری زێڕینەوە بە هەوادا لەنێو ڕووناکاییدا دەفڕێ

**(١٩)**

................................[٨٠]

..........................................

**(٢٠)**

ئەی سپیتمان زەردەشت............

............................................ (دووبارەی بڕگەی ١٨)

**(٢١)**

لە بەرانبەر ئەودا (ئەپەئوشە) دێویش لە شێوەی ئەسپێکی ڕەش دەردەکەوێت..

ئەسپێکی گەڕ بە گوێی گەڕو ملی گەڕ و کلکی گەڕ.. ئەسپێکی گەڕی ترسناك[٨١].

**(٢٢)**

ئەی سپیتمان زەردەشت..........

هەردووکیان: تەشتەری شکۆمەند و ئەپووشەی دێو، پێکدا هەڵدەشاخێن.

ئەی سپیتمان زەردەشت..........

هەردووکیان بە ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ دژی یەکدی دەجەنگێن و ئەپەئووشە دێو زاڵ دەبێ بەسەر تەشتەری بەشکۆدا و شکستی دەدات.

(٢٣)

ئینجـا بــه ئـهنـدازەی یـهك (هاسـهر) لـه دەریـای فـهراخکـهرت دووری دەخاتەوە[٨٢].

تەشتەر شیوەن دەکات و دەناڵێنێ:

ـ وەی لە من ئەی مەزدا

ـ وەی لێتان ئەی ئاوەکان.. ئەی گیاکان،

ڕۆژ ڕەشی بۆ تۆ ئەی دینی مەزداپەرستیی،

ـ ئێستا ئیدی، خەڵك ناوی من لە نوێژەکاندا ناهێنن و ستایشم ناکەن، وەك چۆن ناوی ئیزەدەکانی دی دەهێنن و ستایشیان دەکەن.

(٢٤)

ئـەگـەر خـەڵك لـە نوێژەکـانـدا نـاوم بـەرن و ستایشـم بکـەن، وەك چۆن نـاوی ئیزەدەکانی دیکە دەبەن و ستایشیان دەکەن، ئەوا من بە ڕادەی هێزی دە ئەسپ و دە گـا و دە وشـتر و دە کێـو و دە ئـاوی خرۆشـان، هێـز و گـوڕ و توانـا و بڕسـت وەردەگرم.

(٢٥)

من (ئەهوورەمەزدا)، خۆم لە نوێژدا ستایشی تەشتەری شکۆمەند دەکەم...

مـن، هێـزی دە ئـەسـپ و دە گـا و دە وشـتر و دە کێـو و دە ئـاوی خرۆشـانی پێدەبەخشم.

(٢٦)

ئەی سپیتمان زەردەشت............

ئەوکاتە، تەشتەری خاوەنشکۆ لە شێوەی ئەسپێکی سپی بە یاڵ و هەوساری زێڕینەوە دێتەوە لێواری دەریای فەراخکەرت..

**(٢٧)**

................................................ (دووبارەی بڕگەی ٢)

**(٢٨)**

ئەی سپیتمان زەردەشت..........

............................................ (دووبارەی بڕگەی ٢٢)

هەردووکیان لە دژی یەکدی دەجەنگێن تا کاتی نیوەڕۆ، ئینجا تەشتەری پڕشکۆ زاڵ دەبێ بەسەر ئەپەئووشەی دێودا و بۆڕی دەدات.

**(٢٩)**

............................................ (دووبارەی بڕگەی ٢٣)

ئینجا تەشتەری شکۆمەند و ڕووناك، ئاوازی شادمانی و ڕزگاری و سەرکەوتن دەچڕێت:

_ خۆش بە حاڵ و ڕۆژی من ئەی ئەهوورەمەزدا.

_ خۆش بە حاڵ و ڕۆژتان ئەی ئاوەکان.. ئەی گیاکان.

_ خۆش بە حاڵ و ڕۆژت ئەی دینی مەزداپەرستیی.

خۆش بە حاڵ و ڕۆژتان ئەی وڵاتان.

لەمەودوا _ بە بێ هیچ ئاستەنگێك _ ئاو بە جۆگەلەکانتاندا، بە تۆوی درشت بۆ کێڵگەکان و تۆوی ورد بۆ لەوەڕگەکانتان، بەرەو لای ئێوە و هەرچوار دەوری ئەم جیهانە خاکییە ڕەوان دەبێت.

**(٣٠)**

ئەی سپیتمان زەردەشت............

............................................ (دووبارەی بڕگەی ٢٦)

**(٣١)**

شەپۆلی دەریاکان دەورووژێنێ.. دەریا دەخاتەوە خرۆش و هاژە و شەپۆلان.. سەرتاسەری ڕۆخی دەریای فەراخکەرت دەبێتە هاژە و شەپۆل و نێو دەریاش بڵند و سەرکەش دەبێتەوە.

**(٣٢)**

ئەی سپیتمان زەردەشت..........

دوای ئەوە، جارێکی دی تەشتەری ڕووناک و شکۆمەند، لە دەریای فەراخکەرت دێتە سەر و *سەتەوەیسی درەوشاوە*ش بە دوایدا.

پاشان تەومژێك لە لای (هیند)ەوە، لە لای کێوێکەوە کە لە نێوەڕاستی دەریای فەراخکەرتدایە، هەڵدەستێ.

**(٣٣)**

ئەو تەومژە پاك و هەورخێزە، بەرز و بڵاو دەبێتەوە.. بای باشوور هەڵدەکات و مژەکە بەرەو پێشەوە دەبات، بەرەو ئەو ڕێگایەی کە هەومی شادیبەخشی گێتیپەروەری لێدەگوزەرێت..

بای چالاکی مەزدایی، هەور و باران و تەرزە دەگەیەنێتە ناو کێڵگە و لەوەڕگەکانی هەر حەوت وڵات.

**(٣٤)**

ئەی سپیتمان زەردەشت.............

ئەپام نەبات لەگەڵ بای چالاکی مەزدایی و فەڕوبەرەکەتی ئارامگرتووی ناو ئاوە پاکەکان و فرەوەشیی ئەشەڤەنەکان، بەهرەیەکی تایبەت لە ئاو دەبەخشێتە سەرتاسەری ئەم جیهانە خاکییە.

........................

### کردەی حەوتەم

**(٣٥)**

ستایشی تەشتەر، ئەستێرەی پرشنگداری بەشکۆ دەکەین کە بە خواستی ئەهوورەمەزدا، بە خواستی ئەمشاسپەندان، لە بەرەبەیانێکی ڕۆشندا بە ڕێگایەکی بێ (با)دا بەرەو ئەو شوێنەی کە (بەغ)ەکان لێی دەخوازن، بەرەو ئەو شوێنە پڕ ئاوەی کە دیاریکراوە، دەکەوێتە ڕێ[٨٣].

### کردەی هەشتەم

**(٣٦)**

ستایشی تەشتەر، ئەستێرەی درەوشاوەی پڕشکۆ دەکەین کە لەگەڵ هاتنی سەری ساڵی نوێ، هەموو خەڵك و سەرۆکە زاناکان و گیانلەبەرە ئازادەکانی کوێستان و گیانەوەرانی دیکەی بیابانگەڕ، چاوەڕێی هەڵاتنی دەکەن.

ئەو ئەستێرە گەشەی کە بە هەڵاتنی، دەبێتە هۆی ساڵێکی خۆش یان {هەندێجار} ساڵێکی ناخۆش بۆ وڵات.

ئایا سەرزەمینە ئێرانییەکان ساڵێکی خۆشیان دەبێت؟

..................................

### کردەی نۆیەم

**(٣٧)**

.......................................... (دووبارەی بڕگەی ٦)

**(٣٨)**

کاتێ ئەهوورەمەزدا فووی لە (تیر)ەکە کرد و ئەمشاسپەندان و میهری بەرینی ژینگە ڕێگایان بۆ کردەوە، ئەشەی چاك و مەزن و (پارەند)ی خۆشڕەوت پێکەوە کەوتنە دوای تا کاتێ کە ئەو (تیر)ە تیژپەڕە نیشتە سەر کێوی خڤانوەنت و لەوێ بە زەویدا چەقی[٨٤].

........................

**کردەی دەیەم**

**(٣٩)**

ستایشی تەشتەری درەوشاوەی شکۆمەند دەکەین کە زاڵ بوو بەسەر پەری و جادووکاراندا و تێکی شکاندن، ئەو پەرییانەی کە ئەهریمەن هانی دابوون تا هەموو ئەستێرەکانی هەڵگری توخمی ئاو لەنێو بەرن.

**(٤٠)**

تەشتەر هەموویانی تێکشکاندن و لە دەریای فەراخکەرت دووری خستنەوە.. پاشان هەورەکان پەیدا بوون و ئاوەکان، کە مزگێنیی ساڵێکی خۆشیان پێ بوو، ڕەوان بوون.

هرووژمی بارانە بەخوڕەکان ـ ئەو ئاوەی کە جۆشان و خرۆشان بە حەوت وڵاتدا بڵاو دەبێتە ـ لەو هەورانەوەیە.

..............................

## کردەی یازدەهەم

**(٤١)**

ستایشی تەشتەر، ئەستێرەی ڕۆشنی پڕشکۆ دەکەین کە ئاوە مەنگ و ڕەوانەکان و کانی و جۆبار و بەفر و بارانەکانیش، هەرهەموویان ئاواتەخوازو چاوەڕێی ئەون:

**(٤٢)**

_ کەی تەشتەری رووناکی شکۆمەند بەرەو لای ئێمە هەڵدێت؟
_ کەی سەرچاوەی ئاوەکان بە هێزی ئەسپێکەوە سەرلەنوێ هەڵدەقوڵن؟
_ کەی کانیە هەڵتەقیوەکان بەرەو کێڵگە جوانەکان و دەشت و بێستانەکان ڕەوان دەبن و ڕیشەی گیا و سەوزاییەکان تەڕ دەکەن و دەیانژییەننەوە؟

..............................

## کردەی دوازدەهەم

**(٤٣)**

ستایشی تەشتەر، ئەستێرەی ورشەداری پڕشکۆ دەکەین کە بەهۆی ئەو ئاوە خرۆشانەی خۆیەوە ترس و بیم و دڵەڕاوکێ لە ناخی هەمواندا دەسڕێتەوە.

ئەگەر بەم شێوەیە ستایشی ئەو بکەین کە بەتواناترینە، گەر ڕێزی لێبگرین و خۆشنوودی بکەین، ئەوا چارەساز دەبێت بۆ خۆمان و بۆ ژیانمان.

..............................

## كردەی سێزدەهەم

**(٤٤)**

ستایشی تەشتەر، ئەستێرەی ڕووناکی شکۆدار دەکەین کە ئەهوورەمەزدا، وەکوو سەروەرو پارێزەری سەرجەم ئەستێرەکان هەڵیبژارد، وەك چۆن زەردەشتی بە سەروەرو پارێزەری هەموو مرۆڤایەتی هەڵبژارد.

ئەو سەروەرە پیرۆزەی کە ئەهریمەن و پەری و جادووکارەکانیش هەموویان پێکەوە ناتوانن زیانێکی پێ بگەیەنن.

................................

## كردەی چواردەهەم

**(٤٥)**

ستایشی تەشتەر، ئەستێرەی درەوشاوەی پڕشکۆ دەکەین کە ئەهوورەمەزدا هەزارجۆر توانا و چالاکیی پێ بەخشی...

ئەوەی کە لەنێو هەموو ئەستێرەکانی هەڵگری توخمی ئاودا بەهێزترینە..

ئەوەی کە لە پێشەوەی ئەستێرەکانی دیکەی هەڵگری توخمی ئاو، لە ڕووناکیدا دەفڕێت.

**(٤٦)**

ئەوەی کە لە شێوەی ئەسپێکی جوان و سپی بە یاڵ و هەوساری زێڕینەوە، چاو دەبڕێتە سەرجەم جۆبارو ڕووبارەکانی دەریای فەراخکەرت، ئەو دەریا خۆشدیمەن و قووڵەی کە ئاوەکەی سەرزەمینێکی بەرینی داگرتووە.

**(٤٧)**

ئەی سپیتمان زەردەشت.........
ئاوی زوڵاڵ و خاوێنکەرەوە و دەرمانبەخش لە دەریای فەراخکەرتەوە ڕەوان دەبێت..
تەشتەری بەتوانا، ئەو ئاوە بەو وڵاتانە دەبەخشێت کە خەڵکەکەی ستایشی بکەن و ڕێزی لێبگرن و خۆشنوودی بکەن.
..............................

## کردەی پازدەهەم

**(٤٨)**

ستایشی تەشتەر، ئەستێرەی ڕۆشنی شکۆدار دەکەین..
ئەوەی کە سەرجەم خیلقەتی ڕۆحی پیرۆز ئاواتەخوازو چاوەڕوانی ئەون:
ئەوانەی لە ژێر زەوی دەژین،
ئەوانەی لەسەر زەوی دەژین،
ئەوانەی لە ئاوو ئەوانەش کە لە وشکانیدا دەژین،
ئەوانەی باڵدارن و ئەوانەش کە خشۆکن،
ئەوانەی لانەیەکی ئازادیان هەیە و ئەوانەش کە هیی جیهانی سەرەوەن و بە خیلقەتی بێ سەرەتا و بێکۆتایی ئەشە دەژمێردرێن.
..............................

## کردەی شازدەهەم

**(٤٩)**

ستایشی تەشتەر، ئەستێرەی درەخشانی بە شکۆ دەکەین
ئەو خەمرەوێنە بە هێزە و ئەو سەرکردە لێوەشاوەیەی کە بە هەزار نیاز

رازاوەتەوە و ئەو خواست و حەزو ئاواتانەش دەبەخشێتە ئەو کەسانەی هەوڵی خۆشنوودکردنی بدەن و داوای لێبکەن.

**(٥٠)**

ئەی سپیتمان زەردەشت.............

مـن (ئـەهـوورەمـەزدا)، ئـەسـتێرەی تـەشـتـەرم لـە شایسـتەیـی سـتایش و سـزاواریی خۆشـنوود کـردن و شـایانیی رێزلێنـان و پـەسـن و درووود و ئافـەریـن ئاراستەکردن، بەرانبەر بە خۆم و هەروەکوو خۆم ئەفراند.

**(٥١)**

ئەویش بۆ خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەو پەرییەدا ـ ئەو پەرییەی وشکەساڵی کە خەڵکانێکی درۆزن بە خودان ساڵی خۆشی دەزانن ـ.. بۆ شکست پێهێنانی و سەرکەوتن بەسەریدا و هەڵگەڕاندنەوەی فرتو فێڵ و دوژمنایەتییەکانی بۆ خۆی.

**(٥٢)**

................................ (دووبارەی بڕگەی ٥٠ بە داکۆکییەوە)

(٥٣)

................................(دووبارەی بڕگەی ٥١ بە داکۆکیکردنەوە)

**(٥٤)**

گەر وا نەبووبا، ئەوا لە هەر ئان و سات و لە هەر شەوو ڕۆژێکدا ئەو دێوی وشـکەسـاڵییە لێـرە و لـەوێ سـەری هـەڵـدەدا و ژیـانی ئـەم جیهانـە خاکییـەی بەتەواوەتی تێکی دەشێواند.

(٥٥)

بەڵام تەشتەری ڕووناکی شکۆمەند، دەتوانێ ئەو دێوە دەسبەسەر بکات و بە زنجیرێکی دوولا یا سێ لا یا چەند لا، - زنجیرێك کە هیچکات ناپسێت- بیبەستێتەوە، بەجۆرێك کە دەڵێی هەزار پیاو لە پاڵەوانترینی خەڵك، پیاوێکی تەنیا و لاوازیان توند بەستبێتەوە.

(٥٦)

ئەی سپیتمان زەردەشت......

ئەگەر لە سەرزەمینە ئێرانییەکاندا بەو جۆرەی دەشێت و دەلوێ، ستایشی تەشتەری شکۆدار بکەن و رووی نیازی لێبکەن، ئەوا هیچکات لافاو و نەخۆشیی گەڕی و (کەبەست)[٨٥] و سواری جەنگاوەری دوژمن ڕوویان تێناکات.

(٥٧)

زەردەشت لە ئەهوورەمەزدای پرسی:

کامەیە پەسن و ستایشی شایانی تەشتەری شکۆمەندە بە پێی ئایینی چاکترین ئەشە؟

(٥٨)

ئەهوورەمەزدا وڵامی دایەوە:

جەماوەری سەرزەمینە ئێرانییەکان دەبێ بە زەورەوە ڕووی نیازی لێبکەن،

جەماوەری سەرزەمینە ئێرانییەکان دەبێ بەرسەمی پێشکەش بکەن،

جەماوەری سەرزەمینە ئێرانییەکان دەبێ کاوڕێکی یەکڕەنگی پێشکەش بکەن، سپی بێت یا ڕەش یا هەر ڕەنگێکی دیکە.

**(٥٩)**

لەو نیازو پێشکەشییە، نابێ جەردە و ژنی کەیەزی و نائەشەڤەنێك کە گاتەکان ناهۆنێتەوە و بۆ ژیان و دینی ئەهووراییی زەردەشت زیانەخرۆو زەرەرمەندە، بەهرەمەند بن.

**(٦٠)**

گەر جەردە یا ژنی کەیەزی یا نائەشەڤەنێکی زیانەخرۆو زیانمەند بۆ دینی ئەهووراییی زەردەشت لەو نیازو پێشکەشییە بەهرەمەند بن، ئەوا تەشتەری ورشەداری بەشکۆ، دەرمان و چارەسازییەکەی خۆیمان لێدەگرێتەوە...

**(٦١)**

هەر بۆیەش لەناکاو لافاوێك سەرزەمینە ئێرانییەکان دادەگرێت.. سوپای دوژمن ڕوویان تێدەکات و داگیریان دەکات و دایاندەڕوخێنێ بە سەدان و هەزاران جۆر.

................................

**(٦٢)**

........................

....................................

# نۆیەم
# گەئوشە یەشت (درەڤاسپە یەشت)

## خۆشنوودی بۆ (درەڤاسپە)ی بەتوانای ئەشەڤەن و ئەهوورەیی[٨٦]

### کردەی یەکەم

**(١)**

ستایشی درەڤاسپەی بەتوانای ئەشەڤەن و ئەهوورایی دەکەین کە تەندروستیی ئاژەڵەکان دەپارێزێت- چ ئاژەڵی گەورە و چ ئاژەڵی ورد- ...کە تەندروستیی دۆستان دەپارێزێت.. کە تەندروستیی منداڵان دەپارێزێت.......

**(٢)**

ئەوەی کە خودان ئەسپی زینکراو و کەژاوەی تیژڕەوە...
خاوەن هێزێکی هێژا و پاداشتبەخشی چاکە و بەتوانا کە یاریدەی مرۆڤی ئەشەڤەن دەدات و پیشەی شایستە و ژینگەی شیاویان پێدەبەخشێت.

**(٣)**

(هوشەنگ)ی پێشدادی لە داوێنی کێوی ڕازاوە و ئاهوورایی (ئەلبورز)دا.............[٨٧] و داوای لێکرد:

**(٤)**

ئەی درەڤاسپەی پیرۆز.. ئەی بەتواناترین......

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە تا سەر بکەوم بەسەر هەموو دێوە (مەزەندەری)یەکاندا.. نەك لە ترسی ئەوان هەراسان بم، بەڵکوو ئەوان لە من بترسن و هەراسان ببن و هەڵبێن بەرەو تاریکی.[٨٨]

**(٥)**

درەڤاسپەی..............[٨٩]

**(٦)**

..........................[٩٠]

### کردەی دووەم

**(٧)**

.........................[٩١]

**(٨)**

(جەمشید)ی شوانچاك لە داوێنی کێوی (هوکەر)دا............... (دووبارەی بڕگەی پێشکەشییەکانی درەڤاسپە)

**(٩)**

ئەی ............... (دووبارەی بڕگەی ناوهێنانەکانی درەڤاسپە)

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە بتوانم ئاژەڵی چاك و بەسوودی مەزدایی بە خێو بکەم و جاویدانی ببەخشمە سەرجەم ئافرێنراوە پیرۆزەکانی مەزدا...

(١٠)

... كه بتوانم برسێتی و تینوێتی له ئەفرێنراوەکانی مەزدا دوور بخەمەوە... کە بتوانم پیری و لاوازی و مەرگیان لێ دوور بخەمەوە.. کە بتوانم ڕەشەبا و گڕەبایان بەدرێژایی هەزار ساڵ لێ دوور بخەمەوە.

(١١)

درەڤاسپەی............... (دووبارەی بڕگەی بەخشینەکانی درەڤاسپە)

.................................

**کردەی سێیەم**

(١٢)

.......................................

(١٣)

(فەرەیدوون)ی کوڕی (ئابتین) لە بنەماڵەی بەهێز، لەسەرزەویی چوارگۆشەی (وەرێنە)دا..............

.............(دووبارەی بڕگەی پێشکەشییەکانی درەڤاسپە)....و داوای لێکرد:

(١٤)

............................................................[٩٢]

(١٥)

........................(دووبارەی بڕگەی بەخشینەکانی درەڤاسپە)

.......................................

## کردەی چوارەم

(١٦)

.................................

(١٧)

هەومی دەرمانبەخش، ئەو شەهریارە جوان و زێڕینە، بە سەربڵندترین لووتکەی کێوی ئەلبورزەوە، بە نیازەوە ڕووی لێکرد و خوازیار بوو:

(١٨)

ئەی.................(دووبارەی بڕگەی ناوهێنانەکانی درەڤاسپە)

ئەم کامەرانی و توانایەم پێ ببەخشە کە بتوانم ئەفراسیاوی زیانکاری تۆرانی بە زنجیر ببەستمەوە و هەر بە زنجیرکراوی رایبکێشم تا لای (کەیخوسرەو)ی کوڕی (سیاوەش)، تا لە لێوارە بەرینەکانی (چیچەست)دا لە تۆڵەی سیاوەشی ناوداردا کە ناجوامێرانە کوشتیان و هەرواش لە ڕقی (ئەغریرەس)دا بیکوژێتەوە.(٩٣)

(١٩)

.................. (دووبارەی بڕگەی بەخشینەکانی درەڤاسپە)

..............................

## کردەی پێنجەم

(٢٠)

..............................

**(٢١)**

کەیخوسرەو، پاڵەوانی ئێرانی و پارێزەری وڵات، لە لێواری دەریاچەی قووڵ و بەرینی چیچەستدا.....

..............(دووبارەی بڕگەی پێشکەشییەکانی درەڤاسپە)

..................و داوای لێکرد:

**(٢٢)**

........................... (دووبارەی بڕگەی ناوهێنانەکانی درەڤاسپە).......

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە من، کوڕی تۆڵەسێنی سیاوەش، بتوانم لە ڕۆخی بەرینی چیچەستدا، لە تۆڵەی سیاوەشی ناودار کە ناجوامێرانە کوشتیان و لە ڕقی ئەغریرەسدا، ئەفراسیاوی زیانکاری تۆرانی بکوژم.

**(٢٣)**

....................(دووبارەی بڕگەی بەخشینەکانی درەڤاسپە)

...................................

### کردەی شەشەم

**(٢٤)**

.........................................

**(٢٥)**

زەردەشتی پاك، لە ئێرانویچ، لە لێواری ڕووباری دایتیای پیرۆزدا بە هەومی ئاوێتەی شیر و بە بەرسەم و بە زمانی مەنسەرە و بە بیر و گوتە و کردەی چاك، بە زەورەوە و بە دەنگی بەرز ستایشی ئەو (درەڤاسپە)ی کرد و داوای لێکرد:

(٢٦)

.......................(دووبارەی بڕگەی ناوهێنانەکانی درەڤاسپە)

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە تا بتوانم (هوتەئۆسا)ی پاك و هێژا بهێنمە سەر ڕێگەی مەزدا کە هەمیشە بەپێی دین بیر بکاتەوە.. بەپێی دین قسە بکات و بەپێی دین بجووڵێتەوە.. کە بێتە سەر ئەم دینە پاك و پیرۆزە و بەجوانی بیناسێت و ببێتە هۆی ناوبانگی چاك و پاکی ئەم (ئەنجومەن)ە.[٩٤]

(٢٧)

.............(دووبارەی بڕگەی بەخشینەکانی درەڤاسپە)

..........................

**کردەی حەوتەم**

(٢٨)

......................

(٢٩)

کەی گوشتاسپی هێژا...................(دووبارەی بڕگەی پێشکەشییەکانی درەڤاسپە)

............و داوای لێکرد:

**(٣٠)**

................

ئەم كامەرانییەم پێ ببەخشە كە لە پشت (زەینیاوەرەخویزاهە)دا لەگەڵ (ئەشتە ئەورڤەنت)ی كوڕی (ویسپەسەڤرۆئەشتی) كە كاسكێتی نووكداری لەسەرە و ملی بەرزە و خودان حەوت سەد وشترە، رووبەڕوو ببمەوە و شكستی بدەم..

ئەم توانایەم پێ ببەخشە كە لە شەڕی دژی (ئەرجاسپی خەیونە)ی تاوانبار و (دەرشینیكە)ی دێوپەرستدا سەركەوتوو بم....[٩٥]

**(٣١)**

ئەو هێزەم پێ ببەخشە كە بتوانم (تەسرەیاوەنتە)ی دژە دین لە نێو بەرم.. (سپینجە ئەمروشكە)ی دێوپەرست نابوود بكەم.. (هومای) و (واریزكەنا) لە سەرزەمینی خەیونەكانەوە جارێكی دی بگەڕێنمەوە نێو بنەماڵەی خۆیان.. سەرزەمینی خەیونەكان تێك بدەم بە پەنجا و سەدان و هەزاران جۆر[٩٦]

**(٣٢)**

................(دووبارەی بڕگەی بەخشیشەكانی درەڤاسپە)

..........................

**(٣٣)**

"يەسەئەهوو ڤەئەيريو..."
درووود بۆ درەڤاسپەی بەتوانای ئەشەڤەن و مەزدایی
"ئەشێم ڤوهوو..."
"ئەهمائی ڕەئێشچە..."

**دەیەم**

**میهر یەشت**

بۆ خۆشنوودیی (میهری بەرینی ژینگە) و (ڕام)ی لەوەڕگەبەخش[٩٧]
"یەسەئەهوو ڤەئەیریو..." کە زەوت پێم بڵێت؛
"ئەسارەتوش ئەشەئەت چیەت هەچا..." کە مرۆڤی پارێزکارو زانا پێم بڵێت.

## کردەی یەکەم

(١)

ئەهوورەمەزدا بە سپیتمان زەردەشتی گوت:

ئەی سپیتمان.....

ئەو کاتەی میهری بەرینی ژینگەم ئافراند، لە شایستەیی پەسن و ستایشدا هەروەکوو خۆم ـکە ئاهوورامەزدام ـ ئەوم دروست کرد.

(٢)

ئەی سپیتمان......

(میهری دورڤەج)ی تاوانبار، سەرتاسەری وڵات وێران دەکات. ئەو، هەروەکوو سەد لاشەی تووشبوو بە تاوانی (مەیەزە)یە.. ئەو بکوژی مرۆڤی ئەشەڤەنە.

ئەی سپیتمان...

نەکەی پەیمان بشکێنی: نە پەیمانێك کە بە ئەشەڤەنێکت دابێت و نە {تەنانەت} پەیمانێکیش بە درووەندێکت دابێ، چونکە پەیمان پیرۆزە، چ لەگەڵ خراپدا و چ لەگەڵ چاکدا[٩٨]

(٣)

میهری بەرینی ژینگە، ئەسپی ڕەسەن دەبەخشێتە کەسێك کە میهردرۆ نەبێت..

ئازەری ئەهوورامەزدا کەسێك ڕێنمایی دەکات بەرەو ڕێگەی ڕاست کە میهردرۆ نەبێت..

فرەوەشیی پاك و پیرۆزی ئەشەڤەنەکان، منداڵی چاك و چالاك بە کەسێك دەبەخشن کە میهردرۆ نەبن.

(٤)

بۆ فەڕو شکۆی، بە نوێژێك بە دەنگی بەرزو بە زەورەوە ستایشی ئەو میهرە بەرینەی ژینگە دەکەم..

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین کە خانومانێکی خۆش و پڕ لە ئاشتی و ئارامی دەبەخشێتە سەرزەمینە ئێرانییەکان.

(٥)

بەش ببێتە یاریدەدەرمان،
بەش گەشەو کرانەوەمان پێ ببەخشێ،
بەش دسگرۆییمان بکات،
بەش دڵسۆزمان بێت،
بەش ڕێگەچارەی کێشەکانمان پێ بنوێنێ،
بەش پیرۆزیمان پێ ببەخشێت،
بەش بەختەوەریمان پێ ببەخشێت،
بەش فریادڕەسمان بێت،(٩٩)

ئەو بەهێزە هەمیشە سەرکەوتووو لە خشتەنەبراوەی کە لە سەرتاسەری ئەم جیهانە خاکییەدا شایستەی پەسن و ستایشە.. ئەو میهرە بەرینەی ژینگە.

(٦)

پەسن و ستایش دەنێرین بۆ ئەو ئیزەدە بەهێزو بە توانایە.. ئەو بەتواناترینە ئافرێنراوانەی مەزدا.. ئەو میهرە.. ئەو میهری بەرینی ژینگەیە.

بە هەومی ئاوێتەی شیر.. بە بەرسەم.. بە زمانی ئاوەزو مەنسەرە.. بە بیرو زمان و کرداری چاك.. بە زەورو بە دەنگی بەرز، ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین.

"یەنگهە هاتام..."

## کردەی دووەم

(٧)

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین کە ئاگاداری مەنسەرەیە، شیرین زمانێکی هەزار گوێی دەهەزار چاوی جوان و بالابەرزکە بە سەر (تاوەر/ برجێکی بەرز)ەوە وەستاوە.. پاسەوانێکی بەتوانا کە هیچکات خەو ناچێتە چاوی.[١٠٠]

(٨)

ئەوەی کە سەرکردەکانی هەردوو وڵات، کاتی ڕۆیشتنیان بۆ مەیدانی جەنگ، لەبەرامبەر دوژمن و رووبەڕووی گرووپی هێرشبەری (هەمستاران)، لە گەرمەی شەڕدا داوای یارمەتیی لێدەکەن[١٠١]

(٩)

میهری بەرینی ژینگە لەگەڵ (با)ی سەرکەوتووو (داموئیش ئوپەمەن)دا، ڕوو لەو جەنگاوەرانە دەکات کە بە ناخێکی شادو سرشتێکی پاك و بیروباوەڕێکی ڕاست و دروستەوە پەسنی بۆ دەنێرن و نوێژی بۆ دەکەن[١٠٢]

........................[١٠٣]

## کردەی سێیەم

**(١٠)**

......................(١٠٤)

**(١١)**

ئەو جەنگاوەرانەی کە بەسەر ئەسپەکانیانەوە نوێژی بۆ دەکەن داوای لێدەکەن یارمەتییان بدات تا ئەسپەکانیان بەهێزو خۆیشیان تەندروست بن، کە بتوانن دوژمنەکانیان هەر لە دوورەوە بناسنەوەو پێش بە نەیارەکانیان بگرن و سەرەنجام زاڵ بن بەسەر دوژمنە قین لەدڵ و بەدئەندێشەکانیاندا.

......................

## کردەی چوارەم

**(١٢)**

..............................

**(١٣)**

یەکەمین ئیزەدی مینویی کە بەر لە هەڵاتنی هەتاوی تیژپەڕی جاویدان بەسەر لووتکەی بڵندی کێوی ئەلبورزەوە بە دیار دەکەوێت..

یەکەمین کەس بە زێڕو زیو ڕازاوە، بە بەرزایی ئەو کێوە جوانەوە بە دیار بکەوێت..

لەوێشەوە ئەو (میهر)ە بەتوانایە چاو دەبڕێتە سەرجەم خانەدانە ئێرانییەکان.

(١٤)

لەوێوە کە شەهریارە دلێرەکان، جەنگاوەری زۆر ئامادە دەکەن..
لەوێوە کە کوێستانی بەرزو لەوەڕگەی بەرین بۆ ئاژەڵەکان هەیە..
لەوێوە کە دەریای قووڵ و بەرین زۆرن..
لەوێوە کە ڕووباری فراوان و (ناوتاك) بە شەپۆلی خرۆشانەوە بەرەو (ئیشکەتە) و (پورڤەتە) دەخرۆشێن و دەگەنە (مەرو) و (هەرات) و (سوغد) و (خوارەزم)[١٠٥]

(١٥)

میهری بەتوانا چاو دەبڕێتە (ئەرێزەهی) و (سەڤەهی) و (فرەدەزەفشو) و (ویدەزەفشو) و (ڤوئوروبەرشتی) و (ڤوئوروجەرشتی) و (خەڤەنیرەس)ی درەوشاوەی پەناگەی ئەمن و ئارامی ئەسپ و ئاژەڵان[١٠٦]

(١٦)

ئەو ئیزەدە مینوویی و فەڕبەخشە بەرەو سەرجەم وڵاتەکان دەڕوات.
ئەو ئیزەدە مینووییە شەهریاری بەخشە بەرەو سەرجەم وڵاتەکان دەڕوات.
ئەو، سەرکەوتن و باڵادەستی بە کەسانێك دەبەخشێ کە بەهۆی (زەور)ەوە ستایشی دەکەن.

..............................

**کردەی پێنجەم**

(١٧)

..............................

ئەوەی کە هیچکەس ناتوانێ لە بەرامبەریدا میهردرۆ بێت.. نە خانەخوێ.. نە کەیخودا.. نە شارەوان و نە شەهریار[١٠٧]

**(١٨)**

ئەگەر خانەخوێ یا کەیخودا یا شارەوان یان شەهریار درۆباز بێت، میهری تووڕە و ڕەنجاو، گوند و ماڵ و شار و وڵات و گەورەکانی ماڵ و گوند و شار و وڵات نابوود دەکات.

**(١٩)**

میهری ڕەنجاو و تووڕە هەڵدەکوتێتە سەر ئەو شوێنانەی درۆپەرست و شوێنکەوتووی درۆیان تێدایە..

(دژ ئاگایی) لە ناخی ئەودا جێی نابێتەوە.[١٠٨]

**(٢٠)**

ئەسپی درۆخوازەکان لە ژێر باری سوارەکەیاندا دەحیلێنن و لە شوێنی خۆیان ناجووڵێن و گەر بشجووڵێن، هیچ بەرەو پێشەوە ناڕۆن و لە ڕۆیشتندا چابوك نین..

بە هۆی زەقیی زمانی خراپەوە ـ کە تایبەت بە دوژمنانی میهرە ـ، ئەو ڕمەی کە دوژمنی میهر دەیخات، بەرەو خۆی وەردەسووڕێتەوە.

**(٢١)**

بەهۆی زەقیی زمانی خراپەوە ـ کە تایبەت بە دوژمنی میهرە ـ، تەنانەت گەر دوژمنی میهر ڕمەکەش بە جوانی بوەشێنێت و بشگاتە لای (هەمەستار)، ئەوا هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێت و کاری تێناکات..

بەهۆی زەقیی زمانی خراپەوە ـ کە تایبەت بە دوژمنی میهرە ـ، با، ئەو ڕمە وەردەسووڕێنێتەوە کە دوژمنی میهر وەشاندوویەتی.

(... ... ...)

## كردەی شەشەم

**(٢٢)**

(... ... ...)

ئەو كەسەی خەڵك لە خەم و پەژارە ڕزگار بكات ـ ئەگەر درۆپەرست نەبن ...............................

**(٢٣)**

ئەی میهر....

ئێمە كە لە پەیڕەوانی درۆ نەبووگین، لە پەژارە ڕزگارمان بكە.. لە هەموو پەژارەكان..

تۆ دەتوانی ترس و مەرگ بخەیتە سەر جەستەی درۆپەرستان..

تۆ دەتوانی ـ ئەوكاتەی تووڕە دەبیت ـ هێزی پێ و زۆری بازوو بینایی چاوو ژنەفتی گوێ لە پەیڕەوانی درۆ بستێنیتەوە.

**(٢٤)**

ڕمی تیژو تیری هاوێژراو، هیچكامیان ناگەنە ئەو كەسەی كە بە پاكی و دروستی ببێتە یارو یاوەری میهری دەهەزار دیدەوانی توانای بەئاگا لە هەمووشت..

(... ... ...)

## كردەی حەوتەم

**(٢٥)**

(... ... ...)

بۆ ئەو میهرە وردبینە، ئەو ڕەتووە بەهێزە پاداشتبەخشە زمانزانە سەناكارە پایەبەرزە بەختەوەرە مەنسەرە جەستەیە، بۆ ئەو پاڵەوانە جەنگاوەرە بەهێزە.

(٢٦)

ئەوەی کە دێوەکان سەرکوت دەکات...
ئەوەی کە سزای تاوانباران دەدات...
ئەوەی کینە لە درۆپەرستان هەڵدەگرێت...
ئەوەی کە پەرییەکان دەخاتە تەنگەلان..
ئەوەی کە ـ ئەگەر خەڵك درۆخواز نەبن ـ وڵات بەهێزو ئاوەدان دەکاتەوە...
ئەوەی کە ـ ئەگەر خەڵك درۆپەرست نەبن ـ سەرکەوتنی زۆر دەبەخشێتە وڵات...

(٢٧)

ئەوەی کە خەڵکی سەرزەمینی دوژمن رێنمایی ناکات و فەڕو بەرەکەت لە سەرزەمینەکەیان دەستێنێتەوە و بێ بەشی دەکات لە سەرکەوتن..
ئەوەی کە بکەوێتە دوای هێزە تێکشکاوەکانی بەرگریی دوژمن و دەهەزار زام بکاتە جەستەیانەوە..
ئەو میهرە دە هەزار دیدەوانە لەهەموو شت ئاگاو فریو نەخۆرە...
(... ... ...)

**کردەی هەشتەم**

(٢٨)

(... ... ...)
ئەوەی کە کۆڵەکەی بینا بەرزەکان ڕادەگرێت و بانەکانیان دەپارێزێت..
ئەوەی کە بنەماڵە ـ بنەماڵەیەك کە لێی ڕازی بێت ـ بە کوڕی چالاك و گەلە مانگای بەسوود بەختەوەر دەکات و ئەو بنەماڵانەش نابوود دەکات کە لێیان تووڕەیە..

(٢٩)

ئەی میهر...

تۆ، لەگەڵ وڵاتەکاندا هەم چاکیت و هەم خراپ..

ئەی میهر....

تۆ، لەگەڵ خەڵکدا، هەم چاکیت و هەم خراپ..

ئەی میهر...

هەر لە تۆیە هەم ئاشتی و هەم ئاژاوە لە وڵاتەکاندا.

(٣٠)

بەهۆی تۆوەیە کە گەورەماڵان ژنی شایستە و پێخەفی گەرم و نەرم و بالیفی جوان و گالیسکەی شکۆداریان تێدایە..

بەهۆی تۆوەیە خانووە بەرزەکان ........ دووبارەی بڕگەی پێشوو.

ئەو ماڵانەی ئەشەڤەنەکان کە {تێیاندا مرۆڤەکان} بە نوێژ یادت دەکەنەوە و بە ڕازونیازێکی شایانی زەمەن و بە زەورەوە سەنات بۆ دەنێرن..

(٣١)

ئەی میهر..............

لە نوێژێکدا کە ناوی تۆی تێدا هاتبێت و بە ڕازونیازێکی شایانی کات و بە زەورەوە ستایشت دەکەین.

ئەی میهری بەتواناتر.........

................ (دووبارەی بڕگەی پێشوو)

ئەی میهری بەتواناترین.. ئەی میهری نەخەڵەتێنراو........

............... (دووبارەی بڕگەکانی پێشوو)

**(٣٢)**

ئەی میهر........

گوێ بدەیە ستایشەکانمان

ئەی میهر.........

ستایشەکانمان قبووڵ بکە

ئەی میهر..........

نیازەکانمان بەجێ بهێنە:

نیازی زەورمان ببینە.. بەم ئایینەوە وەرە پێشێ.. ڕازونیازەکانمان لە خەزێنەی لێخۆشبوونەکاندا بپارێزە و لە (گەرەزمان)[١٠٩]دا پێمان ببەخشەوە.

**(٣٣)**

ئەی بەتواناتر.......

بە پایەداریی ئەو پەیمانەی بەستمان، کامەرانمان بکە و ئەوەی لێتی دەخوازین پێمانی ببەخشە:

سامان.. هێز.. سەرکەوتن.. شادمانی.. خۆشیی.. دادوەری.. ناوی چاك.. ئاسوودەیی گیان.. بڕستی ناسینەوە.. زانستی مینوویی.. سەرکەوتنی ئەهوورایی.. ڕەپێشایەتییەکی پیرۆز کە هیی ئەشەیە و هەروا‌ش تێگەیشتنی مەنسەرە.

**(٣٤)**

تاوەکوو بە دلێری و ڕووخۆشیی و بە شادی و خۆشیی بەسەر هەموو نەیارەکانماندا سەرکەوین..

تاوەکوو بە دلێری و ڕووخۆشیی و بە شادی و خۆشییی بەسەر هەموو ناحەزاندا سەر بکەوین.

تاوەکو بە دڵێری و ڕووخۆشیی و بە شادی و خۆشیی، هەموو دوژمنانمان: چ دێوەکان.. چ پەیڕەوانی درۆ.. چ جادووکارو پەرییەکان.. چ کەوی و چ کەرەپەستەمکارەکان، هەر هەموویان بۆڕ بدەین.

...................................

**کردەی نۆیەم**

**(٣٥)**

........................

ئەوەی کە هەموو پەیمانێك لە گوتەوە بکاتە کردار..

ئەوەی کە سوپا و لەشکر ڕێکدەخات..

ئەوەی کە خودان هەزار چەشنە چالاکییە..

ئەوەی کە شەهریاری دانا و توانایە.

**(٣٦)**

ئەوەی جەنگ بەرپا دەکات..

ئەوەی جەنگ پێش دەخات

ئەوەی کە لە جەنگدا سەردەکەوێت و سوپای دوژمن تێکدەشکێنێت..

ئەوەی کە جەنگاوەران بەهەردوو لای گۆڕەپانی شەڕدا پرژو بڵاو بکاتەوە و لە ترسی ئەو، دڵی سوپای خوێنخۆری دوژمن بلەرزێت.

**(٣٧)**

هەر ئەوە کە دەتوانێ دوژمن پەرێشان و هەراسان بکات..

هەر ئەوە کە دەتوانێ سەری درۆپەرستان بپەڕێنێ..

با سەری درۆپەرستان لە لاشەیان جیا ببێتەوە.

**(٣٨)**

با ماڵە ترسناکەکان وێران بن و کەسیان تێدا نەمێنێ:
ئەو خانوانەی کە درۆپەرستان و درۆخوازان و بکوژانی ئەشەڤەنەکانیان تێدا دەژین، ترسناکن.
ڕێگەی گرفتاریی لەوێوەیە کە (گا)ی (ئازاد)ی نێو لەوەڕگە لەو ماڵانەدا بە زنجیر دەبەسترێتەوە، گا (مۆز/ مەشە) دەکات و دەبۆڕێنێت و دەگری.

**(٣٩)**

ئەو تیرانەی درۆپەرستان، کە بە باڵی هەڵۆ نەخشێنراون، هەرچەندیش کەوانەکەی توند ڕابکێشن و چاك بیانهاوێن، مادەم میهری بەرینی ژینگە تووڕە بێت و تیرەکان لەپێناوی ئەودا نەهاوێژرابن، ناگەنە ئامانج و ناپێکن.
ڕمە چاك و تیژەکانی دەستی درۆپەرستان، هەرچەندیش بەو پەڕی هێزەوە بهاوێژرێن، مادەم میهری بەرینی ژینگە تووڕە بێت و لەپێناو ئەودا نەهاوێژرابن، ناگەنە ئامانج و ناپێکن.
بەردی (بەردەقانێ)ی درۆپەرستان، هەرچەندیش بەوپەڕی هێزەوە بوەشێنرێن، مادەم میهری بەرینی ژینگە تووڕە بێت و لەپێناو ئەودا نەوەشێنرابن، ناگەنە ئامانج و ناپێکن.

**(٤٠)**

خەنجەرە تیژەکانی درۆپەرستان، کە سەری خەڵك دەکەنە ئامانج، مادەم...... (دووبارەی بڕگەکانی پێشوو).
گورزە قورسەکانی درۆپەرستان، کە سەری خەڵك دەکەنە نیشانە، مادەم...... (دووبارەی بڕگەکانی پێشوو).

**(٤١)**

میهری بەرینی ژینگە، ئەگەر تووڕە بێت و کارەکان لەپێناو ئەودا نەبن، لە پێشەوە ئەوان دەخاتە ترس و دڵەڕاوکێوە.

(ڕەشن)یش لە پاشەوە تووشی ترس و تۆقیان دەکات.

(سرووش)ی پارێزکاری هاوڕێی هەمیشەیی ئیزەدە پاسەوانەکانیش لە هەموو لایەکەوە ترسیان بەسەردا دەبارێنێت و دەستە و تاقمەکانیان بەرەو هەڵدێری نەمان ڕاپێچ دەکات.

**(٤٢)**

ئینجا، ئەوان ئاوا بە میهری بەرینی ژینگە دەڵێن:

ئەی میهری بەرینی ژینگە...

ئەمانە[١١٠]، ئەسپە تیژڕەوەکانی ئێمەیان ڕفاند..

ئەی میهر......

ئەمانە، باڵی بەهێزی ئێمەیان بە زەبری شمشێر پەڕاند.

**(٤٣)**

دوای ئەوەش، میهری بەرینی ژینگە، ئەوان خەڵتانی خاك و خوێن دەكات: پەنجا سەدان.. سەدان هەزار.. هەزاران دەهەزار.. دەهەزاران سەدهەزار. چونکە میهری بەرینی ژینگە تووڕەیە.

.............................

## گردەی دەیەم

**(٤٤)**

.......................

ئەوەی کە ماڵەکەی بە پانایی زەمینە، لەم جیهانە خاکییەدا.. ماڵێکی فراوان و ئاسوودە و بێ نیاز.. ماڵێکی ڕووناک و ئاوەدان بە پەناگە و جێ حەسانەوەی زۆرەوە.

**(٤٥)**

هەشت کەس لە یاوەرانی ئەو، بەسەر لووتکەکانەوە وەکوو دیدەوانی تایبەتی میهر بەسەر (بارو)وەکانەوە وەستاون و بە وریاییەوە درۆپەرستانیان خستۆتە ژێر چاودێری.

ئەوان، بەتایبەتی نیگەران و چاودێری ئەو کەسانەن کە یەکەمجار پەیمانیان شکاند..

ئەوان ڕێگە بۆ ئەو کەسانە خۆش دەکەن کە هێرش دەکەنە سەر درۆپەرست و درۆخوازان و بکوژانی ئەشەڤەنەکان.

**(٤٦)**

میهری بەرینی ژینگە، خۆی ئامادەی پاراستن دەکات: لە پشتەوە پاسەوانی دەکات.. لە بەرامبەرەوە پشتیوانی دەکات.. هەروەکوو دیدەوانێکی چاوکراوەی وریا، هەموو شوێنێك دەخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوە.

بەم چەشنە، میهری خودان دە هەزار دیدەوانی زانا و بەتوانای چاو کراوە، ئامادەی پشتیوانیکردنی کەسێکە کە بە بیری چاکەوە بەرەو پیری دەچێت و یاریدەی دەدات.

.........................

## کردەی یازدەهەم

**(٤٧)**

.........................

ناودارێك، کە ئەگەر توورە بوو، لەنێو جەنگاوەرانی دوو وڵاتی شەڕکەردا، بە دژو بە زیانی سوپای دوژمنی خوێنمژ، بۆ شەڕ لە بەرانبەری دەستە و گرۆ ئامادەکان بۆ جەنگی دوژمن، ئەسپی شان و مل پان و سم پان تەیار دەکات.

**(٤٨)**

ئەگەر میهر، بە دژو بە زیانی سوپای خوێنرێژی دوژمن و بۆ جەنگ دژی دەستە و گرۆ ئامادەکانی دوژمن لەنێوان دوو وڵاتی شەڕکەردا ئەسپی شان و مل پان و سم پان تەیار بکات، ئەوکاتە ئیدی دەستی درۆپەرستەکان لە دواوە دەبەستێتەوە.. چاویان هەڵدەکۆڵێت.. گوێیان کەڕ دەکات و هێزی هەنگاوەکانیان لێدەگرێتەوە، بەجۆرێك، هیچکەس توانایی رووبەڕووبوونەوە و خۆڕاگریی نەمێنێت..

ڕۆژگاری ئەو سەرزەمین و جەنگاوەرانە وای لێدێت ئەگەر ڕوو لە میهری بەرینی ژینگە وەرگێڕن.

## کردەی دوازدەهەم

**(٤٩)**

.........................

**(٥٠)**

ئەوەی کە ئافەریدگار (ئەهوورەمەزدا) ئارامگای بەسەر کێوی بڵند و ڕووناک و خودان بەرزایی و لووتکەی زۆر (کێوی ئەلبورز)ەوە بۆ دروست کرد.. شوێنێك، کە نە شەو هەیە و نە تاریکی.. نە بای سارد.. نە بای گەرم.. نە نەخۆشیی کوشندە و نە پیسیی دێو ئافەریدە.

بەسەر لووتکەی کێوی ئەلبورزەوە، تەم و مژ هەڵناستێ.

**(٥١)**

ئارامگایەك، کە ئەمشاسپەندەکان و هەتاو ـ هەمکام[١١١] و بە خۆشنوودیی ناخ و سرشتی چاك و ڕاستباوەڕی ـ دروستیان کرد تا ئەو بتوانێ بە بەرزایی کێوی ئەلبورزەوە چاو ببڕێتە سەرتاسەری ئەم جیهانە خاکییە.

**(٥٢)**

ئەگەر فێڵبازێکی بەدسرشت بێتە پێشەوە، میهری بەرینی ژینگە خۆی بە هەنگاوی گورجوگۆڵ دەگەیەنێتە سەر گالیسکە تیژڕەوەکەی و گورجوگۆڵ تێیدەتەقێنێ.. سرووشی پارێزکاری بەتوانا و (نەریوسەنگ)[١١٢]ی چالاکیش دەبنە هاوڕێی.

میهر، ئەو، (فێڵبازە بەدسرشتەکە) دەکوژێت، جا چ لە مەیدانی جەنگدا بێت چ لە شەڕی ڕووبەڕووی تاکبەتاکدا.

.........................

## كردەی سێزدەهەم

**(٥٣)**

..........................

ئەوەی کە بە ڕاستی دەستەکانی خۆی بەرەو لای ئەهوورەمەزدا بەرز کردۆتەوە و ئاوا گلەیی دەکات:

**(٥٤)**

ئەی پاکسرشت...

من پاسەوان و پشتیوانی سەرجەم ئافەریدەکانم،

ئەی چاکسرشت...

خەڵك، هەروا کە ناوی ئیزەدەکانی دیکە لە نوێژدا دێنن و سەنایان دەکەن، لە نوێژەکانیاندا ناوی من ناهێنن و ستایشم ناکەن.

**(٥٥)**

ئەگەر خەڵك لە نوێژەکانیاندا ناوی من بهێنن و ستایشم بکەن، وەك چۆن ناوی ئیزەدەکانی دیکە دێنن و ستایشیان دەکەن، منیش هەردەم بە گیانی نەمرو درەوشاوەی خۆمەوە ڕوو لە ئەشەڤەنەکان دەکەم و لە کاتی دیاریکراوی پێویستدا دەیانگەمێ.

**(٥٦)**

ئەی میهر.....

لە نوێژێکدا کە ناوی تۆی تێدا بهێنرێت، بە ڕازونیازێکی شایانی کات و بە زەورەوە سەنات دەکەم.

ئەی میهری بەتواناتر.....

لە............ (دووبارەی بڕگەی پێشوو).

ئەی میهری بەتواناترین.. ئەی میهری فریونەخواردوو...

لە............... (دووبارەی بڕگەکانی پێشوو).

**(٥٧)**

ئەی میهر.....

گوێ لە سەنامان بگرە

ئەی میهر......

ستایشەکانمان لێ وەرگرە

ئەی میهر......

داخوازییەکانمان بەجێ بهێنە:

...... دووبارەی بەشی کۆتایی کردەی هەشتەم بڕگەی (٣٢)

**(٥٨)**

ئەی بەتواناتر...

............. دووبارەی بڕگەی (٣٣)ی کردەی هەشتەم

**(٥٩)**

.................... دووبارەی بڕگەی (٣٤)ی کردەی هەشتەم....

بۆ فەڕو شکۆو ڕووناکییەکەی، بە نوێژێکی بە دەنگی بەرزو بە زەورەوە ستایشی ئەو میهری بەرینی ژینگەیە دەکەین..

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین کە خانومانی کامەران و پڕخۆشی و ئۆخژن دەبەخشێتە سەرزەمینە ئێرانییەکان.

دەخوازین ئەو بێتە هانامانەوە،
دەخوازین کراوەییمان پێ ببەخشێت،
دەخوازین دەسگرۆییمان بکات،
دەخوازین دڵسۆزمان بێت،
دەخوازین چارەسەری کارەکانمان پێ نیشان بدات،
دەخوازین سەرمان بخات،
دەخوازین کامەرانمان بکات،
دەخوازین فریادڕەسمان بێت...

ئەو بەهێزە چاوکراوەیەی کە لە سەرتاسەری جیهانی خاکیدا شایستەی سەناو ستایشە.. ئەو میهرە بەرینەی لەوەڕگە..

ستایشی ئەو ئیزەدە بەهێزو بەتوانایە، ئەو بەتواناترین ئافەریدەیە، ئەو میهرە، ئەو میهری بەرینی ژینگەیە دەکەین.

بە هەومی ئاوێتەی شیرو بەرسەم و بە زمانی ئاوەزو مەنسەرەو بە بیرو گفتەو کردەی چاك و بە زەورەوە ستایشی ئەو میهرە بەرینەی لەوەڕگە دەکەین.

## کردەی چواردەهەم

### (٦٠)

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین کە ئاگاداری مەنسەرەیە.. ئەو زمانزانە خودان هەزار گوێ و دەهەزار چاوە سەربڵند و باڵابەرزەی کە بەسەر برجێکی گەورەوە وەستاوە.. پاسەوانێکی بەتوانا کە هیچکات چاوی ناچێتە خەو..

ئەوەی کە ناوی چاك و سەربەرزی و سەنای چاك هەر شایانی خۆیەتی..

ئەوەی کە سەرکەوتنی بەئاواتخوازراو دەبەخشێتە خەڵك..

ئەو خودان دەهەزار دیدەوانە بە تواناو وشیارو لە خشتە نەبراوە.

(١١٣)
................................

## كردەی پازدەهەم

**(٦١)**

............ (دووبارەی بڕگەی سەرەتای کردەی پێشوو)...

ئەو هەردەم بە پێوە ڕاوەستاوە.. ئەو پاسەوانە بێدارە.. ئەو دلێرو زمانزانەی کە ئاوەکان زۆرتر دەکات.. کە هاواری دادخوازی دەبیستێ.. کە باران دەبارێنێت و گیا دەڕوێنێ.. کە دادوەری دەبەخشێتە سەرزەمین.

ئەو زمانزانە لێهاتووە.. ئەو لەخشتە نەبراوە زۆر وشیارە.. ئەو ئەفرێنراوە چاکەی کردگار.

**(٦٢)**

ئەوەی کە هەرگیز گوڕو هێز ناداتە میهردرۆ..
ئەوەی کە هەرگیز پاداشت و مەزنێتی نابەخشێتە میهردرۆ.

**(٦٣)**

تۆ دەتوانی ــ ئەو کاتەی توورە دەبیت ــ هێزی بازوو، هێزی پێ، بینایی چاوو ژنەفتی گوێ لە میهردرۆیەکان بستێنیتەوە.

ڕمی تیژو تیری تیژ، هیچکامیان ناگەنە ئەو کەسەی کە بە دڵپاکی یاریدەی میهری بەتواناو ئاگاو لە خشتەنەبراو بدات.

............. (دووبارەی ڕستە کۆتاییەکانی کردەی ١٣ بڕگەی ٥٩)

## کردەی شازدەهەم

**(٦٤)**

..................................

........................................

**(٦٥)**

ئەو چالاکترین چالاکە.. ئەو دروست پەیمانترینە.. ئەو دلێرترینی دلێرانە.. ئەو زمانزانترین زمانزانە.. ئەو گرێکەرەوەترین گرێکەرەوەیە.

ئەوەی کە ڕان و (مێگەل) دەبەخشێت

ئەوەی کە شەهریاری دەبەخشێت.

ئەوەی کە کوڕی چاك دەبەخشێت.

ئەوەی کە ژیان دەبەخشێت.

ئەوەی کە بەختەوەری دەبەخشێت.

ئەوەی کە دادی ئەشەیی دەبەخشێت.

**(٦٦)**

ئەوەی کە، ئەشەی چاك و پارەندی کەژاوە جوان و هێزی پیاوانە و هێزی فەڕی کەیانی و هێزی ئاسمانی جاویدان و هێزی دانوییش ئوپەمەن و هێزی فرەوەشیی ئەشەڤەنەکان و کەسێك کە مەزداپەرستان کۆ دەکاتەوە، هەرهەموویان یارو یاوەری ئەون.

.......................

.........................

....................................

## كردەی حەڤدەهەم

**(٦٧)**

.......................

...........................

ئەوەی کە بە کەژاوەیەکی بەرزی بەهەشتیسازەوە، لە وڵاتی (ئەرێزەهی)یەوە بەرەو وڵاتی (خڤەنیرەس) دەچێت.

ئەوەی کە بەهرەمەندە لە هێزی زەمەن و فەڕی مەزدایی و سەرکەوتنی ئاهوورایی.

**(٦٨)**

کەژاوەکەی، بە هۆی ئەشەی چاکی پێگەبڵندەوە دەگەڕێت..

دینی مەزدا ڕێگای بۆ ئامادە دەکات تا ئەو تیشکە سپییە مینوویییە درەوشاوەیە، ئەو پاك و وشیارە بێ سێبەرە، بتوانێ بەئاسانی پێیدا بڕوات.

ئەسپەکانی میهر، لە هەوادا دەفڕن و دێن و دەڕۆن..

دامووییش ئوپەمەن هەمیشە گوزەرگەکەی بۆ ئامادە دەکات..

لە بەرانبەریدا هەرهەموو دێوە پەنهانەکان و درۆپەرستەکانی (وەرێنە) دەکەونە ترس و دڵەڕاوکێ.

**(٦٩)**

نەکەین خۆمان تووشی شەڕی ئەو سەروەرە تووڕەیە بکەین.. ئەوەی کە دەتوانێ هەزار جۆر شەڕ لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا بکات.. ئەو دەهەزار دیدەوانە بەتوانا و وشیار و لەخشتە نەبراوە.

..............................

..............................................

## كردەی هەژدەهەم

**(٧٠)**

.................................

ئەوەی کە (بەهرام)ی ئاهوورا ئافەریدە، هەروەکوو یەکانەیەکی چنگ تیژو کەڵبەتیژ لە پێشەوەی دەڕوات.. یەکانەیەک، کە بە یەك زام دەکوژێت.. یەکانەیەکی هار کە کەس ناوێرێ توخنی بکەوێت.. یەکانەیەک دڕی بەڵەک.. یەکانەیەکی بەهێز، ئاسنین پێ، ئاسنین چنگ، کلك ئاسنین، قەپۆس ئاسنین...(١١٤)

**(٧١)**

... کە لە گورجوگۆڵیدا پێشی دوژمن بداتەوە و تەژی لە ڕق و بە ئازایەتییەکی پیاوانە لە جەنگدا دوژمن خەڵتانی خاك بکات و هێشتاش وا بزانێ نەیکوشتووە و ئیدی گورزێکی دیکەی تێ بسرەوێنێ و مێشکی سەری ــ ئەو مێشکەی سەرچاوەی هێزی ژیانە ــ بپژێنێت و پشتی بشکێنێ.(١١٥)

**(٧٢)**

بە بێ گنخاندن، هەمووی پارچە پارچە بکات و ئێسك و قژو مێشك و خوێنی درۆخواز بپژێنێت و تووڕی بداتە زەوی.

بۆ فەڕوشکۆی.....................

## كردەی نۆزدەهەم

**(٧٣)**

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین................

ئەوەی کە بە ڕاستی هەردوو دەستی بەرەو ئەهوورەمەزدا بەرز کردۆتەوە و

به ناخێکی شادو به دەنگی بەرز ستایشی دەکات:

" ئەی ئەهووره مەزدا، ئەی سپەندترین مینوو، ئەی داداری جیهانی خاکی، ئەی ئەشەڤەن...

**(٧٤)**

ئەگەر خەڵك لە نوێژەکانیاندا ناوم بەرن و ستایشم بکەن، ـ وەك چۆن ستایشی ئیزەدەکانی دیکە دەکەن ـ منیش بەم ڕۆحە ڕووناك و جاویدانەیەی خۆمەوە، ڕوو لە خەڵکی ئەشەڤەن دەکەم و بە کاتی پێویست دەگەمە لایان و فریایان دەکەوم.

**(٧٥)**

ئێمە خوازیارین کە پشتیوانی وڵاتی تۆ بین،

ئێمە نامانەوێ لە وڵاتی تۆ داببڕێین،

ئێمە نامانەوێ لە خێزان و گوند و شار و وڵاتمان جیا بین،

دەخوازین هەر واش بێت تا ئەو بەهێز و بازووە، لە هەڕەشەی دوژمنان بمانپارێزێ.

**(٧٦)**

هەرتۆیت کە ئەم دوژمنایەتییە... هەرتۆیت کە دەتوانی دوژمنایەتیی مرۆڤی بەدئەندێش نابوود بکەیت،

هەرتۆیت کە بکوژی مرۆڤی پارێزکار لەنێو دەبەیت،

هەرتۆیت خاوەنی ئەسپی چاك و کەژاوەی جوانیت،

هەرتۆیت کە بۆ تۆڵەکردنەوە، پاڵپشت و یارمەتیدەری بەهێزمانیت،

**(٧٧)**

من داوای یارمەتی لە میهر دەکەم،

دەخوازم کە بەهۆی ئەو (نزر)ە زۆرو چاکەیەی (زەور)ەوە کە پێشکەشی دەکەین، بێت بە هانامانەوە تا لە پەنای ئەودا، هەردەم لە ماڵێکی خۆش و دوور لە هەڕەشە و زیان بەسەر بەرین.

**(٧٨)**

هەرتۆیت کە خەڵکی وڵاتان ـ ئەگەر بە چاکە ستایشت بکەن، دەپارێزیت

هەر تۆیت خەڵکی وڵاتی دوژمن لەناو دەبەیت،

من داوای یارمەتی لە تۆ دەکەم،

دەخوازم لێرەدا بە هانامانەوە بێیت.

ئەو میهرە بەهێزە هەمیشە سەرکەوتووە، کە شایانی ستایش و نیایشە، ئەو سەروەرە شکۆدارەی وڵات.

بۆ فەڕو شکۆی......................

دەخوازین بە هانامانەوە بێت.

دەخوازین گەشە و کرانەوەمان پێ ببەخشێت،

دەخوازین دەسگرۆییمان بکات،

دەخوازین دڵسۆزمان بێت،

دەخوازین ڕێگەچارەمان پێ بنوێنێ،

دەخوازین سەرکەوتوومان بکات،

دەخوازین بەختەوەریمان پێ ببەخشێت،

دەخوازین دادمان بپرسێت.

..............................................

## کردەی بیستەم

**(٧٩)**

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین.

...............................................

**(٨٠)**

تۆی پارێزەری بنەماڵە!
تۆی پارێزەری ئەو کەسەی کە درۆ نەکات.
تۆی پاسەوانی بنەماڵە و پارێزەری ئەوانەی کە دوورن لە درۆ،
ئاریێ.. لەبەر تیشکی سەروەرێکی وەك تۆدا، من باشترین هاودەمی و پیرۆزیی ئەهوورەمەزدام دەستەبەر کرد.
بۆ فەڕ و شکۆی........................

## کردەی بیست و یەکەم

**(٨١)**

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین

...........................................

**(٨٢)**

ئەوەی کە ئەهوورەمەزدا هەزار جۆرە توانایی پێ بەخشی... کە دە هەزار چاوی پێبەخشی بۆ بینین.
بە هۆی ئەو تواناییە و ئەو چاوانەوەیە کە ئەو هەمیشە میهرئازار (پەیمانشکێن) دەبینێت.

بە هۆی ئەو توانایە و ئەو چاوانەوەیە کە ئەو ــ ئەو دە هەزار دیدەوانە بەهێزەی ئاگا لە هەموو شت ــ هیچکات چەواشە ناکرێت.
بۆ فەڕو شکۆی.........................................

## کردەی بیست و دووەم

**(٨٣)**

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین

......................................................

ئەوەی کە شەهریاری وڵات بە ڕاستگۆیی دەستی بۆ بڵند کردووە و داوای یارمەتیی لێدەکات
ئەوەی کە (شارەوان) بەڕاستی دەستی بۆ ڕاداشتووە و داوای یارمەتیی لێدەکات.

**(٨٤)**

ئەوەی کە کەیخوا بە ڕاستگۆیی دەستی بۆ ڕاداشتووە و داوای یارمەتیی لێدەکات،
ئەوەی کە خاوەنماڵ بەڕاستگۆیی دەستی بۆ ڕاداشتووە و داوای یارمەتیی لێدەکات،
لە هەرکوێ دوو کەس بیانەوێ پاڵپشتیی یەکدی بکەن، بە ڕاستگۆیی دەستی بۆ ڕادەدێرن و داوای یارمەتیی لێدەکەن.
لە هەرکوێ دەروێشێکی پەیڕەوی دین لەو شتەی کە مافی خۆیەتی بێبەش بووبێت، بە ڕاستگۆیی دەستی بۆ ڕاداشتووە و داوای یارمەتیی لێدەکات.

**(٨٥)**

گلەییمەندێك كە گلەییەكانی بەرێتە لای ئەو، ئەگەر دەنگی نوێژەكەی بەرز بێت و بگاتە ئەستێرەكان و چواردەوری زەوی و هەر حەوت وڵات...

هەرواش ئەگەر (گایەك)[١١٦] ..............

**(٨٦)**

...... كە بە تاڵان برابێت، بە هیوای گەڕانەوە بۆ نێو گاگەلەكەی خۆی، داوای یارمەتیی لێدەكات:

" كەی بێ ئەو دلێرە، میهری بەرینی ژینگە، بە دوامانـدا بێت و ئـەم (گاڕان)ە ڕزگار بكات؟..

ئەو، ئێمە ـ كە بەرەو مۆڵی درۆخواز ڕفێنراوین، دووبارە بەرەو ڕێگای ئەشە دەگەڕێنێتەوە.

**(٨٧)**

میهری بەرینی ژینگە، یارمەتیی كەسێك دەدات كە لێی ڕازی بێت،

میهری بەرینی ژینگە، ماڵ و گوند و شار و وڵاتی ئەو كەسانە وێران دەكات كە ئازاریان دابێ.

بۆ فەڕ و شكۆی..........

.............................................

## كردەی بیست و سێیەم

**(٨٨)**

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەكەین

.............................................

هەوم، هەومی پاکی وزەبەخشی چارەساز، ئەو شەهریارە نازدارەی دامێنی (هوکەر) ـ بەرزترین لووتکەی ئەلبورز، بۆ میهری پاك... بۆ بەرسەمی پاك، زەوری پاك و گوتاری چاکی بە دیاری هێناوە.

**(٨٩)**

ئەوەی کە ئەهوورەمەزدای پاك لە پێگەی (زەوت)ی دانا کە بە دەنگی بەرز یەسنە بهۆنێتەوە و بە جوانی رێورەسمی دین بەجێ بهێنێت

ئەوەی کە هەروەکوو زەوت، بە جوانی ڕێورەسمی دین بەڕێوە دەبات و بە دەنگی بڵند یەسنە دەهۆنێتەوە

ئەوەی کە هەروەکوو زەوتی ئەهوورەمەزدا.. هەروەکوو زەوتی ئەمشاسپەندان، دەنگی خۆی گەیاندە ئەستێرە بەرزەکان و هەر چواردەوری گۆی زەوی و هەرحەوت وڵات.

**(٩٠)**

ئەوەی کە هەروەك یەکەمین (هاوەنەن) گیراوەی هەومی مینوویی بە ئەستێرە ڕازاوەی لە دامێنی کێوی ئەلبورزدا کردە (نزر)...

ئەهوورەمەزدا، گیراوە جوانەکەیی پەسند کرد... ئەمشاسپەندەکانیش ستایشیان کرد..

هەتاوی تیژپەڕیش، لە دوورەوە مزگێنیی ستایشی پێگەیاند.

**(٩١)**

درووود بۆ میهری بەرینی ژینگە، ئەو خودان هەزار گوێ و دەهەزار چاوە.

تۆ شایستەی ستایشیت

تۆ شایانی (نیایش)یت لەناو جەماوەردا

تۆی شایستەی ستایش و نیایش

خۆزگـە بـەوەی کـە بـە ڕاسـتی نـوێژت بـۆ دەکـات: چیلکـە بـە دەسـتەوە.. (بەرسەم) بەدەستەوە.. (شیر) بەدەستەوە.. (هاوەن) بەدەستەوە.. بە دەستی خاوێن.. بە هاوەنی خاوێن.. لای بەرسەمی دانراو.. لای هەومی ئامادەکراو.. بە سروودی (ئەهوونەڤەئیریە...).

**(٩٢)**

شـایەتییـان لـەسـەر ئـەو دینـە دا: ئـەهـوورەمـەزدای ئـەشـەڤـەن و بـەهمـەن و ئوردیبەهەشت و شەهریوەرو سپەندارمەزو خورداد و ئەمورداد.

بەم دینە شادمان بوون ئەمشاسپەندان

بـە پێـی یاسـای دیـن، ئـەهـوورەمـەزدای چاکسرشـت، مـەزنێتیـی مینـوویی جەماوەری بەو بەخشی تا لەنێو سەرجەم ئەفرێنراوەکاندا بە سەروەری جیهانی و مینوویی گەشەبەخشی ئەو هەموو ئەفرێنراوانە بناسرێت.

**(٩٣)**

دەخـوازین کـە تـۆ، ئـەی میهـری بـەرینـی ژینگـە، لـە هـەردوو ژیانـدا، بـەڵـێ لـە هەردوو ژیاندا: _ لە ژیانی خاکی و لە ژیانی مینووییدا_ لە هەڕەشەی درۆخواز بمانپارێزی.. لـە دێـو (کینـە)ی درۆخـواز.. لـە تـاقمی چەکداری درۆخـواز کـە ئـاڵای خوێناوی هەڵدەکەن..لە سمکۆڵانی دێو (کینە)..

لـەو سـمکۆڵانەی کـە دێـو (کینـە)ی فێڵبـاز لـەگـەڵ (ڤیـدۆتۆ)ی دێـوکرداردا دەیخاتە ڕێ.[١١٧]

**(٩٤)**

دەخـوازین کـە تـۆ، ئـەی میهـری بـەرینـی ژینگـە، ئـەسـپەکانمـان بـەگـوڕترو خۆشـمان تـەندروسـت بکـەیـت، تـا بتـوانین دوژمـن هـەر لـە دوورەوە بناسـینەوە و

بتوانین لەبەرانبەر هێزەکەیدا پارێزگاری لە خۆمان بکەین و دوژمنی بەدخوازی کینەجۆ بۆڕ بدەین

بۆ فەڕو شکۆی........................

.......................................................

### کردەی بیست و چوارەم

**(٩٥)**

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین.....

.......................................................

ئەوەی کە پاش ئاوابوونی هەتاو، پێ دەنێتە سەرزەوی.. ئەمسەرو ئەوسەری ئەم زەوییە پان و بەرین و خڕو بێ سنوورە دەبینێت و هەرچیی تێدایە (نێوان زەمین و ئاسمان) دەیبینێت.

**(٩٦)**

گورزێکی سەد گرێ و سەد سەر بەدەستەوە دەگرێت و بەرەو لەشکری دوژمن دەچێت و لەنێوی دەبات.. گورزێکی لە ئاسنی زەردو زێڕی سەخت دروستکراو، کە بەهێزترین و قورسترین و سەرکەوتووترین چەك و ئامێری جەنگە.

**(٩٧)**

ئەهریمەنی سەرتاپا مەرگ، لە بەرانبەریدا دەکەوێتە ترس و دڵەڕاوکێ..

دێوی کینەی فێڵبازی مەرگهەرزان لە بەرانبەریدا دەکەوێتە ترس و دڵەڕاوکێ..

(بوشاسپ)ی دەسدرێژ لەبەرانبەریدا دەکەوێتە ترس و دڵەڕاوکێ..

سەرجەم دێوە پەنهانەکان و هەموو درۆخوازانی (وەرێنە) لەبەرانبەریدا دەکەونە ترس و دڵەڕاوکێ.[١١٨]

**(٩٨)**

ناخوازین تووشی شەڕی میهری تووڕەی ژینگە ببین،
ئەی میهری بەرینی ژینگە،
ناخوازین لێمان تووڕە بیت، تۆ، کە لە بەهێزترین ئیزەدەکان و دلێرترین ئیزەدەکان و چالاکترین ئیزەدەکان و توندوتۆڵترین ئیزەدەکان و سەرکەوتووترین ئیزەدەکانی ئەم گۆی زەوییەیت، تۆ ئەی میهری بەرینی ژینگە.
بۆ فەڕو شکۆی.......
.....................................

## کردەی بیست و پێنجەم

**(٩٩)**

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین....
..................................................
ئەوەی کە سەرجەم دێو و درۆخوازانی *وەرێنە* لێی دەترسێن،
ئەو سەروەرەی وڵات، ئەو میهرە بەرینەی ژینگە کە بە سواریی لە لای ڕاستەوەی ئەم زەوییە بەرین و خڕو بێسنوورەوە دەردەکەوێت.

**(١٠٠)**

بە تەنیشتی ڕاستیەوە، سروشی چاك و پارێزکار سوار بووە
بە تەنیشتی چەپیەوە ڕەشنی کەڵەگەتی بەژن بڵند سوار بووە
لە هەرچوار دەوریدا و لە هەموو لایەکەوە ئیزەدەکانی ئاوو گیا و فرەوەشیی ئەشەڤەنەکان سوار بوون.

(١٠١)

میهری بەتوانا، تیری لە پەڕی شەهێن دروست کردوون و دەیانداتێ، کاتێ کە بە سواری دەگاتە سەرزەمینی درۆخوازان، سەرەتا گورزەکەی بەرەو ئەسپەکانیان هەڵدەبڕێت و لە چاوتروکانێکدا ئەسپیش و سوارەکەشی سەرنگوون دەکات و لەنێویان دەبات.

بۆ فەڕو شکۆی..........

........................................

## کردەی بیست و شەشەم

(١٠٢)

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین....

........................................

ئەوەی کە سواری ئەسپێکی سپی بووە و رمێکی تیژی درێژی بە دەستەوەیە و تیری دوورهاوێژی پێیە.. ئەو پاڵەوانە چالاك و لێهاتووە.

(١٠٣)

ئەوەی کە ئەهوورە، بۆ پاسەوانی و پاراستنی بەختەوەریی هەمووان هەڵیبژارد،

ئەوەی کە بۆتە پاسەوان و پارێزەری بەختەوەریی هەموان،

ئەوەی کە هیچکات ناخەوێت و بە وشیارییەوە داڵدەی ئەفرێنراوەکانی مەزدا دەدات،

ئەوەی کە هیچکات ناخەوێت و بە وشیارییەوە سەرجەم ئەفرێنراوەکانی مەزدا دەپارێزێت.

بۆ فەڕو شکۆی..........

........................................

## كردەی بیست و حەوتەم

**(١٠٤)**

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین...

..............................................

ئەوەی کە مەچەك و (بازوو)ی بەرزو پڕهێزی، پەیمانشکێن گرفتار دەکەن، تەنانەت ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی هیندستان یا لە ڕۆژاوای جیهان لە لێواری ڕووباری (ئەرەنگە) یان لە ناخی زەویدا بێت.(١١٩)

**(١٠٥)**

هەروەها، میهر، بەو مەچەك و بازوانەی خۆی، ئەو بوودەڵەیە گرفتار دەکات کە لە ڕێگای ئەشە لایداوە، ئەو چارەڕەشەی کە لە دڵی خۆیدا دەڵێت:
" میهر ئەو کردەوە خراپەیەم نابینێت و ئەو گوتە نەشیاوەم نابیستێت".

**(١٠٦)**

من لە ناخی خۆمدا ئاوا بیر دەکەمەوە:

لە هەر هەموو جیهاندا، کەسێك نییە بتوانێ بە بارتەقای بیرچاکیی میهری مینوویی، بیری خراپ بکاتەوە،

لە هەر هەموو جیهاندا کەسێك نییە بتوانێ بە بارتەقای زمانچاکیی میهری مینوویی، زمانی خراپ بێت،

لە هەر هەموو جیهاندا کەسێك نییە بتوانێ بە بارتەقای چاککرداریی میهری مینوویی، کردەوەی خراپ بکات.

**(١٠٧)**

لە هەر هەموو جیهاندا کەسێك نییە بتوانێ بە بارتەقای میهری مینویی حودان ئاوەزی سرشتی بێت،

لە هەر هەموو جیهاندا کەسێك نییە بتوانێ بە بارتەقای میهری مینوویی گوێ قوڵاخی خودان هەزار چەشنە لێزانی، هێزی بیستنی هەبێت،

میهر، هەموو ئەوانە دەبینێ کە درۆ دەکەن.

میهری بەهێز هەنگاو داوێت..

ئەو باڵادەستەی وڵات (بوون)، بەڕێدەکەوێت و نیگای جوانی خۆی بەو چاوە تیژو وردبینانەوە دەبڕێتە هەموو گۆشەیەك:

**(١٠٨)**

کێ ستایشم دەکات؟

کێیە درۆ دەکات؟

کێ بە چاکە ستایشم دەکات؟

ئەوە کێیە کە بە ستایشی خراپ، وا ڕادەنوێنێ کە گوایە ستایشی من دەکات؟

شکۆو مەزنێتی و تەندروستی بە کێ ببەخشم، من کە دەتوانم بیبەخشم؟

دەوڵەمەندیی و ئاسوودەیی بە کێ ببەخشم، من کە دەتوانم بیبەخشم؟

منداڵی شایستە بۆ کێ پەروەردە بکەم؟

**(١٠٩)**

شەهریاریی بەهێزو چەکوچۆڵی چاك و سوپای زۆر بە کێ ببەخشم بە بێ ئەوەی خۆی بیریشی لێ کردبێتەوە؟

شەهریاری و فەرمانڕەواییەکی ئاوا بەهێز کە سەرجەم (یاخی)یەکان سەرکوت بکات...

شەهریارێکی دلێرو سەرکەوتوو کە فەرمانی سزا بۆ تاوانباران دەربکات و دەمودەست فەرمانەکەی جێبەجێ بکرێت...

تا بەم جۆرە ناخی زیزبووی میهر شادو خۆشنوود بکات.

**(١١٠)**

کێ تووشی نەخۆشی و مەرگ بکەم؟...

کێ تووشی هەژارییەکی ئازاراوی بکەم؟...

منداڵە پێگەیشتووەکانی کێ بەیەك زەبر لەناو بەرم، من کە دەتوانم ئەمە بکەم؟

**(١١١)**

کێ لە شەهریاری و هێزو چەکوچۆڵ و سوپای زۆر بێبەش بکەم، بە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت؟

لەو شەهریاری و تواناییەی کە یاخییەکان سەرکوت دەکات...

.................... (دووبارەی دێڕەکانی کۆتایی بڕگەی (١١٠)...

بۆ فەڕو شکۆی...........

.........................................

**کردەی بیست و هەشتەم**

**(١١٢)**

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین......

.......................................................

ئەوەی کە قەڵغانی زیوینی بەدەستەوەیە و زرێی زێڕینی لەبەرە، بە قامچی لە کەژاوەکەی دەخوڕێت،

ئەو سەروەرە دلێرو بەهێزە... ئەو قارەمانە لێهاتووە...

ئەو ڕێگایەی کە میهر بۆ سەردانی سەرزەویی میهردۆستان دەیبڕێت، ڕووناکەو لەو دەشتە بەرینانەوە تێدەپەڕێت کە خەڵکیش و گیاندارانیش بە سەربەستی هاتوچۆیان پێدا دەکەن.

(١١٣)

دەخوازین، هەردوو مەزن ـ میهرو ئەهوورە ـ بە هانامانەوە بێن.. ئەو دەمەی کە ئەسپەکان دەحیلێنن و دەنگی قامچی زایەڵەی دێت و تیرە تیژڕەوەکان لە کەوانەوە دەهاوێژرێن..

ئیجا ئەو کاتە کوڕەکانی ئەوانەی کە بە زۆرو بە نابەدڵی زەوریان نزر کردووە، دەکوژرێن و خەڵتانی خاك دەبن.

(١١٤)

دەخوازین کە تۆ، ئەی میهری بەرینی ژینگە، ئەسپەکانمان بە گوڕتر بکەیت و تەندروستی بە خۆمان ببەخشی......... (دووبارە)

بۆ فەڕو شکۆی........

.......................................

**کردەی بیست و نۆیەم**

(١١٥)

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین....

..........................................................

ئەی میهری بەرینی ژینگە..

ئەی ئەو سەروەرەی کە پەیوەستی بە خانە خوێ و کەیخواو شارەوان و شەهریارو (زەرتوشتوم)ەوە[١٢٠]

**(١١٦)**

پێگەی میهر، لە نێوان دوو هاوسەردا (بیست)، لە نێوان دوو هاوپۆل و دوو خزمدا (چل)، لە نێوان دوو هاوسێدا (پەنجا)، لە نێوان دوو (ئاتۆربان)دا (شەست)، لە نێوان دوو قوتابی و مامۆستادا (حەفتا)، لە نێوان زاوا و خەزووردا (هەشتا)، لە نێوان دوو برادا (نەوەد)،.....

**(١١٧)**

... لە نێوان باوك و دایك و منداڵدا (سەد)، لەنێوان جەماوەری دوو وڵاتدا (هەزار)، لە نێوان پەیڕەوانی دینی مەزداپەرستیدا (دە هەزار)ە...

میهر خاوەنی ئاوەها پیرۆزییەکە و هەردەمیش هەر ئاوا دەبێت[١٢١]

**(١١٨)**

بە ستایشی کۆتایی، بە ستایشی سەرەتایی، نزیکی میهر دەکەوینەوە، تا کاتێ هەتاو لە کێوی ئەلبورزەوە هەڵدێت و لە پشتەوەیشی ئاوا دەبێت.[١٢٢]

من دەخوازم، بە ناکامیی ئەهریمەنی نابەکار، بەهۆی ستایشی کۆتایی و ستایشی سەرەتاییەوە لە میهر نزیك بکەومەوە.

بۆ فەڕ و شکۆی.....

.................................

**کردەی سییەم (٣٠)**

**(١١٩)**

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین.....

.........................................................

ئەی سپیتمان!

ستایشی میهر بکە و پەیڕەوانی خۆت ـ مەزداپەرستان ـ یش ڕابهێنە کە ئاژەڵی گەورە و بچووك و ئەو باڵندانەی شاباڵیان هەیە، بە دیاری پێشکەشی ئەو بکەن.

(١٢٠)

میهر پاسەوان و پاڵپشتی سەرجەم مەزداپەرستانی ئەشەڤەنە،
هەومی نزرکراو دەبێ بە هۆی زەوتەوە پێشکەش بکرێت،
مرۆڤی ئەشەڤەن دەتوانێ لە زەوری پاك گیراوە بگرێت و وا بکات کە میهری بەرینی ژینگە خۆشنوود بێت و ناخی ئارام بگرێ.

(١٢١)

زەردەشت پرسیی:
ئەی ئەهوورەمەزدا!
مرۆڤی ئەشەڤەن چۆن دەتوانێ لە زەوری پاك گیراوە بگرێت و وای لێ بکات کە میهری بەرینی ژینگە خۆشنوود بێت و ناخی ئارام بگرێ؟

(١٢٢)

ئینجا ئەهوورەمەزدا گوتی:
ئەوان، دەبێ سێ شەووڕۆژ خۆیان بشۆن و لە سزای تاوانەکانیاندا سی قامچی لە خۆیان بدەن..
ئەوان، دەبێ بە نیازی ستایشی میهری بەرینی ژینگە، دوو شەووڕۆژ خۆیان بشۆن و بۆ سزای تاوانەکانیان بیست قامچی لە خۆیان بدەن...
بۆ ستایش و نیایشی میهری بەرینی ژینگە، کەسێك کە لە هۆنینەوەی (سەتەئوتە یەسنیە) و (ویسپێرەد)دا شایستەیی خۆی بسەلمێنێت، پێوست نییە

سوود لەم (زەور)ە وەربگرێت[١٢٣]

بۆ فەڕو شكۆی..........

.............................................

**كردەی سی و یەكەم**

**(١٢٣)**

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەكەین....

..............................

ئەوەی كە ئەهوورەمەزدا لە (گەرەزمان)دا ستایشی كرد،[١٢٤]

**(١٢٤)**

قۆڵی بۆ پاراستنی ئەشەڤەنەكان لێ هەڵماڵیوە، ئەو میهری بەرینی ژینگەیە لە گەرەزمانەوە بەڕێدەكەوێت.

ئەوەی كە كەژاوەیەكی پێیە سەرتاسەر جوان و زێڕین و ڕازاوە بە هەمەجۆر زێڕو زیوێك.

**(١٢٥)**

ئەم كەژاوەیە، بەهۆی چوار (تەكاوەر/تەكهاوەر)ی[١٢٥] مینوویی سپی و درەوشاوەی جاویدانەوە، كە خۆراكیان لە ئاخوڕی مینووییەوە ئامادە كراوە، ڕادەكێشرێت، سمی پێشەوەیان بە زێڕو سمی پاشەوەیان بە زیو داپۆشراوە و هەرهەموویان بە زین و هەوسارو دیانلەغاوێكی بەسراو بە (چنگەك)ێكی خۆشدەستی بە ئاسنی گرانبایی دروستكراو، پێكەوە بەستراون تا هەردەم و بەردەوام لەگەڵ یەك و لەپاڵ یەكدیدا بن.

**(١٢٦)**

لە دەستە ڕاستیەوە ڕەشنی ڕاستترین ئەشەڤەن، ئەو چاکترین پاڵپشتە و لە دەستە چەپیەوە (چیستا)ی ئەشەڤەن، زەور نزرکەری سپیکەلەی سپی پۆش و (ئەوەپەمەن)ی دینی مەزداپەرستی، چوارناڵ لێدەخوڕن.(١٢٦)

**(١٢٧)**

دامۆییش ئەوەپەمەنی دلێر، بە سواریی، هەروەك چۆن (یەکانە)یەکی کەڵبەتیژ پارێزگاری لەخۆی دەکات، دەردەکەوێت، وەکو یەکانەیەکی چنگ تیژ کە بە یەك زام کەسێك بکوژێت.. یەکانەیەکی تووڕە کە هیچکەس نەتوانێ توخنی بکەوێت.. یەکانەیەکی بەڵەک.. یەکانەیەکی ئازاو چالاك و توندوتیژ کە میهرو (ئازەر)ی پرشنگدارو (فەڕ)ی بەهێزی (کیانی) بەدوایدا چوارناڵ تێی دەتەقێنن.(١٢٧)

**(١٢٨)**

کەژاوەکەی میهری بەرینی لەوەڕگە، هەزار کەوانی خۆشدەستی تێدان کە زۆربەیان ژێیەکانیان لە (گەئۆسنە) دروستکراوە(١٢٨). تیر لەم کەوانگەلەوە بەتوندی و تیژیی خەیاڵ تێدەپەڕێت و بە هەمان تیژیی خەیاڵ بەرەو سەری دێوەکان دەکشێت.

**(١٢٩)**

کەژاوەکەی میهری بەرینی ژینگە هەزار تیری تێدان کە بە شاپەڕی داڵ نەخشێنراون و ڕمەکەیان لە ئێسکی بە زێڕ ڕازاوەیە و زۆربەی دەستەکانیان ئاسنینن.

ئەم تیرگەلە بە تیژیی خەیاڵ لە کەوانەوە دەردەپەڕن و بە هەمان تیژیی خەیاڵ بە ئاراستەی سەری دێوەکان دەکشێن.

**(١٣٠)**

کەژاوەی میهری بەرینی ژینگە هەزار ڕمی تیژی خۆشدەستی تێدان کە بە تیژیی خەیاڵ دەوەشێنرێن و بە هەمان تیژیی خەیاڵ بە ئاراستەی سەری دێوەکان دەڕۆن.

کەژاوەی میهری بەرینی ژینگە هەزار تەوری دوو سەرەی پۆڵایین و خۆشدەستی تێدان کە بە تیژیی خەیاڵ دەوەشێنرێن و بە هەمان تیژیی خەیاڵ بە ئاراستەی سەری دێوەکان دەڕۆن.

**(١٣١)**

کەژاوەی میهری بەرینی ژینگە هەزار خەنجەری دەبانی خۆشدەستی تێدان کە بە تیژیی خەیاڵ لە کالان دەردێن و بە ئاراستەی سەری دێوەکان دەوەشێنرێن.

کەژاوەی میهری بەرینی ژینگە هەزار گورزی قورسی تێدان کە بە تیژیی............

**(١٣٢)**

کەژاوەی میهری بەرینی ژینگە گورزێکی جوان و سووکدەستی سەد گرێی سەد تێخەی تێدایە کە بەرەو هەر جەنگاوەرێکی دوژمن بگیرێت، لە نێوی دەبات... گورزێک کە لە ئاسن دروستکراوە و بە زێڕ ئاو دراوە... باشترین و سەرکەوتووترین چەکێکە بە تیژیی خەیاڵ......

**(١٣٣)**

پاش کوشتنی دێوکان، پاش لەنێوبردنی درۆخوازەکان، میهری بەرینی ژینگە بە سواری بەسەر لووتکەی (ئەرێزەهی) و (سەڤەهی) و (فەرەدەدۆفشۆ) و (ڤەئیرۆبەرەشتی) و (ڤەئیرۆجەرەشتی) و ئەم وڵاتە ڕووناکەی (خڤەنیرەس)دا تێدەپەڕێت.[١٢٩]

**(١٣٤)**

بە ڕاستی، ئەهریمەنی سەراسەر مەرگئاژوو دەکەوێتە ترسەوە،
بەڕاستی دێوی ڕقی فێڵبازی مەرگبەخش دەکەوێتە ترسەوە،
بەڕاستی (بووشاسپ)ی دەسدرێژ ترس دایدەگرێت،[١٣٠]
بەڕاستی، سەرجەم دێوی پەنهانی و درۆخوازانی *وەرێنە* دەکەونە ترسەوە.

**(١٣٥)**

خوا نەکا، ئێمە خۆمان تووشی جەنگ بکەین لەگەڵ میهری تووڕەی بەرینی ژینگەدا

ئەی میهری بەرینی ژینگە!

خوا نەکا، بە تووڕەیی لێمان بدەیت، تۆ کە یەکێکی لە بەهێزترینی ئیزەدەکان... دلێرترینی ئیزەدەکان... چالاکترینی ئیزەدەکان... توندوتۆڵترین و سەرکەوتووترینی ئیزەدە دیارەکانی ئەم گۆی زەوییە، ئەی میهری بەرینی ژینگە.

بۆ فەڕو شکۆی..................

..........................................

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین کە سەرزەمینە ئارياييەکان بەختەوەر دەکات بە خانەدانی چاک و شادمان و لێوڕێز لە ئاشتی و ئارامی.

دەخوازین..................

...................................................

## كردەی سی و دووەم

**(١٣٦)**

ستایشی میهری بەرینی دەکەین کە..........................

ئەوەی کە ئەسپی سپی کەژاوەکەی ڕادەکێشن... ئەوەی کە کەژاوەکەی بە تایەی زێڕین و پڕ لە بەردی درەوشاوەی قەڵماسنگ بەڕێدەکەوێت و (زەور)ە نزرکراوەکان دەگەیەنێتە بارەگاکەی.

**(١٣٧)**

ئەهوورامەزدا فەرمووی:

ئەی زەردەشتی ئەشەڤەن..

خۆش بە حاڵی ئەو مرۆڤە پێشەنگەی کە زەوتی ئەشەڤەنیی لە ناو جەماوەری زانا و تێگەیشتووی ئاگاداری دیندا لە بەرامبەر بەرسەم دانابێت و بە یادی میهر، نیایشی ئیزەدی ئەنجام بدات.

ئەگەر ئاوا مرۆڤێکی پێشاهەنگ هەوڵی خۆشنوودیی ناخی میهر بدات و فەرمانەکانی بەجێ بگەیەنێت، ئەوا میهریش ڕوو لە ماڵی ئەو دەکات.

**(١٣٨)**

ئەهوورەمەزدا فەرمووی:

ئەی زەردەشتی ئەشەڤەن..

خۆزگە نەبێ بە ڕۆژگاری ئەو مرۆڤەی کە زەوتی نائەشەڤەنیی لە نێو جەماوەری نەزانی ناتێگەیشتووی بێئاگا لە دین، لەبەرامبەر بەرسەمدا دابنێت، هەرچەند بەرسەمی زۆریشی ئامادە کردبێت و جاروبار (یەسنە)ش بهۆنێتەوە.

(١٣٩)

کەسێک کە بێحورمەتی بە مەزدا بکات...، سووکایەتی بە ئەمشاسپەندەکان و میهری بەرینی ژینگە و دادوەری و (ڕەشن و ئەرشتاد)ی[(١٣١)] جیهانپەروەر بکات، ئەوە نە خۆشنوودیی ئەهوورەمەزدای بە نسیب دەبێت و نە ڕەزامەندیی ئەمشاسپەندان و نە میهری بەرینی ژینگەش.

## کردەی سی و سێیەم

(١٤٠)

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین.............

...............................................

ئەی سپیتمان..

من ستایشی میهر دەکەم: ئەو چاکە، ئەو یەکەمین دلێرە مینووییە، ئەو زێدە میهرەبانە، ئەو بێهاوتا پێگە بڵندە، ئەو بەهێزە ئازایە، ئەو پاڵەوانە کارزانە.

(١٤١)

ئەو سەرفرازەی کە کەرەستەی خۆشدەست و خۆشسازیاگی شەڕی پێیە..

ئەوەی کە لە تاریکاییدا پاسەوانێکی ورِیایە..

ئەوەی کە بەهێزترینی بەهێزەکانە..

ئەوەی کە دلێرترینی دلێرەکانە..

ئەوەی کە زاناترینی دلۆڤانەکانە..

ئەو سەرفرازەی کە فەڕی ئیزەدی شیاویەتی..

ئەو.................

بۆ فەڕو شکۆی.........................

.....................................................

ستایشی میهری بەرینی..............

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین بە هۆی هەومی ئاوێتەی شیرو بەرسەم... بە زمانی ئاوەزو مەنسەرە.. بە ئەندێشەو زمان و کردەی چاکەوە... بە زەورو بەدەنگی بڵند ستایشی دەکەین.

## کردەی سی و چوارەم

(١٤٢)

ستایشی....................

ئەو ئیزەدە مەزنە چاکسرشتەی کە بەربەیانان، کاتێ خۆی وەکوو مانگ ڕووناک و درەوشاوە پیشان دەدەت، ڕەمزو نیشانە جۆربەجۆرەکانی ئافران و داهێنانی سپەندمینوو ئاشکرا دەکات.

(١٤٣)

ڕوخساری، هەروەکو ئەستێرەی (تەشتەر)(١٣٢) دەدرۆشێتەوە.

ئەی سپیتمان..

کەژاوەکەی، لە لایەن جوانترین ئافرێنراوەوە دەخرێتە ڕێ کە هیچکات بە ڕێگای لارو چەوتدا ناڕۆن.

من ستایشی ئەو کەژاوەیە دەکەم کە سپەندمینوو دروستی کرد.. ئەو کەژاوە بە ئەستێرە ڕازاوە مینووییەی میهر.

کەژاوەی میهری دەهەزار دیدەوانی بەهێزی بە هەمەشت ئاگای چەواشە نەکراو.

## کردەی سی و پێنجەم

**(١٤٤)**

ستایشی میهری بەرینی ژینگە دەکەین......

...................................

ئەو میهرەی لە هەرچواردەوری وڵاتدایە..

ئەو میهرەی لە نێو وڵاتدایە..

ئەو میهرەی لە وڵاتدایە..

ئەو میهرەی لە سەرووی وڵاتدایە..

ئەو میهرەی لە خوارووی وڵاتدایە..

ئەو میهرەی لە پێشەوەی وڵاتدایە..

ئەو میهرەی لە لای پاشەوەی وڵاتدایە..

**(١٤٥)**

ستایشی مهیر و ئەهوورەی مەزن و ئەشەڤەن و نەمر دەکەین..

بە هۆی گیای بەرسەمەوە، ستایشی ئەستێرە و مانگ و هەتاو و میهری شەهریاری هەموو سەرزەوییەکان دەکەین.

بۆ فەڕو شکۆی................

**(١٤٦)**

"یەسە ئەهو ڤەئیریو..."

دروود ئەنێرین بۆ میهری بەرینی ژینگەو بۆ (ڕام)ی بەخشندەی لەوەڕگەی چاک(١٣٣)

" ئەشێم ڤوهوو..."

" ئەهمائی ڕەئێشچە..."

.......................................................

# یازدەهەم

## سروش یەشتی هادوخت[١٣٤]

بۆ خۆشنوودیی سرووشی ئەشەڤەنی بەتوانای مەنسەرە مەزنی ئاهوورایی.

## کردەی یەکەم

**(١)**

ستایشی سروشی پارێزکاری پڕشکۆی سەرفرازی گێتیپەروەری ئەشەڤەن دەکەین..

ئەی زەردەشت..

نیایشی چاک، باشترین کارە لەم جیهانەدا...

**(٢)**

ئەمەیە ئەو شتەی ژن و پیاوی درۆپەرست لە کارو توانایی دەخات..

ئەمەیە ئەو شتەی کە چاوو گوێ و زمان و دەست و پێی ژن و پیاوی درۆپەرست دەبەستێتەوە و لە نێویان دەبات. بە تایبەتی نیایشی چاک کە هیچکات، هیچکەس چەواشە ناکات و ئازاری نادات.

نیایش، هەر وەکو پاڵەوانێکی دلێرو هەر وەک زرێیەکە کە لە هەمووشت باشتر درۆخواز لە کارو توانایی دەخات..

**(٣)**

ئەوە سروشی ئەشەڤەنە کە لە هەمووکەس باشتر دەبێتە پشت و پەنای دەروێشە هەژارەکان..

سروش، ئەو هێزە سەرکەوتووەیە کە لە هەموو شتێک باشتر درۆخواز لەنێو دەبات..

ئەومرۆڤە ئەشەڤەنەی کە زۆرترین ستایش و نیایش بەجێ بهێنێت، لە سەرکەوتندا یەکەمینە..

*مەنسەرە* لە هەموو شتێک باشتر دێوە پەنهانەکانی درۆخوازی دەردەپەڕێنێت..

" ئەهونە ڤەئیریە.." سەرکەوتووترین وشەیە..

قسەی ڕاست لە ڕۆژی پەسلاندا سەرکەوتووترین قسەیە..

دینی مەزداپەرستیی.. یاسای زەردەشت، لە هەرهەموو ناخە پاکەکان و لە هەرهەموو ناخە ئەشەنەژادەکان پەسندکراوترە.

**(٤)**

ئەی زەردەشت..

هەر ژنێک یا هەرپیاوێک کە لە بەرامبەر ئاوێکی زۆر یا ئاستەنگێکی گەورە، یا شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاو یا کاتی تێپەڕبوون بە ڕووبارێکی قووڵی شەپۆلاویدا، یا لە گۆشە ڕێگەکان یا لە کۆڕی پیاوانی ئەشەڤەن یاخۆ لەنێو تاقمی درۆخوازانی دێوپەرستدا ئەم دەقە ئاسمانییە بە بیرکردنەوەی ئەشەڤەنێک.. بە زمانی ئەشەڤەنێک و بە کرداری ئەشەڤەنێک بداتە بەر هزرو بیڵێت و کاری پێبکات...

(٥)

یا کاتی ترس و دڵەڕاوکێ یاخۆ لەهەر کات و ساتێکی دیکەدا ئەم کارە بکات، چاوی درۆپەرستی گرژو تووڕە، بە هیچ شێوەیەک نایبینێت و ناکەوێتە بەر هەڕەشەی دوژمنایەتیی ئەو جەردە و ڕێگرانەی کە ڕانەمەڕ دەڕفێنن.

(٦)

ئەی زەردەشت..

ئەم دەقە ئاسمانییە لەکاتی بینینی چەتە و ڕێگرێک یا تاقمێکی جەردە یا تاقمێکی دێودا بە دەنگی بەرز بڵێرەوە..

ئەوکات دەبینی کە درۆخوازە دێوپەرستەکان و جادووگەرانیش دەترسێن و هەڵدێن..

دێوەکان، بەسەرشۆڕی پاشەکشێ دەکەن و خۆیان حەشار دەدەن و دێوپەرست و لاسارەکانیش دەستەوەستان و دەمکوتکراو دەمێننەوە.

(٧)

وەک چۆن (سەگ)ی[١٣٥] شوان، بە چواردەوری ڕانەکەیدا دەسووڕێتەوە، ئێمەش ئاوا بە دەوری سروشی پارێزکاری ئەشەڤەنی سەرفرازدا دەگەڕێین...

ئاوا، ئێمە ستایشی سروشی پاکی سەرفراز دەکەین بە بیری چاک و زمانی چاک و کرداری چاکەوە.

(٨)

بە نوێژێک بە دەنگی بەرزو بە هۆی زەورەوە ستایشی سروشی ئەشەڤەن دەکەین بۆ فەڕوشکۆی.. بۆ هێزو مەزنێتیی.. بۆ ئەو ستایشەی ئاراستەی ئیزەدەکانی دەکات

ستایشی (ئەشە)ی مەزن و چاک و (نەریوسەنگ)ی[١٣٦] هێژا دەکەین،
دەخوازین سروشی پارێزکاری ئەشەڤەن و سەرکەوتوو بە هانامانەوە بێت.

**(٩)**

ستایشی سروشی ئەشەڤەن دەکەین،
ستایشی سەروەری مەزن، ئەهوورامەزدا دەکەین کە لە ئەشەڤەنیدا سەرقافڵە و پێشەنگی هەموانە... ستایشی سەرجەم سرووتە زەردەشتییەکان و سەرجەم کردەوە چاکەکان دەکەین: ئەوەی کراوە و ئەوەشی کە دەکرێت.
"یەنگهە هاتام..."

## کردەی دووەم

**(١٠)**

ستایشی سروشی پارێزکارو مەزنی گێتیئەفزای ئەشەڤەن دەکەین:
ئەوەی کە پیاوی تووشبوو بە تاوانی (کەیەزۆ) بۆڕ دەدات،
ئەوەی کە ژنی تووشبوو بە تاوانی (کەیەزی)[١٣٧] بۆڕ دەدات،
ئەوەی کە دێوی هەرە بەهێزی درۆپەرستی و لەنێوبەری ژیان تێکدەشکێنێ
ئەوەی کە پاسەوان و پارێزەری بەختەوەریی هەموو بوونەوەرەکانی جیهانە.

**(١١)**

ئەوەی کە هیچکات چاوی ناچێتە خەوو بە وشیاری و وریاییەوە ئافراوی مەزدا دەپارێزێت

..................................

ئەوەی کە پاش خۆرنشین، دەبێتە پاسەوانی ئازا و پڕچەک و لێهاتووی سەرتاسەری جیهانی خاکی.

(١٢)

ئـەوەی کـە هـەر لـەگـەڵ دروسـتبوونی ئـەو دوو ڕۆحـە (سـپەنـد مینـوو) و (ئـەنگـەرە مینـوو)دا، هیچکـات چـاوی نـەچۆتـە خـەوو بـەردەوام جیهـانی ئـەشـەی پاڕاستووە.

ئـەوەی کـە شـەوو ڕۆژ، بـەردەوام لـەگـەڵ دێـوە (مـەزەنـدەری)یـەکانـدا لـە شەڕدایە.

(١٣)

ئەوەی کە لە هەڕەشەی دێوەکان ناترسێت و لێیان هەڵنایەت،

ئەوەی کە سەرجەم دێوەکان لێی دەترسێن و لێی هەڵدێن و لە ترسی ئەو پەنا دەبەنە بەر تاریکی،

ستایشی سروشی ئەشەڤەن دەکەین بۆ..........

دووبارەی بڕگەی (٩) لە کردەی (١)

................................

" یەنگهە هاتام..."

## کردەی سێیەم

(١٤)

" یەسە ئەهو ڤەئیریو..."

ستایشی سروشی.........

.....................................

ئـەوەی کـە پاسـەوانـی پـەیمـانی ئاشـتییە لـەنێـوان درۆپـەرسـت و پیرۆزتـرین ئەشەڤەندا(١٣٨)

ئەوەی کە ئەمشاسپەندەکان لە هەر حەوت بەشی ئەم گۆی زەوییەدا بەرەوڕووی هاتن

ئەوەی کە مامۆستای دینە و ئەهوورەمەزدای ئەشەڤەن، خۆی لەسەر دین ڕایهێناوە

بۆ فەڕو شکۆی سروشی ئەشەڤەن........................

.......................................

.......................................

" یەنگهە هاتەم..."

### کردەی چوارەم

**(١٥)**

"یەسە ئەهو ڤەئەیریۆ..."

ستایشی سروشی.......

...........................

ئەوەی کە ئەهوورەمەزدای ئەشەڤەن ڕایسپارد بۆ تێکشکاندنی دێوی ئالّا خوێنینی ڕق و کینە

ستایشی پاسەوانی پەیمانی ئاشتی دەکەین کە شەڕو ئاژاوە بنبڕ دەکات

**(١٦)**

ستایشی یارانی سروشی ئەشەڤەن.. یارانی ڕەشنی ڕاستترین.. یارانی میهری بەرینی ژینگە... یارانی (با)ی ئەشەڤەن... یارانی دینی چاکی مەزدا پەرستیی.. یارانی ئەرشتادی جیهانپەروەرو سوودبەخش.. یارانی (ئەشی)ی چاک... یارانی (چیستی)ی چاک... یارانی (چیستا)ی پاکترین...(١٣٩)

(١٧)

یارانی سەرجەم ئیزەدەکان... یارانی مەنسەرە... یارانی (داد)ی دژە دێو... یارانی نەریتی دێرین.. یارانی ئەمشاسپەندان... یارانی (سوشیانت)ەکانی ئێمەی خەڵکی ئەشەڤەن[١٤٠] و یارانی سەرجەم ئافراوی ئەشە دەکەین.

بۆ فەڕوشکۆی سروشی ئەشەڤەن.....................

.....................................

............................................

" یەنگهە هاتام..."

## کردەی پێنجەم

(١٨)

" یەسە ئەهو ڤەئیریۆ..."

ستایشی سروشی...............

هەروەک یەکەمین و دوایەمین و نێونجی و پێشوو و پاشین ستایشکار.

(١٩)

ستایشی سەرجەم پیرۆزییەکانی سروشی ئەشەڤەنی دلێری (تەن مەنسەرە)[١٤١]، پاڵەوانی بەهێزی جەنگاوەر و خاوەنهێز و بازووی پڕزۆر دەکەین کە دێوەکان سەرکوت دەکات،

ستایشی پیرۆزییەکانی ئەو سەرکەوتووە باڵادەست و ئەشەڤەن و دلۆڤان و بەخشندەیەی چاکترین پیرۆزی، سروشی ئەشەڤەن و ئیزەدی ئەرشتی دەکەین.

**(٢٠)**

ستایشی سەرجەم ئەو ماڵانە دەکەین کە لە پەنای پاسەوانی و پارێزگاریی سروشدان

ستایشی ئەو خانەدانە دەکەین کە تێیدا ڕێز لە سروشی ئەشەڤەن دەگیرێت و مرۆڤی ئەشەڤەنی بێهاوتا لە بیری چاک و زمانی چاک و کردەی چاکی تێدا جێ دەبێتەوە.

**(٢١)**

ستایشی پەیکەری سروشی ئەشەڤەن دەکەین،

ستایشی پەیکەری ڕەشنی ڕاستترین دەکەین،

ستایشی پەیکەری میهری بەرینی ژینگە دەکەین،

ستایشی پەیکەری (با)ی ئەشەڤەن دەکەین،

ستایشی پەیکەری دینی مەزداپەرستی دەکەین،

ستایشی پەیکەری ئەرشتادی جیهانپەروەرو بەسوود دەکەین،

ستایشی پەیکەری (ئەشی)ی چاک دەکەین،

ستایشی پەیکەری (چیستی)ی چاک دەکەین،

ستایشی پەیکەری (چیستا)ی پاکترین دەکەین.

**(٢٢)**

ستایشی پەیکەری هەموو ئیزەدەکان و

مەنسەرە و دادی دژە دێو و نەریتی دێرین و

..... ئەمشاسپەندەکان دەکەین،

ستایشی پەیکەری سوشیانتەکانی ئێمەی خەڵکی ئەشەڤەن و

سەرتاسەری ئافرانی ئەشە دەکەین،

بۆ فەڕوشکۆی سروشی ئەشەڤەن.....................

......................................

...............................................

" یەنگهە هاتام..."

**(٢٣)**

" یەسە ئەهو ڤەئیریۆ..."

درووود دەنێرین بۆ سروشی ئەشەڤەنی دلێری تەن مەنسەرەی پڕچەکی ئەهوورایی

" ئەشێم ڤوهوو..."

" ئەهمایی ڕەئێشچە..."

فەڕو شکۆ بۆ ئەو... تەندروستی بۆ ئەو... خۆڕاگریی جەستە بۆ ئەو... پیرۆزیی جەستە بۆ ئەو... خواستی ئاسایشبەخشی زۆر بۆ ئەو... مندالّی شایستە بۆ ئەو... ژیانی دوورودرێژ بۆ ئەو... چاکترین بوونی هەموو ئەشەڤەنەکان و ڕووناکایی هەمەچەشنە ئاسانیبەخش بۆ ئەو.

# دوازدەهەم

# ڕەشن یەشت

**بۆ خوشنوودیی ڕەشنی ڕاسترین و ئەرشتادی جیهانپەروەرو زمانی ڕاستگۆی گێتیئەفزا.**

**(١)**

زەردەشتی ئەشەڤەن پرسیی:

ئەی ئەهوورەمەزدای ئەشەڤەن.. ئەی ئەو زاتەی کە هەرچی من بپرسم تۆ لێی بە ئاگایت و هەرگیز هەڵە ناکەیت.. ئەی ئاوەزی فریونەدراو.. ئەی ئاگادار لە هەمووشتێک و ئەی فریو نەخۆر

من ڕووم لە تۆ کردووە و بە زمانێکی چاک لێت دەپرسم، وڵامم بدەوە:

کامە ڕاستی و دروستییە لە مەنسەرەی هێژادا کە زۆرتر گەشە بەخشە.. پەرستیارە... بە هێزە.. شارەزایە و سەرتەڵی ئەفرێنراوەکانی دیکەیە ؟

**(٢)**

ئاهوورامەزدا گوتی:

ئەی سپیتمانی ئەشەڤەن من بە ڕاستی ئاشنات دەکەم بەم مەنسەرە هێژایە کە زۆر بەشکۆیە... لەو ڕاستی و دروستییەی کە لە مەنسەرەی هێژادا هەیە و گەلێ گەشەبەخش و بەتوانایە و سەرتەڵی ئەفرێنراوەکانی دیکەیە.

**(٣)**

ئەهوورەمەزدا گوتی: سێ یەکی بەرسەم لەسەر ڕێی هەتاو هەڵبخە و بڵێ:

ئێمە بۆ دادخواهی هاتووینەتە ئێرە،

ئێمە خوازیاری خۆشنوودی (ڕەشن)ی بەتواناین.

من لەم سرووتی (وەر)ەدا[١٤٢]، داوا لە ئەهوورەمەزدا دەکەم وەکوو دۆستێک یارمەتیم بدات، داوای لێدەکەم هاوکارو هاوڕێم بێت بەرەو ئاگرو بەرسەم.. بەرەو دەستی پڕ.. بەرەو (وەر)ی (ڕۆن) و بەرەو شیلەی گیاکان.[١٤٣]

(٤)

ئەو کاتەش، من کە ئەهوورەمەزدام، لەگەڵ (با)ی پیرۆز، لەگەڵ (داموئیش ئوپەمەن)، لەگەڵ (فەڕی کیانی) و لەگەڵ پاداشتی مەزدایی بە هاناتەوە دێم بەرەو ئەم (وەر)ە ساز کراوە.. بەرەو ئاگر وبەرسەم، بەرەو دەستی پڕ، بەرەو (وەر)ی رۆن و بەرەو گیاکان.[١٤٤]

(٥)

- ئێمە بۆ دادخواهی هاتووینەتە ئێرە..
ئێمە خوازیاری خۆشنوودیی (ڕەشن)ی بە توانایین
من لەم (وەر)ەدا داوای یارمەتی لە هەستی دۆستایەتی دەکەم: بەرەو ئاگروبەرسەم، بەرەو دەستی پڕ، بەرەو (وەر)ی رۆن و بەرەو شیلەی گیاکان.

(٦)

ئینجا (ڕەشن)ی مەزن و بەتوانا لەگەڵ (با)ی پیرۆز.. لەگەڵ داموئیش ئوپەمەن.. لەگەڵ فەڕی کیانی.. لەگەڵ پاداشتی مەزدایی بە هاناتەوە دێن، بەرەو ئەم (وەر)ە ساز کراوە، بەرەو دەستی پڕ، بەرەو (وەر)ی ڕۆن و بەرەو شیلەی گیاکان.

(٧)

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن.. ئەی ڕاستترین ڕەشن.. ئەی سپەندترین ڕەشن.. ئەی زاناترین ڕەشن.. ئەی ئەو (ڕەشن)ەی کە لەهەموان باشتر توانایی

ناسینەوەت هەیە.. ئەی ئەو ڕەشنەی کە باشتر لە هەموان لە دوورەوە دەبینی.. ئەی ئەو ڕەشنەی کە باشتر لە هەموان توانایی ناسینەوەت لە دوورەوە هەیە.. ئەی ئەو ڕەشنەی کە لە هەموان باشتر بە هانای دادخوازەوە دەچی.. ئەی ئەو ڕەشنەی کە لە هەموان باشتر دزەکان لەناو دەبەیت....

**(٨)**

تۆ، ئەگەر نەڕەنجابی، گەلێ لەوە باشتر دەبەخشیتە دادخواز کە خۆی داوای کردووە.. گەلێ باشتر دزو جەردە لەنێو دەبەیت و زامیان تێدەکەیت.

**(٩)**

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن...

تۆ، ئەگەر لە وڵاتی (ئەرێزەهی)شدا بیت [١٤٥]، ئێمە هەر داوای یارمەتیت لێدەکەین

- ئێمە بۆ دادخواهی هاتووینەتە ئێرە

ئێمە خوازیاری خۆشنوودیی ڕەشنی بە تواناین

من لەم (وەر)ەدا..............

ئینجا ڕەشنی........................

دووبارەی بڕگەی (٣و٦) داوای یارمەتیء دۆستایەتی لە....

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

.................. دووبارەی ستایشەکانی ڕەشن

(١٠)

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە وڵاتی (سەوەهی)شدا بیت[١٤٦] ئێمە هەر داوای یارمەتیت لێدەکەین

ئێمە بۆ دادخوایی هاتووینەتە ئێرە

ئێمە خوازیاری خۆشنوودیی ڕەشنی بە توانایین

من لەم (وەر)ەدا........................

................................

ئینجا ڕەشنی........

.............................

ئەی ڕەشنی.........................

..............................................

(١١)

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە وڵاتی (فرەدەزفشو)شدا بیت[١٤٧] ئێمە داوای یارمەتیت لێدەکەین

ئێمە بۆ..........

ئێمە خوازیاری.................

من لەم...........................

ئینجا ڕەشنی مەزن.........................

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن.........................

**(١٢)**

**ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن**

**تۆ، ئەگەر لە وڵاتی (ویدەدوفشو)شدا بیت[١٤٨]...............**

**ئێمە بۆ.......................**

**من لەم............................**

**ئینجا ڕەشنی مەزن.......................**

**ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن................................**

**..................................................................**

**(١٣)**

**ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن**

**تۆ، ئەگەر لە وڵاتی (ڤوئوورۆبەرشتی)شدا بیت[١٤٩].............**

**ئێمە بۆ......................**

**من لەم...................................**

**ئینجا ڕەشنی مەزن..............................**

**ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن.......................................**

**(١٤)**

**ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن**

**تۆ، ئەگەر لە وڵاتی (ڤوئوورۆجەرشتی)شدا[١٥٠] بیت................**

**ئێمە بۆ..................**

**من لەم..........................**

**ئینجا ڕەشنی مەزن......................**

**ئەی ڕەشنی........................................**

**(١٥)**

**ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن**
**تۆ، ئەگەر لە وڵاتی درەوشاوەی (خڤەنیرەس)یشدا بیت[١٥١]................**
**ئێمە بۆ................**
**من لەم.......................**
**ئینجا ڕەشنی مەزن.....................**
**ئەی ڕەشنی.........................................**

**(١٦)**

**ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن**
**تۆ، ئەگەر لە دەریای (فەرخکەرت)یشدا بیت[١٥٢]...................**
**ئێمە بۆ.......................**
**من لەم..............................**
**ئینجا ڕەشنی مەزن..............................**
**ئەی ڕەشنی.................................**

**(١٧)**

**ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن**
**تۆ، ئەگەر بەسەر ئەو درختەشەوە بیت کە هێلانەی (سیمرخ)ی لێیە و کەوتۆتە نێوان دەریای فەراخکەرتەوە، درەختێک کە دەرمانە چاک و کاریگەرەکانی پێوەن و پزیشکەکان بە دەوای هەموو دەردێکی دەزانن، درەختێک کە تۆوی هەر هەموو گیاکانی تێدایە، ئێمە داوای یارمەتیت لێدەکەین،**
**ئێمە بۆ.......**
**من لەم........................**
**ئینجا ڕەشنی مەزن............................**
**ئەی ڕەشنی..............................**

**(١٨)**

**ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن**
**تۆ، ئەگەر لە سەرچاوەی ڕووباری (ڕەنگها)یشدا بیت[١٥٣].......**
**ئێمە بۆ...................**
**من لەم ..........................**
**ئینجا ڕەشنی مەزن......................**
**ئەی ڕەشنی.....................**

**(١٩)**

**ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن**
**تۆ، ئەگەر لەبەردەم چاوگەکەی ڕووباری (ڕەنگها)یشدا بیت.................**
**ئێمە.....................**
**من لەم........................**
**ئینجا ڕەشنی مەزن......................**
**ئەی ڕەشنی..............................**

**(٢٠)**

**ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن**
**تۆ، ئەگەر لە لێواری ئەم سەرزەمینەشدا بیت،..................**
**ئێمە بۆ..............................**
**من لەم...............................**
**ئینجا ڕەشنی مەزن............................**
**ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن.............................**

(٢١)

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن
تۆ، ئەگەر لە نێوەڕاستی ئەم سەرزەمینەشدا بیت،.................
ئێمە بۆ.............................
من لەم ............................
ئینجا ڕەشنی ئەشەڤەن...........................
ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن..........................

(٢٢)

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن
تۆ، ئەگەر لەهەر جێیەکی ئەم سەرزەمینەدا بیت،...............
ئێمە بۆ..........................
من لەم.................................
ئینجا ڕەشنی مەزن...................
ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن....................................

(٢٣)

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە لووتکەی شاخە درەوشاوە و زۆرو زەوەندەکەی (ئەلبورز)یشەوە بیت، ئەو ئەلبورزەی کە لووتکەکەی تەمی لێدەباریّ، ئەو شوێنەی کە نە شەوی تێدایە و نە تاریکایی، نە بای سارد و نە بای گەرم، نە نەخۆشیی کوشندە و نە ناپاکیی دێوئافرێن،...............

ئێمە بۆ..............................
من لەم..............................
ئینجا ڕەشنی مەزن..........................
ئەی ڕەشنی.......................

**(٢٤)**

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر بە بەرزایی کێوی بەرزو بەرین و زێڕینی (هوکەر)یشەوە بیت[١٥٤]، ئەو شوێنەی کە ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا بە بەرزایی باڵای هەزار کەسەوە دێتەخوارەوە،....................

ئێمە بۆ..................................

من لەم..................................

ئینجا ڕەشنی مەزن.........................

ئەی ڕەشنی.................................

**(٢٥)**

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە بەرزایی لووتکەی کێوی ئەلبورزیشدا بیت، ئەو شوێنەی کە ئەستێرەکان و مانگ و هەتاوی بە دەوردا دەسووڕێنەوە،..............................

ئێمە بۆ................................

من لەم................................

ئینجا ڕەشنی مەزن......................

ئەی ڕەشنی...............................

**(٢٦)**

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە سەرووی ئەستێرەی (وەنەند)ی[١٥٥] مەزدا ئەفرێنراویشەوە بیت،................

ئێمە بۆ..........................

من لەم.........................

ئینجا ڕەشنی مەزن...............................

ئەی ڕەشنی.............................

**(٢٧)**

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە سەرووی ئەستێرەی (رایومەند)ی (تێشتەر)ی شکۆداریشەوە بیت[١٥٦]،........

ئێمە بۆ......................

من لەم..........................

ئینجا ڕەشنی مەزن.........................

ئەی ڕەشنی.......................

**(٢٨)**

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە سەرووی ئەستێرەی (هەفتورەنگ)یشەوە[١٥٧] بیت،...................

ئێمە بۆ.........................

من لەم................................

ئینجا ڕەشنی مەزن.............................

ئەی ڕەشنی...........................

(٢٩)

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە سەرووی ئەو ئەستێرانەشەوە بیت کە تۆوی ئاوەکانیان پێیە،...............

ئێمە بۆ...........................

من لەم........................

ئینجا ڕەشنی مەزن...............................

ئەی ڕەشنی..........................

(٣٠)

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە سەرووی ئەو ئەستێرانەشەوە بیت کە تۆوی زەوییەکانیان هەڵگرتووە...............

ئێمە بۆ..............................

من لەم.................................

ئینجا ڕەشنی مەزن............................

ئەی ڕەشنی...................................

(٣١)

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە سەرووی ئەو ئەستێرانەشەوە بیت کە هەڵگری تۆوی گیاکانن،...............

ئێمە بۆ............................

من لەم.................................

ئینجا ڕەشنی مەزن............................

ئەی ڕەشنی.....................

**(٣٢)**

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە سەرووی ئەو ئەستێرانەشەوە بیت کە هی سپەنتە مینون،.................

ئێمە بۆ.............................

من لەم...............................

ئینجا ڕەشنی مەزن............................

ئەی ڕەشنی............................

**(٣٣)**

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە سەرووی مانگی هەڵگری تۆوی (گا)(١٥٨)یشەوە بیت،.....................

ئێمە بۆ...........................

من لەم.............................

ئینجا ڕەشنی مەزن..........................

ئەی ڕەشنی.............................

**(٣٤)**

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە سەرووی هەتاوی تیژپەڕیشەوە بیت،........................

ئێمە بۆ............................

من لەم.........................

ئینجا ڕەشنی مەزن............................

ئەی ڕەشنی...............................

**(٣٥)**

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە بۆشایی تیشکی بێ سەرەتاو {کۆتایی}شدا بیت...............

ئێمە بۆ.............................

من لەم.......................

ئینجا ڕەشنی مەزن...................

ئەی ڕەشنی.........................

**(٣٦)**

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە نێو تیشکی بەهەشتی پاکەکانیشدا بیت، ئەو شوێنەی کە بارەگای سەرجەم خۆشییەکانە،.......................

ئێمە بۆ.......................................

من لەم...............................

ئینجا ڕەشنی مەزن..........................

ئەی ڕەشنی...............................

**(٣٧)**

ئەی ڕەشنی ئەشەڤەن

تۆ، ئەگەر لە (گەرەزمان)ی[١٥٩] درەوشاوەشدا بیت..........................

ئێمە بۆ.........................

من لەم..........................

ئینجا ڕەشنی مەزن........................

ئەی ڕەشنی..................................

**(٣٨)**

"يەسە ئەهو ڤەيريۆ..."

دروود دەنێرین بۆ ڕەشنی ڕاستترین و ئەرشتادی گێتیپەروەر و گوتاری ڕاستیەقینە کە خراوەتە دڵی پاکەوە

" ئەشێم ڤەهوو..."

" ئەهمائی ڕەئێشچە...."

فەڕ و شکۆ.. درەوشانەوە و ڕووناکی.. تەندروستی... گوڕ و هێزی جەستە... سەرکەوتنی جەستە... خواستی گەلێ ئارام و ئاسایشبەخش... منداڵی شایستە و لێهاتوو.. ژیانی دوورودرێژ... باشترین ژیانی ئەشەڤەنەکان... ڕووناکایی ئاسایشبەخش، هەمووی بۆ ئەو و شایانی ئەون.

# سێزدەهەم

# فەروەردین یەشت[١٦٠]

**بۆ خۆشنوودیی فرەوەشیی بەتواناو زۆر بەهێزی ئەشەڤەنەکان و فرەوەشیی یەکەمین مامۆستاکانی دین و فرەوەشیی پەیامبەران**

## کردەی یەکەم

**(١)**

ئەهوورەمەزدا بە سپیتمان زەردەشتی گوت:

ئەی سپیتمان

ئێستا بە ڕاستی تۆ ئاگادار دەکەمەوە لە هێزو توانا و فەڕوشکۆو پاڵپشتیی فرەوەشیی ئەشەڤەنەکان کە چۆن فرەوەشیی بەتوانای ئەو ئەشەڤەنانە یاوەرم بوون و یاریدەیان دام

**(٢)**

ئەی زەردەشت

بە هۆی فەڕو شکۆی ئەوانەوەیە کە من ئاسمانم لەو سەرەوە ڕاگرتووە تا لە سەرەوە ڕووناکایی بڕێژێت،

ئاسمانێک کە ئەم زەمینە و هەرچوار دەورەکەیی وەکوو دیواری خانوویەک لەخۆی گرتووە

ئاسمانێکی بەرزو بێسنوور کە لە جیهانی مینووییدا ڕاخراوە و ڕاگیراوە و وا دەنوێنێ کە ئاسنێکی سوورەوەکراو لە سەرووی سێیەمین تویی زەویدا دەدرەوشێتەوە.(١٦١)

(٣)

ئاسمانێک، کە هەر وەکوو بەرگێکی ئەستێرەئاژینی مینوویی کە مەزداو میهرو ڕەشن و سپەندارمەز لەبەریان کردبێ.

ئاسمانێک کە سەرەتاو کۆتاییەکەی دیار نییە و نابینرێت.

(٤)

ئەی زەردەشت...

بە هۆی فەڕو شکۆی ئەوانەوەیە کە من، (ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا) دەپارێزم کە لە هەموو شوێنێک داوێنی پەخشان کردووە و دەرمانبەخش و دژەدێو و ئاهوورایی (ڕەچە)ە[١٦٢]

ئەوکاتەی کە ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا، ئەو خودان هەزار دەریاچە و هەزار ڕووبارە کە هەریەکەیان بە درێژایی چل ڕۆژەڕێی سوارچاکێکە، بەرەو دەریای فەراخکەرت دەکشێ، سەرتاسەری لێوارەکانی ئەو دەریایە دەکەونە شەپۆلان و نێوەڕاستی بڵندتر دەبێتەوە.

(٥)

لەم ئاوەی کە هیی منە، ڕووبارێک بەرەو هەریەک لە حەوت وڵات دەکشێ، ڕووبارێک کە هیی منە و لە هاوین و زستانیشدا بە یەک بارتەقا هەڵدەقوڵێت و دەڕوا.

ئەو[١٦٣] بۆ من، ئاوو توخمی پیاوان و پزدان و شیری ژنان پاک ڕادەگرێت

(٦)

من، ئەهوورەمەزدا، ئەوم لە هێزی خۆم بەهرەمەند کرد تا ماڵ و گوند و شارو وڵات پەروەردە بکەم و پشتیوان و پەنادەرو پاسەوانی بم.

(٧)

ئەی زەردەشت..

ئەریدڤیسوەر ئاناهیتا لە لایەن مەزدای پەروەردگارەوە دێت.. مەچەکە سپی و جوانەکانی کە بە زێڕی جوان و جۆراوجۆر ڕازاونەتەوە، هێندەی ناوشانی ئەسپێک پان و بەهێزن.

ئەو نازدارە هەرە بەهێزە دێت و لە ناخی خۆیدا ئاوا بیر دەکاتەوە:

(٨)

کێ نیایشم بۆ دەکات؟

کێ زەوری ئاوێتەی هەوم و ئاوێتەی شیری بە یاسای دین ئامادەکراوم نزر دەکات؟

خۆشیم بۆ ئاوا پەیمان پەروەرێکی دڵپاک دەوێت و خوازیارم هەمیشە شادمان و بەختەوەر بمێنێتەوە.

(٩)

ئەی زەردەشت..

بە هۆی فەڕو شکۆی ئەوانەوەیە کە من زەمینی پان و بەرینی ئاهوورایی دەپارێزم: ئەم زەمینە پان و بەرینە کە گەلێ شتی زۆر جوانی لە خۆی گرتووە.. کە سەرتاسەری ئەم جیهانە خاکییەی بە گیاندارو بێ گیانەوە.. بە کێوی بڵندو ژینگەی لەبارو ئاوی فراوانەوە لە خۆی گرتووە.

(١٠)

لەم زەوییەدا ڕووباری (ناوتاک) بە خوڕ دێن[١٦٤]

لەم زەوییەدا بۆ پاراستنی گیان... جەماوەر... سەرزەمینە ئارياييەكان... گیاندارە پێنجینەکان و بۆ پاراستنی مرۆڤە پاکە ئەشەڤەنەکان، گیا و روەکی جۆربەجۆر دەڕوێن[١٦٥]

(١١)

ئەی زەردەشت..

بە هۆی فەڕو شکۆی ئەوانەوەیە کە من منالّەکان لە منالّدانی دایکیاندا دەپارێزم تا زیندوو بمێنن و پێش لەدایکبوونیشیان ئێسک و مووو قاچ و دەست و ئەندامەکانی ناوەوە و هەرواش ئەندامی نێرینەیی یا مێیینەییان پێکەوە دەبەستمەوە.

(١٢)

ئەگەر فرەوەشیی بەتوانای ئەشەڤەنەکان هاریکارم نەبووبان، ئەوا، چاکترین جۆری خەڵک و گیاندارانم بۆ نەدەپارێزران.. درۆ پەرست بەهێز دەبووو حوکمی دەکرد و جیهانی خاکی دەخرایە ژێر رکێفی درۆپەرستانەوە.

(١٣)

درۆ پەرست، لە نێوان زەوی و ئاسماندا، نێوان دوو مینوو، جێگیر دەبوو..

درۆ پەرست، لە نێوان زەوی و ئاسماندا، نێوان دوو مینوو، دەگەییە هێز و توانایی و زاڵبوون..

ئەوکات ئیدی، ئەنگەرە مینووی زیرەک و سەرکەوتوو، لەبەرامبەر سپەنتەمینوی تێکشکاودا نەدەکشایەوە.

**(١٤)**

بە هۆی فەڕو شکۆی ئەوانەوەیە کە ئاوەکان لە سەرچاوە زوڵاڵەکانەوە دێنە دەر..

بە هۆی فەڕو شکۆی ئەوانەوەیە کە گیاکان لە ڕەگوڕیشەی هەرگیز وشک نەبوو، لەم خاکەدا دەڕوێن..

بە هۆی فەڕو شکۆی ئەوانەوەیە کە بای بڵاوکەرەوەی هەورەکان، لە سەرچاوە هەمیشەییەکانەوە دەشنێن.

**(١٥)**

بە هۆی فەڕو شکۆی ئەوانەوەیە کە ژنان، توخمی منداڵەکانیان لە منداڵدانی خۆیاندا هەڵدەگرن...

بە هۆی فەڕو شکۆی ئەوانەوەیە کە ژنان سکیان بە منداڵ ئاوس دەبێت..

بە هۆی فەڕو شکۆی ئەوانەوەیە کە ژنە سکپڕەکان بەئاسانی منداڵیان دەبێت.

**(١٦)**

بە هۆی....... (دووبارەی.....) کە پیاوی ئەنجومەنی لە دایک دەبێت: پیاوێک کە بتوانێ لە ئەنجومەندا قسەی خۆی بگەیەنێتە گوێی جەماوەر.. پیاوێکی زانیار کە بتوانێ لە گفتوگۆ و شەڕەقسە لەگەڵ (گەئوتێمە)دا سەرکەوتووانە بێتە دەر، (١٦٦)

بە هۆی...... کە هەتاو ڕێگاو ڕێچکەی خۆی بەر نادات،

بە هۆی...... کە مانگ ڕێچکەی خۆی بەرنادات..

بە هۆی...... کە ئەستێرەکان ڕێچکەی خۆیان بەر نادەن.

(١٧)

ئەوانە، فرەوەشیی ئەشەڤەنەکانن کە لە شەڕە قورسەکاندا باشترین یارو یاوەرن.

ئەی سپیتمان..

فرەوەشیی یەکەمین مامۆستاکانی ئایین و فرەوەشیی ئەوانەی هێشتا لە دایک نەبوونە: ئەو (سوشیانت)انەی کە جیهان نوێ دەکەنەوە، لە ناو فرەوەشیی ئەشەڤەنەکاندا لە هەموویان بەهێزترن(١٦٧)

ئەی سپیتمان زەردەشت..

فرەوەشیەکانیتر: فرەوەشیی ئەشەڤەنە زیندووەکان لە فرەوەشیی ئەو ئەشەڤەنانەی کە مردوون، بەهێزترن.

(١٨)

ئەوەی کە بەدرێژایی ژیان، ڕێز لە فرەوەشیی ئەشەڤەنەکان بگرێت و پارێزگاری لە میهری بەرینی ژینگە و ئەرشتادی گێتیپەروەر بکات، چ فەرمانڕەوای وڵاتێک بێت و چ پادشای هەموو وڵاتان، ئەوا دەبێتە سەرکەوتووترین کەس.

(١٩)

ئەی سپیتمان..

ئا ئەمەیە هێزو توانایی و فەڕو یاوەریی و پاڵپشتیی فرەوەشیی بەتوانای ئەشەڤەنەکان کە تۆم لێیان ئاگادار کردەوە، فرەوەشیی بەتوانای ئەو ئەشەڤەنانەی کە بە هانای منەوە هاتن و یاریدەیان دام.

## کردەی دووەم

**(٢٠)**

ئەهوورامەزدا بە سپیتمان زەردەشتی گوت:

ئەی سپیتمان زەردەشت...

ئەگەر لەم جیهانە خاکییەدا، ڕێگرێک هاتە سەر ڕێت، ئەگەر لە شەڕو نیازی خراپی ئەو دژی خۆت ترست لێنیشت، ئەی زەردەشت، ئەو کاتە ئەم پەیڤە بێژە.. ئەم گوتە پیرۆزە بە دەنگی بەرز بڵێرەوە ئەی زەردەشت...

**(٢١)**

ستایشی فرەوەشیی پاک و چاک و بەهێزی ئەشەڤەنەکان دەکەم و سرووتیان بۆ دەبێژم و داوای یارمەتییان لێدەکەم.

ئێمە ستایشی ئەو فرەوەشیانە دەکەین کە سەر بە خانومان و گوند و شارو وڵات و (زەردوشتوم)ن.[(١٦٨)]

ستایشی ئەو فرەوەشییانە دەکەین کە هەبوون و هەن و دەشبن.

ستایشی فرەوەشیی سەرجەم تیرەکان.. بەهێزترین فرەوەشیی تیرە بە هێزەکان دەکەین.

**(٢٢)**

ئەو فرەوەشییانەی کە ئاسمانیان ڕاگرت.. ئاویان ڕاگرت.. زەمینیان ڕاگرت.. گاو (گەئو)یان ڕاگرت[(١٦٩)].. کە منداڵیان لە منداڵدانی دایکەکاندا ڕاگرت تا نەمرن و پێش لە دایکبوونیش، ئێسک و گۆشت و ئەندامەکانی ناوەوە و هەرواش ئەندامی نێرینەیی یا مێینەیی ئەوانیان پێکەوە بەستنەوە.

**(٢٣)**

ئەو فرەوەشییانەی کە زۆر دلۆڤانن.. کە بە هێزەوە دەگەنێ.. کە بە چاکی دەگەنێ.. کە بە تواناوە دەگەنێ.. کە بە دلێری دەگەنێ.. کە بۆ دادخوایی دەگەنێ.

لە شەڕی قورس و خوێناویدا، دەبێ داوای یارمەتییان لێ بکرێت.

لە جەنگدا دەبێ داوای یارمەتییان لێ بکرێت.

لە شەڕو پێکداداندا دەبێ داوای یارمەتییان لێ بکرێت.

**(٢٤)**

ئەوانن کە یارمەتیخوازەکان سەر دەخەن.. کە پەنەوازان ڕزگار دەکەن.. کە نەخۆشەکان شیفا دەدەن.. کە فەڕو بەرەکەتی چاک دەبەخشنە ئەشەڤەن، ئەو ئەشەڤەنەی کە ستایشیان بکات و زەوریان بۆ نزربکات.

**(٢٥)**

فرەوەشییەکان، خۆشنوودتر دەچنە ئەو شوێنەی کە ئەشەڤەنەکان، زۆرترین بڕوایان بە ئەشە هەبێ.. ئەو شوێنەی کە گەورەترین نزرو نیاز ئامادە کرابێ.. ئەو شوێنەی کە شەڕیان بە مرۆڤی ئەشەڤەن نەفرۆشتبێت.

## کردەی سێیەم

**(٢٦)**

ستایشی فرەوەشیی چاک و پاک و بەهێزی ئەشەڤەنەکان دەکەین کە: بەهێزترینی سوارەکان و چالاکترینی پێشڕەوەکان و خۆڕاگرترینی پشتیوانەکان و توندوتۆڵترین ئامێری جەنگن و هەرکەسێک پەنایان بۆ ببات، لە شەڕوشۆڕو هەڕەشەی دوژمن دەیپارێزن.

**(٢٧)**

له کاتێکدا که بەرسەممان ئامادە کردووە، ستایشی فرەوەشیی چاک و پاک و بەهێزی ئەشەڤەنەکان: ئەو چاکانە.. ئەو باشترینانە دەکەین.
لە کاتی شەڕ و لە گۆڕەپانی جەنگدا، لەو شوێنەی کە جەنگاوەران رووبەڕووی یەک و دەستەویەخە دەبنەوە، دەبێ داوای یارمەتی لەوان بکرێت.

**(٢٨)**

مەزدا داوای یارمەتیی لەوان کرد بۆ پاراستنی ئاسمان و زەوی و ئاو و گیاکان، کاتێ سپەنتەمینو ئاسمانی ڕاداشت.. کاتێ کە ئاو و زەوی و گەئو و گیای خولقاند.. کاتێ منداڵەکانی لە پزدانی دایکیاندا پاراست تا زیندوو بمێنن و پێش لەدایکبوونیان، ئێسک و گۆشت و ئەندامەکانی لەش و هەرواش ئەندامی نێرینەیی و مێینەییانی پێکەوە بەستەوە.

**(٢٩)**

سپەنتەمینو، فرەوەشیی بەهێز و ئارام و چاوتیژ و تیژبین و (نیوشا) و حەساوە و (بورزمەن) و پشتوێنبەستوو و جێگیر لە ئارامگەی چاک و بەرین و تێژباڵ و بەختیار و ناوداری بۆ پاسەوانیی ئاسمان دیاری کرد.[١٧٠]

## کردەی چوارەم

**(٣٠)**

ستایشی فرەوەشیی چاک و پاک و بە توانای ئەشەڤەنەکان دەکەین کە لە دۆستایەتی و لە کردەوەدا چاکن و ئازاری خەڵک نادەن: ئەو خەڵکەی کە پێشتر ئازاری ئێوەی چاک و ڕازدار و تیژبین و ناودار و سەرکەوتووی جەنگەکانی نەدابێت و لە پاڵ ئێوەدا جێگیر بن و ببنە هاونشینی هەمیشەییتان.

## كردەی پێنجەم

**(٣١)**

ستایشی فرەوەشیی چاک و پاک و بەتوانای ئەشەڤەنەکان دەکەین کە بە ئیرادەی پۆڵایین و بە گورِوتینی زۆرەوە، چالاکانە بە زیانی دوژمنان لە کاردان و هێزی زۆری دوژمن لە گۆڕەپانی جەنگدا لەنێو دەبەن.

## كردەی شەشەم

**(٣٢)**

ستایشی فرەوەشیی چاک و پاک و بەتوانای ئەشەڤەنەکان دەکەین کە دلێرو بەهێزو پەیمانپەروەرن و لەبەرانبەری حەشارگەکانی دوژمندا دالْدەمان دەدەن.

ئەو ڕۆحە دلۆڤانە دەرمانبەخشانەی کە لە دەرمانی ئەشە بەهرەمەندن.. کە وەکوو زەوی پان و بەرین و وەکوو ڕووبارەکان دوورودرێژو وەکوو هەتاو بەرزو بڵندن.

## كردەی حەوتەم

**(٣٣)**

ستایشی فرەوەشیی ....... دەکەین کە چالاک و دلێرو لێزان و تۆقێنەر دەگەنێ و سەرجەم دژایەتیی دوژمنان، چ دێوەکان و چ خەڵکی درۆپەرست نابووت دەکەن.

ئەو فرەوەشییانەی کە بە خواستی خۆیان جەنگاوەرانی دوژمن لە کاتی شەڕدا تێکدەشکێنن.

(٣٤)

ئەی بە تواناترینی ئەفرێنراوەکان..

ئێوە چاکییەکانی خۆتان.. پیرۆزی و سەرکەوتوویی سەرتەڵ و ئەهوورا ئافەریدە،

بە خەڵکانێک دەبەخشن کە بە خراپە چاکییەکانی ئێوەیان بەکار نەهێنابێت و ئێوەش لێیان توورە و ڕەنجاو نەبن.. کەسانێک کە ئێوە شایستەی ستایش و نیایش بزانن و ئێوەش لەوێ ڕێگای هەڵبژێردراوی خۆتان دەپێون.

## کردەی هەشتەم

(٣٥)

ستایشی فرەوەشیی ....... دەکەین، ئەو ناودارە لە جەنگدا سەرکەوتووە هەرە بەهێزە خودان قەڵغانەی کە لە ڕێگەی ڕاست لا نادەن و بە لاڕێدا ناڕۆن.

ئەوەی لە پێشەوە غار دەدات و ئەوەش کە بەدوایدا بۆی تێدەتەقێنێ، هەردووکیان داوای یارمەتی لە فرەوەشییەکان دەکەن.

ئەوەی لە دواوە لە غاردایە، بۆ گەیشتن بەوەی پێش خۆی و ئەوەی پێشەوەش بۆ هەڵاتن و ڕزگار بوونی لە دەستی دوژمنەکان، هاواری یارمەتییان لێ بەرز دەبێتەوە.

(٣٦)

فرەوەشییەکان، شادترو دڵخۆشتر دەگەنە ئەو جێیەی کە ئەشەڤەنەکان بڕوای پتەوتریان بە ئەشە هەیە.. ئەو جێیەی کە نزرو نیازی مەزن ئامادە کرابێت.. ئەو جێیەی شەڕ بە مرۆڤی ئەشەڤەن نەفرۆشرابێت.

## کردەی نۆیەم

**(٣٧)**

ستایشی فرەوەشیی...... دەکەین کە جەنگاوەری زۆر ئامادە دەکەن، جەنگاوەری وا کە چەک و جبەیان بەستووە و بە ئاڵای شەکاوەوە خەریکی شەڕو بەربەرەکانێن..

ئەوانەی کە پێشتر، کاتی شەڕی (خشتاوی)یە دلێرەکان و (دانو)وەکان گەیشتنێ.[١٧١]

**(٣٨)**

ئێوەن کە پێشتر تەراتێن و شەڕوشۆڕی (دانوو)وە تۆرانییەکانتان تێکشکاند..

بە یاریدەی ئێوە بوو کە گەلێ پێشتر (کەرشنەزە)کان و (خشتاوی)یەکان و هەرواش سوشیانتە دلێرو ناودارەکان سەرکەوتن و توانییان خانووە تۆقێنەرەکانی پتر لە دە هەزار حاکمی (دانوو) وێران بکەن.[١٧٢]

## کردەی دەیەم

**(٣٩)**

ستایشی فرەوەشیی.... دەکەین کە هەردوو باڵی سوپای دوژمنیان تێکشکاند.. درنیان بە دڵی سوپای دوژمن داو چالاکانە یارمەتی و پشتیوانییان گەیاندە مرۆڤە چاکەکان و بەدکردارەکانیشیان خستە بۆسەوە.

## کردەی یازدەهەم

**(٤٠)**

ستایشی فرەوەشیی ..... دەکەین..

ئەو بەهێزە سەرکەوتووانەی گۆڕەپانی جەنگ کە گاهێ ئاسایش دەبەخشن و گاهێ لە تەراتێندان و گاهێ هەوڵ دەدەن.....[١٧٣]

ئەو ئەشەڤەنانەی کە پیرۆزی دەبەخشنە دادخواز و خوازیارانی کامەرانی بەختەوەر دەکەن و چارەی نەخۆشەکان دەکەن.. ئەوانەی کە بەژن وباڵای بەرز و ناخێکی پاک و بەرزیان هەیە.

**(٤١)**

فرەوەشییەکان، فەڕو شکۆ بە کەسێک دەبەخشن کە هەر وەکوو ئەو مرۆڤە جوامێرەی جیهانی خاکی.. ئەو پێشەوایەی جەماوەر، زەردەشتی ئەشەڤەن، ستایشیان بکات، لەکاتی کار و کاتی ترس و بیم.

**(٤٢)**

کاتێ هاواری دادخواز بەرز دەبێتەوە، ئەوان بە تیژیی خەیاڵ لە ئاسمانەوە دادەبەزنە خوارێ.. لەگەڵ هێزی چاک و پیرۆزی ئەهوورا ئافەریدە و هێزی سەرکەوتووانە و سوودێک کە گەلێ شتی گرانبایی دەبەخشێت و شکۆی پاک و پیرۆز دەێنێت و بە پێی ئایینی چاکترین ئەشە، شایانی ستایش و سزاواری نیایشە.

**(٤٣)**

ئەوان، (سەتەوەیسە) لە نێوان زەوی و ئاسماندا دەجووڵێنن تا هاواری دادخوازان ببیسێت و باران ببارێنێ.. تا باران ببارێنێت و بۆ پاراستنی خەڵک و ئاژەڵ .. بۆ پاراستنی سەرزەمینە ئێرانییەکان.. بۆ پاراستنی (گیاندارە

پێنجینەکان) و بۆ یارمەتیدانی مرۆڤی ئەشەڤەن، گیا بڕوێنێ.[١٧٤]

(٤٤)

سەتەوەیسی جوان و پرشنگدار، لە نێوان زەوی و ئاسماندا دەگەڕێ تا ........( دووبارەی بڕگەی پێشوو (٤٣).

**کردەی دوازدەهەم**

(٤٥)

ستایشی فرەوەشیی.... دەکەین کە بە کڵاوئاسن و قەڵغان و کەرەستەی تایبەتی جەنگ کە لە ئاسن دروست کراوە، لە گۆڕەپانی شەڕدا دەجەنگن.. کە خەنجەریان لە کالان دەرهێناوە بۆ نابوودیی هەزاران دێو.

(٤٦)

گەر بایەک هەڵبکات و بۆنی جەنگاوەرەکانیان پێ بگەیەنێ، ئەوان ڕوو لە باڵی ئەو جەنگاوەرانە دەکەن کە سەرکەوتنیان مسۆگەرە و لە چارەیان نووسراوە.. بەرەو ئەو گۆڕەپانەی کە جەنگاوەرەکانی پێش ڕاکێشانی شمشێر و هەڵبڕینی دەستیان بۆ شەڕ، نزرو نیازیان بۆ دەکەن، بۆ فرەوەشیی چاک و پاک و بەتوانای ئەشەڤەنەکان.

(٤٧)

هەرکام لەو دوو گرووپەی جەنگاوەران کە یەکەمجار بە ڕاستگۆیی و بڕوادارییەوە نوێژیان بۆ بکات، ئەوا فرەوەشیی چاک و پاک و بەتوانای ئەشەڤەنەکان لەگەڵ (میهر) و (ڕەشن) و (داموئیش ئوپەمەن) و (با)ی پیرۆز، ڕوو لەو گرووپە دەکەن.[١٧٥]

**(٤٨)**

ئـەوان، سـەرزەمینـی دوژمنـەکـان، بـۆ بـەرژەوەنـدی و سـەرخسـتنی ئـەو جەنگاوەرانەی کە فرەوەشیی چاک و پاک و بەتوانای ئەشەڤەنەکان لەگەڵ میهرو ڕەشن و داموئیش ئوپەمەن و بای پیرۆز ڕووی تێکردوون، خاپوور دەکەن: پەنجا پەنجا.. سەدان.. هەزاران.. دەیان و سەدان هەزار.

## کردەی سێزدەهەم

**(٤٩)**

ستایشی فرەوەشیی..... دەکەین کە کاتی (هەمەسپەتمەدەم) لە ئارامگەی خۆیان دێنەدەرو دە شەوی ڕەبەق بۆ ئاگاداربوون لە هەلومەرج و بارودۆخ، لێرە دەمێننەوە.(١٧٦)

**(٥٠)**

ــ کێ ستایشمان دەکات؟

کێ سروودی ستایشمان بۆ دەڵێتەوەو خۆشنوودمان دەکات؟

کێ بە بەخشندەیی و بە شیرو پۆشاک و بەو نزرانەی کە بەخشینیان مرۆڤ دەگەیەنێتە دلۆڤانیی ئەشە، پێشوازیمان لێدەکات؟

ستایشی ناوی کام یەک لە ئێمە دەکات؟

ستایشی گیانی کام یەک لە ئێمە دەکات؟

نزرەکانی پێشکەشی کام یەک لە ئێمە دەکات تا ئێمەش لەو خواردنە جاویدانەی پێ ببەخشین کە هیچکات لێی کەم نابێتەوە؟

**(٥١)**

کەسێک کە بە بەخشندەیی و بە شیر و.....(دووبارەی بڕگەی پێشوو) ستایشی ئەوان بکات، ئەوا فرەوەشیی چاک و....ی ئەشەڤەنەکان، ئەگەر دڵیان نەڕەنجابێت و بێزار نەبووبن، خوازیاری زۆر شتی چاک دەبن بۆ ئەو کەسە:

**(٥٢)**

{دەخوازین} بەشی ئەم خانووە خەڵکی چاک و بەتوانا و ئاژەڵی چاک و بەسوود و زۆر بێت...

بەشی ئەم خانووە ئەسپی تیژڕەو و کەژاوەی جوان و بەردەوام بێت...

بەشی ئەم خانووە پیاوی پایەداری ئەنجومەنی بێت، پیاوێک کە هەردەم بە بەخشندەیی و بە شیر و...... (دووبارەی رستەی پێشووتر) ستایشمان بکات.

**کردەی چواردەهەم**

**(٥٣)**

ستایشی فرەوەشیی..... دەکەین کە ئاوەمەزدا ئافەریدەکانیان بەرەو جۆگەئاوە پاکەکان ئاراستە کردن، ئەو ئاوانەی کە لەمێژ بوو مەنگ وەستابوون و تا ماوەیەکی پاش ئەفراندنیش هەر مەنگ بوون و نەدەڕۆیشتن.

**(٥٤)**

ئێستا ئەو ئاوە پاکانە، بۆ خۆشنوودی مەزدا و ئەمشاسپەندەکان، بەو جۆگە ئاوانەدا دەکشێن کە مەزدا ئەفراندوونی و دەستەبژێری فریشتەکانن، بەرەو ئەو سەرزەمینەی کە فەرمانیان پێ کراوە.

## کردەی پازدەهەم

**(٥٥)**

ستایشی فرەوەشیی ..... دەکەین کە گیاکانیان بە ئاراستەی باخە جوانەکان رواند، ئەو گیایانەی کە لەمێژ بوو لە جێی خۆیان مابوونەوە و تا درەنگانێکیش پاش ئافرن هەر نەڕوابوون.

**(٥٦)**

ئێستا ئەو گیاگەلە، بۆ خۆشنوودیی ئەهوورەمەزدا و ئەمشاسپەندەکان، لە شوێنی هەڵبژێردراوی فریشتەکاندا، هەمانکات کە فەرمانیان پێ کراوە، دەڕوێن.

## کردەی شازدەهەم

**(٥٧)**

ستایشی فرەوەشیی ..... دەکەین کە ئەستێرە و مانگ و هەتاو (ئەنیران)یان بە ڕێگای پاکدا ئاراستە کرد[١٧٧]، ئەوان، پێشتر لە ترسی هەڵمەت و هێرشی دێوەکان، وشک ڕامابوون و هیچ جووڵەیەکیان نەمابوو.

**(٥٨)**

ئێستا ئەوان کەوتوونەتە ڕێ تا بگەنە دوایین بارەگای سووڕانەوەی خۆیان، واتە سەردەمی چاکی نوێبوونەوەی گێتی.

### كردەی حەڤدەهەم

**(٥٩)**

ستایشی فرەوەشیی..... ئەشەڤەنەکان دەکەین کە نەوەدونۆ هەزارو نۆسەدونەوەدونۆیان پێکەوە پاسەوانیی دەریای درەوشاوەی (فەراخکەرت) دەکەن.

### كردەی هەژدەهەم

**(٦٠)**

ستایشی فرەوەشیی..... ئەشەڤەنەکان دەکەین کە (٩٩٩٩٩)یان پارێزگاری لە ئەستێرەی هەفتوڕەنگ دەکەن.[١٧٨]

### كردەی نۆزدەهەم

**(٦١)**

ستایشی فرەوەشیی..... ئەشەڤەنەکان دەکەین کە (٩٩٩٩٩)یان پەیکەری (سامی گەرشاسپی گیسوەری گورز بوردار) دەپارێزن.[١٧٩]

### كردەی بیستەم

**(٦٢)**

ستایشی فرەوەشیی..... ئەشەڤەنەکان دەکەین کە (٩٩٩٩٩)یان توخمی سپیتمان زەردەشتی پاک دەپارێزن.[١٨٠]

## کردەی بیست و یەکەم

**(٦٣)**

ستایشی فرەوەشیی.... ئەشەڤەنەکان دەکەین کە ئەگەر فەرماندەی جەنگاوەران ئەشەڤەن بێت و ئەوان لێی ناڕازی و تووڕە و ڕەنجاو نەبن، ئەوا لە لای ڕاستییەوە دژی دوژمنان دەجەنگن.

## کردەی بیست و دووەم

**(٦٤)**

ستایشی فرەوەشیی.... ئەشەڤەنەکان دەکەین، ئەوان، گەورەترو بەتواناترو دلێرترو بەهێزترو سەرکەوتووترو چارەسازترن لەوەی بە زمان باسی بکرێت...

دەیان هەزاریان بە جارێک دێنە نێو ئەوانەی نزرونیازیان بۆ دەکەن.

**(٦٥)**

ئەی سپیتمان زەردەشت..

کاتێ ئاوەکان، بە فەڕوشکۆیەکی مەزدا ئافەریدە لە دەریای فەراخکەرتەوە ڕەوان دەبن، فرەوەشیی بەتواناو پاکی ئەشەڤەنەکان ڕادەبن: چەندین سەدان.. چەندین هەزاران.. چەندین دەهەزاران.....

**(٦٦)**

تا هەر یەکەیان بگاتە بنەماڵە و گوند و شارو سەرزەمین و وڵاتی خۆی بۆ دابینکردنی ئاوو لەوێ بڵێت:

ـ ئایا سەرزەمینی ئێمە دەبێ وشک و وێران بێت؟!

(٦٧)

فرەوەشییەکان، لە گۆڕەپانی شەڕدا بۆ ماڵ و بۆ سەرزەمینی خۆیان دەجەنگن، بۆ ئەو خاکەی کە ماڵ و ژیانیان تێیدا هەبووە، هەروەکو پیاوێکی پاڵەوان کە خۆی پڕچەک کردووە و سەروسامانی خۆی دەپارێزێت.

(٦٨)

هەریەکە لەو فرەوەشییانە کە لە گەیاندنی ئاو بۆ ماڵ و گوند و شارو وڵاتی خۆی سەرکەوتوو بووە، ئاوا دەڵێت:

ـ دەبێ سەرزەمینی ئێمە ئاوەدان و سەرسەوز بێت و گەشە بکات.

(٦٩)

کاتێ فەرمانڕەوای وڵات ترسی دوژمنی کینەجۆی لێ بنیشێت، ئەوا داوای یارمەتی لە فرەوەشییە بەتواناکان دەکات.

(٧٠)

فرەوەشیی بەتوانای ئەشەڤەنەکانیش، ئەگەر دڵیان لێی نەڕەنجابێت و لێی تووڕە و زویر نەبن، بەرەو لای دەفڕن، هەروەکو باڵدارێکی تیژباڵ بە ئاسماندا بفڕێت.

(٧١)

ئەوان، دەبنە قەڵغان و زرێ و چەکی دەستی ئەو لە بەرامبەر دێوە پەنهانەکان و (وەرێنە) چەواشەکارەکان و (کەیەزە)ی خراپەکارو ئەهریمەنی مەرگخوازی ناپاکدا، وەک بڵێی بە سەدان و هەزاران سەنگەر هێرش بەرن.[١٨١]

**(٧٢)**

بەم چەشنە، هیچ شتێکی پێناگات: نە شمشێری تیژو نە گورزی گران و نە تیری تیژپەڕو نە ڕمی وەشێنراوو نە بەردی هاوێژراوی باشترین (بەرزەقانی) کە بەو پەڕی هێزەوە هاوێژرابێت.[١٨٢]

**(٧٣)**

ئەوان (فرەوەشیی ئارامگرتووی چاک و پاک و بەتوانای ئەشەڤەنەکان)، دەر دەکەون.. خۆیان پێشاندەدەن و ئامادەی ئەوە دەبن تێبگەن و بزانن کە:

_ کێ ستایشمان دەکات؟

کێ سروودی ستایشمان بۆ دەڵێتەوە و دڵخۆشمان دەکات؟

کێ بە دەستی پڕ.. بە شیرو پۆشاک و بەو نزرانەی کە خاوەنەکەیان دەگەیەننە دڵاوایی ئەشە، پێشوازیمان لێدەکات؟

ناوی کام لە ئێمە دەهێنن؟

ستایشی گیانی کاممان دەکەن؟

ئەو نزرانە بە کام لە ئێمە دەبەخشن تا خۆراکی لەبننەهاتووی جاویدانی پێ ببەخشین؟

**(٧٤)**

ستایشی سرشتە مەزداییەکان دەکەین،

ستایشی دینی سوشیانتەکان دەکەین،[١٨٣]

ستایشی گیانی گیاندارە بەسوودەکان دەکەین،

ستایشی ڕۆحی گیاندارە خاکییەکان دەکەین،

ستایشی ڕۆحی گیاندارە ئاوییەکان دەکەین،

ستایشی ڕۆحی خشۆکەکان دەکەین،
ستایشی ڕۆحی باڵندەکان دەکەین،
ستایشی ڕۆحی ئەو ئاژەڵانە دەکەین کە دەلەوەڕێن،
ستایشی فرەوەشیی سەرجەم گیانداران دەکەین.[١٨٤]

**(٧٥)**

ستایشی فرەوەشییەکان دەکەین... ستایشی جوامێرەکان دەکەین،
ستایشی دلێرو دلێرترینەکان دەکەین،
ستایشی ئەشەڤەن و ئەشەڤەنترینەکان دەکەین،
ستایشی بەهێزو بەهێزترینەکان دەکەین،
ستایشی خۆڕاگرو خۆڕاگرترینەکان دەکەین،
ستایشی بە توانا و بەتواناترینەکان دەکەین،
ستایشی چالاک و چالاکترینەکان دەکەین،
ستایشی (تۆخشا) و تۆخشاترینەکان دەکەین.[١٨٥]

**(٧٦)**

فرەوەشیی چاک و پاک و بە توانای ئەشەڤەنەکان تێکۆشەرترین ئافەریدەکانی هەردوو جیهانن کە پێشتر، واتە پێش ئەفراندنی سپەندمینوو و ئەنگەرە مینوو، بە شۆرو شەوقەوە ڕابوون و هەستاون.

**(٧٧)**

کاتێ کە ئەنگەرەمینوو دەستی کردە (پەتیارەیی) لەگەڵ ئافرانی چاکی ئەشەدا، ئەوا (بەهمەن) و (ئازەر) هەستانەوە.[١٨٦]

(٧٨)

ئەوان، شەڕو بەڵاو مسیبەتی ئەنگەرەمینووی ناپاکیان وا پووچەڵ کردەوە کە ئیدی نەیتوانی پێش بە ڕۆیینی ئاوەکان و ڕووانی گیاکان بگرێت.

ئاوە بەخوڕەکانی پەروەردگاری بەتواناو بێوێنە، ئاهوورامەزدا، بە بێ وەستان کەوتنە ڕێ و گیاکان چەکەرەیان کردو ڕوان.

(٧٩)

ستایشی هەموو ئاوەکان دەکەین،

ستایشی هەموو گیاکان دەکەین،

ستایشی سەرجەم فرەوەشیی چاک و پاک و بە توانای ئەشەڤەنەکان دەکەین،

ناوی ئاوەکان دێنین و ستایشیان دەکەین،

ناوی گیاکان دێنین و ستایشیان دەکەین،

ناوی فرەوەشیی چاک و پاک و بەتوانای ئەشەڤەنەکان دێنین و ستایشیان دەکەین.

(٨٠)

نووکە، لە ناو سەرجەم فرەوەشییە ئەزەلییەکاندا، ستایشی فرەوەشیی مەزدا دەکەین کە مەزنترین و چاکترین و جوانترین و لەسەرخۆترین و وشیارترین و بەگوڕترین و پایەبڵندترین ئەشەڤەنی هەرهەموو مینوویەکانە.

(٨١)

..... کە گیانی ڕووناک و درەوشاوەی ئەو، مەنسەرەیە و ئەو پەیکەرانەی هەڵیاندەبژێرێت، جوانترین و مەزنترین پەیکەری ئەمشاسپەندەکانن.

ستایشی هەتاوی تیژپەڕ دەکەین.

## کردەی بیست و سێیەم

**(٨٢)**

ستایشی فرەوەشیی..... ئەشەڤەنەکان دەکەین،

ستایشی ئەمشاسپەندەکان: شەهریارە تیژبینە بەژن بڵندە دلێرە هەرە بەهێزە ئاهوورایییەکان دەکەین کە هێژا نەمرەکانن .......

**(٨٣)**

..... کە هەر حەوتەکەیان وەک یەک بیر دەکەنەوە.. کە هەر حەوتیان وەک یەک دەئاخفن.. کە هەر حەوتیان وەک یەک دەجووڵێنەوە.. کە لە بیرو زمان و کردەوەدا یەکسان و وەک یەکن و هەموویشیان یەک باوک و یەک سەروەریان هەیە: ئەهوورەمەزدا.(١٨٧)

**(٨٤)**

هەر یەکە لەوان، دەتوانێ گیانی ئەویتر ببینێ کاتێ خەریکی بیری چاک و پەیڤی چاک و کردەی چاک بێت و بیر لە (گەرەزمان) بکاتەوە.١٨٨

ڕێگای ئەوان، ئەوکاتەی بەرەو نزرکردنی زەور هەڵدەفڕن، ڕووناکە.

## کردەی بیستوچوارەم

**(٨٥)**

ستایشی فرەوەشیی..... ئەشەڤەنەکان دەکەین،

ستایشی فرەوەشیی ئازەری (ئورڤازیەشت)ی پاکی ئەنجومەنی و فرەوەشیی پارێزکاری دلێری (تەن مەنسەرە)ی پڕچەکی ئاهوورایی و فرەوەشیی (نەریوسەنگ) دەکەین.(١٨٩)

**(٨٦)**

ستایشی فرەوەشیی ڕەشنی ڕاستترین و میهری بەرینی ژینگە و مەنسەرەی هێژا و ئاسمان و ئاوو زەوی و گیا و گیاندارو (گیە) و هەردوو جیهانی ئەشەڤەن دەکەین.[١٩٠]

**(٨٧)**

ستایشی فرەوەشیی (کەیومەرت)ی ئەشەڤەن دەکەین[١٩١]، یەکەمین کەسێک کە گوێی دایە پەیڤ و ڕاهێنانەکانی ئەهوورامەزدا.. یەکەمین کەس کە بنەماڵە و خێزانی سەرزەمینە ئێرانییەکان و نەژادی ئاری لەوەوە دروست بوو.

هەنووکە، ستایشی بەخشندەیی و فرەوەشیی زەردەشتی سپیتمانی ئەشەڤەن دەکەین..

**(٨٨)**

... یەکەمین کەسێک کە چاک بیری کردەوە.. یەکەمین کەس کە چاک پەیڤی.. یەکەمین کەسێک کە چاک جووڵایەوە و کردەوەی چاکی لێ وەشایەوە.. یەکەمین (ئاتوربان).. یەکەمین (ئەرتەشتار).. یەکەمین (بەرزیگەر)ی ئاژەڵپەروەر.. یەکەمین کەسێک کە فێر بوو.. یەکەمین کەسێک کە فێرکاری و ڕاهێنانی هێنایە گۆڕێ.. یەکەمین کەسێک کە گیاندارو ئەشە و مەنسەرەی هێژا و فەرمانبەریی مەنسەرەی هێژا و شەهریاریی مینوویی و سەرجەم سرشتە چاکە مەزداییەکانی کە هەموویان هیی ئەشەن، ناسین و بۆ خۆی هەڵیبژاردن...[١٩٢]

**(٨٩)**

... یەکەمین ئاتوربان.. یەکەمین ئەرتەشتار.. یەکەمین بەرزیگەری ئاژەڵپەروەر.. یەکەمین کەسێک کە ڕووی لە دێو وەرگێڕا و خەڵکی پەروەرە کرد..

یەکەمین کەسێک کە لە جیهانی خاکیدا نوێژێ (ئەشیم ڤوهوو...)ی کرد، تووکی لە دێوەکان ناو دڵشادو سەرفراز بوو کە مەزداپەرست، زەردەشتی، دژی دێو و ئەهوورایی (ڕەچەیە)ە.[١٩٣]

**(٩٠)**

ئەو، یەکەمین کەسە کە لە جیهانی خاکیدا، ئەو پەیڤەی دەربڕی کە لە دینی ئەهوورەدایە و دژی دێوەکانە..

ئەو، یەکەمین کەسە لە جیهانی خاکیدا مزگێنیی گوتنی ئەو پەیڤەی دا کە لە دینی ئەهوورەدایە و دژی دێوەکانە..

ئەو، یەکەمین کەسە لە جیهانی خاکیدا کە ئەوەی سەربە دێوەکانە، هەمووی بە خراپ زانی و سەرکۆنەی کرد و دژی وەستایەوە..

ئەو، پاڵەوانی ژیانی شادو یەکەمین مامۆستای سەرزەوییەکانە.

**(٩١)**

بە هۆی ئەوەوە، سەرجەم مەنسەرەی هێژا کە لە سروودی (ئەشێم ڤوهوو...)دایە ئاشکرا بوو...

ئەوە سەروەرو ڕێبەری جیهانی و سەروەرو ڕێبەری ڕۆحیی گێتی...

ئەوە ستایشکاری ئەشە کە چاکترین و مەزنترین و پاکترینی سرشتەکانە...

ئەوە پەیامهێنەری دینێک کە باشترینی هەموو دینەکانە...

**(٩٢)**

هەر ئەوە کە سەرجەم ئەمشاسپەندەکان، هاوڕێ لەگەڵ هەتاودا، بە خواستی خۆیان و پڕ بەدڵ و بە بڕوای تەواو، ئەویان بە ڕێبەری جیهانی و ڕۆحی گێتی زانی و هەرواش بە چاکترین ستایشکاری ئەشەیان ناودێر کرد کە مەزنترین و چاکترین سرشتە و هەرواش بە پەیامبەری دینێکیان زانی کە چاکترینی هەرهەموو دینەکانە.

(٩٣)

کاتی لەدایکبوونی ئەو، گیا و ئاوەکان شادمان بوون،
کاتی لەدایکبوونی ئەو، گیاکان ڕوان و ئاوەکان ڕەوان بوون،
کاتی لەدایکبوونی ئەو، سەرجەم ئافەریدەکانی سپەندمینوو، مزگێنیی ڕزگارییان بە خۆیان دا:

(٩٤)

ـ خۆشی لە خۆمان و سەردەمەکەمان، هەنووکە ئاتوبانێک لە دایک بوو: سپیتمان زەردەشت..
لەمەو دوا، زەردەشت بە نزری زەور و بەرسەمەوە ستایش دەکات.
لەمەودوا، دینی چاکی مەزدا لەهەر حەوت وڵاتدا بڵاو دەبێتەوە...

(٩٥)

لەمەودوا، میهری بەرینی ژینگە، هێز بە فەرمانڕەواکانمان دەبەخشێت و پشێوییەکان لەنێو دەبات..
لەمەودوا، (ئەپەم نەبات)ی بەهێز، هێز دەبەخشێتە فەمانڕەواکانمان و یاخییەکان سەرکوت دەکات.
هەنووکە ستایشی ئەشەڤەنی و فرەوەشیی (مەیدیوما)ی ئەشەڤەن، کوڕی (ئاڕاستی) دەکەین کە یەکەمجار گوێی لە پەیڤ و ڕاهێنانەکانی زەردەشت گرت(١٩٤)

(٩٦)

ستایشی فرەوەشیی.......................................(١٩٥)

## کردەی سی و یەکەم

**(١٤٣)**

ستایشی فرەوەشیی پیاوە ئەشەڤەنەکانی سەرزەوییە ئێرانییەکان دەکەین،
ستایشی فرەوەشیی ژنە ئەشەڤەنەکانی سەرزەوییە ئێرانییەکان دەکەین،
ستایشی فرەوەشیی پیاوە ئەشەڤەنەکانی سەرزەوییە تۆرانییەکان دەکەین،
ستایشی فرەوەشیی ژنە ئەشەڤەنەکانی سەرزەوییە تۆرانییەکان دەکەین،
ستایشی فرەوەشیی پیاوە ئەشەڤەنەکانی سەرزەوییەکانی (سەیریەم) دەکەین،
ستایشی فرەوەشیی ژنە ئەشەڤەنەکانی سەرزەویی (سەیریەم) دەکەین.

**(١٤٤)**

ستایشی فرەوەشیی پیاوە ئەشەڤەنەکانی سەرزەویی (ساینی) دەکەین،
ستایشی فرەوەشیی ژنە ئەشەڤەنەکانی سەرزەویی ساینی دەکەین،
ستایشی فرەوەشیی پیاوە ئەشەڤەنەکانی سەرزەویی (داهی) دەکەین،
ستایشی فرەوەشیی ژنە ئەشەڤەنەکانی سەرزەویی داهی دەکەین.[١٩٦]

**(١٤٥)**

ستایشی فرەوەشیی پیاوە ئەشەڤەنەکانی هەموو سەرزەوییەکان دەکەین،
ستایشی فرەوەشیی ژنە ئەشەڤەنەکانی هەموو سەرزەوییەکان دەکەین،
ستایشی سەرجەم فرەوەشیی چاک و پاک و بەتوانای ئەشەڤەنەکان دەکەین لە کەیومەرزەوە تا سوشیانتی پیرۆز.

**(١٤٦)**

دەخوازین فرەوەشیی چاکان، بەمزوانە لێرەدا بگەنە لامان،

دەخوازین ئەوان یاریدەمان بدەن،

دەخوازین، کاتێ دەکەوینە تەنگانەوە، بە پاڵپشتیی ئاشکرای خۆیانەوە بمانپارێزن، بە پاڵپشتێکی وەک مەزدائەهوورە و سرووشی پارێزکاری بەتوانا و مەنسەرەی هێزا، ئەو شالیارە دژە دێوە کە لە لایەن مەزدائەهوورەی دژە دێوەوەیە کە زەردەشتی بۆ پەنا و پشتیوانیی جیهانی خاکی نارد.

**(١٤٧)**

ئەی فرەوەشیی ئەشەڤەنەکان.. ئەی چاکان.. ئەی ئاوەکان.. ئەی گیاکان..

شادمان و بەڕێز، بێنە ئەم ماڵەوە و تێیدا بمێننەوە و ئاسوودە بن.

ئەی بەتواناکان.. ئەی بەتواناترینەکان..

لێرەدا، ئاتوربانەکانی وڵات، کە بەپێی ئەشە بیر دەکەنەوە، دەستەکانیان بۆ ستایشی ئێوە و بۆ داوای یارمەتیدانی ئێمە هەڵبڕیون.

**(١٤٨)**

هەنووکە، ستایشی فرەوەشیی سەرجەم ئەشەڤەن پیاوان و ئەشەڤەن ژنان دەکەین کە گیانیان شایستەی ستایش و فرەوەشییەکانیان شایانی دادخوازین..

هەنووکە، ستایشی فرەوەشیی سەرجەم پیاوان و ژنانی ئەشەڤەن دەکەین، فرەوەشیی ئەوانەی کە ئەهوورەمەزدا پاداشتی ستایشگەرەکانیان دەکات..

ئێمە لەومان بیست کە خۆی یەکەمین و چاکترین مامۆستای دینی ئاهوورابییە.[١٩٧]

(١٤٩)

هەنووکە، ئێمە ستایشی گیان و دین و بۆن و ڕۆح و فرەوەشیی یەکەمین مامۆستایان و یەکەمین پەیڕەوانی دین، واتە ئەو ژن و پیاوە ئەشەڤەنانە دەکەین کە بوونە هۆکاری سەرکەوتنی ئەشە.

هەنووکە، ئێمە ستایشی گیان و دین و بۆن و ڕۆح و فرەوەشیی پەیامهێنەرانی دین دەکەین، ئەو...... (دووبارەی ڕستەی کۆتایی بڕگەی پێشوو).

(١٥٠)

ستایشی مامۆستایانی دین دەکەین کە پێشتر لەم خانەدان و گوند و شارو وڵاتەدا بوون،

ستایشی مامۆستایانی دین دەکەین کە ئێستا لەم خانەدان و گوند و شارو وڵاتەدان،

ستایشی مامۆستایانی دین دەکەین کە دواتر لەم خانەدان و گوند و شارو وڵاتەدا دەبن.

(١٥١)

ستایشی مامۆستایانی دین دەکەین کە لە خانەدان و گوند و شارو وڵاتەکاندا گەیشتنە کامەرانی بۆ بنیاتنانی ماڵ و گوند و شارو وڵات.. کە کامەران بوون بە ئەشە.. کە کامەران بوون بە مەنسەرەی هێزا.. کە کامەران بوون بە ئازادیی گیان و بە بەهرەمەندی لە تێکڕای خۆشییەکان.

(١٥٢)

ستایشی زەردەشت، ڕێبەری جیهانی و ڕۆحی و یەکەمین مامۆستای دین لە هەموو جیهانی خاکی دەکەین کە چاکەخوازترین ئافەریدە.. چاکترین پێشەوای

ئەفرێنراوەکان.. بەشکۆترین ئافەریدە.. بە فەڕترین ئافەریدە.. شایستەترین ئافەریدە بۆ ستایش.. شایستەترین ئافەریدە کە خۆشنوودیی ئەو بە دڵ بخوازرێت.. لای هەمووو ئەفرێنراوەکان هێژاترین و ستایشکراوو شایانی ستایش و نیایشێکە کە بە باشترین ئەشەوە گوترابێت.

(١٥٣)

ستایشی ئەم زەوییە دەکەین،

ستایشی ئەم ئاسمانە دەکەین،

ستایشی هەموو ئەو شتە چاکانە دەکەین کە شایستەی ستایش و سزاواری نیایشی خەڵکی ئەشەڤەنن.

(١٥٤)

ستایشی گیانی گیاندارە بەسوودەکانی دەشت و سارا دەکەین،

نووکە، ستایشی گیانی ژن و پیاوی ئەشەڤەن دەکەین لە هەرکوێ بووبن، ئەو ژن و پیاوە ئەشەڤەنانەی کە بە دینی چاکی خۆیان بۆ سەرکەوتنی ئەشە هەوڵیان داوە و لە هەوڵدان و لە هەوڵدا دەبن.

(١٥٥)

ستایشی گیان و بۆن و دین و ڕۆح و فرەوەشیی ئەو ژن و پیاوە ئەشەڤەنانە دەکەین کە دینئاگاو پیرۆز بوونە و هەن و دەشبن، ئەوانەی کە سەرکەوتنیان بۆ ئەشە مسۆگەر کرد.

" یەنگهە هاتام..."

" یەسە ئەهوو ڤەیریۆ..."

**(١٥٦)**

خوازیارین کە فرەوەشیی بەتوانا و چاک و پیرۆزی ئەشەڤەنەکان و فرەوەشیی یەکەمین مامۆستایانی دین و فرەوەشیی پەیامهێنەرانی دینی چاک، بە شادمانی و دڵخۆشییەوە بگەنە ئەم خانەدانە.

**(١٥٧)**

دەخوازین فرەوەشییەکان لەم خانەدانەدا دڵخۆش بن و پاداشتی چاک و لێخۆشبوونی تەواومان بۆ بخوازن.

دەخوازین، ئەوان بە دڵی شاد و خۆشنوود لەم خانەدانە بچنە دەرەوە.

خوازیارین ئەوان سرووتە هێژاکان و بۆنە ئاینییەکانی ستایش و نیایشی ئێمە بگەیەننە ئەهوورەمەزدا و ئەمشاسپەندان.

ناخوازین ئەوان بە گلەیی لە ئێمەی مەزداپەرست، لەم خانەدانە دوور بکەونەوە.

**(١٥٨)**

" یەسە ئەهووڤەیریۆ..."

درووود ئاراستەی فرەوەشیی بە توانای ئەشەڤەنەکان و یەکەمین مامۆستایانی دین و پەیامهێنەرانی دین دەکەین،

" ئەشێم ڤوهوو..."

" ئەهمائی ڕەئێشچە...": فەڕو شکۆ.. تەندروستی.. گوڕی جەستە.. پیرۆزیی جەستە.. خواستی ئاسایشبەخش.. مندالّی لێزان و لێهاتوو.. ژیانی دوورودرێژ.. چاکترین ژینی ئەشەڤەنی و ڕووناکیی ئاسانیبەخش، هەمووی بۆ ئەوو شیاوی ئەون....

# چواردەهەم

## بارام (بەهرام) یەشت:...[١٩٨]

## کردەی یەکەم

**(١)**

ستایشی بەهرامی ئەهوورەئافەریدە دەکەین.

زەردەشت لە ئاهوورامەزدای پرسیی:

ئەی ئەهوورەمەزدا.. ئەی پیرۆزترین ڕۆح.. ئەی داداری جیهانی خاکی.. ئەی ئەشەڤەنترین..

کام لە ئیزەدە مینوییەکان (زیناوەند)ترە؟[١٩٩]

ئاهوورامەزدا فەرمووی:

ئەی سپیتمان زەردەشت

ئەو ئیزەدە مینووییە، هەمان بەهرامی ئەهوورە ئافەریدەیە.

**(٢)**

بەهرامی ئەهوورە ئافەریدە، یەکەمجار، لە شێوەی (با)یەکی توندی مەزدائافەریدەدا، بەرەولای ئەو جوولاّو فەڕی مەزدائافەریدە.. فەڕی چاکی مەزدا ئافەریدە و دەرمان و هێزی هێنا.[٢٠٠]

**(٣)**

ئینجا بەهرامی ئەهوورەئافەریدەی زۆر بەهێز پێی گوت:

من، بەهێزترین و سەرکەوتووترین و بە فەڕترین و چاکترین و بەسوودترین و دەرمانبەخشترینی ئافەریدەکانم.

**(٤)**

من، ستیهەندەیی، ستیهەندەیی هەموو دوژمنان تێک دەشکێنم، هەموو دوژمنان: چ جادووگەران و چ پەرییەکان و چ کەوی و چ کەرپەنەکان.[٢٠١]

**(٥)**

بۆ فەڕو شکۆی، من ستایشی ئەو، بەهرامی مەزدائافەریدە دەکەم بە هۆی نوێژێکەوە بە دەنگی بەرز.

ستایشی بەهرامی مەزدائافەریدە دەکەین بە شێوازی یەکەمین سرووتی ئایینی ئەهوورا، بە هەومی ئاوێتەی شیر، بە بەرسەم، بە زمانی ئاوەز (مەنسەرە)، بە بیرو زمان و کردەی چاک، بە زەورەوەو بە دەنگی بڵند.

" یەنگهە هاتەم..."

### کردەی دووەم

**(٦)**

ستایشی بەهرامی ئەهوورەئافەریدە دەکەین.

زەردەشت لە ئەهوورەمەزدای پرسیی:

ئەی ئەهوورەمەزدا.. ئەی پیرۆزترین ڕۆح.. ئەی داداری جیهانی خاکی.. ئەی ئەشەڤەنترین...

........................ (دووبارەی بڕگەی یەکەمی کردەی یەکەم)

**(٧)**

بەهرامی ئەهوورەئافەریدە، بۆ جاری دووەم، لە قەڵافەتی (وەرزا)یەکی جوانی شاخ زێڕیندا بەرەو لای هات، بەسەر شاخەکانیەوە (ئەمە)ی چاک ئەفرێنراوی (بورزمەند) دەبینرا،[٢٠٢]

بەهرامی ئەهوورەئافەریدە ئاوەها دەرکەوت.
بۆ فەڕو شکۆی.......
.................(دووبارەی دوایین بڕگەی کردەی یەکەم)
" یەنگهە هاتام..."

## کردەی سێیەم

**(٨)**

ستایشی ........
زەردەشت لە..................
.............................................

**(٩)**

بەهرامی ئەهوورەئافەریدە، بۆ جاری سێیەم، لە بیچمی ئەسپێکی سپیی جوانی یاڵ زەردی لەغاو زێڕیندا بەرەولای هات، بە نێوچەوانیەوە (ئەمە)ی چاک ئەفرێنراو دەبینرا..
بەهرامی ئەهوورەئافەریدە ئاوا دەرکەوت.
بۆ فەڕو شکۆی.......
......................................
"یەنگهە هاتام..."

## کردەی چوارەم

**(١٠)**

ستایشی بەهرامی............ دەکەین
زەردەشت لە.......................
..........................................

**(١١)**

بەهرامی ئەهوورەئافەریدە بۆ جاری چوارەم بە شێوازی وشترێکی سەرشێتی گازگیری تەراتێنکەر بەرەولای هات کە کوڵکەکەی بۆ جلوبەرگی خەڵک دەشێت....

**(١٢)**

... وشترێک، کە لە نێو نێرەکاندا کاتێ ڕوولە مێینەیەک دەکات، حەزێکی لە ڕادەبەدەری لێ دەچۆڕێت، (ئەو وشترە مێیانەی لە پەنای نێرێکدا بن، ئاسوودەترن)..

... وشترێک کە شانەکانی پڕ هێزو کۆپارەکەی زۆرەو سەرو چاوێکی وشیاری هەیە..

.. وشترێکی بە هێزو شکۆ...

**(١٣)**

... وشترێکی ڕەنگ ڕۆشنکە، چاوە تیژەکانی لە تاریکەشەودا دەدرۆشێنەوە.. کە کەفی سپی لە دەمیەوە دەچۆڕێت.. کە بەسەر پێیە خۆڕاگرەکانیەوە وەستاوەو وەک پاڵەوانێک سەیری چواردەوری خۆی دەکات.

بەهرامی ئەهوورەئافەریدە ئاوا دەرکەوت.

بۆ فەڕو شکۆی......................

..................................

"یەنگهە هاتام..."

## كردەی پێنجەم

(١٤)

ستایشی بەهرامی......................
زەردەشت لە............................
...........................................................

(١٥)

بەهرامی ئەهوورەئافەریدە بۆ جاری پێنجەم لە قەڵافەتی بەرازێکی نێری چنگتیژو کەڵبەتیژ بەرەو لای هات...
............. بەرازێک، کە بە یەک گاز دەکوژێت.. بەرازێکی تووڕە کە کەس نەتوانێ توخنی بکەوێت.. بەرازێکی ئازا بە کەپووی خاڵخاڵەوە کە ئامادەی جەنگ و هەڵمەت بردنە.

بەهرامی ئەهوورەئافەریدە ئاوا دەرکەوت
بۆ فەڕو شکۆی......................
..............................................
" یەنگهە هاتام..."

## کردەی شەشەم

(١٦)

ستایشی بەهرامی..................
زەردەشت لە.....................
.......................................

**(١٧)**

بەهرامی ئەهوورەئافەریدە بۆ جاری شەشەم لە سیمای گەنجێکی پازدەساڵەی درەوشاوەی چاو ڕۆشنی جوان، بە سەر دوو پاژنەی بچووکەوە بەرەو لای هات.

بەهرامی ئەهوورەئافەریدە ئاوا دەرکەوت

بۆ فەڕو شکۆی.....................

..............................................

"یەنگهە هاتام..."

**کردەی حەوتەم**

**(١٨)**

ستایشی بەهرامی................

زەردەشت لە.........................

..........................................

**(١٩)**

بەهرامی................ بۆ حەوتەمینجار بە شێوازی (وارغنە)یەک کە نێچیرەکەی خۆی بە چڕنووک بگرێت و بە دەنووک هەڵیبدڕێ، بەرەولای هات..[٢٠٣]

... وارغنەیەک، کە لەنێو هەموو مەلاندا تیژباڵترین و لەنێو هەموو بەرزەفڕاندا بەرزەفڕترینیانە....

(٢٠)

... لەنێو هەموو گیانلەبەراندا تەنیا ئەو دەتوانێ خۆی لە تیرێکی هاوێژراو بپارێزێت، گەرچی ئەو تیرە زۆر بە چاکی هاوێژرابێت و بخولێتەوە...

ئەو، هەر لە بەرەبەری سپێدەوە بە دوو شابالّی ڕازاوەوە هەڵدەفڕێت و تا ئێوارە بەدوای خواردندا دەسووڕێتەوە...

(٢١)

ئەوە کە لە دۆڵە باریکەکانی کوێستاندا شابالّ لێکبدات... کە بەسەر لووتکەی کێوەکانەوە لە شەقەی شابالّ بدات.. کە لە قووڵایی شیوەکان و لەنێو ڕووبارەکاندا شابالّ لێکبدات.. کە لەسەر شاخ و بەرگ و لقوپۆی درەختەکانەوە شابالّ لێکبدات و گوێ بۆ جریوەی مەلان ڕادێرێت.

بەهرامی.... ئاوا دەرکەوت

بۆ فەڕو شکۆی.................

.................................................

"یەنگهە هاتام..."

## کردەی هەشتەم

(٢٢)

ستایشی بەهرامی.................

زەردەشت لە.............................

.....................................

(٢٣)

بەهرامی ئەهوورەئافەریدە بۆ جاری هەشتەم، لە قەڵافەتی بەرانێکی جوان بە شاخی پێچەڵاوپێچەوە بەرەولای هات.

بەهرامی.......................

بۆ فەڕو شکۆی..................

....................................

"یەنگهەهاتام...."

## کردەی نۆیەم

(٢٤)

ستایشی بەهرامی...................

زەردەشت لە............................

...............................

(٢٥)

بەهرامی.................. بۆ نۆیەمینجار بە سەکوتی بزنێکی (گۆشتن)ی زۆر جوان بە شاخی نووکتیژەوە بەرەولای هات.[٢٠٤]

بەهرامی............................

بۆ فەڕو شکۆی..........................

..............................

" یەنگهە هاتەم..."

## کردەی دەیەم

**(٢٦)**

ستایشی بەهرامی...............

زەردەشت لە......................

.......................

**(٢٧)**

بەهرامی................... بۆ دەیەمینجار لە قەڵافەتی پیاوێکی (ڕایومەند)ی[٢٠٥] جوانی مەزدا ئافەریدەدا کە خەنجەرێکی لە زێڕ دروستکراوی بە هەمەجۆر زێڕی گرانبایی ڕازاوەی لە کەمەردا بوو، بەرەولای هات.

بەهرامی................

بۆ فەڕو شکۆی....................

..............................

" یەنگهە هاتەم..."

## کردەی یازدەهەم

**(٢٨)**

ستایشی بەهرامی ئەهوورەئافەریدە دەکەین کە ئازایەتی دەبەخشێتە پیاوەکان.. کە بەدخوازان لەنێو دەبات.. کە جیهان نوێ دەکاتەوە.. کە ئاشتەوایی چاک بە جەماوەر دەبەخشێت و بەختەوەریان دەکات.

زەردەشتی ئەشەڤەن، بۆ سەرکەوتن لە ئەندێشە و زمان و کرداری چاک.. بۆ سەرکەوتن لە پرسیارو وڵامدا، نوێژی بۆ کرد.

**(٢٩)**

بەهرامی ئەهوورەئافەریدە، تۆوی (پیتاندن) و هێزی بازووو تەندروستی و خۆڕاگریی جەستەیی بەو بەخشی.. ئاوا هێزێکی بینایی دایە کە مەگەر هەر ماسیی (کەرە) لە ئاوودا هەیبێ، بەجۆرێک کە وردە شەپۆلێکی وەک موو باریک لە ڕووباری (ڕەنگان/ڕەنگها)ی بێسنووردا، لە قوولایی بەژنی هەزار پیاو ببینێت.[٢٠٦]

بۆ فەڕو شکۆی.................

.................................

" یەنگهە هاتەم...."

### کردەی دوازدەهەم

**(٣٠)**

ستایشی بەهرامی.....................

(دووبارەی برگەی سەرەتایی بەشی (٢٩)

زەردەشتی ئەشەڤەن، بۆ سەرکەوتن.........................

**(٣١)**

بەهرامی .........................

......................(دووبارەی بەخشینەکانی بەهرام بۆ زەردەشت)

ئاوا هێزێکی بینایی پێ بەخشی کە ئەسپێکی چاک هەیەتی، کە لە شەوێکی تاریکی بێ ئەستێرە و تەمومژاویدا دەتوانێ تاڵەمووی ئەسپێکی دی ببینێت و بیناسێتەوە کە ئایا هیی یاڵی ئەسپەکەیە یا هیی کلکی.

بۆ فەڕو شکۆی.......................

.................................

"یەنگهە هاتەم..."

## کردەی سێزدەهەم

**(٣٢)**

ستایشی بەهرامی.........................
زەردەشتی ئەشەڤەن بۆ سەرکەوتن...........................

**(٣٣)**

بەهرامی.....................
ئـاوا بینـاییـەکـی پـێ بـەخشـی کـە هـەڵـۆ هـەیـەتـی و پارچـە گۆشـتێکی بچـووکی هێندەی مشتێک لە دوورایی نۆ وڵاتدا ببینێت و بیناسێتەوە، تەنانەت ئەگەر بەقەد سەرە دەرزییەکیشی لێ دیار بێت.
بۆ فەڕو شکۆی.........................
.......................
"یەنگهە هاتەم..."

## کردەی چواردەهەم

**(٣٤)**

ستایشی بەهرامی...................
زەردەشت لە ئاهوورەمەزدای پرسیی:
ئەی..............................
گەر هات و من لە جادووی خەڵکانی زۆر خراپ بێزار بووم، ڕێگەچارە چییە؟

(٣٥)

ئەهوورەمەزدا فەرمووی:

پەڕێک لە باڵی (وارغنە)ی شاباڵتیژ بدۆزەرەوە.. بە جەستەی خۆتیدا بسوو، تا بتوانی جادووی دوژمنان پووچەڵ بکەیتەوە.

(٣٦)

هەرکەس، ئێسک یا پەڕێکی بچووک لە باڵی ئەم باڵدارە مەزنەی پێ بێت، هیچ دوژمنێکی بەهێزیش ناتوانێ لە جێی خۆی بیجووڵێنێ یا بیکوژێت.

ئەو پەڕی (باڵداران باڵدارە) دەتوانێ پەنای بدات و بیپارێزێت و فەڕو مەزنێتیی زۆری پێ ببەخشێت.[٢٠٧]

(٣٧)

بەم چەشنە، فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداری وڵات، ئەو مرۆڤکوژە، دەکوژێت، بەڵام نەک سەد کەس بە جارێک.. ئەو، بە یەکجارەکی پیاوەکان ناکوژێت، بەڵکوو یەکە بە یەکە دەیانکوژێت و تێدەپەڕێت.

(٣٨)

بەڵام ئەو کەسەی کە ئەم (پەڕ)ەی پێیە، هەموانی لێ دەترسن، وەک چۆن دوژمنەکان لە من دەترسن.. هەر هەموو دوژمنەکان لەو گوڕوهێزە دەترسێن کە لە مندایە...[٢٠٨]

(٣٩)

... ئەو سەرکەوتنەی کە فەرمانڕەواکان ئاواتی بۆ دەخوازن، کە فەرمانڕەوازادەکان ئارەزووی دەکەن، کە (کاووس) بە ئاواتیەوە بوو...[٢٠٩]

............. ئەو سەرکەوتنەی کە هێزی ئەسپێکی لەگەڵە، کە هێزی وشترێکی سەرمەستی لەگەڵە، کە هێزی ئاوێکی (ناوتاک)ی لەگەڵە...[٢١٠]

**(٤٠)**

... ئەو سەرکەوتنەی کە (فەرەیدوون)ی دلێر هەیبوو، کەسێک کە (ئەژیدەهاک)ی سەرکوت کرد، ئەژیدەهاکی سێ قەپۆسی سێ سەری شەش چاو، ئەو خودان هەزار جۆر خراپەیە، ئەو دێوە هەرە بەهێزەی درۆ، ئەو درۆپەرستە زیانبەخشە بە جیهان، ئەو بەهێزترین درۆپەرستەی کە ئەهریمەن بۆ تێکدانی جیهانی ئەشەی ڕەوانە کرد.

بۆ فەڕو شکۆی.........................

..........................

" یەنگهە هاتام..."

## کردەی پازدەهەم

**(٤١)**

ستایشی بەهرامی.............

دەخوازین فەڕو شکۆی بەهرام ئەم ماڵە و ڕانەکەشی لەخۆ بگرێت، وەک چۆن سیمرخ و هەوری پڕباران کێوەکان لە خۆ دەگرن.

بۆ فەڕو شکۆی.........................

................................

"یەنگهە هاتەم..."

## کردەی شازدەهەم

**(٤٢)**

ستایشی بەهرامی.................

زەردەشت لە..............

.....................................

لە چ شوێنێک دەبێ ناوی بەهرامی ئەهوورەئافەریدە بەرن و داوای یارمەتیی لێبکەن؟

لە چ شوێنێک دەبێ ستایشی بکەن و نیایشی بۆ ئەنجام بدەن؟

**(٤٣)**

ئەهوورەمەزدا فەرمووی:

ئەی سپیتمان زەردەشت..

کاتێ دوو لەشکر ڕووبەڕووی یەک وەستان و ئامادەی جەنگ بوون، بەڵام پێشڕەوەکان نەگەیشتنە سەرکەوتنی یەکجارەکی و تێکشکاوەکانیش بە تەواوەتی شکستیان نەهێنا....

**(٤٤)**

.......... چوار پەڕ لە باڵی وارغنە بخەرە سەر ڕێی هەردوو لەشکر....

هەرکام لەو دوو لەشکرە کە یەکەمجار (زووتر) نزری پێشکەشی ئەمەی چاک و بەهرامی ئەهوورەئافەریدە کرد، ئەوا دەگاتە لووتکەی سەرکەوتن.

**(٤٥)**

دروود و ئافەرین دەنێرم بۆ (ئەمە) و بەهرامی ئەهوورەئافەریدە کە هەردووکیان پشتیوانن.. پاسەوانن.. پارێزەرن...

هەردوو لێرەو لەوێ دەفڕن.. هەردوو بەرەو بەرزایی دەفڕن.

**(٤٦)**

ئەی زەردەشت..

ئەم مەنسەرە هێژایە بە هیچکەس بێجگە لە باوک یا برا یا بە ئاتوربانی سەر بەو سێ لایەنە فێر مەکە...

ئەمە پەیڤێکە، بەهێزو کاریگەر.. بەهێزو بە دەم و زمانی کراوەوە گوتراو.. بەهێزو چارەبەجش...

ئەمە پەیڤێکە، کە سەری پەرێشان ئارام دەکاتەوەو زام و برین دەگەڕێنێتەوە بۆ خودی ئەو کەسەی کە کردوویەتی.

بۆ فەڕو شکۆی......................

.........................

" یەنگهە هاتەم..."

**کردەی حەفدەهەم**

**(٤٧)**

ستایشی بەهرامی ئەهوورەئافەریدە دەکەین کە لەگەڵ میهرو ڕەشندا دەچێتە نێو جەرگەی جەنگاوەران کە لە گۆڕەپانی جەنگدا ئامادەی هەڵمەت و هێرشن و لێیان دەپرسێت:

- کێ درۆپەرستە؟
- کێ ڕوو لە ڕەشن وەردەگێڕێت؟
- نەخۆشی و مەرگ بۆ کێ ئامادە بکەم؟ من کە دەتوانم وا بکەم.

**(٤٨)**

ئینجا ئەهوورەمەزدا فەرمووی:

ئەگەر جەماوەر، بەو جۆرەی کە شایستەیەتی، نزر پێشکەشی بەهرامی ئەهوورەئافەریدە بکەن و ستایشی بکەن و نیایشێکی شایانی بە پێی ئایینی چاکترین ئەشە بۆ ئەنجام بدەن، ئەوا هیچکات لافاو و نەخۆشیی (گەڕی) و (کەبەستە) و لەشکری جەنگاوەرانی دوژمن بە ئاڵای شەکاوەوە، ڕوولە سەرزەمینی ئاریایی ناکەن.[٢١١]

**(٤٩)**

زەردەشت پرسیی:

ئەی ئەهوورا..

کامەیە ستایش و نیایشی شایستەی بەهرامی ئەهوورەئافەریدە بە پێی ئایینی چاکترین ئەشە؟

**(٥٠)**

ئەهوورەمەزدا فەرمووی: پیاوانی سەرزەمینە ئێرانییەکان، دەبێ مەڕێکی یەک ڕەنگ، سپی یا ڕەش یا هەر ڕەنگێکی دی (بەڵام یەکڕەنگ) بکەنە نزری ئەو.[٢١٢]

**(٥١)**

نابێ هیچ بەشێک لەو نزرە بگاتە ڕێگر یا ژنی خراپ (سۆزانی) یا نائەشەڤەنێک کە (گاتا)کان ناڵێتەوە و تێکدەری ژیان و بشێونەی دینی ئاهوورایی زەردەشتە.

(٥٢)

ئەگەر لەو نزرە، شتێک بگاتە ڕێگر یا ژنی خراپ (سۆزانی) یا ئەو نائەشەڤەنەی کە گاتاکان نالێتەوەو تێکدەری ژیان و بشێونی دینی ئاهوورایی زەردەشتن، ئەوا بەهرامی ئەهوورەئافەریدە، دەرمان و یارمەتییەکەی دەبڕێت...

(٥٣)

.... بەوپێیەش، لەناکاو لافاوێک هەموو سەرزەوییە ئێرانییەکان دادەگرێت... لە ناکاو لەشکری دوژمن ڕوویان تێدەکا... لەناکاو سەرزەمینە ئێرانییەکان تێکدەشکێن: پەنجا.. سەدان.. هەزاران.. دەیان و سەدان و هەزاران هەزار.

(٥٤)

لەوکاتەشدا ئەو هاوار دەکات:

هۆ خەڵکێنە..

ئایا لەم دەمەدا کە دێوەکانی (ویامبوەر) و خەڵکی دێوپەرست خوێن دەڕێژن و لافاوی خوێن هەڵدەستێنن، بەهرامی ئەهوورەئافەریدە و (گوش ئەورڤەنە) شایستەی ستایش و نیایش نین؟[٢١٣]

(٥٥)

لەم کاتەدا کە دێوەکانی ویامبوەرو خەڵکی دێوپەرست گیای (هەپرێسی) و وشکەداری (نەمێزەکە) دەخەنە ئاگرەوە.[٢١٤]

**(٥٦)**

لەم ساتەوەختەدا کە دێوەکانی ویامبوەرو خەڵکی دێوپەرست پشتی گا دەچەمێننەوە و دەیشکێنن و لەسەر زەوی پاڵی دەخەن، وەک بڵێی بیکوژن، بەڵام نایکوژن...

لەم ئانوساتەدا کە دێوەکانی ویامبوەرو خەڵکی دێوپەرست گوێی ئەو گایە لوول دەدەن و چاوەکانی دەردەهێنن....[٢١٥]

بۆ فەڕو شکۆی........................................

....................................

" یەنگهە هاتەم..."

**کردەی هەژدەهەم**

**(٥٧)**

ستایشی بەهرامی ئەهوورە ئافەریدە دەکەین

باوەش بە هەومی دوورخەرەوەی مەرگدا دەکەم

باوەش بە هەومی پیرۆزدا دەکەم

ئامێزم بۆ پاسەوانی چاک والا دەکەم

پارێزەری جەستە لە ئامێز دەگرم.

کەسێک کە چڵێک هەومی بە دەستەوە بێت و پێی بێت، لە جەنگدا لە مەترسی و هەڕەشەی دوژمن دەپارێزرێت.

**(٥٨)**

بـۆ ئـەوەی مـن ئـەم لـەشـکرە تێکبشـکێنم.. بـۆ ئـەوەی مـن ئـەم لـەشـکرە بـەتـەواوەتـی بۆڕ بـدەم.. بـۆ ئـەوەی مـن ئـەم لـەشـکرە تێکبشـکێنم کـە بـە دوامـدا دێت....

بۆ فەڕو شکۆی...............

..........................

" یەنگهە هاتام..."

**کردەی نۆزدەهەم**

**(٥٩)**

ستایشی بەهرامی.......

ئـەو بـەردەی کـە هیـی (سـیغۆئیرە)یـە، حـاکمزادەیـەک لـە خـۆ دەگرێـت.. دە هەزار حاکمزادە، ئەو خودان ناوبانگەی هێزو پیرۆزی لە خۆ دەگرن...

**(٦٠)**

... بـۆ ئـەوەی، مـن، وەک هـەرهـەموو ئێرانییـەکـانی دی، سـەرکـەوتنـی مـەزن بەدەسبێنم

بۆ ئەوەی من ئەم لەشکرە بۆڕ بدەم

بۆ ئەوەی من، ئەم لەشکرە تێکبشکێنم کە بەدوامدا دێت.

بۆ فەڕو شکۆی....................

...........................

" یەنگهە هاتام..."

## کردەی بیستەم

**(٦١)**

ستایشی بەهرامی ئەهوورەئافەریدە دەکەین
" یەسە ئەهوو ڤەیریو..."
هێز بۆ گێتی.. درووود بۆ گێتی.. زمانی شیرین و قسەی نەرم بۆ گێتی... پیرۆزی بۆ گێتی... فراوانی بۆ گێتی... ئاوەدانی بۆ گێتی...
" پێویستە بۆ ئاوەدانیی جیهان تێبکۆشین و گێتی بەدروستی بپارێزین و بەرەو رووناکایی بەرین(٢١٦)
بۆ فەڕو شکۆی...............
...............................
" یەنگهە هاتام..."

## کردەی بیست و یەکەم

**(٦٢)**

ستایشی بەهرامی ئەهوورە ئافەریدە دەکەین کە ڕیزی سوپای دوژمن تێکوپێک دەدات.. کە ڕیزی سوپای دوژمن دەشێوێنێ.. کە ڕیزی سوپای دوژمن دەخاتە تەنگانەوە... کە ڕیزی سوپای دوژمن پەرێشان دەکات... کە ڕیزی سوپای دوژمن بە تەواوەتی تەفروتوونا دەکات.. کە ڕیزی سوپای دوژمن تێکدەدات و پەرێشانی دەکات و لەنێوی دەبات.

بەهرامی ئەهوورەئافەریدە ڕیزی سوپای دوژمن و دێوەکان و خەڵکی دێوپەرست و جادووکاران و کەوی و کەرەپەستەمکارەکان وا لێدەکات.
بۆ فەڕوشکۆی...................
...............................
" یەنگهەهاتام..."

## کردەی بیست و دووەم

**(٦٣)**

ستایشی بەهرامی................. دەکەین، کاتێ کە بەهرامی........ لە ڕیزی ڕاچەنیوی چەنگاوەرانی گوندە پێکبەستراوەکانماندا دەستی درۆپەرستان لە پشتەوە دەبەستێت.. چاویان دادەخات.. گوێیان کەڕ دەکات.. بە چەشنێک کە کەسیان نەتوانێ هەنگاو بنێت و خۆی ڕابگرێت"[٢١٧]

بۆ فەڕوشکۆی................

...................................

" یەنگهە هاتام..."

**(٦٤)**

" یەسەئەهوو ڤەئەیریۆ..."

درووود بۆ بەهرامی ئەهوورەئافەریدە و (ئەوپەرەتات)ی بەتوانا"[٢١٨]

" ئەشێم ڤوهوو..."

" ئەهمائی ڕەئێشچە..." : فەڕو شکۆ و ڕۆشنایی بۆ ئەو... تەندروستی بۆ ئەو.. گوڕی جەستە بۆ ئەو.. پیرۆزیی جەستە بۆ ئەو.. خواستی ئاسایشبەخش بۆ ئەو.. مندالّی لێهاتوو بۆ ئەو.. ژیانی دوورودرێژ بۆ ئەو.. چاکترین ژیانی ئەشەڤەنەکان و ڕووناکایی هەمەچەشنە ئارامیبەخش هەر بۆ ئەو... هەر شایستەی ئەوە.

# پازدەهەم

## ڕام یەشت[٢١٩]

## بۆ خۆشنوودیی (ئەندەرووەرا)ی باڵادەست کە دیدەوانی دیکەی ئەفرێنراوەکانە[٢٢٠]

### کردەی یەکەم

**(١)**

من ستایشی ئاوو (بەغ) دەکەم،[٢٢١]
من ستایشی ئاشتیی پیرۆزو پاداشت، یەکە بە یەکەی ئەم دووانە دەکەم،
ئێمە ستایشی ئەم (ئەندەرووەرا)یە دەکەین،
ئێمە داوای یارمەتی لە ئەدەرووەرای دەکەین بۆ ئەم ماڵە.. بۆ خانەخوێی ئەم ماڵە.. بۆ ئەوجوامێرەی کە زەور دەکاتە نزر،
............... تا بە یەکجارەکی دوژمن بۆڕ بدەین،[٢٢٢]
ئێمە ستایشی چاکترین ئیزەد دەکەین،

**(٢)**

ئافەریدگار، ئەهوورەمەزدا، لە (ئێرانویج)دا، لە ڕۆخی ڕووباری (دایتیا)ی پیرۆزدا، بە سەر تەختی زێڕینەوە.. بە سەرینی زێڕینەوە.. بەسەر فەرشی زێڕینەوە، لەبەرامبەر بەرسەمی دانروادا، بەدەستی پڕ، ستایشی ئەوی کرد...[٢٢٣]

**(٣)**

... و داوای لێکرد:

- ئەی ئەندەروەرای باڵادەست،

هاوکارو یاریدەدەرم بە کە دەسکردی ئەنگەرەمینوو لەنێو بەرم و خیلقەتی سپەنتەمینوو بپارێزم.

**(٤)**

ئەندەروەرای باڵادەست ئەو هاوکاری و یاردەیەی پێشکەش کردو ئافەریدگار، ئەهوورەمەزدا، کامەران بوو.

**(٥)**

ستایشی ئەندەروەرای ئەشەڤەن دەکەین... ستایشی ئەندەروەرای باڵا دەست دەکەین،

ئەی ئەندەروەرای..

ستایشی هەموو ئەو شتانەی تۆ دەکەین کە هیی سپەنتەمینوون

بۆ فەڕوشکۆی، ستایشی ئەندەروەرای باڵادەست دەکەین بە نوێژێک بە دەنگی بەرزو بە زەورەوە.

ستایشی ئەندەروەرای باڵادەست دەکەین بە هەومی ئاوێتەی شیر.. بە بەرسەم.. بە زمانی ئاوەزو مەنسەرە.. بە بیرو زمان و کردەوەی چاک.. بە زەورو بە پەیڤی بڵندەوە.

" یەنگهە هاتام..."

## کردەی دووەم

**(٦)**

من ستایشی ئاوو بەغ دەکەم،

..............................

(دووبارەی ستایش و خواستەکانی سەرەتای کردەی یەکەم)

**(٧)**

(هوشەنگ)ی (پێشداد)ی لە داوێنی کێوی ئەلبورزی بە پۆلا هەلٚچنراودا، بەسەر تەختی زێڕین.................. (دووبارەی وەسفەکانی بڕگەی (٢)ی کردەی یەکەم)............... ستایشی ئەوی کرد.

**(٨)**

....و داوای لێکرد:

ئەی ئەندەروەرای باڵادەست..

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە بتوانم دوو لە سەرسێی دێوە (مەزەندەری)یەکان و درۆخوازەکانی (وەرێنە) لەناو بەرم.[٢٢٤]

**(٩)**

ئەندەروەرای باڵادەست یارمەتیی داو هوشەنگی پێشدادی کامەران بوو.

ستایشی ئەندەروەرای ئەشەڤەن و باڵادەست دەکەین.

ئەی ئەندەروەرای......

................. (دووبارەی ستایشەکانی کۆتایی کردەی دووەم، کە لەمەودوا تەنیا چەند نوختەیەک دادەنێین و (یەنگهەتاتام)ەکەی کۆتایی دەنووسین).

..............................

" یەنگهەهاتام..."

## كردەی سێیەم

**(١٠)**

من ستایشی ئاوو بەغ دەکەم
من.......................
ئێمە..............................................

**(١١)**

(تەهمورس)ی (زیناوەند) بەسەر تەختی.............. ستایشی ئەوی کرد.(٢٢٥)

**(١٢)**

....و داوای لێکرد:
ئەی ئەندەروەرای باڵادەست..
ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە سەرکەوم بەسەر هەموو دێوو پەری و جادووگەر ودرۆپەرستاندا.. کە ئەهریمەن بکەمە ئەسپێک و سێ ساڵ سواری ببم و هەردوو لێواری گۆی زەوی تەی بکەم.

**(١٣)**

ئەندەروەرای باڵادەست یارمەتیی دا و.......
ستایشی ئەندەروەرای..................................
.......................................
" یەنگهە هایام..."

## کردەی چوارەم

**(١٤)**

من، ستایشی ئاوو بەغ دەکەم....

..................

ئێمە..........................................

**(١٥)**

(جەمشید)ی شوانچاک لە داوێنی کێوی بەرزو سەرانسەر درەوشاوەی (هوکەر)دا، بەسەر تەختی..................[٢٢٦]

**(١٦)**

... وداوای لێکرد:

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە بە فەرترین کەس بم.. کەلەنێو خەڵکدا هەتاوڕوخسار بم... کە بە پاشایەتیی خۆم، خەڵک بگەیەنمە نەمری و ئاوو گیاکان بگەیەنمە سەرسەوزیی هەتایی و خواردن و خواردنەوە بگەیەنمە بێ کەموکووڕیی بەردەوام.

" ئیتر لە پاشایەتیی (جەم)ی دلێردا، نە سەرما هەبوو، نە گەرما.. نە پیری هەبوو، نە مەرگ و نە چاوچنۆکیی دێوئافەریدە".[٢٢٧]

**(١٧)**

ئەندەروەرای..............................

ستایشی ئەندەروەرای......................

...........................

" یەنگهە هاتام..."

## كردەی پێنجەم

**(١٨)**

من ستایشی ئاو و.........

ئێمە....................................

**(١٩)**

ئـەژیـدەهـاکی سـێ قـەپـۆس لـە (کـەویریـەنـت)ی رێگـە سـەختـدا، بـەسـەر تەختی...........[٢٢٨]

**(٢٠)**

........و داوای لێکرد:

ئەی ئەندەروەرای باڵادەست...

ئـەم کامـەرانییـەم پـێ ببـەخشـە کـە بتـوانم هـەر هـەمـوو حـەوت وڵات چـۆڵ و وێران بکەم

**(٢١)**

ئەندەروەرای باڵادەست، ئەم کامەرانییەی بەو ناجوامێرە نەبەخشی

ستایشی.....................

.................................

"یەنگهەهاتام..."

## کردەی شەشەم

**(٢٢)**

من ستایشی ئاو و........
ئێمە.................................
.........................................

**(٢٣)**

(فەرەیدوون)ی کوڕی (ئابتین)، سەربە بنەماڵەی بەهێز، لە سەرزەمینی چوارگۆشەی (وەرێنە)دا، بەسەر تەختی..................[٢٢٩]

**(٢٤)**

.............و داوای لێکرد:
ئەی ئەندەرووەرای باڵادەست..
ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە سەرکەوم بەسەر ئەژیدەهاک، ئەژیدەهاکی سێ قەپۆسی سێ سەری شەش چاو، ئەو خودان هەزار عەیبەیە، ئەو دێوە هەرە درۆخوازە، ئەو درۆپەرستەی کە زیان بە جیهان دەگەیەنێ، ئەو درۆپەرستە بەهێزەی کە ئەهریمەن ناردی بۆ تێکدانی جیهانی ئەشە.. بەسەریدا زاڵ ببم و بتوانم هەردوو هاوسەرەکەی (سەنگهەڤەکە) و (ئەرێنێڤەکە)ی لێ بستێنم کە شایستەی پاراستنی بنەماڵە و پەرەپێدانی خێزانن.

**(٢٥)**

ئەندەرووەرای.......................
ئەی ئەندەرووەرای.........................
...................................
"یەنگهەهاتام..."

## کردەی حەوتەم

**(٢٦)**

من ستایشی ئاو......................
ئێمە............................

**(٢٧)**

(گرشاسپ)ی دلێر لە (گەئوزە)، ئەو تافە ڕەنگینە مەزدا ئافەریدەیەدا، بەسەر تەختی............[٢٣٠]

........و داوای لێکرد:

ئەی ئەندەروەرای باڵادەست..

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە تۆڵەی براکەم (ئەورڤەخشەیە) لە (هیتاسپە) بکەمەوە و بیکوژم و لاشەکەی بەدوای کەژاوەکەی خۆمدا ڕابکێشم، هەروەک چۆن بە (ئەشتەی گەڤیە) و (ئەئێڤەگەڤیە) و (گەندەرێڤە)م کرد کە لە ئاودا دەژیا.[٢٣١]

**(٢٩)**

ئەندەروەرای.....................
ستایشی ئەندەروەرای.....................
...........................
" یەنگهەهاتام..."

## کردەی هەشتەم

**(٣٠)**

من ستایشی ئاو......................
ئێمە ستایشی...........................

**(٣١)**

(ئەورڤەسارە)ی مەزن لە دارستانی سپی.. لەناو دارستانی سپی... لە بەرامبەر دارستانی سپیدا، بەسەر تەختی.....................

**(٣٢)**

......و داوای لێکرد:

ئەی ئەندەروەرای باڵادەست..

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە پاڵەوانی سەرزەمینە ئێرانییەکان، (کەیخەسرەو)[٢٣٢] کە پارێزەری وڵاتە، نەمانکوژێت و من بتوانم لە دەستی هەڵبێم،

کەیخەسرۆ، ئەوی گرت و لە سەرتاسەری دارستانە ئێرانییەکاندا دەری کرد.

**(٣٣)**

ئەندەروەرای........و خەسرۆ بەسەریدا زاڵ بوو،

ستایشی ئەندەروەرای...............

...................................

" یەنگهە هاتام..."

**کردەی نۆیەم**

**(٣٤)**

من ستایشی ئاو......

ئێمە..........................

..............................

**(٣٥)**

هوتــەوســای خــودان گــەلــێ بــرا لــە خانــەدانــی نــەوزەر، بــەســەر تەختی............[٢٣٣]

**(٣٦)**

....و داوای لێکرد:

ئـەم کامـەرانییـەم پـێ ببـەخشـە کـە لـە مـاڵی کـەی گشتاسـپدا بـە ڕێـزەوە و بـە چاکی وەربگیرێم.

**(٣٧)**

ئەندەروەرای باڵادەست ئەو کامەرانییەی پێ بەخشی

ستایشی ئەندەروەرای...................

..............................

" یەنگهەهاتام..."

**کردەی دەیەم**

**(٣٨)**

من ستایشی ئاو......

ئێمە...............................

**(٣٩)**

قەیرە کچەکان، بەسەر تەختی...................

(٤٠)

.....و داوایان لێکرد:

ئەی ئەندەرووەرای باڵادەست..

ئەم کامەرانییەمان پێ ببەخشە کە بتوانین مێردی زاناو ڕاستگۆمان هەبن کە بە درێژایی ژیانی هاوبەشمان لەگەڵمان چاک و باش و ڕاست و دروست بن و ئێمەش بتوانین منداڵی زاناو وشیارو شیرینزمان بە دنیا بهێنین.

(٤١)

ئەندەرووەرای باڵادەست ئەوانی کامەران کرد

ستایشی ئەندەرووەرای.....................

...................................

"یەنگهەهاتام..."

(٤٢)

من ستایشی ئاو..................

ئێمە..............................

ئێمە ستایشی چاکترین ئیزەد دەکەین،

ستایشی سپەنتەمینووی بە فەڕو شکۆ دەکەین.

(٤٣)

ئەی زەردەشتی ئەشەڤەن..

بەڕاستی (ئەندەرووەرای) ناوی منە

لەو رووەوە ئەندەرووەرای ناوی منە، کە من هەردوو ئافران: ئافرانی سپەنتەمینوو و ئافرانی ئەنگەرەمینوو بەڕێوە دەبەم.

ئەی زەردەشتی ئەشەڤەن،

جۆیا ناوی منە، لەو ڕووەوە کە من بە هەردوو ئافرانی سپەمنتەمینوو و ئەنگەرەمینو ڕا دەگەم.

**(٤٤)**

ئەی زەردەشتی ئەشەڤەن..

سەرکەوتوو ناوی منە

لەو ڕووەوە کە من زاڵ دەبم و سەردەکەوم بەسەر هەردوو ئافراندا.................

ئەی زەردەشتی ئەشەڤەن..

چاکەکار ناوی منە

لەو ڕووەوە کە من چاکەخوازم بۆ ئافەریدەگار، ئەهوورەمەزدا و بۆ ئەمشاسپەندەکانیش.

**(٤٥)**

پێشڕەو ناوی منە

پاشڕەو ناوی منە......(٢٣٤)

دۆزەرەوەی فەڕ ناوی منە.

**(٤٦)**

توندوتیژ ناوی منە،

توندوتیژترین ناوی منە،

دلێرترین، ناوی منە،

سەخت ناوی منە،

سەختترین، ناوی منە،

بەهێز، ناوی منە،
بەهێزترین، ناوی منە،
... ناوی منە،
... ناوی منە / بۆڕدەری یەکجارەکی، ناوی منە،
... ناوی منە / دژی دێو، ناوی منە.
.......... ناوی منە.(٢٣٥)

**(٤٧)**

شەڕشۆشکێن ناوی منە،
سەرکەوتوو بەسەر شەڕشۆڕدا ناوی منە،
لافاوهێنەر ناوی منە،
لافاو وروژێن ناوی منە،
لافاوبارێن ناوی منە،
کڵپەسێن ناوی منە،
(گێرەزە) ناوی منە.(٢٣٦)

**(٤٨)**

ڕمی تیژ ناوی منە... خاوەن ڕمی تیژ ناوی منە،
ڕمی پان ناوی منە... خاوەن ڕمی پان ناوی منە،
ڕمی ڕاکێشراو ناوی منە... خاوەن ڕمی ڕاکێشراو ناوی منە،
بەفەڕوشکۆ ناوی منە.... بەفەڕوشکۆدارترین ناوی منە.

**(٤٩)**

ئەی زەردەشت...
ئەم ناوانەی من بڵێرەوە، لەوکاتانەدا کە دەکەویتە نێو سوپای دوژمنی بەخوێن تینوو... نێو جەنگاوەرانی ئامادە.... نێو دوو وڵاتی بەشەڕهاتوو.

**(٥٠)**

ئەی زەردەشت...

ئەم ناوانەی من بڵێرەوە کاتێ کە مامۆستای درۆیینی ناپاک ڕووبەڕووت دەبێتەوە، چ بە سواری، چ بە پێ، چ بە غاردان و چ لەنێو کەژاوەدا

**(٥١)**

ئەی زەردەشتی ئەشەڤەن...

ئەم ناوانەی من بڵێرەوە کاتێک کە ئەو لە...............[٢٣٧]

**(٥٢)**

ئەندەروەرای کە لە هەموو شوێنێک پیاوان و ئەسپەکانیشیان تووشی سەرلێشێواوی دەکات... کە لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵ دێوەکان دەجەنگێت.. کە لەو شوێنە خراپانەی بە تاریکی داپۆشراون، بەرەو لای کەسێک دەچێت کە بڕوای پێهێنابێت.[٢٣٨]

**(٥٣)**

بە کام دیارییەوە ستایشی تۆ بکەم؟

کام دیاریت نزربکەم،

بە کام پێشکەشییەوە ڕێوڕەسمی ستایشی تۆ ڕاپەڕێنم؟

دەخوازم ئەندەروەرای توندوتیژو ئامادە، بە هەنتەش (حزوور)ی تەواو.. بە هەنگاوی بڵند.. بە سینگی دەرپەڕیو... بە ناوشانی کەڵەگەت... بە چاوی تیژ، هەروەک شەهریارێک، وەک شەهریارێکی تاقانە بگاتە ئێرە.

**(٥٤)**

ئەی زەردەشتی ئەشەڤەن...

بەرسەم بە دەستەوە بگرە..... ڕووناک و بە کڵپە لە یەکەم گزنگی ڕۆژ تا بەرەبەیان...[٢٣٩]

**(٥٥)**

ئەگەر ستایشم بکەیت، لە مەنسەرەی مەزدا ئەفرێنراوی شکۆمەندی دەرمانبەخش، ئاگادارت دەکەمەوە، بەجۆرێک کە نە ئەهریمەنی خراپەکار بتوانێ بەسەرتدا زاڵ بێت و نە جادووکاران و نە دێو و درۆ پەرستانیش.

**(٥٦)**

ستایشی ئەندەرووەرای چالاک دەکەین،
ستایشی ئەندەرووەرای چالاکترین دەکەین،
ستایشی ئەندەرووەرای دلێر دەکەین،
ستایشی ئەندەرووەرای دلێرترینی دلێرەکان دەکەین،
ستایشی ئەندەرووەرای کڵاوزێڕین دەکەین،
ستایشی ئەندەرووەرای تاج زێڕین دەکەین،
ستایشی ئەندەرووەرای خووناوکە زێڕین دەکەین،
ستایشی ئەندەرووەرای کەژاوە زێڕین دەکەین،
ستایشی ئەندەرووەرای چەرخ زێڕین دەکەین،
ستایشی ئەندەرووەرای چەک زێڕین دەکەین،
ستایشی ئەندەرووەرای ڕوخسار زێڕین دەکەین،
ستایشی ئەندەرووەرای کەمەر زێڕین دەکەین،

ستایشی ئەندەرووەرای ئەشەڤەن دەکەین،

ستایشی ئەندەرووەرای بە توانا دەکەین.

ئەی ئەندەرووەرای ئەشەڤەن..

ستایشی هەموو ئەوشتانە دەکەین کە هیی سپەنتەمینوون و لای تۆن

ستایشی ئەندەرووەرای ئەشەڤەنی باڵادەست دەکەین.

ئەی ئەندەرووەرای..

ستایشی... دووبارەی کۆپلەی پێشوو

بە نوێژی بە دەنگی بەرز و بە زەورەوە، بۆ فەڕوشکۆی، ستایشی ئەندەرووەرای باڵادەست دەکەین،

بە هەومی ئاوێتەی شیر و بە بەرسەم و بە زمانی ئاوەزو مەنسەرە.. بە گوتە و کرداری چاکەوە.. بە زەورەوە و بە دەنگی بەرز ستایشی ئەندەرووەرای باڵادەست دەکەین.

" یەنگهە هاتام...."

**(٥٧)**

" یەسەئەهوو ڤەئەیریۆ..."

درووود دەنێرین بۆ ئەندەرووەرای باڵادەست کە دیدەوانی ئەفرێنراوەکانی دیکەیە.

ئەی ئەندەرووەرای ئەشەڤەن..

ستایشی ئەو شتە دەکەین کە هیی سپەنتەمینوویە و لای تۆیە

"ئە شێم ڤوهوو..."

" ئەهمایی ڕەئێشچە..." : فەڕو ڕووناکی بۆ ئەو.. تەندروستی بۆ ئەو.. پایەداریی بۆ ئەو.. سەرکەوتن بۆ ئەو.. خواستی زۆر ئاسایشبەخش بۆ ئەو.. نەوەی لێهاتوو بۆ ئەو.. ژیانی درێژخایەن بۆ ئەو.. چاکترین ژیانی ئەشەڤەنان و ڕووناکایی هەمەجۆر ئاسایشبەخش بۆ ئەوو شایستەی ئەون.

# شازدەهەم

# دین یەشت

## بۆ خۆشنوودیی ڕاستترین زانستی مەزدا ئافەریدەی ئەشەڤەن

### کردەی یەکەم

**(١)**

ستایشی ڕاستترین زانستی مەزدائافەریدەی ئەشەڤەن دەکەین کە بەرەو ڕێگەی ڕاست ڕێنموونیمان دەکات و دەمانگەیەنێتە گوزەرگەی چاک و هەرچی ئارەزوو بکەین پێمان دەبەخشێت.

ستایشی زانستی مەزدائافەریدە دەکەین کە نزرکاری زەورو ئەشەڤەن و هونەرمەند و ناودارو گورجوگۆڵ و توندوتیژو بە ئەنجامی چاکگەیێن و بەخشندەی کرانەوەی چاکی دینی پاکی مەزداییە.

**(٢)**

زەردەشت لە جێی خۆی هەستاو بە پەلە لە ماڵ چووە دەرێ و ئاوەها ستایشی زانستی کرد:

ئەی ڕاستترین زانستی مەزدائافەریدەی ئەشەڤەن..

ئەگەر لە پێشەوەی منی، چاوەڕێم بمێنە

ئەگەر لە دواوەی منی، پێم بگە.

(٣)

دەخوازین ئاشتی ببێتە بەشمان، بەجۆرێک کە کۆتایی ڕێگاکان خۆش بێت.. لە کێوەکاندا گوزەرگەی خۆش هەبێت.. لە لێڕەوارەکاندا بەئاسانی تێپەڕین و لە ڕووبارە قووڵەکاندا بە ئاسانی بپەڕینەوە..

پاداشت و ناوبانگ و ڕازونیازو توانایی بەشمان بێت.

(٤)

بۆ فەڕوشکۆی، من ستایشی ئەو (ڕاستترین زانستی مەزدا ئافەریدەی ئەشەڤەن) دەکەم بە نوێژێک بە دەنگی بەرزو بە زەورەوە.

ستایشی ڕاستترین زانستی مەزدائافەریدەی ئەشەڤەن دەکەین بە هەومی ئاوێتەی شیر.. بە بەرسەم.. بە زمانی ئاوەزو مەنسەرە.. بە ئەندێشەو زمان و کرداری چاک... بە زەورو بە دەنگی بەرز.

" یەنگهە هاتام..."

**کردەی دووەم**

(٥)

ستایشی...... دووبارەی بڕگەی دەسپێک

....................

(٦)

زەردەشت، ئەندێشەی چاک و زمانی چاک و کرداری چاک و ئارەزووی ئەم بەختەوەرییەی لە نوێژدا لەو خواست.

(٧)

.... کە ڕاستترین زانستی مەزدائافەریدەی ئەشەڤەن، هێزی پێ و توانایی بیستن و گوڕو تەندروستیی جەستەی پێ ببەخشێت.. هەستی بیناییەک کە ماسیی (کەرە) لە ئاودا هەیەتی، بەجۆرێک کە وردەشەپۆلێکی ئاو هێندەی تاڵە موویەک باریک لە ڕووباری دوورەدەستی (ڕەنگهای) لە قووڵایی باڵای هەزار مرۆڤەوە دەبینێت.

بۆ فەڕوشکۆی............ دووبارەی ستایشی کۆتایی کردەکان.

..........................................

" یەنگهە هاتام...."

## کردەی سێیەم

(٨)

ستایشی.......... دووبارەی ستایشەکانی سەرەتای کردەکان

........................

(٩)

زەردەشت، ................

دووبارەی داخوازییەکەی زەردەشت

(١٠)

........................ دووبارەی چۆنیەتیی تواناییەکە....

تا دەگاتە: ئاوا بیناییەک کە ئاسۆ هەیەتی، بەجۆرێک کە لە شەوێکی نووتەکدا، هەرچەند باران ببارێت و تەرزە و تەمتوومانیش بێت، دەتوانێ تاڵە موویەکی وەریوی ئەسپێک بناسێتەوە و بزانێ ئایا هی یاڵیەتی یا هی کلکی.

بۆ فەڕوشکۆی..................

" یەنگهەهاتام..."

### کردەی چوارەم

**(١١)**

ستایشی.....................

...................................

**(١٢)**

زەردەشت، ......................

**(١٣)**

.................. بیناییەکی وا کە داڵە کەرخۆر هەیەتی، بەجۆرێک کە لەتە گۆشتێکی زۆر بچووک لە دووریی نێوان نۆ وڵاتدا دەبینێتەوە، هەرچەند هێندەی سەرەدەرزییەکیش بچووک بێت.

بۆ فەڕوشکۆی................

..............................

" یەنگهە هاتام...."

### کردەی پێنجەم

**(١٤)**

ستایشی.............

............................

**(١٥)**

(هۆڤو)ی پاک و زانا[٢٤٠] کە خوازیاری زەردەشت بوو، ستایشی ئەوی کرد تا لە ژیانی هاوبەشیاندا بەختەوەر بن و ئەندێشەیان دینی بێت، زمانیان دینی و کرداریان دینی بێت.

بۆ فەڕوشکۆی.................

" یەنگهە هاتام..."

**کردەی شەشەم**

**(١٦)**

ستایشی.................

.....................................

**(١٧)**

ئاتوربانی دوورسەفەر[٢٤١] کە خوازیاری توانایی زەینی تیژ بوو بۆ لەبەرکردنی ڕاهێنانەکانی دین و هەروا‌ش هێزی جەستەیی، ستایشی ئەوی کرد.[٢٤٢]

بۆ فەڕوشکۆی.......................

..............................

" یەنگهەهاتام..."

**کردەی حەوتەم**

**(١٨)**

ستایشی..................

.......................................

**(١٩)**

شـەهریـارو فـەرمـانڕەوای وڵات، کـە خوازیـاری ئاشـتی و ئـارامی بـوو بـۆ وڵاتەکەی و بۆ دەسەڵاتی خۆی، ستایشی ئەوی کرد.

بۆ فەڕوشکۆی................

..................................

" یەنگهە هاتام..."

**(٢٠)**

" یەسەئەهووڤەیریۆ..."

درووود بۆ ڕاستترین زانستی مەزدائافەریدەی ئەشەڤەن

" ئەشێم ڤوهوو..."

" ئەهمائی ڕەئێشچە..."

# حەڤدەهەم

## ئەرت یەشت (ئەشەی یەشت)[٢٤٣]

## بۆ خۆشنوودیی (ئەشەی)ی چاک، چیستای چاک، ئێرێسەی چاک، ڕەسەستاتی چاک و فەڕو پاداشتی مەزدا ئافەریدە.[٢٤٤]

### کردەی یەکەم

**(١)**

ستایشی ئەشەی چاک، شەهراری مەزنی بەڕیز دەکەین کە چەرخی کەژاوەکەی لە خرۆشدان.. کە بە هێزو پاداشبەخش و دەرمانگەرە... کە گەلێ وشیارو بیرمەند و بە توانایە.

**(٢)**

ئەشەی، کچی ئەهوورامەزدا و خوشکی ئەمشاسپەندەکانە، ئەوە کە لەگەڵ ئاوەزی سوشیانتەکاندا بەرز دەبێتەوە.

کەسێک ئەشەی بەختەوەری بکات، دەگاتە ئاوەزی سرشتی.

ئەشەی، بە دەنگی کەسێکەوە دەچێت کە لە نزیکەوە داوای لێ بکات.. کە لە دوورەوە داوای لێبکات.

کەسێک زەور بکاتە نزری ئەشەی، وەک ئەوە وایە نزری (میهر)ی کردبێت.

(٣)

بۆ فەڕوشکۆی، ستایشی ئەو، ئەشەی چاک، دەکەین بەهۆی نوێژی چاکەوە، بە زەورو بە نوێژێک بە دەنگی بەرزەوە.

ستایشی ئەشەی دەکەین بە هەومی ئاوێتەی شیر.. بە بەرسەم.. بە زمانی ئاوەزو مەنسەرە.. بە ئەندێشەو زمان و کرداری چاک.. بە زەورو بە دەنگی بەرز.

" یەنگهەهاتام..."

## کردەی دووەم

(٤)

ستایشی ئەشەی...... دووبارەی یەکەم بڕگە

(٥)

دروود بۆ هەوم.. بۆ مەنسەرەی هێزاو بۆ زەردەشتی ئەشەڤەن،

دروودی ڕاستەقینە بۆ هەوم، چونکە هەموو خواردنەوەکانی دی پڕن لە ڕقی خوێناوی، بەڵام هەوم خواردنەوەیەکە ئۆخژنمان پێدەبەخشێت.

(٦)

ئەی ئەشەی چاک.. ئەی ئەشەی جوان.. ئەی ئەشەی درەوشاوە.. ئەی ئەوەی کە بە ڕووناکایی خۆت شادی دەبارێنی.. ئەی ئەشەی، ئەی ئەوەی کە فەڕوشکۆی پیرۆز دەبەخشیتە ئەو پیاوانەی لەگەڵتدان.

ماڵێک کە ئەشەی چاک پێی تێ بخات، بۆنی خۆشی لێ هەڵدەستێت و ئەندێشەی سازان و دۆستایەتیی هەمیشەیی و بەهرەکانی دەگەنە ئەو ماڵە.

(٧)

ئەی ئەشەی چاک..

ئەو پیاوانەی تۆ یاوەریان بیت، دەبنە فەرمانڕەوای وڵاتێکی ئاوەدان کە خواردن و ڕزق و ڕۆزی تێیدا زۆرە و بۆنی خۆشی لێدێت و شوێنی حەسانەوە و هەموو سەروسامان و داراییەک دابین کراوە.

بەڕاستی، خۆش بە حاڵی ئەو کەسەی کە تۆ یاوەری بیت.

هەروا، یاوەری منیش بە ئەی پڕبەخشیش، ئەی بەتوانا.

(٨)

ئەی ئەشەی چاک..

خانووی ئەو کەسانەی تۆ یاوەریان بیت، چاک بیناکراو، خۆڕاگر و ئاوەدان و هەمیشە بەسەرپێوەن.

بەڕاستی، خۆش بەحاڵی ئەوانەی تۆ یاوەرانیت.

هەروا، یاوەری منیش بە! ئەی پڕبەخشیش.. ئەی بەتوانا.

(٩)

ئەی ئەشەی چاک..

ئەوانەی تۆ یاوەریان بیت، پێخەفەکانیان جوان و بۆنخۆش و بەچاکی ڕاخراو دەبن. بە سەرینی نەرم و نیانەوە.

بەڕاستی، خۆش بەحاڵی ئەوانەی تۆ یاوەریانی.

هەروا، یاوەری منیش بە ئەی پڕ بەخشیش، ئەی بەتوانا.

**(١٠)**

ئەی ئەشەی چاک..

ژنانی هێژای ئەو پیاوانەی تۆ یاوەریانی، لەنێو جێگەی جوان و زێڕیندا بە سەرینی ڕازاوەوە ڕاکشاون و خۆیان ڕازاندۆتەوە بە بازنی جوان و گوارەی چوارگۆشەی ئاوێزان و تۆقەسەری زێڕینەوە و بە دڵی خۆشەوە ئاوا دەڵێن:

ـ کەی خودانمان دێتە لامان؟.. کەی پێمان دڵخۆش دەبێت و کەی بەهرەمەند دەبێت لە جەستەمان؟

بەڕاستی، خۆش بەحاڵی ئەوانەی تۆ یاوەریانی.

ئاواش، یاوەری منیش بە! ئەی پڕبەخشیش، ئەی بەتوانا.

**(١١)**

ئەی ئەشەی چاک..

کیژی ئەوانەی تۆ یاوەریانی، پاوانەی زۆر جوان لە پێ دەکەن و پشتێنی ناسک دەبەستن، پەنجەیان هێندە ناسکە و جەستەیان هێندە جوانە کە بینەر دەخاتە سەمای شادی.

بەڕاستی، خۆشبەحاڵی ئەوانەی تۆ یاوەریانی.

هەرواش، یاوەری منیش بە! ئەی پڕ بەخشیش، ئەی بەتوانا.

**(١٢)**

ئەی ئەشەی چاک..

ئەسپی ئەوانەی تۆ یاوەریانی، گەلێ گورجوگۆڵ و خۆشبەزو بەهێزن، بە جۆرێک، کەژاوەیەکی گەورە بە ئاسانی بە لەغاوێکی لە پێست چنراوەوە دەجووڵێنن.

سروود خوێنی دلێری خودان ڕمی تیژو ئەسپی چالاک، گورجوگۆڵ کەژاوەکەی داژوێت، ئەو سروودخوێنەی کە ڕمە تیژو درێژەکەی و تیرە تیژپەڕەکەی خۆی هەر لە دوورەوە دەوەشێنێت و جەنگاوەرێک خەڵتانی خاک دەکات و دوژمن دەبەزێنێ.

بەڕاستی، خۆش بەحاڵی ئەوانەی تۆ یاوەریانی.

ئاوا یاوەری منیش بە! ئەی پڕبەخشش، ئەی بەتوانا.

**(١٣)**

ئەی ئەشەی چاک..

حوشتری ئەو کەسانەی تۆ یاوەریانی، بە هەیبەت و بە کۆپارەی بەرزەوە گەلێ تۆسنن و لە زەوی هەڵدەبەزنەوە و بە تووڕەیی بەیەکدا هەڵدەشاخێن.

بەڕاستی، خۆشبەحاڵی ئەوانەی تۆ یاوەریانیت.

ئاوا یاوەری منیش بە! ئەی پڕبەخشش، ئەی بەتوانا.

**(١٤)**

بازرگانەکان، لای ئەو کەسانەی تۆ یاوەریانی، لە وڵاتە دوورەکانەوە زێڕو زیو و جلوبەرگی زۆرجوان لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە.

بەڕاستی خۆشبەحاڵی ئەوانەی تۆ یاوەریانی.

ئاوا، یاوەری منیش بە! ئەی پڕبەخشش، ئەی بەتوانا

**(١٥)**

ئەی ئەشەی مەزن و چاک.. ئەی ئەفرێنراوی جوان.. ئەی ئەوەی کە بە خواستی خۆت خزمەت دەکەی.. ئەی جەستە پڕشکۆ..

لێم بڕوانە و لە بەخششی خۆت بەهرەمەندم بکە.

(١٦)

ئەهوورەمەزدا، مەزنترین و چاکترینی ئیزەدەکان، باوکی تۆیە.
سپەندارمەز، دایکی تۆیە.
سرووشی چاکی پارێزکارو ڕەشنی مەزنی بەتواناو میهری بەرینی ژینگە، (ئەو خودان هەزار گوێ و دەهەزار دیدەوانە) براکانتن.
دینی مەزداپەرستی خوشکی تۆیە.

(١٧)

ئەشەی چاکی مەزن، ستایشکراوترینی ئیزەدەکان کە لە ڕێی ڕاست لانادات، لە کەژاوەکەی خۆیدا ئاوڕی دایەوە و ئاوا هاتە قسە:
ـ ئەی ئەوکەسەی کە ئاوازەکەت لە هیی هەموو ئەوانەی بانگم دەکەن، بە گوێم خۆشترە،
تۆ کێیت و بۆ بانگم دەکەیت؟

(١٨)

ئینجا ئەویش وڵامی دایەوە:
منم، سپیتمان زەردەشت، یەکەمین ئەفرێنراو کە نوێژی (ئەشێم ڤوهوو...)ی خوێند و ستایشی ئەهوورەمەزداو ئەمشاسپەندانی کرد.
کەسێک کە کاتی لەدایکبوونی، گیاو ئاوەکان شادمان بوون..
کەسێک کە کاتی لەدایکبوونی، ئاوەکان ڕەوان بوون و گیاکان ڕووان..

**(١٩)**

کەسێک کە کاتی لەدایکبوونی، ئەهریمەن لەم زەوییە بەرین و خڕو بێسنوورە هەڵهات.

ئەهریمەنی ناپاکسرشتی دزێوی زیانەخرۆ گوتی:

ـ هەرهەموو ئیزەدەکان، پێکەوە نەیانتوانی لەگەڵ مندا بەشەڕ بێن و من لەم دنیایەدا بکەنە دەرەوە، کەچی زەردەشت بە تەنیایی لەگەڵم بەشەڕ هات و دەری کردم... [٢٤٥]

**(٢٠)**

... ئەو، بە هۆی نوێژی (ئەهوونەڤەئیریە...)وە، کە ئامرازێکە بۆ شەڕ لەگەڵمدا و هێندەی بەردێک دەبێت کە لە بینایەک گەورەترە، منی تێکشکاند و سووتاندمی. [٢٤٦]

... ئەو بە نوێژی (ئەشێم ڤوهوو..) کە هەروەکوو ئاسنێکی سوورەوە کراوە، منی سووتاند..

... ئەو وای لە من کرد کە هەڵاتنم لەم زەوییەدا پێ خۆشتر بێت..

... ئەو هەر بە تەنهایی منی بۆڕ دا، ئەو: سپیتمان زەردەشت.

**(٢١)**

ئینجا ئەشەی چاکی مەزن ئاوای گوت:

ئەی سپیتمان زەردەشت..

وەرە لام و لە کەژاوەکەمدا بحەسێوە.

سپیتمان زەردەشت ڕۆیشتە لای و لە کەژاوەکەیدا حەسایەوە.

(٢٢)

پاشـان، ئەشـەی، بە دەسـتی ڕاسـت و دەسـتی چەپ، بە دەسـتی چەپ و دەستی ڕاست، ئەوی ڕامووسی و پێی گوت:

ئەی سپیتمان..

تۆ پاک و چاک ئەفرێنراوی.

ئەی سـپیتمانی بـاڵا جـوان و بەژن بڵنـد.. ئەی بە جەسـتە شـکۆدار و بە ڕۆح جاویدان و بەختەوەر..

هەرچیت پێدەڵێم ڕاستە.

بۆ فەڕوشکۆی..............................

.......................................

" یەنگهەهاتام..."

## کردەی سێیەم

(٢٣)

ستایشی ئەشەی چاکی........

...............................

(٢٤)

هوشـەنگی پێشـدادی لە داوێنـی کیـوی بەرز و جـوان و مەزدا ئافەریـدەی ئەلبورزدا ستایشی ئەوی کرد...

(٢٥)

....و داوای لێکرد:

ئەی ئەشەی مەزن و چاک..

ئەم کـــامەرانییەم پـــێ ببەخشـــە کە زاڵ بـــبم بەســـەر هەمـــوو دێـــوە (مەزەندەری)یەکانـدا... کە ئیدی لە ترسی دێوەکان هەراسان و پەڕیوە نەبم... دێوەکان لە من بترسن و لێم هەڵبێن و خۆیان لەنێو تاریکاییەکاندا حەشار بدەن.

(٢٦)

ئەشەی چاک و مەزن، گورج خۆی گەیاندێ و هوشەنگی پێشدادیی کامەران کرد.

بۆ فەڕوشکۆی........................

...............................

" یەنگهەهاتام.."

## کردەی چوارەم

(٢٧)

ستایشی ئەشەی.......................

................................................

(٢٨)

جەمشیدی خودان بەهرەی چاک بە بەرزایی کێوی ئەلبورزەوە ستایشی.....

(٢٩)

....و داوای لێکرد:

ئەی ئەشەی چاک و مەزن..

ئەم کـامەرانییەم پـێ ببەخشـە کە ئافەریـدەکانی مەزدا پەروەردە بـکەم و نەمرییان پێ ببەخشم...

(٣٠)

... كە برسێتی و تینوێتی لە ئافەریدەکانی مەزدا دوور بخەمەوە... کە پیری و بێهێزی و مەرگ لە ئافەریدەکانی مەزدا دوور بخەمەوە.. کە بای گەرم و بای ساردیش بە دووریی هەزار ساڵ لە ئافەریدەکانی مەزدا دوور بخەمەوە.

(٣١)

ئەشەی چاک و مەزن بەپەلە خۆی گەیاندێ و جەمشیدی خودان بەهرەی چاکی کامەران کرد.

بۆ فەڕوشکۆی........................

......................................................

"یەنگهەهاتام.."

## کردەی پێنجەم

(٣٢)

ستایشی ئەشەی....................

......................................................................

(٣٣)

فەرەیدوونی کوڕی ئابتین لە بنەماڵەی (بەهێز) لە سەرزەویی چوارگۆشەی (وەرێنە)دا ستایشی ئەوی کرد....[٢٤٧]

(٣٤)

.....و داوای لێکرد:

ئەی ئەشەی چاک و مەزن..

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە سەر بکەوم بەسەر (ئەژی دەهاک)، ئەژیدەهاکی سێ قەپۆسی سێ سەری شەش چاو، ئەو خودان هەزار جۆر فێڵە.. ئەو دێوە بەهێزەی درۆ.. ئەو درۆخوازە زیانەخرۆیە.. ئەو بەهێزترین درۆخوازەی کە ئەهریمەن بۆ لەنێوبردنی جیهانی ئەشەی ئەفراند، بەسەریدا زاڵ بم و هەردوو هاوسەرەکەی (سەنگهەوەک و ئەرنەوەک)ی لێ بستێنمەوە کە شایستەی پاراستنی بنەماڵە و دایکایەتی و گەشە پێبەخشینی خێزانن.(٢٤٨)

(٣٥)

ئەشەی چاک و مەزن گورج خۆی گەیاندێ و فەرەیدوونی کامەران کرد.

بۆ فەرۆشکۆی.............

ستایشی...........................................

" یەنگهەهاتام.."

**کردەی شەشەم**

(٣٦)

ستایشی ئەشەی چاک.....................

(٣٧)

هەوم، خواردنەوەی دەرمانبەخش، شەهریاری جوان و زێرین، لە داوێنی بڵندترین لووتکەی کێوی ئەلبورزدا ستایشی ئەوی کرد...

**(٣٨)**

.....و داوای لێکرد:

ئەی ئەشەی چاک و مەزن..

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە بتوانم (ئەفراسیاو)ی خراپەکاری تۆرانی بە زنجیر ببەستمەوە و بە ڕاکێشان بیبەمە لای (کەیخەسرەو)ی کوڕی تۆڵەسێنی (سیاوەش) تا لە لێواری دەریای قووڵی (چەئێچەستە)دا لە تۆڵەی خوێنی سیاوەشی ناودار کە بە ناهەق و نامەردانە کوژرا و هەرواش لە تۆڵەی (ئەغریرەس)ی دلێردا بیکوژێتەوە.(٢٤٩)

**(٣٩)**

ئەشەی چاک و مەزن، بەپەلە خۆی گەیاندێ و هەومی چارەساز، شەهریاری جوان و زێڕینی بەختەوەر کرد.

بۆ فەڕوشکۆی.................

.........................................

ستایشی.........................

" یەنگهەهاتام.."

**کردەی حەوتەم**

**(٤٠)**

ستایشی ئەشەی...............

**(٤١)**

کەیخەسرەوی پاڵەوانی سەرزەمینە ئێرانییەکان و پارێزەری وڵات، ستایشی ئەوی کرد...

**(٤٢)**

...و داوای لێکرد:

ئەی ئەشەی چاک و مەزن..

ئەم کـــامەرانییەم پـــێ ببەخشـــە کە مـــن: کـــوڕی تۆڵەســـێنی ســـیاوەش، ئەفراسـیاوی تاوانبـاری تـۆرانی لە تۆڵەی سیاوەشـی نـاودار کە نـامەردانە کـوژراو هەرواش لە تـۆڵەی ئەغریرەسـی دلێـردا، لە لێـواری دەریـاچەی قـووڵ و بەرینـی چیچەستدا بکوژم.

**(٤٣)**

ئەشــەی چـاک و مەزن، بە پەلە خـۆی گەیانـدێ و کەیخەسـرەوی پـاڵەوانی سەرزەمینە ئێرانییەکانی بەختەوەر کرد

بۆ فەڕوشکۆی................

.............................

ستایشی ئەشەی.....................

" یەنگهەهاتام.."

**کردەی هەشتەم**

**(٤٤)**

ستایشی ئەشەی چاک و مەزن دەکەین کە...........

(٤٥)

زەردەشـتی ئەشـەڤەن لە ئیـرانڤیچ و لە لێـواری ڕووبـاری (دایتـا)ی[٢٥٠] پاکـدا ستایشی ئەوی کرد...

(٤٦)

......و داوای لێکرد:

ئەی ئەشەی چاک و مەزن..

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە کە بتوانم وا لە (هەئۆتەوسا)ی چاک و مەزن بکەم: هەمیشە بە پێی دین بیر بکاتەوە.. بە پێی دین قسە باکت.. بە پێی دین بجووڵێتەوە.. بێتە سەردینی مەزداپەرستی و بڕوای پێ بهێنێت و بیناسێت.. کە ببێتە هۆی ناوبانگی (ئەنجومەن)ی من.[٢٥١]

(٤٧)

ئەشەی چاک و مەزن بەپەلە خۆی گەیاندێ و زەردەشتی بەختەوەر کرد،

بۆ فەرۆشکۆی..................

ستایشی ئەشەی..........................

.................................

" یەنگهەهاتام.."

## کردەی نۆیەم

(٤٨)

ستایشی ئەشەی..........................

(٤٩)

کەی گشتاسبی مەزن لە لێواری ئاوی (دایتیا)دا ستایشی ئەوی کرد...

**(٥٠_٥١)**

.....و داوای لێکرد:

ئەی ئەشەی چاک و مەزن..

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە تا لە شەڕی (ئەشتۆ ئەوروەنتە)ی کوڕی (ویسپە سەورۆئەشتی) کە خاوەنی کڵاوی سەرتیژو گەردنی بەرزەو حەوتسەد وشتریشی هەیە، لە پشتەوەی (زینیاوەرە خویزاهە)دا زاڵ بم و سەر بکەوم بە سەریدا.[٢٥٢]

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە تا لە شەڕی (ئەرجاسبی خەیوەن)ی تاوانباردا سەربکەم... تا لە شەڕی (دەرشینیکە)ی دێوپەرستدا زاڵ بم و سەر بکەوم بە سەیاندا[٢٥٣]

ئەم کامەرانییەم پێ ببەخشە تا (تەسەریاوەنتە)ی دژە دین لە نێوبەرم... تا (سپینجە ئوروشکە)ی دێوپەرست سەرکوت بکەم.. تا دووبارە (هومای)و (واریزکەنا) لە سەرزەویی (خەیوون)ەکانەوە بگێڕمەوە بۆ ناو خانومانی خۆمان..[٢٥٤] تا سەرزەویی خەیوونەکان وێران بکەم: پەنجا، سەد، هەزار، دەهەزار، سەدهەزاران.

**(٥٢)**

ئەشەی چاک و مەزن بەپەلە........

بۆ فەڕوشکۆی.................

ستایشی ئەشەی........................

" یەنگهە هاتام.."

## کردەی دەیەم

**(٥٣)**

ستایشی ئەشەی..........................

**(٥٤)**

ئەشەی چاک و مەزن گوتی:

لەو زەورەی کە نزری من دەکرێت نابێ هیچ بەشێک بگاتە پیاوی قسر (ئەستێور) و ژنی سۆزانی و کوڕی نابالّق و کچی بەشوو نەدراو(قەیرە).

**(٥٥)**

ئەوکاتەی (تۆرانی) و (نەوزەری)یەکان دوام کەوتبوون، من خۆم لە ژێر پێی (وەرزاوی) بە ناوی (بەرێمایەون) شاردەوە.[٢٥٥]

کەچی کوڕە نابالّقەکان و کچە (بەشوو نەدراو) قەیرەکان دەریان کردم.

**(٥٦)**

ئەوکاتەی کە تۆرانی و نەوزەریەکان دوام کەوتبوون، من خۆم لە ژێر ملی بەرانێک شاردەوە لەنێو ڕانێکدا کە سەد مەڕی تێدا بوون.

کەچی کوڕە نابالّقەکان و کچە قەیرەکان لەوێش دەریان کردم...

لەکاتێکدا کە تۆرانی و نەوزەریەکان بە دوامەوە بوون.

**(٥٧)**

ئەشەی چاک و مەزن، لە سەرەتای گلەییەکانیدا، گلەیی لە ژنێک دەکات کە مندالّی نابێت[٢٥٦]

نە بچۆرە مالّی و نە لە سەرجێگاکەی بحەسێوە

لە دەستی ئێوە چی بکەم؟... بالّ بگرم و بڕۆمە ئاسمان؟... نوقمی زەوی ببم؟

**(٥٨)**

ئەشەی چاک و مەزن، لە دووەمین گلەیی خۆیدا، سەرکۆنەی ئەو ژنە دەکات کە مندالّی پیاوێکی دی بە هیی هاوسەرەکەی خۆیان لەقەلّەم دەدەن[٢٥٧] چیتان لێ بکەم؟... لە دەستی ئێوە بۆ کوێ بچم؟... بەرەو ئاسمان بفڕم؟... نوقمی زەوی ببم؟

**(٥٩)**

ئەشەی چااک و مەزن، لە سێیەمین گلەیی خۆیدا دەلّێت:

بەلای منەوە، دزێوترین کاری خەلّکی ناپاک، فریودانی کچۆلّەیەکی بە شوو نەدراوو سکپڕ کردنیەتی...

چیتان پێ بکەم؟... لەدەستی ئێوە بۆ کوێ بڕۆم؟... بەرەو ئاسمان یا بەرەو ناخی زەوی؟

**(٦٠)**

پاشان ئاهوورامەزدا گوتی:

ئەی ئەشەی جوان ئەفرێنراوی ئافەریدگار..

نە بەرەو یاسمان بفڕە و نە نوقمی ناخی زەوییش ببە، هەر لێرە.. لە بارەگای جوان و پاک و خوسرەوانەی مندا بمێنەوە..

**(٦١)**

ئەی ئەشەی جوان ئەفرێنراوی ئافەریدگار..

بەم نەزرەوە دروودت بـــۆ دەنێـــرم.. بەم نەزرەوە ستایشـــت دەکەم.. هەروەکچۆن گشتاسپ لە لێواری ئاوی دایتیادا ستایشی کردی.

زەوت لە بەرانـبەر بەرسـەمی ئامـادەکراودا دەوەسـتێت و بە دەنگـی بڵنـد دەڵێت:

ئەی ئەشەی جوان ئەفرێنراوی ئافەریدگار..

بەم نەزرەوە دروودت ئاڕاستە دەکەم... بەم نەزرەوە ستایشی تۆ دەکەم

**(٦٢)**

" یەسە ئەهو ڤەئەیریو.."

درووود دەنێرین بۆ ئەشەی چاک.. بۆ چیستای چاک.. بۆ ئەرێسەی چاک.. بۆ رەسەستاتی چاک ، بۆ فەڕو پاداشتی مەزدائەفرێنراو.

" ئەشێم ڤوهوو.."

"ئەهمائی رەئێشچە.."

# هەژدەهەم

## ئەشتاد یەشت[٢٥٨]

## خۆشنوودی بۆ فەڕو شکۆی ئێرانیی مەزدائافەریدە

**(١)**

ئەهوورەمەزدا بە سپیتمان زەردەشتی فەرموو:

مـن فەڕی ئێـرانیم ئەفرانـد کە نەتوانـاو بەشـکۆیەو خـودان هەمـوو شـتێکی چاکە تا ئاوەزی چاکی مەزدایی و سامانی چاک ببەخشێت و چاوچنۆکییش لەنێو بەرێت و دوژمن تێکبشکێنێت.

**(٢)**

فەڕی ئێرانی، ئەهریمەنی زیانەخرۆ شکست دەدات.. رقی خراپ و خوێنبار شکست دەدات.. (بووشاب)ی خەواڵو شکست دەدات.. سەهۆڵبەندانی بێزارکەر تێکدەشـکێنێ.. (ئەپووشـە) دێـو شکسـت دەدات.. سـەرزەمینەکانی (ئەنیـران) تێکدەڕووخێنێ.[٢٥٩]

**(٣)**

مـن، ئەشـەی چـاک و مەزنـم ئەفرانـد تـا لە بارەگـای جـوان و خوسـرەوانەمدا بێت.[٢٦٠]

(٤)

ئەشـەی خۆشـیبەخش دەبێـتە یـاوەری ئەو کەسـەی کە (ئەشـە) خۆشـنوود بکات.[٢٦١]

ئەشـەی دێـتە بارەگـای جـوان و خوسـرەوانەی مـن و هەرهەمـوو پیـرۆزی و ئاوەزو فەڕوشکۆی باش دەبەخشێتەوە.

ئەگەر ئەشەی چاک و مەزن بێتە بارەگای جوان و خوسرەوانەی منەوە...

(٥)

............ هەزار ئەسپ و هەزار سەر ران لەگەڵ خۆی دێنێ
منالّی لێوەشاوە دەبەخشێت
ئەستێرەی تەشتەر دەبزوێت
هەر هەموو (با)ی چالاک و فەڕی ئیرانی دەکەونە بزووتن

(٦)

ئەوانـیش، لـووتکەی هەمـوو کێوەکـان بەهرەمەنـد دەکەن... هێـزی رووان و گەشـە دەبەخشـنە قـوولایی هەمـوو دەریاکـان و ریشـەی هەمـوو گیـا تـازە رواوە سـەوزو جـوان و ناسـکەکان.. سـەهۆڵبەندانە بێزارکەرەکـان و ئەپووشـە دێـویش لەناو دەبەن.

(٧)

درووود بۆ ئەستێرەی تەشتەری هێژاو بەفەڕ
درووود بۆ (با)ی چالاکی مەزدائەفرێنراو
درووود بۆ فەڕی ئێرانی
"یەسەئەهوڤەئەیریۆ.."
"ئەشیم ڤوهوو.."

**(٨)**

ستایشی نوێژی (ئەهوونەڤەئیریە) دەکەین..
ستایشی ئوردیبەهەشت، جوانترین ئەمشاسپەند دەکەین..
ستایشی زمانی چاک و ڕاست و پیرۆزی چارەساز دەکەین..
ستایشی زمانی چارەسازو پیرۆزو ڕاست و چاک دەکەین..
ستایشی مەنسەرەی هێژاو دینی مەزداپەرستیی خوازیاری هەوم دەکەین..
" یەنگهەهاتام.."

**(٩)**

"یەسە ئەهوو ڤەئیریو.."
ستایشی فەڕی ئێرانیی مەزدا ئافەریدە دەکەین.
" ئەشێم ڤوهوو.."
" ئەهمائی رەئێشچە.."

# نۆزدەهەم

## زامیاد یەشت/ کیان یەشت(٢٦٢)

## بە خۆشنوودیی کێوی مەزدا ئافەریدەی ئاسایشبەخشی ئەشە (ئەوشیدەرێنە) و فەڕی کیانیی مەزدا ئافەریدەی هەرگیز رانەگیراو.[٢٦٣]

**(١)**

ئەی سپیتمان زەردەشت..

یەکەمین کێو کە لەم سەرزەوییەدا بەرز بۆوە، (ئەلبورز)ی بڵندە کە هەرهەموو سەرزەویەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی لە ئامێز گرتووە[٢٦٤]

دووەمین کێو (زێرێدەزە)یە کە لەو لای (مەنووشە)وە هەموو سەرزەویەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای لە خۆی گرتووە.[٢٦٥]

**(٢)**

لەم کێوانەش، کێوی (ئووشیدەم/ ئووشیدەرێنە) و زنجیرە کێوی (ئێرێزیفیە) دروست بوون.[٢٦٦]

شەشەمین کێو (ئێرێزورە)، حەوتەمین (بومیە)، هەشتەمین (زەوزیتە)، نویەمین (مەزیشوەنتە)، دەیەمین (ئەنتەرێدەنگهو)، یازدەهەمین (ئێرێزیشە)، دوازدەهەمین (وایتی گەئێسە)...[٢٦٧]

**(٣)**

...و (ئادەرەنە) و (بەیەنە) و (ئیشکەتە ئەوەپایری سەئێنە) کە بە بەفر داپۆشراوە و تەنیا کەمێک لە بەفرەکەی دەروێتەوە.

دوو زنجیرە کێوی (هەمەنگونە) و هەشت زنجیرەی (وەشەنە) و هەشت لووتکەی (ئەوروەنتە) و چوار شاخی (ویزەونە).[٢٦٨]

**(٤)**

... (ئەئێـزەحە) و (مەئێـنەخە) و (واخێـزریکە) و (ئەسـەیە) و (توزەسـکە) و(ویشـەوە) و (دەرەوەشیشـوەنتە) و (سـایریەوەنتە) و (نەنگهەوەشـمەنتە) و (کەکەهیوە) و (ئەنتەرێکەنگهە)...[٢٦٩]

**(٥)**

...و (سـیپی دەوە) و (ئەهـوورەنە) و (رەئـێمەنە) و (ئەشەسـتێمبەنە) و (ئورەنیـووایزیمیزەکە) و (ئەسـنەەنتە) و (ئوشـەئومە) و (ئوشـتەخوارێنە) و (سیامەکە) و (وەفرەیە) و (ڤوئوورۆشە) و...[٢٧٠]

**(٦)**

...و (یەهمـیە جەتەرە) و (ئەزوەتەوە) و (سـپیتەوەرێنە) و (سـپیتۆداتە) و (کەزەرەوەئەسـپە) و (کەوۆئیریسـە) و لـووتکەی (بەرۆسـەرەیەنە) و (بەرەنە) و کێـوی (فەراپەیە) و (ئەوەریە) و (رەئێـوەنتە) و کێوەکـانیتریش کە پێشـتر، خەڵکانێک ناویان لێ نان و پێیاندا تێپەڕین و بیریان لێ کردنەوە.[٢٧١]

**(٧)**

ئەی سپیتمان زەردەشت..

هەرئاوا ژمارەی کێوەکان دەگاتە دووهەزارودووسەد وچلوچوار کێو

**(٨)**

بە هەمـان رادە کە ئەم کێـوانە زەمینیـان لە خۆیـان گرتـووە، ئافەریـدگاریش یاگربان و جەنگاوەر و وەرزێر و شوانەکانی بە هۆیانەوە بەهرەمەند کردوون.

## کردەی یەکەم

**(٩)**

ستایشـــی فەڕی کیـــانیی بەهێـــز و مەزدائافەریـــدە دەکەیـــن، ئەو فەڕە ستایشـــکراوە چـــالاک و پارێزگـــارەی کە گەلـــێ بەرزوبەڕێزتـــرە لە دیـــکەی ئەفرێنراوەکانی یەزدان...

**(١٠)**

... کە هیـی ئەهـوورەمەزدایە.. کە ئەهـوورەمەزدا بە هـۆی ئەوەوە دیـکەی ئافەیدەکانی ئەفراندن، فراوان و چاک.. فراوان و جوان.. فراوان و دڵگیر.. فراوان و لێهاتوو.. فراوان و درەوشاوە...

**(١١)**

... تاوەکوو ئەوان گێتی نوێ بکەنەوە.. گێتیی هەرگیز پیر نەبووی هەرگیز نەمر.. ناگەندەڵ.. نەژاکاو.. هەمیشە جاویدان.. هەمیشە گەشەکردوو.. هەمیشە ئاوەدان و بەختەوەر.

لەو کـاتەدا کە مردووەکـان دووبـارە را ببـنەوەو نەمـری ڕووڵە زینـدووەکان بکات، سوشیانت سەرهەڵدەدات و بە ئیرادەی خۆی جیهان نوێ دەکاتەوە.

**(١٢)**

ئیتر، جیهانی پەیڕەوی ئەشە جاویدان دەبێت و درۆخواز بەرەو هەمان شوێن راو دەنـرێتەوە کە لێیەوە هـاتووە بـۆ زیـان گەیانـدن بە ئەشـەڤەنەکان و تێکـدانی ژیانیان.

خراپەکار و فریودەرەکان نابوود دەبن.

" ئەسارەتووش ئەشەئەت چیەت هەچا.."

(١٣)

بۆ فەڕو شکۆی، من بە نوێژێک بە دەنگی بەرزو بە زەورەوە ستایشی فەڕی کیانیی بەهێزو مەزدائافەریدە دەکەم

ستایشی فەڕی بەهێزو مەزدا ئافەریدەی کیانی دەکەین بە هۆی هەومی ئاویتەی شیر.. بە بەرسەم.. بە زمانی ئاوەزو مەنسەرە.. بە ئەندێشەو زمان و کرداری چاک.

" یەنگهەهاتام.."

## کردەی دووەم

(١٤)

ستایشی فەڕی.......

................. دووبارەی سەرەتای کردەی یەکەم

(١٥)

... کە هیی ئەمساسپەندانە، ئەو سەروەرە وردبینە مەزنە بەهێزە ئاهوورایییە هێژایە کە هەموویان نەمرو جاویدانن.

(١٦)

... کە هەر حەوتەکەیان وەکوو یەک بیر دەکەنەوە.. کە هەر حەوت وەکوو یەک دەپەیڤن.. کە هەرحەوت وەک یەک دەجوولێنەوە... کە لە بیرو زمان و کرداردا وەکوو یەکن و هەرهەموویشیان یەک باوک و یەک سەروەریان هەیە: ئەهوورەمەزدا.

(١٧)

هەریەکە لەوان دەتوانێ ناخی ئەویتر ببینێت کاتێ بیر لە ئەندێشەو زمان و کرداری چاک و هەرواش بیر لە (گەرەزمان) دەکاتەوە[٢٧٢]
رێگای ئەوان، کاتێ بەرەو نەزرکردنی زەور دەفڕن، رووناکە.

(١٨)

.... کە دەبـنە پەنـاو یـاوەری خیلقەتـی ئەهـوورەمەزدای داداری روخســار نەخشێنی ئەفرێنەری پارێزکار.

(١٩)

... تاوەکوو گێتی نوێ بکەنەوە: گێتیی .................. (دووبارەی بڕگەی ١١)
..............................

(٢٠)

بۆ فەڕوشکۆی............... دووبارەی ستایشەکانی کۆتایی کردەکان
..................................
"یەنگەهاتام.."

## کردەی سێیەم

(٢١)
ستایشی فەڕی کیانی......... دووبارەی ستایشی سەرەتای کردە
..............................

**(٢٢)**

... کە هیــی ئیــزەدە مینــویی و جیهــانی و سوشــیانتە لەدایکبــووو لە دایــک نەبووەکان: نویێ کەرەوەکانی گێتییە.

**(٢٣)**

... تا ئەوان گێتی نویێ بکەنەوە.........

..........................

**(٢٤)**

بۆ فەڕوشکۆی.....................

...........................

"یەنگهەهاتام.."

**کردەی چوارەم**

**(٢٥)**

ستایشی فەڕی کیانی.................

**(٢٦)**

... کە پێشتر هیی (هووشەنگی پێشدادی) بوو، بەجۆرێک کە فەرمانڕەوایی حەوت وڵاتی کـردو سـەرکەوت بەسـەر دێـو و خەڵکی درۆپەرسـت و جادووکـارو پەری و کەویـیە سـتەمکارو کەرەپەکانـداو دێـوە مەزەنـدەری و درۆخـوازەکـانی وەرێنەی لەناو بردن[٢٧٣]

بۆ فەڕوشکۆی..............

ستایشی.....................................

"یەنگهەهاتام.."

**کردەی پێنجەم**

**(٢٧)**

ستایش فەڕی کیانی..............

**(٢٨)**

... کە پێشتر هیی (تەهمورس)ی (زیناوەند) بوو، کە فەرمانڕەوای حەوت ولات بووو سەرکەوت بەسەر دێو و درۆخوازو جادووکارو کەوی و کەرەپە خراپەکارکاندا.(٢٧٤)

**(٢٩)**

... بە جۆرێک کە پاش سەرکەوتنی بەسەر هەموو دێو و درنج و جادووکارەکاندا، ئەهریمەنی کردە ئەسپێک و بۆ ماوەی سی ساڵ سواری بووو ئەمپەڕوئەوپەڕی دنیای پێکرد.

بۆ فەڕوشکۆی.................

ستایشی.....................................

"یەنگهەهاتام.."

**کردەی شەشەم**

**(٣٠)**

ستایشی فەڕی کیانی....................

(٣١)

... كە پێشتر هیی (جەمشید)ی روخسار جوان بوو[٢٧٥]، بە جۆرێک کە پاشایەتیی حەوت وڵاتی کرد و سەرکەوت بەسەر....... (دووبارەی ناوی دێو و....)

(٣٢)

ئەوەی کە دارایی و سوودی لە دێوەکان زەوت کرد
فراوانی و سامانی لە دێوەکان زەوت کرد
خۆشحاڵی و سەرفرازیی لە دێوەکان زەوت کرد
لە پاشایەتیی ئەودا خواردن و خواردنەوە فراوان و بێ کۆتایی.. خەڵک و گیانداران بێ مەرگ.. ئاو و گیاکان هەمیشە سەوز و گەش بوون.

(٣٣)

لە پاشایەتیی ئەودا، نە سەرما هەبوو نە گەرما.. نە پیری هەبوو نە مردن و نە چاوچنۆکیی دێو ئافەریدە. ئاوەها بوو تا پێش ئەوەی کە ئەو تووشی درۆ بێت.. تا پێش ئەوەی کە ئەو دەمی بە وشەی درۆ ئالوودە بکات.

(٣٤)

بەڵام پاش ئەوەی کە دەمی بە درۆ و قسەی ناڕاست ئالوودە بوو، (فەڕ) بە ئاشکرا بە شکڵی باڵدارێک دەرهات و لە جەستە و ڕۆحی ئەودا دەرچوو.
کاتێ جەمشیدی روخسار جوان بینیی (فەڕ)ی لێ جیا بۆوە، سەرسام و خەمۆک و سەرگەردان بوو و لە بەرانبەر دوژمنایەتیی دێوەکاندا هیچی پێ نەکرا و خۆی حەشار دا.

(٣٥)

یەکەمجار (فەڕ) هەڵات.. ئەو فەڕەی جەمشید.. فەڕی (جەم)ی کوڕی (ڤەیوەنگهان)، لە شکڵی باڵداری (وارەغنە)دا لە ڕۆحی دەرپەڕییە دەرەوە..[٢٧٦] ئەم فەڕە لە جەمشید هەڵاتووە، گەیشتە لای میهری بەرینی ژیگە و ئەو خودان هەزار گوێ و دەهەزار چاوە گرتیەوە.

ستایش بۆ میهری شەهریاری سەرجەم سەرزەمینەکان کە ئاهوورامەزدا ئەوی وەک بەفەڕترینی ئیزەدەکان ئەفراند.

**(٣٦)**

دووەمینجار فەڕ هەڵات................. (دووبارەی رستەی یەکەمی بڕگەی پێشوو)

ئەم فەڕە لە جەم هەڵاتووە گەیشتە لای (فەرەیدوون)ی کوڕی خانەدانی (ئاتبین) و ئەویش کە دوای زەردەشت پیرۆزترین کەس بوو، گرتیەوە.[٢٧٧]

**(٣٧)**

ئەو کەسەی کە ئەژیدەهاکی شکست دا.. ئەژیدەهاکی سێ قەپۆسی سێ سەر، ئەو خودان هەزار جۆرە چالاکیی خراپ، ئەو دێوە هەرە گەورەیەی درۆ، ئەو درنجە زیانەخرۆیە، ئەو بەهێزترین درنجەی کە ئەهریمەن بۆ لەناو بردنی جیهانی ئەشە خولقاندی.

**(٣٨)**

سێیەمینجار کە فەڕ هەڵات، ئەو فەڕەی جەمشید..............

................ (گرشاسپ)ی نەریمان گرتیەوە کە دوای زەردەشت، لە دلێری و مەردایەتیدا یەکەمین بوو...[٢٧٨]

**(٣٩)**

... كە هێزو دلێریی مەردانە رووی تێکرد

ئێمە ستایشی ئەو دلێرییە هەمیشەیی و بێکۆتایی و بێدارو بەئاگایە دەکەین کە رووی لە گەرشاسپ کرد.

**(٤٠)**

ئەو کەسەی کە ئەژدیهای شاخداری کوشت، ئەو ئەسپ (ئەوبار)ی مرۆڤ ئەوبار[٢٧٩] ئەو ژاراوییە زەردباوە کە ژارە زەردباوەکەی بە قەدەر رمێکی درێژ دەردەپەڕی.

کاتی نیوەڕۆ، گەرشاسپ لەناو قاپێکی ئاسنیندا بەسەر پشتی ئەو ئەژدیهایەوە چێشتی لێدەنا... ئەو نابەکارە، لەو گەرما تاقەتپڕووکێنەدا، لەناکاو هەستایەوە و ئاوی کوڵاتووی ناو قاپەکەی رژاند.

گەرشاسپ ترسا و خۆی هاویشتە گۆشەیەکەوە.

**(٤١)**

ئەو کەسەی کە (گەندەرێڤە)ی پاژنە زێڕینی کوشت کە بە قەپۆسی گەورەیەوە هاتبوو بۆ لەناو بردنی جیهانی ئەشە..

ئەوەی کە نۆ کوڕی (پەسەنەیە) و کوڕەکانی (نێیوەیکە) و (داشتەیانی)ی کوشتن.. کە (هیتەسپە)ی تاج زێڕین و (وەرێشەوە)ی سەربە بنەماڵەی (دانی) و (پیتەوۆن)ی خوازیاری پەرییەکانی کوشت...[٢٨٠]

**(٤٢)**

... ئەوەی کە (ئەرەزوشەمەن)ی خودان هێزی مەردانەی کوشت[٢٨١]

**(٤٣)**

... ئەوەی کە (ســـناویزەکە)ی کوشـــت، ئەو شـــاخدارە دەسقورســـە کە لە ئەنجومەندا دەیگوت:

ــ من هێشتا گەنجم، کاتێ گەورە بووم، زەمین دەکەمە چەرخ و ئاسمانیش دەکەمە کەژاوەی خۆم...[٢٨٢]

**(٤٤)**

... ئەگەر گەرشاپسـی دلێـر نەمکوژێـت، مـن سـپەنتەمینو لە گەرەزمـانی رووناک و ئەنگەرەمینـو لە دۆزەخی تاریکـدا رادەکێشـمە دەرەوە تـا هەردوکیـان کەژاوەکەم راکێشن.

گەرشاسپی دلێر کوشتی و گیانی لێسەند و هێزی ژیانی لێ گرتەوە.

## کردەی حەوتەم

**(٤٥)**

ستایشی فەڕی کیانی.........................

**(٤٦)**

ســپەنتەمینو و ئەنگەرەمینــو، هەردوکیــان هەوڵــی گرتنــی (فەڕ)یــان داو هەرکامەیان چالاکترین پەیکی خۆیان بە دوادا نارد.

سپەمتەمینو، پەیکەکانی خۆی: (بەهـمەن و ئەردیبەهەشت و ئازەر)ی مەزدا ئافەریـدەی بە دوایـدا نـارد و ئەنگەرەمینـوش، (ئەکەمەنە) و رقـی ئـاڵاخوێنین و ئەژیدەهاک و (سپیتیوەر)، واتە ئەو کەسەی کە جەستەی (جەم)ی بە مشار کردە دوولەتەوە، خستە دوای.[٢٨٣]

**(٤٧)**

ئینجا ئازەری مەزدائەهوورا، ئاوا چووە ناو فکرەوە و بەرەو پێش هەنگاوی نا:

ـ من، ئەم فەڕە دەست پێڕانەگەیشتووە بەدەسدێنم.

بەڵام، ئەژیدەهاکی سێ قەپۆسی سرشت چەوت، ئاوا گوڕاندی و دوای کەوت:

**(٤٨)**

ئەی ئازەری مەزدائەهوورە..

بکشێوە دوا، چونکە ئەگەر تۆ ئەم فەڕە دەسپێرانەگەیشتووە بگریتەوە، ئەوا من گورچ لەناوت دەبەم، بەجۆرێک کە ئیدی نەتوانی زەویی ئاهوورا ئافەریدە ڕۆشنبکەیتەوە.

ئەودەم، ئازەر، ترساو لە نابوودیی ژیان و لە پێناو پاراستنی جیهانی ئەشەدا، کشایەوە، ئاخر، ئەژدەهاک گەلێ زەبەڵلاح و ترسناک بوو.

**(٤٩)**

ئینجا، ئەژیدەهاکی سێ قەپۆسی سرشت چەوت چووە پێشەوە و گوتی:

ـ من ئەم فەڕە دەسپێڕانەگەیشتووە دەگرمەوە.

بەلام، ئازەری مەزدائەهوورە ئەمجارە لێی چووە پێشەوە و هاواری بەسەردا کرد:

**(٥٠)**

ئەی ئەژیدەهاکی سێ قەپۆس..

بکشـێرە دواوە، گەر نـا، هەر لە ڕەگەوە دەتسـووتێنم، ئـاگر بەردەدەمە

قەپۆست، بە جۆرێک کە ئیدی نەتوانی  بۆ لەناوبردنی جیهانی ئەشە پێ بخەیتە سەر زەویی ئەهوورائافەریدە.

ئیدی ئەژیدەهالی سێ قەپۆس لە ترسی مەرگ، کشایە دواوە، چونکە ئازەر گەلێ بەهەیبەت بوو.(٢٨٤)

(٥١)

فەڕ، بازی دایە ناو دەریای فەراخکەرتەوە.

ئینجا (ئەپام نەبات)ی تێژپەڕ، پێی زانی و ئاواتی بەدەسهێنانی خواست(٢٨٥):

ـ من ئەم فەڕە دەسپێڕانەگەیشتووە بەدەسدێنم، لە قووڵایی دەریای بێ بندا.. لە قووڵایی دەریا بێ بنەکاندا.

(٥٢)

ستایشی، (ڕەتوو)ی مەزن، شەهریاری (شیدوەر) ئەپام نەباتی تێژپەڕ، ئەو دلێرە دادڕەسەی دادخوازان دەکەین.

ستایشی ئافەریدەگار دەکەین کە مرۆڤی ئەفراند.

ستایشی (ئیزەدی ئاو) دەکەین، کە هەرکاتێ ستایش بکرێت، دەیبیستێ(٢٨٦)

(٥٣)

ئەهوورەمەزدا ئاوای گوت:

ئەی زەردەشتی ئەشەڤەن..

لەسەر تاکبەتاکی ئێوەی مرۆڤە کە هەوڵی بەدەسهێنانی فەڕ بدات.

ئاوا کەسێکیش لە بەخششی پاداشتی درەوشاوەی (ئاتۆربانی) بەهرەمەند دەبێت، لە بەخششی پاداشتی درەوشاوەی ئاتۆربانی... لە بەخششی ئاتۆربان(٢٨٧) .........

(٥٤)

..... له بەخششی ئەشەی ئاسایشبەخش بەهرەمەند دەبێ کە ئاژەڵ و گیا دەبەخشێت...

سەرکەوتن، هەمیشە بەشی ئەو دەبێت و دەتوانێ بە هێزەوە دوژمن شکست بدات و ماوەی ساڵێک نەخایەنێت کە بەهۆی ئەو سەرکەوتنەوە، هەرهەموو سوپای دوژمن لەناو بەرێت.

بۆ فەڕوشکۆی.....................

ستایشی فەڕی کیانی.....................

" یەنگهەهاتام.."

## کردەی هەشتەم

(٥٥)

ستایشی فەڕی.....................

(٥٦)

(ئەفراسیاو)ی تۆرانیی چەتوون، بە نیازی رفاندنی فەڕی دەسپێرانەگەیشتوو، (فەڕ)ێک کە لە ئێستاوە و دواتریش هیی هۆزە ئێرانییەکان و زەردەشتی ئەشەڤەنە، جلەکانی لەبەر کەند و بە ڕووتی بازی دایە ناو فەراخکەرتەوە و بە مەلە کەوتە دوای.

فەڕ، گورج تێی تەقاند و خۆی لێ دەرباز کرد، هەر ئەوەش بوو کە (شاخاوە)یەک بەناوی (دەریاچەی خەسرەو) لە دەریای فەراخکەرتدا دروست بوو.[٢٨٨]

**(٥٧)**

ئەی سپیتمان زەردەشت..

ئیدی ئەفراسیاوی تۆرانیی بەهێز، بە جنێودان لە دەریای فەراخکەرت هاتە دەرەوە:

ـ "(ئیسێ، ئیسێ، پێسنە، ئەهمائی)[٢٨٩]...

ـ ... من نەمتوانی ئەم فەڕە بڕفێنم، فەڕیک کە ئێستاو دواتریش هیی هۆزە ئێرانییەکان و زەردەشتی ئەشەڤەنە...

**(٥٨)**

.... ئەوا ئێستا منیش هەموو تەڕو وشک و گەورە و چاک و جوانەکان تێک دەشێوێنم تا ئەهوورەمەزدا بخەمە تەنگژەوە."

ئەی سپیتمان زەردەشت..

ئەفراسیاوی بەهێزی تۆرانی، دووبارە خۆی خستەوە ناو دەریای فەراخکەرتەوە.

**(٥٩)**

بۆ جاری دووەم، ئەفراسیاو بە نیازی رفاندنی فەڕی دەسپێڕانەگەیشتوو، کە ئێستاو دواتریش هیی ..........................

........................................ دووبارەی بڕگەی (٥٦)

فەڕ، بازرەقەی بەست و خۆی لێ قوتار کرد، هەر ئەوەشە کە شاخاوێک بەناوی دەریاچەی (وەنگهەزادە) لە دەریای فەراخکەرت دروست بوو.[٢٩٠]

**(٦٠)**

ئەی سپیتمان زەردەشت..

ئیتر ئەفراسیاوی چەتوونی تۆرانی، بە جنێو دان هاتە دەرەوە:

" ....... دووبارەی جنێوەکەی پیشوو......

... (ئەوەئێسە، ئیسە، یەسنە، کەهمائی)[٢٩١]...

.... من نەمتوانی................ دووبارەی قسەکانی ئەفراسیاو...

**(٦١)**

.... ئێستا منیش................ دووبارەی هەڕەشەکانی ئەفراسیاو

**(٦٢)**

بۆ جاری سێیەم، ئەفراسیای بە نیازی....... دووبارەی کارەکەی ئەفراسیاو فەڕ بازرەقەی بەست و......... هەر ئەوەشە کە شاخاوێک بەناوی دەریاچەی (ئەوژەدان ڤەنە) لە دەریای فەراخکەرتدا دروست بوو[٢٩٢]

**(٦٣)**

ئەی سپیتمان زەردەشت..

ئەفراسیاوی چەتوونی تۆرانی، ئەمجارەش بە جنێودان لە دەریا هاتە دەرەوە:

.......................... دووبارەی جنێوەکانی ئەفراسیاو

(٦٤)

ئەو نەیتوانی فەڕ بڕفێنێت، فەڕێک کە ئێستا و.....................
بۆ فەڕوشکۆی........................
ستایشی فەڕی کیانی........................
" یەنگهەهاتام.."

**کردەی نۆیەم**

(٦٥)

ستایشی فەڕی....................

(٦٦)

... ئەو فەڕەی کە هیی ئەوکەسەیە کە بارەگای شەهریارییەکەی هەمان ئەو شوێنەیە کە ڕووباری (هیرمەند) دەڕژێتە ناو دەریای (کیانسیە)وە، ئەو شوێنەی کە کێوی ئووشیدەم سەری هەڵکێشاوە و لە دیکەی کێوەکانی دەوروبەر، ئاوێکی زۆر هەڵدەقوڵێت و دادەڕژێت.[٢٩٣]

(٦٧)

ڕووبارەکانی (خواسترا) و (هوئوسپا) و (فرەدەسا) و (خوارێنەنگهەیتی)ی جوان و (ئەوشتەوەیتی)ی بەهێز و (ئەوروەزا) خودان لەوەڕگەی بەرین و (ئێرێزی) و (زەرێنەوەمەیتی) بەرەو دەریاچەی کیانسیە دەکشێن و دەڕژێنە ناویەوە[٢٩٤]

هیرمەندی پڕ شکۆ کە شەپۆلی سپی و مەزنی لێدەبنەوە و هەردەم لە سەرکێشی و شەپۆلاندایە، دەڕژێتە ناویەوە..

(٦٨)

... هێـزی ئەسـپێکی هەیە.. هێـزی وشـترێکی هەیە.. هێـزی پیـاوێکی هەیە.. خاوەنی فەڕی کیانییە.

ئەی زەردەشتی ئەشەڤەن..

هێنـــدە فەڕی کیـــانیی هەیە کە دەتـــوانێ هەرهەمـــوو ســـەرزەمینی (ئەنیران)ەکان وێران بکات و لەناو خۆیدا نوقمیان بکات.(٢٩٥)

(٦٩)

لەو کاتەدا ئیتر، ئەنیران سەرگەردان دەبن و تێدەگەن لە برسێتی و تینوێتی و سەرما و گەرما.

فەڕی کیانی، ئاوا پەناو پشتیوانی هۆزە ئێرانیەکان و گیاندارە (پێنجینەکان) و هەرواش یاریدەدەری ئەشەڤەنەکان و دینی مەزداپەرستییە.(٢٩٦)

بۆ فەڕوشکۆی.........................

ستایشی فەڕی.................................

" یەنگهەهاتام.."

**کردەی دەیەم**

(٧٠)

ستایشی فەڕی کیانی..........

(٧١)

... فەڕێک کە گەیشتە دەستی (کەی قوباد)، کە هیی (کەی ئەپیوە) و (کەی کـاوس) و (کەی ئـارەش) و (کەی پەشـین) و (کەی بیـارەش) و (کەی سـیاوەش) بوو(٢٩٧) ...

**(٧٢)**

... به جۆرێـک که ئه‌وان (کیانی)یه‌کـان، هه‌ر هه‌موویـان چـالاک، پـاڵه‌وان، پارێزکار، مه‌زن، ئازاو نه‌ترس بار هاتن.

بۆ فه‌ڕوشکۆی.....................

ستایشی فه‌ڕی.......................

" یه‌نگهه‌ هاتام.."

## کرده‌ی یازده‌هه‌م

(٧٣)

ستایشی فه‌ڕی کیانی.....................

**(٧٤)**

ئه‌و فه‌ڕه‌ی که هیـــی ( که‌یخه‌ســـره‌و) بـــوو، بـــۆ هێـــزی تێکچـــڕاوی.. بـــۆ سه‌رکه‌وتنی ئاهوورا ئافه‌ریده‌ی.. بۆ پێشده‌ستی و پێشڕه‌ویی له سه‌رکه‌وتندا.. بـۆ فه‌رمـانی به‌چـاک به‌جێگه‌یه‌نـراوی.. بـۆ فه‌رمـانی ئـاڵوگۆڕ پـێ نه‌کـراوی.. بـۆ فه‌رمانی ده‌سته‌مۆ نه‌کراوی.. بۆ تێکشکانی گورجوبڕی دوژمنه‌کانی......

**(٧٥)**

.... بـۆ هێـزی بێکۆتـایی و فه‌ڕی مه‌زدا ئافه‌ریـده و ته‌ندروسـتی.. بـۆ منـداڵی چـاک و وشـیار.. بـۆ منـداڵی به توانـای ژیـری قســه‌زان.. بـۆ منـداڵی ئـازاو نیـاز دابیـنکه‌ری به‌رچـاو ڕوون.. بـۆ ئاگـایی دروسـت له ئایه‌نـده و چـاکترین ژیـانی بـێ ده‌ردیسه‌ر....

(٧٦)

.... بـۆ شـەهریاریی درەوشـاوە.. بـۆ ژیـانی درێژخـایەن.. بـۆ هەمـوو بەختەوەری و سەرجەم دەرمان و چارەسازییەکان....

(٧٧)

... بەوجـۆرەی کە کەیخەسـرەو بەسـەر دوژمنـی نابەکـاردا سـەرکەوت و بە درێژایـی شەڕوشـۆڕەکە، کـاتێ کە دوژمنـی دڵپیسـی فێڵبـاز، بە سـواری دوای کەوتبوو، نەکەوتە بۆسەی و گرفتار نەبوو.

کەیخەسرەو، سەروەری سەرکەوتوو، کوڕی تۆڵەسێنی سیاوەشی دلێر کە بە نامەردی کوژرا و هەرواش تۆڵە سێنی ئەغریرەسی دلێر، ئەفراسیاوی نابەکار و براکەی (گەرسیوەز)ی گرتن و زەنجیری کردن[٢٩٨]

بۆ فەڕوشکۆی.................

ستایشی فەڕی کیانی.....................

" یەنگهەهاتام.."

**کردەی دوازدەهەم**

(٧٨)

ستایشی فەڕی کیانی.............

(٧٩)

ئەو فەڕەی کە هیی زەردەشتی ئەشەڤەن بوو کە بە پێی دین بیری کردەوە.. بە پێـی دیـن قسـەی کـرد.. بە پێـی دیـن جـوولایەوە.. کە لە سەرتاسـەری جیهـانی خاکیدا: لە ئەشەدا ئەشەڤەنترین.. لە شەهریاریدا چاکترین شەهریار.. لە شکۆدا بە شکۆترین.. لە فەڕدا بە فەڕترین.. لە پیرۆزیدا پیرۆزترین بوو.

**(٨٠)**

پـێش ئەو، دێوەکـان لەم سـەرزەمینەدا بە ئاشـکرا لە جـووڵەدا بـوون.. بە ئاشـکرا کامەرانییـان دەکـرد.. بە ئاشـکرا ژنیـان لە مێردەکانیـان دەڕفانـد و چاوبەگریانەکانیان زێدەتر ئازار دەدان.

**(٨١)**

ئینجـا بە هـۆی تـاقە (ئەهـوونەڤەئیریە..)یەکەوە کە زەردەشـتی ئەشـەڤەن، چوارجار بە هێمنی و پاشان بە دەنگی بەرز هۆنییەوە، سـەرجەم دێوەکان کەوتنە ترس و دڵەڕاوکێ، ئیتر ئەو نابەکارە ناشایست و نەشیاوانە، لە ژێر زەویدا خۆیان شاردەوە.

**(٨٢)**

ئەفراسـیاوی تـۆرانیی بەدکـار، لەهەرهەمـوو حەوت وڵاتەکەی سـەرزەویدا بەدوای فەڕی زەردەشـتەوە بـوو.. ئەفراسـیاوی نابەکـار بـۆ بەدەسـهێنانی فەڕی زەردەشت هەموو حەوت وڵاتەکەی پێوا.

ئەفراسـیاو پەلامـاری فەڕی دا، بەڵام فەڕیـش و زەردەشـتیش، هەردوکیـان خۆیـان لـێ لادا هەروەک چـۆن مـن ـ ئەهـوورەمەزدا ـ ئیـرادەم کردبـووو هەروەکچۆن دینی مەزداپەرستی دەیویست.

بۆ فەڕوشکۆی.......................

ستایشی فەڕی...............................

" یەنگهەهاتام.."

## کردەی سێزدەهەم

**(٨٣)**

ستایشی فەڕی کیانی..............

**(٨٤)**

ئەو فەڕەی کە هیــی گشتاســپ بــوو، کە بە پێــی دیــن........ (دووبــارەی سەرەتای کردەی پێشوو)
بەجۆرێک کە ئەو ستایشی دەینی کرد... دوژمنەکانی لە ئەشەڤەنان دوور خستنەوە.

**(٨٥)**

ئەوبوو کە بە گورزە قورسەکەی خۆیەوە ڕێگای رزگاریی ئەشەی پێشاندا
ئەوبووکە بە گورزە قورسەکەی خۆیەوە ڕێگای رزگاریی ئەشەی دۆزییەوە
ئەوە کە پشت و پەنای ئەم دینە ئەهوورایییەی زەردەشت بوو.

**(٨٦)**

ئەوبــوو کە ئەم دیــنە تەوق دراوەی رزگــار کــرد و گــوڕو تــین وبــرەوی پــێ بەخشی، ئەم دینە مەزن و پاکەی کە خودان ئاژەڵی چاک و لەوەڕگەی پاکە، کە دەوڵەمەندە بە ئاژەڵی چاک و لەوەڕگەی پاک[٢٩٩]

**(٨٧)**

کەی گشتاســپی دلێــر ســەرکەوت بەســەر (تەســەرویاوەنتە)ی دژە دیــن و (پێشــەنە)ی دێــو پەرســـت و (ئەرجاســـب)ی درنـــج و دیــکەی (خەیــون)ە

خراپەکارەکاندا[٣٠٠]

بۆ فەرۆشکۆی................

ستایشی فەری......................

" یەنگهەهاتام.."

## کردەی چواردەهەم

**(٨٨)**

سستایشی فەری کیانی.......................................

**(٨٩)**

ئەو فەرەی کە هیی سوشیانتی پیرۆزو دیکەی یارەکانیەتی، کاتێ کە گێتی نوێ دەکەنەوە، گێتیی نەمر، ناشێواو، جاویدان و هەمیشە پڕ ژیان و گەشە ونەشە.

لەو کاتەدا مرۆڤەکان هەڵدەستنەوە و نەمری ڕوولە ژیان دەکات، سوشیانت دەردەکەوێت و بە ئیرادەوە گێتی نوێ دەکاتەوە.

**(٩٠)**

ئینجا جیهانی پەیرەوی ئەشە نەمر دەبێت و درنج راوودەنرێتەوە هەمان شوێن کە لێیەوە بۆ زیان گەیاندن بە ئەشەڤەنەکان و ژیانی ئەوان هاتبوو.

خراپەکارو فریودەر لەناو دەچن.

" ئاسارەتووش ئەشەئەت چیەت هەچا.."

بۆ فەرۆشکۆی.........

ستایشی فەری.................

" یەنگهەهاتام.."

## کردەی پازدەهەم

**(٩١)**

ستایشی فەڕی کیانی...............

**(٩٢)**

ئەوکـــاتەی کە (ئەســـتوەت ئێـــرێتە)ی نێـــردراوی ئەهـــووره، کـــوڕی (ویسپەتەوروەیری) لە ئاوی کیانسە دێتەدەرو گورزێکی سەرکەوتنبەخش بەرز دەکاتەوە، هەمان ئەو گورزەی کە فەرەیدوونی دلێر کاتی کوشتنی ئەژیدەهاک بەدەستیەوە بوو[٣٠١]...

**(٩٣)**

... هەمان ئەو گورزەی کە ئەفراسیاوی تۆرانی کاتی کوشتنی (زین مانگا)ی درنـج هەیبـوو، کە کەیخەسـرەو کـاتی کوشـتنی ئەفراسـیاو هەیبـوو، کە کەی کشتاسب، مامۆستای ئەشە، بۆ سپاکەی هەیبوو، ئەو، بەم گورزەوە دێو و درنجی، لێرە، لەم جیهانەی ئەشە کردە دەرەوە.[٣٠٢]

**(٩٤)**

ئەو، سەرجەم ئافەریدەکان بە دیدەی ئاوەز دەبینێت
........... هەرچی بەدسرشتە[٣٠٣]

ئەو بە دیدەی بەخشیشەوە دەڕوانێتە سەرتاسەری جیهانی خاکی و نیگای، نەمری دەبەخشێتە سەرتاسەری جیهانی خاکی.

**(٩٥)**

یارانی ئەستوەت ئێرێتەی سەرکەوتوو دەردەکەون: ئەوان، بیر چاک، زمان چاک، کردار چاک و دین چاکن و هەرگیز وشەیەکی درۆ نایەتە سەرزمانیان.

رقی خوێناویی بێ فەڕ لە بەریان هەڵدێت و ئەشە بەسەر درۆو درنجی دزێوی بەدسرشت و ناڕەسەندا سەردەکەوێت.

**(٩٦)**

سرشتی خراپ تێکدەشکێت و سرشتی چاک سەردەکەوێت بەسەریدا..

پەیڤی درۆ شکست دێنێت و قسەی ڕاست بەسەریدا سەردەکەوێت..

خورداد و ئەمورداد، برسێتی و تینوێتی هەردووک تێکدەشکێنن.

خورداد و ئەمورداد، برسێتی و تینوێتیی دزێو شکست دەدەن.

ئەهریمەنی زەبوونی ناڕەسەن و خراپەکار هەڵدێت.

بۆ فەڕوشکۆی...............

ستایشی فەڕی...........................

" یەنگهەهاتام.."

"یەسەئەهوو ڤەئیریو.."

درووود دەنێرین بۆ کێوی مەزدائافەریدەی ئاسایشبەخشی ئەشە (ئوشیدەرێنە) وبۆ فەڕی کیانیی مەزدائافەریدەی دەستپێڕانەگەیشتوو.

" ئەشێم ڤوهوو.."

" ئەهمائی رەئێشچە.."...

فەڕو ڕووناکی بۆ ئەو.. تەندروستی بۆ ئەو.. پایەداریی و پیرۆزیی جەستە بۆ ئەو.. خواست و ئارەزووی ئاسایش بەخش بۆ ئەو.. منداڵی لێهاتوو بۆ ئەو.. ژیانی هەتایی بۆ ئەو.. ژینی پاکی ئەشەڤەنەکان و رووناکایی هەمەجۆر ئاسانیبەخش بۆ ئەو.

# بیستەم

## (هەوم یەشت)[٣٠٤]

## بۆ خۆشنوودیی هەومی ئەشە پەروەر

(١)

ستایشی هەومی زێڕینی (بورزمەند) دەکەین

ستایشی هەوم، خواردنەوەی گێتی پەروەر دەکەین.

ستایشی هەومی دوورخەرەوەی مەرگ دەکەین.

ئەی هەومی زێڕین..

سەرخۆشـــییت لێـــرەوە داوا دەکەم، لێـــرەوە داوای ئـــازایەتی، دەرمـــان، زیادبوون، گەشە، نەشە، هێزی لەش و هەمووجۆرە فەرزانەگییەک دەکەم

لێرەوە داوات لێدەکەم تا وەکوو شەهریارێکی کامەران، تێکشکێنەری شـەڕو ئاژاوە و شکست دەری درۆو درنج بێمە ناو ئافەریدەکانەوە

لێـرەوە داوات لێـدەکەم تـا شەڕوشـۆڕی هەمـوو بەدخواکـان تێکبشـکێنم: چ دێوەکان و چ خەڵکی درۆپەرست، چ جادووکارو چ کەوی و کەرەپ و ستەمکاران، چ خراپەکـارو ئەشـمووغە دووپـێ و گـورگە چوارپێکـان و ج سـوپای زۆرو زەبەنـدی دوژمن کە بۆ چەواشەکاری هێرش دەکات.[٣٠٥]

**(٢)**

ستایشی هەومی......

دووبارەی سێ دێڕی ستایشی هەوم لەسەرەتای بڕگەی یەکەمدا

ستایشی هەموو هەومەکان دەکەین

ئێستا، ستایشی پاداشت و فرەوەشیی زەردەشتی سپیتمانی ئەشەڤەن دەکەین.

" یەنگهەهاتام.."

"یەسەئەهوڤەئەیریو.."

درووود بۆ هەومی گەشەبەخشی ئەشە دەنێرین.

"ئەشێم ڤوهوو.."

ئەهمائی رەئێشچە.."

# بیست و یەکەم

## (وەنەند یەشت)[٣٠٦]

## بۆ خۆشنوودیی (وەنەند، ئەستێرەی مەزدا ئافەریدە

**(١)**

ستایشی وەنەند، ئەستێرەی مەزدا ئافەریدە، رەتووی ئەشەڤەنی دەکەین
ستایشی وەنەندی دەرمانبەخش و شایستەی ناوبانگ دەکەین بۆ خۆڕاگریی
لە بەرانبەر (خرەفستر)ە دزێو و ئەهریمەن ئەفرێنراوەکاندا کە دەبێ بە تەواوەتی
دەر بکرێن و لەناو ببرن.[٣٠٧]

**(٢)**

ستایشی وەنەند، ئەستێرەی مەزدا ئافەریدە دەکەین.
"ئەشێم ڤوهوو.."
" ئەهمائی رەئێشجە..'

## بیست و دووەم

## (هادۆخت نەسەک)[٣٠٨]

## فەرگەردی یەکەم

**(١)**

" ئەشێم ڤوهوو.." ئەشە چاکترین چاکە و مایەی بەختەوەرییە، بەختەوەری بۆ کەسێکە کە دروستکار و خوازیاری چاکترین ئەشە بێت.

" فرەوەرانە.." من بەختەوەرم کە مەزدا پەرست و زەردەشتی و دژی دێو و ئەهوورایی دینم.

ستایش و نیایش و خۆشنوودی بۆ (هاوەنی)ی ئەشەڤەن، رەتووی ئەشەڤەنی

ستایش و نیایش و خۆشنوودی بۆ (ساڤەنگەهی) و (وەیسیە)ی ئەشەڤەن، رەتووە ئەشەڤەنییەکان.(٣٠٩)

**(٢)**

ئازەر، کوڕی ئەهوورەمەزدا

ستایش و نیایش و درووود و ئافەرین بۆ خۆشنوودیی تۆ ئەی ئازەری کوڕی ئەهوورەمەزدا

**(٣)**

" یەسەئەهووڤەئیریو.." کە زەوت پێم بڵێت

" ئەسارەتوش ئەشەئەت چیەت هەچا.." کە پیاوی زانای پارێزکار بیڵێت

" ئەشێم ڤوهوو.."

" یەسە ئەهوڤەئیریو.." : هەروا کە ئەو رەتووی هەڵبژێردراو و جێ بڕوای

جیهانیی (ئەهوو)یە، ڕەتووی مینویی و بناغەداڕێژی کردەوە و ئەندێشە چاکەکانی ژیانە لە ڕێگای مەزدادا.

شەهریاری لە ئەهوورەوەیە.. ئەهوورە ئەوی بۆ پاراستنی بێ ئەنوایان هەڵبژاردووە.

**(٤)**

" فێرەستویە.." : ستایشی ئەندێشەی چاک و زمانی چاک و کرداری چاک دەکەین.

لە بەستێنی ئەندێشە و زمان و کردەدا، من ئەندێشەی چاک و زمانی چاک و کرداری چاک هەڵدەبژێرم.

من هەرهەموو ئەندێشەی خراپ و زمانی خراپ و کردەوەی خراپ فڕێ دەدەمە لاوە و پشتی تێدەکەم.

**(٥)**

ئەی ئەمشاسپەندەکان..

من، ستایش و نیایشی خۆم بە بیر و زمان و کردار و بە جەستە و گیانمەوە ئاراستەی ئێوە دەکەم.

**(٦)**

من نوێژی ئەشە بەجێ دێنم

" ئەشێم ڤوهوو.."

**(٧)**

من بەختەوەرم کە مەزداپەرست و زەردەشتی و دژە دێو و ئەهوورایی دینم ستایش و سەنا و سکاڵا و درووود بۆ هاوەنیی ئەشەڤەن، ڕەتوی ئەشەڤەنی.

ستایش و سەناو سكالاو درووود بۆ ساڤەنگهەی و وەیسیەی ئەشەڤەن، رەتووە ئەشەڤەنیەکان.

ستایش و سەناو سكالاو درووود بۆ سیمبولەکانی ڕۆژو کات و مانگ و گاهەنبارو ساڵەکان.

**(٨)**

ئەی ئەهوورەمەزدای مەن و هێزا، ئەی ئەمشاسپەندەکان، ئەی میهری بەرینی ژینگە، ئەی (رام)ی ەبخشندەی ژینگەی چاک و پاک...

**(٩)**

ئەی هەتاوی جاویدانی هێزاو تیژپەڕ، ئەی ئەندەروەرای چالاک، دیدەوانی دیکەی ئافەریدەکان، ئەوەی لە تۆیە ئەی ئەندەروەرای کە هیی سپەنتەمینویە، ڕاسترین زانستی مەزدا ئافەریدەی ئەشەڤەنی دینی چاکی مەزدا پەرستی..

**(١٠)**

مەنسەرەی هێزاو کاریگەر، دادی دژە دێو، دادی زەردەشتی، نەریتی دێرینی دینی چاکی مەزداپەرستی، بڕوا هێنان بە مەنسەرە، بیروهۆشی تێگەیشتن لە دینی مەزداپەرستی، ئاگایی لە مەنسەرە، زانستی سرشتیی مەزدائافەریدە، زانستی فێرکاریی مەزدائافەریدە...

**(١١)**

ئازەری ئەهوورەمەزدا

ئەی ئازەری ئەهوورەمەزدا..

تۆو هەموو ئاگرەکان، کێوی ئوشیدەرێنەی مەزدا ئافەریدەو بەخشندەی ئاسایشی ئەشە...

**(١٢)**

هەمـــوو ئیـــزەدە ئەشـــەڤەنە مینـــویی و دنیاییەکـــان، فرەوەشـــیی بەهێـــزی ئەشەڤەنان، فرەوەشیی یەکەمین مامۆستایانی دین، فرەوەشیی پێشینان...
ستایش و نیایش و سەنا و سکاڵا بۆ خۆشنوودیی هەمووتان.

**(١٣)**

زەوت:
"یەسە ئەهوڤەیریو.." کە زەوت پێم بڵێت
راسپی:
"یەسەئەهوڤەیرو.." کە زەوت پێی بڵێت
زەوت:
" ئەسارەتوش ئەشەئەت چیەت هەچا.." کە پیاوی زانا و پارێزکار بیلێت
" ئەشێم ڤوهوو.."

**(١٤)**

بـــۆ خۆشـــنوودیی ئەهـــوورەمەزدا و شکســـتی ئەهـــریمەن، ئەوەی لەســـەر ئیرادەی ئەهوورەمەزدایە با ئاشکرا ببێت
" ئەشێم ڤوهوو.."

**(١٥)**

" یەسەئەهوڤەیریو.."

## فەرگەردی دووەم

**(١)**

**زەردەشت لە ئەهوورەمەزدای پرسی:**

**ئەی ئەهــوورەمەزدا.. ئەی ســپەندترین مینــو.. ئەی داداری جیهــان.. ئەی ئەشەڤەنترین،**

**کاتێ ئەشەڤەنێک کۆچی دوایی دەکات، ڕۆحی لە یەکەم شەودا لەکوێ ئۆقرە دەگرێت؟**

**(٢)**

**ئەهوورەمەزدا فەرمووی:**

**ڕۆحی ئەشەڤەن بەسەر لاشەکەیەوە دەبێت و (ئوشەڤەدگا) هۆن ئاوا دوعای خێری بۆ دەکات:[٣١٠]**

**" بەخشین و لێخۆشبوون بۆ ئەو**

**بەخشین و لێخۆشبوون بۆ ئەوکەسەی کە ئەهوورەمەزدا ئیرادەی لەسەر لێخۆشبوونیەتی"**

**ڕۆحی ئەشـەڤەن لەم شـەوەدا هێنـدەی هەمـوو سـاتەکانی ژیـانی ئەم دنیـایە، چێژو خۆشی وەردەگرێت.**

**(٣)**

**ئەی لە دووەمین شەودا چیی بەسەر دێت؟**

(٤)

ئەهوورەمەزدا وڵامی دایەوە:..............
.................. (دووبارەی بڕگەی دووەم)

(٥)

ئەی سێیەمین شەو؟

(٦)

ئەهوورەمەزدا لە وڵامدا فەرمووی:....
..................( دووبارەی بڕگەی٢)

(٧)

دوای تێپەڕ بوونی شەوی سێیەم، کاتی سپێدە، ڕۆحی ئەشەڤەن هەست دەکات کە لەناو گوڵ و گیا و گوڵزارێکی بۆنخۆشدایە، هەست دەکات کە نەسیمێکی بۆنخۆش لە سەرزەوییە باشووریەکانەوە دێت[٣١١]، نەسیمێک، گەلێ بۆنخۆشتر لەوانیدی.

(٨)

ئەشەڤەن وا هەست دەکات ئەم نەسیمە بۆنخۆشە لەلووتی دەدات، ئینجا لەدڵی خۆیدا وا دەڵێت:
" ئەم نەسیمە.. ئەم بۆنخۆشترین نەسیمەی کە هەرگیز لە ژیانما ئاوا بۆنێکی خۆشم نەدیوە، لەکوێوە دێ؟"

(٩)

له شـنەی ئەم شـەماڵەدا، دینـی ئەو بە شـکڵی کچێـک خـۆیی پـی دەنوێنێـت، کچێکـی جـوان، درەوشـاوە، سـپیکەلە، بـاڵابەرز، چـاوجوان، بە سـینگ و بەرۆکـی خـڕەوە، لەشـولار ڕێـک و جـوان، ڕەسـەن و شایسـتە لە تەمەنـی (١٥) سـاڵیدا کە لەشولاری سەدهێندەی هەموو جوانەکان جوانترە.

(١٠)

ئەمیش بەدوای دەکەوێت و لێی دەپرسێت:

" تـۆ کێیـت ئەی کـچی جـوان، ئەی نـازدارترینی ئەو کچـانەی لە ژیانمـدا بینیومن؟"

(١١)

ئینجا دین وڵامی دەداتەوە:

" ئەی جوامێری خودان بیرو زمان و کرداری چاک، من (دین)ی تۆم"

ئەشەڤەن دەپرسێت:

ئەی کـوا ئەوەی کە تـۆی خۆشدەویسـت لەبەر گەورەیـی و چـاکی و جـوانی و بۆنخۆشی و گوڕو هێزی پیرۆزی تۆ، بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا، هەروەک تۆ لە چاوی مندا دەنوێنی؟

(١٢)

کچە شۆخەکە وڵامی دەداتەوە:

" ئەی ... دووبارەی پیاهەڵدانەکان بە ئەشەڤەندا لە بڕگەی پێشوو...

... ئەوە تۆیت کە منت خۆشویست لەبەر......

دووبـارەی وەسـف و پیاهەڵـدانەکان بە کـچەکەدا بەڵام ئەمجـارە لە زمـانی کچەکە خۆیەوە.

**(١٣)**

ئەوکاتانەی کە تۆ دەتبینی خەڵکانیتر مردوویان دەسووتاند و بتیان دەپەرست و ستەمیان دەکرد و درەختەکانیان دەبڕینەوە، دادەنیشتیت و گاتات دەهۆنینەوە و ستایشی ئاوی پاک و ئاگری ئەهوورەمەزدات دەکرد و دڵی مرۆڤە ئەشەڤەنەکانت خۆش دەکرد.

**(١٤)**

من خۆشەویست بووم و تۆ خۆشەویستترت کردم
جوان بووم و تۆ جوانترت کردم
دڵپەسەند بووم و تۆ دڵپەسەندترت کردم
پایەبەرز بووم و تۆ پایەبەرزترت کردم
لەمەودوا، خەڵکان، ستایشی من ـ ئەهوورەمەزدای هەمیشە ستایشکراو و پەنابەخش ـ دەکەن

**(١٥)**

پاشان ڕۆحی ئەشەڤەن یەکەم هەنگاو هەڵدەگرێت و دەگاتە بارەگای بیری چاک
ئینجا هەنگاوی دووەم داوێت و دەگاتە بارەگای زمانی چاک
پاشان سێیەم هەنگاو هەڵدەگرێت و دەگاتە بارەگای کرداری چاک
سەرەنجام چوارەمین هەنگاو داوێت و دەگاتە (ئەنیران)، بارەگای رووناکایی بێپایان[٣١٢]

**(١٦)**

لەوکاتەدا، مرۆڤێکی ئەشەڤەن کە پێش ئەو گیانی سپاردووە، رووی لێدەکات و لێی دەپرسێت:

ئەی ئەشەڤەن..

چۆن گیانت سپارد و کۆچی دواییت کرد؟

ئەی ئەشەڤەن.. چۆن رزگارت بوو لە ماڵ و سامانی جیهان و لەو هەموو حەزو ئارەزووە؟

چۆن لە جیهانی خاکییەوە گەیشتیتە جیهانی مینویی؟

چۆن لە جیهانی پڕ گەزەند گەیشتیتە جیهانی جاویدانی؟

ئەم بەختەوەریە ئەبەدییە چۆن دەبینی؟

**(١٧)**

ئەوکات ئەهوورەمەزدا دەڵێت:

لەو: لە کەسێک کە رێگای پڕ ترس و مەترسی و سەختی پێواوە، و زەجری جیایی رۆحی لە جەستە کێشاوە، هیچ مەپرسە.

**(١٨)**

ئیدی، خۆراکێکی بۆ دێنن لە رۆنی (زەرێمەیە)[٣١٣]

بەڵێ پیاوی جوامێری بیرچاکی زمان چاکی کردەوەچاکی دینچاک، پاش مردنی ئاوا خۆراکێکی پێدەبەخشرێت...

ژنی ئەشەڤەنی جوانی بیر چاک و زمان چاک و کردەوە چاکی چاک فێر بووی دین و ژیانی هاوسەرێتی، پاش مردنی ئاوا خۆراکێکی پێدەبەخشرێت.

## فەرگەردی سێیەم

زەردەشت چۆنیەتیی کاری ڕۆحی درنجی لە یەکەمین سێ شەوەکانی پاش مەرگدا لە ئەهوورەمەزدا پرسی، ئەهوورەمەزدا وڵامی دایەوە:

ڕۆحی درنجی مردوو لەو سێ شەوەدا سەرگەردان و پەرێشان بەدەوری لاشەکەیدا دەسووڕێتەوە و ئەم بەشەی (گاتا)کان دەهۆنێتەوە:

" ئەی مەزدائەهوورە..

ڕوولە کام سەرزەمین بکەم؟.. بۆ کوێ بڕۆم؟"[٣١٤]

دوای تێپەڕ بوونی شەوی سێیەم، ڕۆحی درنج وا هەست دەکات لەناو سەهۆڵبەندانێکدایە و جۆرەها بۆنی ناخۆشی دەگەنێ، وا هەست دەکات بایەکی زۆر بۆگەن زۆر ناخۆش لە سەرزەمینە ڕۆژاواییەکانەوە بەرەو ئەو دێت[٣١٥] لەخۆی دەپرسێت:

" ئەم بایە لە کوێوە دێت کە بۆگەنترین و ناخۆشترین بۆنی هەیە و تائێستا لەهیچکوێ نموونەی نەبووە؟"

ئینجا لە شنەی بایەکەدا دینی خۆی دەبینێتەوە کە بە شکڵی پەتیارەیەکی دزێوی چڵکنی کۆمی ناشیرین، پیستر لەهەرهەموو جرۆجانەوەرە زیانەخرۆکان و بۆگەنتر لە هەرچی بۆگەنیوە، ڕووی تێدەکات، ڕۆحی درنج لێی دەپرسێت:

" تۆ کێیت کە هەرگیز ناشیرینتر لە تۆم نەبینیوە؟"

پەتیارەکە لە وڵامدا پێیدەڵێت:

" ئەی بیر خراپی زمان خراپی کردە خراپ، من کرداری خراپی خۆتم، ئەوە بەرەنجامی کردەوە چەوتەکانی تۆیە کە من ئاوا ناشیرین و خراپ و دزێو و ڕەنجەڕۆ و پوواو و گەنیو و داماو و تێکشکاوم.. لە بیرت دێ: کاتێ دەتبینی کەسێک ستایشی ئیزەدەکان دەکات و خزمەتی ئاو و ئاگر و گیا و ژیان و ژینگە دەکات، تۆ بە

پێچەوانەوە خزمەتی ئەهریمەنت دەکرد و دێوەکانت دڵخۆش دەکردن.. کاتێ دەتبینی کەسێک یاریدەی خەڵکانیتر دەدات و خزمەتی ئەشەڤەنەکان دەکات لەدوورونزیک و پەنا و داڵدەیان دەدات، تۆ بەرچاوتەنگیت دەکرد و دەرکەت لەڕووی خەڵک کلۆم دەکرد..

من ناپەسەند بووم، بەڵام تۆ ناپەسەندترت کردم..

تۆقێنەر بووم و تۆ تۆقێنەرترت کردم..

نەشیاو بووم و تۆ نەشیاوترت کردم..

من لە ڕۆژاوا دەژیام.. تۆ بە بیر و زمان و کردەی خراپی خۆت زیاتر نوقمی ڕۆژاوات کردم..

گومڕاکان، لەبەرئەوەی ماوەیەک شوێنکوتووی ئەهریمەن بوون، هەموویان دەمدەنە بەر رق و نەفرەت؟

ئینجا ڕۆحی درنج لەیەکەم هەنگاودا دەکەوێتە ناو چڵکاوی بیری خراپەوە، لە دووەم هەنگاویدا چڵکاوی زمانی خراپ و لە سێیەم هەنگاودا چڵکاوی کردەوەی خراپ و سەرەنجام لە هەنگاوی چوارەمیدا دەکەوێتە ناو تاریکایی بێپایان (دۆزەخ).

لەوێش، درۆپەرستێک کە پێش ئەو مردووە، لێی دەپرسێت:

" ئەی درنج.. چۆنچۆنی لە جیهانی پڕ گەزەندەوە هاتیتە جیهانی جاویدان؟.. ئەم ئەشکەنجە درێژخایەنەت بەلاوە چۆنە؟"

لەوکاتەدا ئەهریمەن دەڵێت:

" هیچ لە کەسێک مەپرسە کە ڕێگای پڕ ترس و بیم و نەمانی پێواوە و ڕەنجی جیایی ڕۆحی لە جەستە کێشاوە".

ئیدی خۆراکێکی ژاراویی دەدەنێ، چونکە هیچ شتێکیتر شیاوی پیاوی بیر چەوتی زمان خراپی چەوت کردار نییە.

هەرواش ئاوا خۆراکێکی ژاراوی دەدرێتە ژنی خراپەکاری ناپاکی بیر و زمان و کردە چەوت.

# پەراوێز

(١) هورمزدیەشت: ئەم یەشتە کە بۆتە دەسپێکی بیستویەك یەشتی ئاڤێستا، بەناوی هورمز یانخود ئاهوورامەزدا ناونراوە کە خواوەندی تاقانەی ئایینی مەزدیەسنا و ئەشوو زەردەشتە، لەڕاستیدا خشتەیەکە لە ناو و فەزیلەتەکانی ئەهوورامەزدا، لەبڕگەکانی (١ تا ٦) ناوەکانی ئەهوورامەزدا ریز کراون و لەبڕگەی (٧ و ٨)دا مەزدا بیستویەك ناوی خۆی بۆ زەردەشت دەڵێتەوە، لەبڕگەکانی (٩ تا ١١)دا تایبەتمەندیی ئەو ناوانە باسدەکرێت و لەبڕگەکانی (١٢ تا ١٥)شدا دیسانەوە ئەهوورامەزدا سی و چوار ناویتری خۆی بە زەردەشت دەڵێت، بڕگەکانی (١٦ تا ٢٠)یش باسکردنی هێز و لایەنی چاکەی ناوەکانە، بڕگەکانی (٢٠ تا ٢٢) دەبنە ستایش و پاڕانەوە، بڕگەی (٢٣) نوێژی بەناوبانگی (یەتائەهووڤەئیریۆ)یە، دەڵێن گوایە بڕگەکانی (٢٤ تا ٣٢) پێشتر لەسەر (بەهمەن یەشت) بوونە و هیی ئەم یەشتە نین، بڕگەی (٣٣)یش کە دەبێتە کۆتایی ئەم یەشتە، پاڕانەوە ناسراوەکەی (ئەشێمڤوهوو)یە.

(٢) یەکەم، سەڤەکە (سەوەکەڤستان) ناوی یەك لە وڵاتانی ئەو سەردەمەیە و گوایە لە نێوان رێگای چین و تورکستاندا بووە. دووەم، دایتیا (دائیتیك): رووبارێکە لە ئێرانویچدا کە لە فەرگەردی (١٩) بڕگەکانی (١و٢)دا ناوی هێنراوە و هەرواش لەم یەشتەدا ستایش کراوە، هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بە رووباری (ئاراس) و هەندێکیدی بە (زەڕئەفشان یاهەمان ئامموودەریا)ی دەزانن. سێیەم، ئەرێدەڤیسوەر ئاناهیتا: ناوی تەواوی ئیزەدی ئاو (ناهید/ ئاناهید/ ئاناهیتا)یە کە لە سێ وشە پێکهاتووە: یەکەم: ئەرێدڤی کە ناوی رووبارێکە و بەواتای بەرزبوونەوە، زۆربوون و، فراوانی دێت. دووەم: سوەر بە واتای توانا و بەهێز و بەدەسەڵاتە، سێیەم: ئاناهیت کە هەمان کورتکراوەی ناوی ئاناهیتای ئیزەدی ئاوە بە واتای پاکی و زوڵاڵی و خاوێنی دێت.

(٣) ئووشیدەم (ئووشیدەرێنە): ناوی کێوێکی پیرۆزە، من بە (هەیشوور)ی دەزانم و لە بەشی دووەمی (ژوانی یەسنا)دا باسمکردووە، خەڵکانێکیش دەڵێن دەبی هەمان کێوی (بابا) یانخود ئەو کێوەیە کە رووباری (هیلمەند)ی پێدا تێدەپەڕێت، دەڵێن ئەشوو زەردەشت لەو کێوەدا ئیلهام (وەحی)ی پێگەیشتووە، ئەمیش لە دوو وشە پێکهاتووە: (ئووشە) بەواتای سپێدە/ بەرەبەیان هاتووە و (دەرێنە/ دەم)یش سیفەتە بۆ ئاسایش و پەناگە.

(٤) رووی دەمی زەردەشت لێرەدا لە دێوەکانە، واتە زەردەشت ئەو قسانە بە دێوەکان دەڵێت.

(٥) ئەشموخڤانوەنت: یەکێکە لە یەکەمین پەیڕەوانی زەردەشت کە زۆرجار ناوی هێنراوە و ستایش کراوە، لەگەڵ (ئەشنوخڤانوەنت)دا هەر یەکێکە و واتای رۆشنایی ئاسمان دەگەیەنێت. گڤە کرێنە (گەئوکرێن): درەختێکی دەرمانبەخشە لەناو زەریای فەراخکەرتدا رواوە و بەهەمان (هەوم)ی سپی دەناسرێت کە زۆرزۆر بەسوود و پیرۆزە و ژیانی جاویدان دەبەخشێت.

(٦) دووبارەبوونەوەی چوار دێڕی کۆتایی بەشی (٢٨) ئەم یەشتەیە.

(٧) جەلیل دوستخوا دەڵێت: چەند وشەیەك لە دەقە سەرەکییەکەدا پەڕیون.

(٨) هەفتەن یەشتی بچووك (هەپتەنگ هایتی): واتە ئەو هاتەی کە (٧) بڕگە یا بەش لەخۆ دەگرێت، دوو هەفتەن یەشتمان هەیە: هەفتەن یەشتی بچووك و هەفتەن یەشتی گەورە، هەفتەن یەشتی بچووك تایبەت بە حەوت ئەمشاسپەند و بەشێکە لە یەشتەکان و هەفتەن یەشتی گەورەش لەناو یەسنادایە.

(٩) بڕ پەرا (٢)

(١٠) بڕ پەرا (٢)

(١١) بڕ پەرا (٢)

(١٢) لە دەقە ئەسڵییەکەدا چەند وشەیەکی شێواو هەن کە ناخوێنرێنەوە بۆیە چەند نوختەیەکمان لە جێیان داناوە.

(١٣) بڕ پەرا (١٢).

(١٤) کارد پزیشکی و مەنسەرە دەرمانی دوو لایەنی هەرە کاریگەر و بەرچاوی پزیشکین

لە ئاڤێستادا کە زۆر داکۆکییان لەسەر کراوەتەوە، کاردپزشکی هەمان (کاردەوەژێ)یە کە ئێستا لە هەوراماندا وشەکەی ماوە و بۆ هەڵکۆڵینی کاکڵە گوێز بەکار دەبرێت، و مەنسەرە دەرمانیش دەچێتە خانەی دەوورنناسی و دەروونشیکارییەوە و ئەمەش ئاستی بەرزی زانست و بەتایبەتی زانستی پزیشکیمان بۆ دەردەخات لەسەردەمی ئەشوو زەردەشتی پێغەمبەرماندا.

(١٥) بڕوانە ڤەندیداد فەرگەردی (٧) بڕگەی (٤٤).

(١٦) یەکەم، ترۆمەیتی (تەرۆمەئیتی): دوژمنی (سپەندارمەز)ی ئیزەدی پارێزەری زەمینە، هەندێجار بە شێوەی (تێرمەئیتی) بە واتای فیز و دەمار و خۆویستی و هەندێجاریش بە شێوەی (ترۆمەئیتی) بەواتای دێوی دزێوی دەمار بەرزی و لەخۆباییبوون هاتووە، لە ئاڤێستادا زۆر سەرکۆنە کراوە و دەگوترێ کە پێویستە دووریی لێ بگیرێت و کەس نزیکایەتیی نەکات،

دووەم، پەئیری مەیتی: کە ئەویش بەواتای دێوی خەیاڵ پڵاو و بیری خراپی ناڕەسەن و نادروست هاتووە.

(١٧) بای ئەپاختەر: وشەی ئەپاختەر واتای باکوور دەدات و لە ئوستوورە دێرینەکانی ئێراندا باکوور شوێن و مەکۆی ئەهریمەن و دێو و درنج و درۆپەرستان بووە بۆیە (با)کەشی هۆکارێك بووە بۆ نەخۆشی و تێکدان و...، پێویستە بڵێم وشەی (دۆرڤەج) هەمان (درنج)ە کە ئێستاش لەناو کورددا و بەتایبەتی لە هەوراماندا بەهەمان واتا بەکار دەبرێت و هەمیشە لەگەڵ وشەی دێودا دێتەوە: (دێو و درنج).

(١٨) چەند وشەیەك لە دەقەکەدا سواون و لەنێو چوون و ناخوێنرێنەوە بۆیە بە چەند نوختەیەك دیاریمان کردوون.

(١٩) یەکەم، نەسوو (نەساك/نەسا): بەواتای لاشەی مردوو یانخود هەر جەستەیەکی بێ گیان و مردارەوە بوو دێت کە بە پێی ئەدەبیاتی مەزدیەسنا شتێکی ناپاك و خراپە چونکە ژیان و زیندوێتیی تێدا نییە و بۆگەنی کردووە.

دووەم، هەشی و بەشی و سەئێنی و بووجی کە پێکەوە ناو دەبرێن، ناوی چوار نەخۆشیی خراپ و کوشندەن کە بە ناحەز و ئەهریمەنی دەزانرێن.

(٢٠) یەکەم/ کێشانی هێڵ لێرەدا بیرخەرەوەی ئەو هێڵەیە کە لە مەراسیی (بەرشنوم)دا بەدەوریدا دەکێشرێت.

دووەم، خوێندنی مەنسەرە و کێشانی هێڵ شتێکە کە دواتر (ئایەتەلکورسی)ی لێ دروستکراوە، دابێکی دینی بۆ خۆ پاڕاستن لە دێو و جنۆکە و هەر ڕووداوێکی خراپ.

(٢١) مەبەست لە (تۆ) لێرەدا کەسی (دروەند) واتە درۆباز و درۆپەرست و نادروستە.

(٢٢) لێرەدا مەنسەرە قسە دەکات، واتە ئەوە قسەی مەنسەرەیە نەك كەسێكی دیاریکراو.

(٢٣) پێموایە چەمکی (سرمەگۆ) لای ئەهلی هەق (کاکەیی)یەکان لەم بڕگەیەوە نزیکە و هاوپەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەیە.

(٢٤) یەکەم بۆ (ئەرێدڤی) بڕوانە خاڵی (٣)ی پەراوێزی ژمارە (٢)،

دووەم، (ئابان یەشت): یەکێکە لەیەشتەکان و ناوەکەش پەیوەستە بە ناهید/ ئاناهیتا و فریشتەی ئاو، ئابان یەشت لە (٣٠) کەردە و (١٣٣) بڕگە پێکهاتووە و ناوەڕۆکەکەی دابەش دەبێتە سەر دوو بوار، یەکەم مەدح و ستایشی ناهید و دووەمین بەشیش باسی ستایشگەرەکانیەتی کە دەکرێ بە بەشی مێژوویی ئەم یەشتەی بزانین چونکە تیایدا ناوی گەلێ پاشا و مرۆڤی ناودار و کەسایەتیی مێژوویی هاتووە کە هەریەکە بە جۆرێك ستایشی ئاناهیتایان کردووە و قوربانییان پێشکەش کردووە.

(٢٥) ئاهوورایی کیش: واتە ئەو کەسەی سەربە دینی ئاهوورایییە، (کیش) بەواتای بیروباوەڕ/ ئیمان دێت و مەبەست لەوانەیە کە پەیڕەوی بیروباوەڕی مەزداپەرستین.

(٢٦) یەکەم، کێوی (هوکەر): بە (هوکەئیریە)ش دێت و ئەویش بەرزترین لووتکەی کێوی ئەلبورزە و بەواتای (چاك سرشت و چاکەکار) دێت، ڕووباری ئەرێڤیسوەر لە بەرزاییەکەیەوە دێتە خوار و دەڕژێتە ناو دەریای (فەراخکەرت)ەوە.

دووەم، دەریای (فەراخ کەرت): لەشێوازی پالەویی ناوی زەریایەکە کە لە ئاڤێستادا بە (ڤەئوورووەکەشە) و لە (مینوخرد)یشدا بە (وەرەکەشە) هاتووە کە واتاکەی بەرین و فراوان ڕۆخە، لە (بوندەهش)دا هاتووە: ئەم زەریایە لە بەشی باشووری داوێنی ئەلبورزەوە سێ بەشی زەمینی داگرتووەو هەزار ڕووباری لێدەبنەوە و دەریای ئەرێڤیسوەریشی پێدا تێدەپەڕێت. هێشتا بەتەواوەتی بۆ

کەس ڕۆشن نەبۆتەوە کە کامە زەریایە، هەندێکەس بە دەریای (خەزەر) و هەندێك بە (ئاراڵ) و هەندێکی دیکەش بە (زەریای باشووری ئێران)ی دەزانن.

(٢٧) یەکەم، کێوی (هوکەر): بە (هوکەئیریە)ش دێت و ئەویش بەرزترین لووتکەی کێوی ئەلبورزە و بەواتای (چاك سرشت و چاکەکار) دێت، ڕووباری ئەرێڤیسوەر لە بەرزاییەکەیەوە دێتە خوار و دەڕژێتە ناو دەریای (فەراخکەرت)ەوە.

دووەم، دەریای (فەراخ کەرت): لەشێوازی پالەویی ناوی زەریایەکە کە لە ئاڤێستادا بە (ڤەئووروەکەشە) و لە (مینوخرد)یشدا بە (وەرەکەشە) هاتووە کە واتاکەی بەرین و فراوان ڕۆخە، لە (بوندەهش)دا هاتووە: ئەم زەریایە لە بەشی باشووری داوێنی ئەلبورزەوە سێ بەشی زەمینی داگرتووەو هەزار ڕووباری لێدەبنەوە و دەریای ئەرێڤیسوەریشی پێدا تێدەپەڕێت. هێشتا بەتەواوەتی بۆ کەس ڕۆشن نەبۆتەوە کە کامە زەریایە، هەندێکەس بە دەریای (خەزەر) و هەندێك بە (ئاراڵ) و هەندێکی دیکەش بە (زەریای باشووری ئێران)ی دەزانن.

(٢٨) بڕگەی یەکەم لە سەرەتا و بڕگەی نۆیەم لە کۆتایی هەموو کردەکانی ئەم یەشتەدا دووبارە دەبنەوە، بۆیە ئێمەش بەبێ شیکردنەوەو باسکرنیان، چەند نوختەیەك دەخەینە ناو کەوانەوە و بەمجۆرە دیارییان دەکەین.

(٢٩) بڕ خاڵی دووەمی پەراوێزی ژمارە (٢).

(٣٠) یەکەم، ئەژیدەهاکی سێ قەپۆس: ئەژیدەهاك هەمان (زوحاك)ە کە ئەفسانەی خۆی و مارەکانی سەرشانی و شکستخواردنی بەهۆی کاوە و فەرەیدوونەوە بۆ هەموو لایەك ناسراوە، سێ قەپۆس یانخود سێ پووزە، ناتۆرەیەکە وێڕای چەندین ناتۆرەی دیکە دەدرێنە پاڵی کە هەر هەمووشیان پیشاندەری ستەمکاری و چەوتی و خراپیی زوحاکن.

دووەم، بەوری: هەمان (بابل)ە کە بە پێی گێڕانەوەکان زێدی زوحاکی تازی بووە.

(٣١) یەکەم، وەرێنە: هەمان سەرزەمینی (دەیلەم و گیلان)ە کە لە ئاڤێستادا بە مەڵبەندی دێو و درۆخوازان ناسراوە، هەروەها بە زێدی فەرەیدوون و چوارەمین وڵاتی سەر ڕووی زەوی ناودەبرێ.

دووەم، (سەنگهەڤەك) و (ئەرێنەڤەك): ئەم دوو ژنە هەمان (شەهرناز) و

(ئەرنەواز)ی دوو خوشکی جەمشیدن کە دوای شکستدان و کوشتنی جەمشید لە لایەن زوحاکەوە بە دیل گیران و ئەویش هەردووکیانی وەکوو ژنی خۆی هەڵبژارد.

(٣٢) پیشینگهە: ناوی دەشت یا دەریاچەیەکە، لە ژیانی (گەرشاسپە)دا دەورێکی گرینگی هەبووە، بە پێی برگەی (١١)ی بەشی (٢٩)ی بەندەهش، ئەم شوێنە لە (کاولستان/ کابلستان)دایە و هەندێجار بە (پیشیانسی) ناوی هاتووە.

(٣٣) گەندەرێڤە: ناوی دێوێکە بەدەستی گەرشاسپە کوژرا، نازناوی (زەڕین پاژنە یانخود زەر پاژنەی لێنراوە بە واتای ئەوەی کە هێندە گەورە بووە، ئاوی دەریا تا پاژنەی پێی گەیشتووە، (وەك دەزانین و لە باسی زرێبار لە ژوانی یەسنادا باسم کردووە، زرە بەواتای زەریا دێت.

(٣٤) یەکەم، ئەفراسیاوی توورانی: پاشای توورانزەمین بوو کە ساڵەهای ساڵ لەگەڵ ئێران لەشەڕو کوشتاردا بوون، ئەفراسیاب لە ئاڤێستادا بە ناوی (فەرەنگرەسین) بە واتای ترسێنەر و هەرواش (مەئیریە) بە واتای تاوانبار و شیاوی مردن ناو براوە و لە پالەویشدا (فراسیاك)ە، ئەفراسیاب کە بکوژی (سیاوەش) بوو، سەرەنجام بەدەستی کەیخەسرەو و لە تۆڵەی خوێنی سیاوەشدا کوژرا. دووەم، هەنگی ئەفراسیاو: مەبەست لەو کۆشکەیە کە ئەفراسیاو بۆ خۆی سازی کردبوو، بە پێی گێڕانەوەی شاهنامە، وەکوو ئەشکەوتێکی گەورە بووە بەسەر بڵندیی لووتکەی کێوێکەوە.

(٣٥) یەکەم، ئێرێزیفیە: ناوی کێوێکە، کەیکاوس تیایدا قوربانیی کردووە، لەوانەیە یەکێك بێت لە لووتکەکانی ئەلبورز چونکە وەك دەڵێن کەیکاوس حەوت کۆشکی لە کێوی ئەلبورزدا هەبوون و هەر لەوێش قوربانییەکانی کردوون. ئەم ناوە (ئێرێزیفیە) بێجگە لە ناوی کێو، لە ئاڤێستادا بەواتای شەهێن و هەڵۆیش دێت.
دووەم، کاووس: مەبەست (کەیکاوس)ی دووەمین پاشای کیانییە.

(٣٦) کەیخەسرەو: سێیەمین پاشای کیانی.

(٣٧) تووس: پاڵەوانی ئوستوورەیی ئێرانی کۆن، کوڕی نەوزەر و سوپاسالاری لەشکرەکانی کەیکاوس و کەیقوباد و کەیخەسرەو بووە.

(٣٨) یەکەم، وەیسە: لە ئاڤێستادا (وەئێسەکە)یە کە ناوی یەك لە بنەماڵە هەرە

ناودارەکانی (تووران زەمین)ە و کوڕەکانی بەتایبەتی (پیران و هومان و بارمان) لەگەڵ (تووس)ی پاڵەواندا جەنگاون. دووەم، خشەسروسوکە (خەشەترەوسووکە) ڕێوازێکی زۆر ستراتیژی بووە لە قەڵای (گەنگ)دا کە تووس و کوڕەکانی وەیسە لەوێ ڕووبەڕووی یەکدی بوونەتەوە. سێیەم، گەنگ: قەڵایەکی زۆر بەرز و بڵند و ناوداره کە (سیاوەش) لە توورانزەمیندا دروستی کرد، قەڵایەك کە دەڕوانێ بەسەر ڕێوازی خشەسروکەدا و هەموو ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ دەکات.

(٣٩) پائورڤە: گەمییەوانێکی ناودار بووە کە لێرەدا ئاڤێستا ئاماژەی پێدەکات، گوایە فەرەیدوون دەیکاتە (بازێك) و بەئاسمانەوە دەیوەستێنێ تا پەنا دەباتە بەر ئاناهیتا و وێڕای ستایشکردنی، داوای یارمەتی و ڕزگاریی لێدەکات و ئەویش بەهانایەوە دێت و ڕزگاری دەکات.

(٤٠) ئاوی ڕەنگها ( رەنهە یا رەنگهە) ناوی ڕووبارێکە کە بیروبۆچوونی زۆر لێکجیاوازی لەسەرە، هەندێ دەڵێن جەیحوونە، هەندێك بە سەیحوونی دەزانن و هەندێکیش بە (زەڕئەفشان) کەچی تائێستا بەتەواوەتی دەرنەکەوتووە ئەم شوێنە لەکوێی گۆی زەویدا هەڵکەوتووە.

(٤١) یەکەم، ئەشوزدەنگهە (ئەشەڤەزدەنگەهە): ناوە بۆ دوو پیاوچاکی ئایینی مەزداپەرستی، ناوەکە لە (شەشە) وەرگیراوە و لەپالەویدا بۆتە (ئەشەڤەزد) بەواتای ئەشە و ڕاستیی هەمیشەیی.

دووەم، پوروزاخشتی: یەکێکە لەناودارانی خانەدانی (خشتاو) کە کوڕێکی جوامێری هەبووە و لەئاڤێستادا ناوی هێنراوە و ڕێزی لێگیراوە.

(٤٢) یەکەم، دانوو: ناوی هۆزێکی توورانییە کە لەگەڵ ئارییەکاندا بەشەڕ دەهاتن.. لە (ڕێگڤیدا)دا ناوی دێوێکە و (ئەندرا) دژی دەوەستێتەوە.

دووەم، کەرە: یەکێکە لە تورانییەکان لە بنەماڵەی (ئەسەبەنە) و هەرواش ناوی ماسییەکی گەورەیە کە زۆرتر بە (حووت) دەزانرێت.

سێیەم، وەرە: ئەویش هەر یەکێکە لە بنەماڵەی ئەسەبەنەی تورانی.

چوارەم، ئەسەبەنە: ناوی بنەماڵەیەکی توورانییە کە پاڵەوانە ئوستوورەییەکان شەڕیان لەگەڵ کردوون.

پێنجەم، دورەئێکەئێتە: توورانییەکی پەیڕەوی (دێویەسنا)یە، واتای وشەکە دەبێتە (خاوەنی حەزوخواستی زۆر).

(٤٣) یەکەم، ڤیستەئورو: پیاوچاکێکی ناوداری بنەماڵەی (نەوزەر)ە کە لەئاڤێستادا بەرێزەوە ناوی هاتووە، واتای وشەکە دەبێتە (کراوەو بەرفراوان).

دووەم، نەوزەر: لە ئاڤێستادا (نەئوتەرە) و لەپالەویدا (نەودەر)ە کە ئەمڕۆ بۆتە نەوزەر، یەکێکە لەسێ کوڕەکانی (مەنووچەر) کە زۆربەیان پیاوچاك و ناودار بوون و رێزیان لێگیراوە.

سێیەم، ویتەنگوهەیتی: ناوی رووبارێکە گوایە هێشتا شوێنەکەی نەدۆزراوەتەوە، بەواتای پان و بەرین دێت.

(٤٤) با سەرنجی گاڵۆکەکەی حەزرەتی مووسا و دوولەتکردنی ئاوی دەریا بدەین...

(٤٥) یەکەم، یوئیشتە: یەکێکە لەناودارەکانی توورا‌ن لە بنەماڵەی (فریانە) کە (یوشت)یشی پێدەڵێن.

دووەم، فریانە: یەکێکە لەو توورانیانەی کە هاتە سەر ئاییینی زەردەشت و زەردەشت لە ئاڤێستا داوای بەختەوەریی بۆ کردووە.

سێیەم، ڕەنگها: بڕ پەرا ٤٠

(٤٦) یەکەم، ئەختیە: یەکێکە لەو توورانیانەی کە دژی بنەماڵەی (فریانە) وەستایەوە، لە پالەویدا (ئوخت)ی پێدەگوترێت.

دووەم، ٩٩ پرسیار: کتێبی سەربردەی ئوخت و یوشت بەناوی (ماتیکانی یوشت فریانە) چیرۆکێکە لە (٣٠٠٠) وشە پێکهاتووە، لەم کتێبەدا سەربردەی ئەو دوو کەسایەتییە دەخوێنینەوە.. گوایە ئوختی نابەکار هێرشی کردۆتە سەر شارێك و هەڕەشەی ئەوەی لێکردوون، کە (٣٣) هاوکێشە) دەخاتە بەرباس، گەر بێتو وڵامیان بۆ نەدۆزنەوە، ئەوا شارەکەیان وێران دەکات و دانیشتوانەکەی دەکوژێت، یوشت فریانە وڵامی هەر هەمووی داونەتەوە (کە لە ئاڤێستادا بە ٩٩ پرسیار هاتوون)، پاشان یوشت فریانە سێ پرسیاری ئاڕاستەی ئوخت کرد و ئەویش نەیتوانی وڵامیان بداتەوە بۆیە یوشت فریانەش کوشتی و زەمینی لەم ناپاکە نابەکارە پاك کردەوە.

(٤٧) ئەرسنە و ڤەوژەکە و ڤەرێنەڤەویشە سێ جانەوەری خراپ و زیانەخرۆن کە زۆرتر بە شێوەی مار باس کراون و هەروەك لە دەقەکەدا هاتووە، ئەهوورەمەزدا ئاناهیتا لە ئازارەکانیان دەپارێزێت.

(٤٨) یەکەم، هەریتە و سەچی و کەسویش: ناوی سێ جۆرە نەخۆشیی خراپن کە هێشتاش نەناسراون.

دووەم، پیس (جوزامی) واتە گەڕ، ئەوەی تووشی نەخۆشیی گەڕی/ گولی هاتبێ

(٤٩) یەکەم، ئەرە: ناوی نەخۆشییەکی کوشندەیە.

دووەم، بۆ (گوژ سینە و گوژپشت) واتە (کۆم/ کوڕپشت ) بڕوانە ڤەندیداد فەرگەردی ٢ بڕگەی ٢٩

(٥٠) هوکەر: بڕ پەرا ٢٦

(٥١) هڤو و (نەوزەری)یەکان: دوو بنەماڵەی ناوداری ئێرانین کە ستایش کراون و ڕێزیان لێگیراوە.

(٥٢) یەکەم، کەی گشتاسب یا ویشتاسپە: کوڕی لەهراسپە کە دوای خۆی بوو بە پاشا و زەردەشت لەسەردەمی پاشایەتیی ئەودا ئاینی مەزدیەسنای ڕاگەیاند و ئەویش بڕوای پێ هێنا و بوو بە پشتیوانی زەردەشت و ئایینەکەشی، هەربۆیەش کەوتە بەر هێرش و دوژمنایەتیی ئەرجاسبی توورانی.

دووەم، لەهراسب: لە ئاڤێستادا ( ئەئورڤەسەئەسپە)یە بەڕواڵەت واتای (خاوەن ئەسپی تونودتیژ)یان بۆ کردووە. باوکی گشتاسب و زەریرە کە لە ئاڤێستادا ڕێزیان لێگیراوە، نەسەبی لەهراسب دەگاتەوە بە مەنووچەر، گوایە کەیخەسرەو دوای خۆی تاج و تەختی بەو بەخشیوە، لەهراسب لەشەڕێکدا لەگەڵ ئەرجاسبی تووانیدا کوژرا کە لە (بەڵخ/ بەڵخە)دا ڕوویدا.

(٥٣) فرەزدانو: هەمان دەریاچەی هاموونە.

(٥٤) یەکەم، تەسریاوەنت: بە واتای سرشتی تاریك، یەکێکە لە دوژمنەکانی گشتاسپ کە سەرەنجام هەربەدەستی ئەو کوژرا. دووەم، پەشەن یا پشەنگ: یەکێکە لە دێویەسنان و دوژمنی گشتاسپە، ناوەکە بە واتای شەڕ و ئاژاوە دێت. سێیەم، ئەرجاسب: پاشای تووران و برازای ئەفراسیابە بەڵام بەپێچەوانەی ئەفراسیاب

ئەم نازناوی (توورانی)ی پێنەدراوە بەڵکوو زۆرتر دراوەتە پاڵ هۆزی خیون.

(٥٥) یەکەم، زەریر: لە ئاڤێستادا (زەئبری)یە، برای کەیگوشتاپ و یەك لە پاڵەوانە ناودارەکانە کە لەجەنگی تۆرانییەکاندا ئەوپەڕی ئازایەتی و لەخۆبوردوویی نواند و دواتر بەدەستی (ویدرەفشە)ی جادوو کوژرا.

دووەم، ئاوی دایتیا: بڕ پەرا ٢

(٥٦) هەومەیەکە: تۆرانییەکی دێویەسنا و دوژمنی مەزدیەسنا بوو کەبەدەستی زەریر کوژرا.

(٥٧) وەندەرەمەینیش: فەرماندەیەکی تۆرانی لە هۆزی خیۆن و برای ئەرجاسپ کە بەدەستی ئیسفەندیاری کوڕی کەیگوشتاسپ کوژرا, وشەکە واتای سرشتی ناوبانگخواز دەگەیەنێت.

(٥٨) جەلیل دوستخوا دەڵێت پێکەوە گرێدانی ئەم دوو بڕگەیە زۆر دژوار و ئاڵۆزە چونکە ڕۆشن نییە ژمارەی (١٩٠٠) تیر ئاماژە بە چیدەکات.

(٥٩) دووبارە بوونەوەی بڕگەی (٦٩)ی ئەم یەشتەیە.

(٦٠) پەنام: ئاڤێستا (پەئیتی دانە)ی پێدەڵێت، پارچەیەکە مۆبدەکان لەکاتی ڕێوڕەسمی دینی و کاتی ئاگر کردنەوەدا دەمولووتی پێدەبەستن بۆئەوەی هەناسە و بوخاری دەمی دوور بێت لە ئاگرەکە.

(٦١) دووبارەبوونەوەی بەشی یەکەمی بڕگەی (٧٨)ی کردەی (١٨)یە.

(٦٢) پێدەچێت ڕستەی سێیەمی ئەم بڕگەیە بەهۆی شەرح و تەفسیرەکانی دواترەوە بۆی زیاد کرابێت ئەویش بەمەبەستی ڕۆشنکردنەوەی زۆرتری مەسەلەی (بەبەر) کە گیاندارێکی جوانە و لەناو ئاودا دەژی.

(٦٣) واتە کوڕێك و ئەسپێك

(٦٤) مەرشەئونە: دێوی لەبیر بردنەوە، ئەم دێوە دوژمنی مەزدیەسنایە و هەرکەس لە بەرامبەریدا خۆڕاگر بێت، وەك ئەوە وایە ستایشی ئەهوورەمەزدای کردبێت، لە ڤەندیدادا هاتووە: " زەردەشت پرسیی: ئەی ئاوەزی پیرۆز، ئەم مەرشەئونەیە چ زیانێکمان پێدەگەیەنێت؟ وڵامی دایەوە: ئەی سپیتمان زەردەشت، ئەو، بەهۆی شێواز و تایبەتمەندیی چەوت و خراپی خۆیەوە، مرۆڤ گومڕا دەکات و وای

لێدەکات بۆ ماوەی سێ ساڵ لە خوێندن و فێربوونی زانست و زانیاری دوور بکەوێتەوە..." بەپێی گێڕانەوەکانی (بوندەهێش) هەرماڵێك منداڵی ساوای تێدا بژی، ئەم دێوەی دەچێتە ناو، بۆیە پێویستە خاوەنماڵ (کەڵەشێر/ کەڵەباب)ێك راگیر بکات بۆ ترساندن و تاراندنی.

(٦٥) بڕوانە یەسنا، هاتی ٦٨ بڕگەی ١١

(٦٦) بڕ گاتا، هاتی ٤٤ بڕگەی ٣ (بەرگی یەکەم)

(٦٧) ناوەکان یەکەیەکە هێنراونەتەوە و ستایشەکان دووبارە کراونەتەوە.. من لێرەدا بە کورتکراوەیی و لەگەڵ یەکدی هێناومن، سەبارەت بەناوەکان بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١٨)ی بەرگی دووەم.

(٦٨) ئەم بڕگەیە لە کۆتایی هەموو یەشتەکاندا دووبارە بۆتەوە بۆیە ئێمەش لەمەودوا تەنها چەند نوختەیەکی لەجێ دادەنێین.

(٦٩) یەکەم، ئەم بڕگەیەش وەکوو پێشەکییەك لە سەرەتای سەرجەم یەشتەکاندا دێت و ئێمەش چەند نوختەیەکی لەجێ دادەنێین.

دووەم، تیریەشت: یەشتی هەشتەمە کە سەبارەت بە ئەستێرە و ئیزەدی تەشتەر دانراوە و تایبەتە بەو ئەستێرە و ئیزەدە.

(٧٠) تەشتەر: بڕ پەرا ٢٠ی بەرگی دووەم، یەسنا

(٧١) ڤەنگوەهی: چاك خولقێنراو، چاکسرشت

(٧٢) ئەپەم نەبات: بڕ پەراوێزی ژمارە ٣١ی بەرگی دووەم، یەسنا

(٧٣) بڕگەی سێیەمی ئەم یەشتە لە کۆتایی سەرجەم بڕگەکانیتری تیریەشتدا دووبارە دەبێتەوەو ئێمەش تەنها بە دانانی چەند نوختەیەك شوێنەکەی دیاردەکەین.

(٧٤) کەئێتە: ناوی گرووپێك لە بەدخواز و نەیارانی مەزدیەسنایە.

(٧٥) یەکەم، ئارەش (ئەرێخشە): تیرهاوێژی ئوستوورەیی کە بە هاویشتنی تیرێك سنووری فراوانی ئێرانی دیاریکرد.

دووەم، کێوی ئەیریوخشوسە (ئەئیریوخشتە): ناوی ئەو کێوەیە کە ئارەش تیرەکەی لێوە هاویشت بۆ دیاریکردنی سنووری ئێران.

سێیەم، خوانوەنت: کێوێکە کە لە ئاڤێستادا ناوی بەرێزەوە هاتووە، گوایە: ئارەش

بۆ دیاریکردنی سنووری ئێران و تۆران لەسەردەمی مەنوچەردا تیرێکی لە دەماوەندەوە هاویشت کە لە کێوی خوەنوەنتدا کەوتە زەوی و ئەوەش بوو بە سنووری نێوان دوو وڵات.

(٧٦) سەتەوەیس (سەتەوێئسە): ئەستێرەیەکە هاوکاری تەشتەر کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئاوی بارانەکانە.

(٧٧) یەکەم، تیشتریەئینی: کۆمەڵە ئەستێرەیەکن دەوری تەشتەریان گرتووە.

دووەم، یەکەمین سەتەوەیس:

سێیەم، پەروین (پەئوئیریە ئەئینی): ئەستێرەی پەروین کە لەبڕگەی ١٢ی تیریەشتدا لەگەڵ ئەستێرەی تەشتەر ستایش کراوە.

چوارەم، هەفتوەڕەنگ (هەپتوئیرینگە): ئەو حەوت ئەستێرەیەی کە بە (حەوت برایان)یش ناسراون یانخود هەمان (ورچی گەورە)، وشەکە واتای (حەوت نیشانە) دەگەیەنێت.

پێنجەم، وەنەند (وەنەند/ وەنەن): ئەستێرەیەکە و لە ئاڤێستادا ناوی هاتووە و یەشتێکیشی بەناوەوە کراوە (وەنەنت یەشت)، لەو یەشتەدا هاتووە: وەنەنت دژی جڕوجانەوەری زیانەخرۆیە و هەروەاش پارێزەری دەروازە و گوزەرگەی ئەلبورز دانراوە.. لە کتێبی (ژوانی یەسنا)دا بە دوورودرێژی باسمان کردووە.

(٧٨) کوستی (کوست/ کوستیك/ کوشتی): پشتوێنی تایبەتی زەردەشتییەکانە.. لە ژوانی یەسنادا لەسەرمان نووسیوە.

(٧٩) دەقی بڕگەی (١٥) دووبارە کراوەتەوە و تەنها چەند وشەیەکی گۆڕاون وەکوو: لە جیاتی وشەی (کوڕ) (گا) و لە جێی وشەی (چەندین کوڕ) (ڕان)ێك نووسراوە.

(٨٠) ئەم بڕگەیەش هەر دووبارەیە بە جیاوازیی (ئەسپ) و (کۆمەڵە ئەسپێك).

(٨١) ئەپەئوشە: دێوی باران، دێتە بەرامبەر ئەستێرەی تەشتەر کە ئیزەدی بارانە بۆ ئەوەی بتوانێ وشکەساڵی دروست بکات بەڵام تەشتەر بەسەریدا زاڵ دەبێت و باران دەبارێت.

(٨٢) هاسەر (هاسرە): واتە هەزار هەنگاو/ یەك فرسەخ، هاسەر وەکوو ئامێری پێوانەیی بۆ زەمەن و هەروەاش بۆ زەوی بەکار هاتووە، هەروا کە دەکاتە هەزار هەنگاو، دەشکاتە یەك کاتژمێر و بیست خولەك.

(٨٣) بەغ (بەغە/ بەگە): لەگاتاکاندا بەواتای بەش هاتووە، لەبەردەنووسە هەخامەنشییەکاندا بەواتای (خواوەند) نووسراوە.

(٨٤) یەکەم، پارند/ پارەند: ناوی ئیزەدی گەنجە و واتای فراوانی دەدات.

دووەم، ئاماژە بە (تیر) دەبێ بەدوای بڕگەی (٧)ی کردەی چوارەمەوە بێت.

(٨٥) کەبەست: (کەبەستە/ کەبەستو)یشی پێدەگوترێت، بەواتای ژاراو.. شتی تاڵ و ژاراوی دێت کە دەبێتە هۆی نەخۆشی.

(٨٦) یەکەم، گەئوشەیەشت: یەشتی نۆیەم بەم ناوەوەیە، گەئوشە ئیزەدی پارێزەری ئاژەڵ و گیاندارە بەسوودەکانە، خودی وشەکە لەگەڵ (گوشە)دا جیاوازە و واتای گیان دەبەخشێت.

دووەم، درەڤاسپە/ درواسپ: ناوێکیتری هەمان گەئوش یەشتە و واتای ئاژەڵ/ گیانداری تەندروست دەگەیەنێت.

(٨٧) یەکەم، هوشەنگ: لە ئاڤێستادا ئەم ناوە زۆرجار هاتووە و هەریەکەیان بەجیاواز مەبەست و واتایەکی هەیە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە پاشای پیشدادییە کە دوای کەیومەرز بۆ ماوەی چل ساڵ پاشایەتیی کرد، هوشەنگ توانیی دێوەکان شکست بدات و ئاسنی دۆزییەوە و ئاگر و جەژنی سەدەش هەر دەدرێنە پاڵ ئەو، هەروەها توانیی پێستی گیاندارەکان بەکار بهێنێت و جلوبەرگی لێ دروست بکات و...

دووەم، ئەلبورز: زنجیرە کێوی ئەلبورز کە لە ئاڤێستا ستایش کراوە و دەگوترێ ٢٢٤٤ کێوی تری لێدەبنەوە.

سێیەم، ئەو چەند نوختەیە دووبارە بوونەوەی بڕگەی پێشکەشییەکانی ئاناهیتایە تەنها بەو جیاوازییەوە کە ناوی ئاناهیتا گۆڕدراوە بە (درواسپ)، بۆیە ئێمەش ئەو چەند نوختەیەی لە جێدا دادەنێین.

(٨٨) یەکەم، دێوە مەزەندەرییەکان: مەبەست ئەو دێوانەن کە لە مازیندەراندا بوون و (سپی دێو) سەرکردەیان بوو کە سوپای کەیکاوسی شکست دا بەڵام دواتر رۆستەمی پاڵەوان بە حەوت خواندا گوزەری کرد و سپی دێوی شکاند و...

دووەم، بڕوانە یەسنا هاتی ٥٧ بڕگەی ١٨

(٨٩) بڕ پەرا ٨٧

(٩٠) ئەم بڕگەیەش وەکوو بڕگەکانی کۆتایی هەموو بەشێکی ئابان یەشت دووبارە دەبێتەوە کە ئەویش ستایشی ئەو ئیزەدەیە یەشتەکەی بەناو کراوە (لە ئابان یەشتدا ئاناهیتا بوو، لێرەدا درواسپەیە)، لەمەودوا ئێمە تەنها بەچەند نوختەیەك دیاریی دەکەین.

(٩١) بڕگەکانی (١ و ٢)ی ئەم یەشتە لەسەرەتای هەموو کردەکاندا دووبارە دەبنەوە و ئێمە تەنها چەند نوختەیەك دەخەینە جێیان.

(٩٢) بڕوانە بڕگەکانی ٣٣ و ٣٤ی کردەی ٩ و پەراوێزی ژمارە ٣١

(٩٣) یەکەم، کەیخەسرەو: سێیەمین پاشای کەیانی، کوڕی سیاوەش و نەوەی کەیکاوسە و لە ئاڤێستا ڕێزی لێگیراوە.

دووەم، سیاوەش و خوێنەکەی: ساوەخش/ سیاوەرشنە پاڵەوانی ناو ئاڤێستا و شانامە، کوڕی کەیکاوس کە بە پیلانی ئەفراسیباب و گەرسیوزی تۆرانی کوژرا و دواتر کەیخەسرەو تۆڵەی سەندەوەو... ئەم باسەش بۆتە بەشێك لەپەندی پێشینانی هەورامان کە بۆ هەرشتێك زۆری لەسەر بڕۆیت و زۆر گەورەی بکەیتەوەو.. دەڵێن: { ئەجو ونەو سیاوەحشینە/ ئەڵێی خوێنی سیاوەشە}

سێیەم، چیچەست (چئەچەستە): ناوی ڕووبارێکە گوایە لە ئازەربایجاندایە و زەردەشت لەوێ لەدایکبووە، ئەمڕۆکەش زۆرکەس ئەو ڕووبارە بە گۆلی ورمێ لێکدەداتەوە.

چوارەم، ئەغریرەس: برای ئەفراسیابە کە لە ئاڤێستادا بە دلێر و ئازا ناوی هاتووە.

(٩٤) یەکەم، هوتەئوسا: ژنی گشتاسپ شایە لە بنەماڵەی نەوزەر، گوایە دایکی ٣٠ منداڵی کەیگوشتاسپە.

دووەم، ئەنجومەن/ هەنجمەنە بەجیا لە کتێبی (ژوانی یەسنا/ بەشی یەکەم)دا باسکراوە.. هەمان (مەگە)یە کە لە یەسنای ( ٢٩ و ٣٣ و ٤٦ و ٥١ و ٥٣)دا ئاماژەی پێ کراوە.

(٩٥) یەکەم، زەینیاوەرەخویزاهە: شوێنێکی نادیارە و ئەوەندە هەیە دەزانرێ کە شوێنی بەرەی شەڕی نێوان ئێران و تۆران بووە و لە ئاڤێستاشدا یەکجار ناوی هاتووە.

دووەم، ئەشتەئەورڤەنت: لە گەئوش یەشتدا وەکوو نەیاری کەوی ویشتاسپە ناوی هاتووە، ناوەکەش بەواتای خاوەنی هەشت سوار دێت.

سێیەم، ویسپەسەڤرۆئەشتی: ئەویش لە پەیرەوانی دێویەسنا و لە هۆزی خیونی تۆرانی و دژی کەوی ویشتاسپە بوو.
چوارەم، ئەرجاسپی خەیونە: ناوی پاشای تۆرانە، برازای ئەفراسیابە بەڵام بە پێچەوانەی ئەو بە تۆرانی ناوی نەبراوە بەڵکوو دراوەتە پاڵ هۆزی خیون.
پێنجەم، دەرشینیکە: ئەمیش یەکێکە لە دوژمنە تۆرانییەکانی کەیگوشتاسپ.
(٩٦) یەکەم، تەسرەیاوەنتە: واتە تاریك و زوڵمانی، یەکێکە لە دوژمنەکانی کەیگوشتاسپ کە بەدەستی خودی کەیگوشتاسپ کوژرا، ئەم ناوە لەگەڵ ناوەکانی (پشەن و ئەرجاسپ)دا هەمیشە پێکەوە دێت.
دووەم، سپینچەئورۆشکە: لە پالەویدا (سپیچروش)ە و ئەویش یەکێکیترە لە نەیارە تۆرانییەکانی کەوی ویشتاسپ.
سێیەم، هومای (همای/ هوما): ناوی یەکێك لە کچەکانی کەیگوشتاسپە کە ئەرجاسپ بە دیلی گرتی بەڵام ئەسفەندیار ئازادی کرد.
چوارەم، واریزکەنا: کچەکەیتری کەیگوشتاسپە کە پاش شکستی بەڵخ، بەهۆی ئەرجاسپەوە گیران و لە (روئین دژ)دا زیندانی کران. لە شانامەدا ناوی ئەم دوو خوشکە بە (هوما و بەهئافەرین) هاتووە، دواتر بەهۆی ئەسفەندیاری برایانەوە ئازاد دەکرێن و...
(٩٧) یەکەم، میهریەشت: یەشتی دەیەم کە پاش فەروەردین یەشت، درێژترین یەشتە، تایبەت کراوە بە میهر و هەر بەو ناوەوەش کراوە، مەبەست لە میهر هەمان (میترا)یە.
(٩٨) یەکەم، میهر درڤەج: درۆباز، پەیڕەوی درو، دژبەری ڕاستی و ڕاستگۆیی.
دووەم، کەیەزە: ناوی گوناە و تاوانێکی گەورە و ناحەزە، زۆرجاریش بۆتە سیفەت بۆ ئەو ژن و پیاوانەی تووشی ئەم تاوانە دەبن.
(٩٩) (بشود)ی فارسی لێرەدا هەمان (بەش، بەشکوم/ بەشکەم)ی کوردییە.
(١٠٠) برجی بەهمەن (بەهەمن دژ): هەمان ئەردەبیلە کە بە مۆڵگەی دێو و ئەهریمەنان دەزانرا و کرایە مەرجێك لەنێوان کەیخەسرەوی نەوەی کەیکاوس و فەریبورزی کوڕی کە هەرکامیان بتوانن ئەو قەڵایە بگرن، ئەوا دەبنە پاشا کە سەرەنجام کەیخەسرەو سەرکەوت و داگیری کرد و بوو بە پاشا.

(١٠١) هەمەستاران: واتە راکابەر، رەقیب، دوو یا چەند کەس کە دژی یەك و لەبەرانبەر یەکدیدا بوەستن.

(١٠٢) داموئیش ئوپەمەن: بڕ پەرا ٢٣ی بەرگی دووەم

(١٠٣) بڕگەکانی (٤و٥و٦)ی ئەم یەشتە لێرەو لە کۆتایی دیکەی کردەکانیشدا دووبارە دەبنەوە و ئێمە جێگەکەیان بە دانانی چەند نوختەیەك دیاریدەکەین.

(١٠٤) بڕگەی (٧)ی ئەم یەشتەش لە سەرەتای هەموو کردەکاندا دووبارە دەبێتەوە و ئێمەش بە دانانی چەند نوختەیەك جێگاکەی دیاریدەکەین.

(١٠٥) یەکەم، ناوتاك: واتە قووڵ و بەرین و بێ بن

دووەم، ئیشکەتە: کێوێکە گیای هەومی تێدا دەڕوێت،

سێیەم، پورڤەتە (پەئورڤەتە): کێوێکی دیکەیە، واتە بەرزاییەك، لە کتێبی ژوانی یەسنادا و هەرواش لە کتێبی (کەیمنە سەرچاوەی ئەفسانە لانکەی مرۆڤ، زێدی هونەر)دا بە دوورودرێژی باسمان کردووە.

چوارەم، مرو/ مەرو: بەشێك لەو شازدە سەرزەمینەی کە لە ئاڤێستادا ناوی هاتووە و چەند جارێکیش لە بەردەنووسی بێستووندا هاتووە، یەزدگردی سێیەم لە (مەرو)دا بوو کە پەنای بردە بەر خەسرەوی ئاشەوان و هەرلەوێش کوژرا.

پێنجەم، هەرات: ئەمیش یەك لەو شازدە سەرزەمینەیە، لە ژوانی یەسنادا باسی ئەمیش کراوە.

شەشەم، سغد/سوغد: هەندێجار لە بوندەهێشدا بە (سوراکە) و لە بەردەنووسەکانی داریۆشیشدا بە (سوگودە) هاتووە و ئەمیش یەکێکە لە شازدە سەرزەمینەکە.

حەوتەم، خوارەزم (خوائیریزمە): لە فەرگەردی ١ ی بڕگەی ٣ی ڤەندیداتدا بە یەکەمین وڵاتی ئەهوورا ئافەریدە ناوی هێنراوە کە رووباری جەیحوون/ ئامو دەریای پێدا تێدەپەڕێ.

(١٠٦) یەکەم، ئەرێزەهی: لە بڕگەی ١٥ی میهریەشتدا بە یەکێك لە حەوت وڵاتە پیرۆزەکە ناوی هاتووە، وڵاتی خۆراوایی لە حەوت وڵاتەکەیە.

دووەم، سەڤەهی: ئەمیش وڵاتی ڕۆژهەڵاتییە لە حەوت وڵاتە پیرۆزەکە.

سێیەم، فرەدەزەفشو: لە وڵاتانی حەوتەم و دەبێتە وڵاتی هەڵکەوتە لەبەشی باشووری خۆرهەڵاتی.

چوارەم، ویدەزەفشو: وڵاتی باشووری ڕۆژاوایی لە حەوت وڵاتەکە.

پێنجەم، ڤوئوروبەرشتی: یەك لە حەوت وڵات.

شەشەم، ڤوئوروجەرشتی: ئەمیش هەر یەکێکە لە حەوت وڵاتەکە.

حەوتەم، خەڤەنیرەس: یەك لە حەوت وڵات.

(١٠٧) میهر درۆ.. میهردرڤەج/میسرودرڤەجە: بڕ خاڵی یەکەمی پەرا ٩٨

(١٠٨) دژئاگایی: مەبەست دژبەریی زانست و ئاگایی و وشیارییە، سەرکۆنەکردن و بەگژاچوونەوەی ناوشیاری و نەخوێندەوارییە، هاندانێکە بۆ رووکردنە زانست و روانینێکی زانستیانە و وشیارانە بۆ دین، بۆ ژیان.

(١٠٩) گەرەزمان: یا گەروتمان، عەرشی ئەعلا.. بارەگای بەرزی یەزدان، هەمان میرووتمان کە لە هەردوو کتێبی: ژوانی یەسنا و کەیمنە...دا باسمان کردووە.

(١١٠) مەبەست لە (ئەمانە) هەمان دوو ئیزەدی (رەشن) و سروش)ن.

(١١١) بڕوانە: گاتاکان، هاتی ٢٨ بڕگەی ٨.

(١١٢) نەریوسەنگ: یەک لە پێشەوا ئایینیەکانی هیند کە دەسەڵاتێکی زۆری هەبووە بەسەر زمانی ئاڤێستا و پالەوی و شیکاری و تەفسیری ئاڤێستادا و بەتایبەتی شیکردنەوەی (زەند) بۆ زمانی سانسکریت. نەریوسەنگ، کوڕی دەهاوەلی دەستووری ناوداری پارسیەکانی هیندە کە گوایە لە سەدەی دوازدەهەمی عیسایی لە سەنجانی هینددا ژیاوە.

(١١٣) لێرە بە دواوە تەواوی بڕگەکانی (٥٩) دووبارە دەبنەوە: هەندێجار رستە سەرەتاییەکان، هەندێجار رستە کۆتاییەکان و هەندێجاریش سەرجەم رستەکان. ئێمە تەنیا خاڵ (نوختە)یان لەجێ دادەنێین و خۆمان لە دووبارە کردنەوەیان دەپارێزین.

(١١٤) یەکەم (بەهرام): (وەهرام و وەرەهرام)یش گوتراوە، یەکێکە لە ئیزەدەکانی مەزدیەسنا کە لە ناویاندا بۆتە ئیزەدی سەرکەوتن و یەکێکە لە یادگارە پیرۆزەکانی ڕۆژگاران و سەردەمی درەوشاوەی ئاریایی. بیستەمین ڕۆژی مانگ

بەناوی ئەوەوەیە و هەروەها (بەهرام یەشت) کە یەکێکە لە یەشتە هەرە ناسک و جوانەکانی ئاڤێستا، تایبەتە بە ئەو، لە ئاڤێستادا (ورێترەغەن)یە بە واتای سەرکەوتوو، وسەکە دوو بەشە: ورێترە واتە سەرکەوتن و غەن واتە بکوژ. پێویستەبڵێین چەندین ناوی دیکەشمان هەنە کە بە هەمان بەهرام دەناسرێن بەڵام هەریەکە بۆ شتێک یا بۆ کەسێک بەکار دەبرێن، بۆ ئەستێرە، بۆ مێژوونووس، بۆ پیاو چاک، بۆ رێبەر و پیشەوای ئایینی و....

دووەم (گوراز): هەمان بەرازە کە لە ئاڤێستادا بە وەرازیش ناودەبرێت، مەبەست لە بوونە هێنانەوە یا شوبهاندن بەم گیاندارە، تەنیا پیشاندانی هێز و توانای زۆرە.

(١١٥) بڕوانە: پەراوێزی ڤەندیدات، فەرگەردی ١٣ بڕگەی ٥٠

(١١٦) گا... من پێموایە لە خوێندنەوەی وشەی (گەئۆ)دا هەڵە کرابێت و بە هەڵە بە (گا/مانگا) واتا کرابێتەوە, گەئۆ واتە گیاندار, ئەمەش هەموو گیانداران دەگرێتەوە.

(١١٧) ڤیدۆتۆ: یا ڤیزاتۆ، دیوی مەرگە و زۆرتریش بە (ئەستوڤیزاتۆ) ناو دەبرێت.

(١١٨) یەکەم, بوشاسپ: بۆشاسب، بوشاسف، بوشانیست، دێوی خەوە و دژایەتیی وشیاری دەکات و هانی مرۆڤ دەدات بۆ نووستن و تەوەزەلی و بێکارەیی، زۆرجار لە ئاڤێستادا ناوی هاتووە و سەرکۆنە کراوە و هۆشداری دراوەتە مرۆڤی مەزداپەرست کە خۆی لێ بەدوور بگرێت و فریوی نەخوات و پێی خاو نەبێتەوە.

دووەم, وەرێنە: چوارەمین وڵاتی رووی زەوی و زێدی فەرەیدوونە، بە رواڵەت هەمان سەرزەمینی دەیلەم و گیلانە کە لە ئاڤێستادا بە شوێن و مەکۆی دێوەکان و درۆپەرستان ناوزەد کراوە.

(١١٩) ئەرەنگە: یا هەمان رەنگها، ناوی رووبارێکە کە بەتەواوەتی نەناسراوە و هەرکەسەو بۆچوونێکی جیاوازی لە سەر دەربڕیوە: یەکێک دەڵێ (سێند)ە، یەکێک بە (جەیحوون)ی دەزانێت، یەک سەیحوون و تاد. لە یەشتەکان و بەتایبەتی لە ئابان یەشتدا زۆرجار ناوی هاتووە.

(١٢٠) زەرتوشتوم: لە ئاڤێستادا (زەرەتوشتروتێمە)یە کە لە پالەویدا سووک کراوە و بۆتە زەرتوشتوم، ئیزەدی پاسەوانی پێسەوا دینیەکانە وشەکە واتە کەسێک کە زۆر لە زەردەشت بچێت، هەروەها بە مەزنترین پیشەوای دینین (مەسموغان) ناوی براوە.

(١٢١) مەبەستی روونکردنەوە و پیشاندانی ئاستی پێگەی میهرە

(١٢٢) ستایشی کۆتا و سەرەتا: مەبەست لە کاتی یەکەم نوێژ واتە بەرەبەیان و دوا نوێژە واتە دوای نیوەشەو. وەک دەزانین، لە دینی مەزدیەسنادا پێنج نوێژ هەن لە پێنج کاتی تایبەتدا کە دواتر لە لایەن دینەکانی دیکە و بەتایبەتی ئیسلامەوە لە هەمان کات و ساتدا وەرگیراوە.

(١٢٣) سەتەئوتە یەسنیە: ناوێکە بۆ چەند بەشێکی ئاڤێستا (یەسنا)، لە کتێبی هەشتەم و نۆیەمی (دینکورد)دا کە باسی نەسکەکانی ئاڤێستا کراوە، ئەم بەشە بە نەسکی بیستویەک و سەر بە بەشی گاسانیکی ئاڤێستا دەژمێردرێت. زۆرجار هانی پەیڕەوانی مەزدیەسنا دراوە کە ئەم بەشە لەبەر بکەن و بەردەوام بە دەنگی بەرز بیلێنەوە.

(١٢٤) گەرەزمان: بڕ، پەرا (١٠٩)

(١٢٥) تەکاوەر: ئەسپی بەهێز و بەگوڕ و چاپوک و تیژڕەو.

(١٢٦) یەکەم, چیستا: واتە زانایی و فەرزانەیی و زانست و زانیاری، چیستا بۆتە ئیزەدی پارێزەری زانست و زانیاری، ناوی کچە بچووکی زەردەشتە
دووەم, ئەوەپەمەن: دامۆئیش ئەوەپەمەن ناوی ئیزەدێکە بۆ گەیاندنی گلەیی ئیماندارانی، هەمیشە لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئیزەدەکاندا ناوی دێت و بە ئیزەدێکی دلێر و بەتوانا ناسراوە.

(١٢٧) یەکەم, ئازەر: ناوی ئیزەدی پاسەوانی ئاگرە، خودی وشەکەش هەر هەمان واتای ئاگری هەیە، ئازەر، ئاتەر، کە دواتر گۆرانکاریی بەسەردا هاتووە: فارسی: ئاتەش، هەورامی: ئایێر.. ئاوێر.. ئاهێر، سۆرانی: ئاگر، ناوی ئەم ئیزەدە لە ریگڤیدادا (ئاگنی)یە، لە ئاڤێستادا (ئاگرنیایش)مان هەیە کە تایبەتە بەم ئیزەدە، ئاگر لای مەزداپەرستان و تەنانەت پێش ئەوانیش واتە لەسەردەمی میترابییدا ئاگر پیرۆز کراوە و رێزی لێ گیراوە، ئەمەش بە پێچەوانەی هەندێ نەشارەزا و قین لەدڵ، بە واتای ئاگرپەرستی نییە، بەڵکو هەرچوار (ئاخشیج) واتە (...)ەکە رێزیان لێگیراوە و سەلمێنراوە کە بۆ پاراستن و گەشەی ژیان و ژینگە پێویستن، پاسان ئاگر نوور و رووناکی دەبەخشێت و هەرچی پیسی و چەپەڵی و ناپاکییە لەناوی دەبات هەربۆیەش زیاتر پیرۆز کراوە و رێزی زیاتری لێ گیراوە.

دووەم, فــەڕی کیــانی: فەڕ لە ئاڤێســتادا (خەڤێــرەن/ خەڤێــرنەنگە)، لە پارســیی کەونارادا: فەرنە، لە پالەویدا: خەڤەرە یا خەڤەرەگ، لە نووسراوە مانەوییەکاندا: فەڕە، لە فارســیدا فەڕ، تیشــک و روونــاکییەکی یەزدانیــیە کە هەرکەس لێــی بەهرەمەند بێت، شایستەی فەرمانڕەوایی و پاشایەتییە. لە ئاڤێستادا باسی دوو (فەڕ) دەکرێت: ئەئیرینەم خەویرەن (فەڕی ئێرانی/ ئاری) و کەڤەئێنەم خەوێرەن (فەڕی کیانی)، کە هەرکامیان خاوەنی چالاکی و تایبەتمەندییەکە، فەڕی ئێرانی بەخشندەی ژینگەی چاک و سامان و بەختەوەرییە و چاوچنۆکی لەناو دەبات و دوژمنان (ئەنیران) شکست دەدات. فەڕی کیانی دەبێتە بەش و بەهرەی ناوداران و شــەهریاران و کەســانی هەڵکەوتە و ئەشــەڤەن کە لە بەر تیشکی ئەودا دەگەنە بەختیــاری و کــامەرانی، ئەم (فەڕ)ە هەمیشــە و بەردەوام لەگەڵ ئارییەکانــدایە و هەرگیــز لێیــان دوورنــاکەوێتەوە و وەک لە دەقــی یەشــتەکاندا دیــارە، زۆربەی دوژمنان هەوڵی بەدەسهێنانی دەدەن و سەرناکەون.

(١٢٨) گەئۆسنە: لە (گێسو/ زلف) وەرگیراوە، واتە ژێیەکانی لە گێسووی شۆخەکان دروستکراوە.

(١٢٩) ١ـ ئەرێزەهی: ناوی یەک لە حەوت وڵاتی مەزدایە، وڵاتێک لە خۆراوا.

٢ـ سەڤەهی: یەک لە حەوت وڵاتە کە کەوتۆتە خۆرهەڵاتەوە و بە نشینگەی ئیزەدی (سرووش) دەزانرێت.

٣ـ فەرەدەدۆفشۆ: ناوی وڵاتی باشووری ڕۆژهەڵاتییە و یەکێکە لە حەوت وڵات (هەرێم) کە بە شێوەکانی (فرەدزەفشۆ) و (فەرەدپەشن) هاتووە و لە پالەویشدا (فرەدزەفش) نووسراوە.

٤ـ ڤەئیرۆبەرەشتی: ناوی وڵاتی باکووری ڕۆژاواییە کە بە (ڤوئووروبەرێشنی)یش دەنووسرێت.

٥ـ ڤەئیرۆجەرەشتی: وڵاتی باکووری ڕۆژهەڵاتە

٦ـ خڤەنیرەس: یا خڤانیرەس، وڵاتی ناوەندییە کە لە ئاڤیستادا زۆرتر ناوی هاتووە و خۆی دەبێتە حەوت هەرێمی دیکە بە ناوەکانی: تازەکان، ئێران، مازیندەران، رووم، تووران، چینستان و هیند، دەشڵێن کە ئێرانڤیچ و کەنگدژ و جەمکەرد و کەشمیر و...یش هەر سەربەم هەرێمە ناوەندییەن.

(١٣٠) بووشاسپ: دێوی خەوە و تەوەزەلی دێنێ، بە (بۆشاسب، بوشاسف و بوشنیست)یش هاتووە بەڵام لە ئاڤێستادا (بوشیانستە)ی پێدەگوترێ. سیفەتی (دەرێغگێڤە)ی دراوەتێ بە واتای دەسدرێژ، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە خەو هێنەر و سڕ کەرە. لە زۆر شوێنی ئاڤێستادا، لەوانەش لە بڕگەی (٩٨)ی میهریەشت و فەرگەردەکانی (١١و١٢)ی ڤەندیدات و بڕگەی (٢)ی ئەشتادیەشتدا ناوی هاتووە. لە فەرگەردی (١٨)ی ڤەندیداتدا فەرمانێک هاتووە کە دەکرێ بە شافەسڵی ژیانی مرۆڤ دابنرێت، لەم بڕگەیەدا دەڵێت: "کەڵەشێر (کەڵەباب) لە بەرەبەیاندا دەقووقێنێت، واتە: ئەی مرۆڤ، هەستە، نوێژی ئەشا (نوێژی تایبەت و بەناوبانگ و پیرۆزی (ئەشێم ڤوهوو) بەجێ بهێنە و نەفرەت لە دێوەکان بکە و ئامادەی ڕۆژێکی تازەی ژیان ببە، ئەگینا دێوی دەسدرێژ بە سەرتدا زاڵ دەبێت و دووبارە ئەم جیهانە خاکییە کە لەم سپێدەیەدا بێدار بۆتەوە، دە کاتەوە خەو و بەگوێتدا دەچرپێنێ کە: خۆش بنوو، هێشا کاتی بێداریت نەهاتووە، واز لەو سێ شتە باشە (بیر و زمان و کردەی چاک) بهێنە، خەوتن و حەسانەوە و پشووی درێژ و سێ شتەکەی تر (بیر و زمان و کردەی خراپ) بۆ ئێستای تۆ باشن". پێموایە ئەمەش مانیفیستێکی زۆر کاریگەر و جێکەوتەی ژیانی مرۆڤە و بریا هەموومان پەیڕەومان بکردبا.

(١٣١) ١ـ ڕەشن: هەم ناوی هەژدەهەمین ڕۆژی مانگە و هەم لەگەڵ میهر و سرووشدا داوەری مەحکەمەی ڕۆژی پەسڵانە، لە ئاڤێستادا (ڕەشنو) هاتووە بە واتای دادوەر/دادگەر و بۆتە ئیزەدی تایبەتی ڕاستی و دروستی و هەر بە سیفەتەکەشی ناو دەبرێت: ڕەشنی ڕاست.

٢ ـ ئەرشتاد: ئەرشتات یا ئەشتاد هەم ناوی گیستوشەشەمین ڕۆژی مانگە و هەم ئیزەدی پاسەوانی ڕاستی و دادوەرییە. وشەی (ئەردامەنش) کە بۆتە ناوی یەک لە سەرکردەکانی سوپای داریوش، هەر لە ریشەی ئەم ناوەوە وەرگیراوە و بەواتای ڕاست و چاک سرشت دێت.

(١٣٢) ئەستێرەی تەشتەر: بڕ: پەرا (٧٠)

(١٣٣) رامی بەخشندەی لەوەڕگە: رام یا رامەن کە بەواتای ئاشتی و ئارامی و ئاوەدانی

دێت، هەم ناوی بیستویەکەمین ڕۆژی مانگە و هەم ئیزەدی خۆراک و ڕۆزیبەخشە.

(١٣٤) سروش یەشتی هادوخت: لە ئاڤێستادا دوو سرووش یەشت هەنە: یەکەمیان هاتی (٥٦ و ٥٧)ی یەسنایە کە زۆرتر بە شەوان دەخوێنرێت و بۆیەش ناوی (سرووش یەشتی شەو)ی لێ نراوە، دووەمیشیان ئەم سرووش یەشتی هادوختەیە کە هاتی (٥٦)ی یەسنایە و ناوەکەی لە (هادوخت نەسکە) وەرگیراوە کە بیستەمین نەسکی ئاڤێستا بووە و تەنیا ئەم بەشەی لێ ماوەتەوە.

(١٣٥) سەگی شوان: ناو هێنانی سەگ و ئەم شێوە شوبهاندنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێزەی لە سەگ بە تایبەتی و لە ئاژەڵ و گیاندارە بەسوودەکان بە گشتی گیراوە لە ئاینی مەزدیەسنادا، سەگ گیاندارێکی بە وەفا و نزیک لە مرۆڤ و تەنانەت زۆرجار هاوڕێ و پارێزەری بووە هەربۆیەش دینی مەزدیەسنا بەیەک لە گیاندارە هەرە بەسوودەکانی دادەنێت و ڕێزی لێدەگرێت.

١١٣٦ــ ئەشە: پاک و پیرۆز ٢ــ نەریوسەنگ: بڕ پەرا (١١٢)

١٣٧ کەیەزۆ، کەیەزی: کەیەزە ناوی تاوانێکی زۆر گەورە و نەخوازراو و نەبەخشراوە، کەیەزو بۆ پیاوێک بەکاردێت کە تووشی ئەم گوناهە بووبێت و کەیەزییش بۆ ژنێک بەکار دێت کە تووشی هەمان گوناه بووبێت.

(١٣٨) پەیمانی ئاشتی نێوان درۆ پەرست و ئەشەوەن: ئەم پەیمانە لە حاڵەتێکدا بووە کە درۆپەرست وازی لە شەڕانگێزییەکانی هێنابێت و ئەشەڤەنیش بۆ ئارامی و ئاسایشی گێتی ئامادە بووە پەیمانی ئاشتیی لەگەڵ ببەستێت. بەمکارەش سەلماندوویەتی کە رق و کینەی تا هەتایی نییە و تەنیا لە پێناو دەستەبەر کردنی ئەمن و ئاسایشدا بۆ جەماوەرر و جیهان پەنا دەباتە بەر شەڕ.

(١٣٩) ئەشی: بە واتای فەڕ و پیت و بەرەکەت و بەخشندەیی دێت و ناوی ئیزەدێکە، چیستی: ئیزەدی زانست و زانیاری.

(١٤٠) سوشیانت: بە واتای رزگاریدەر دێت بەڵام لێرەدا واتای پێشەوای دینیی پێ بەخشراوە.

(١٤١) تەن مەنسەرە: سیفەتێکە بۆ (سرووش)، بەم واتایە کە هەموو جەستە و ڕۆح و ئەندامی نوێنەر و سیمبولی ئەمری ئیزەدییە.

(١٤٢) وەر: وەر، جۆرە سوێندێکی ئیزەدییە و هەرواش سرووت و ڕێورەسمێکە بۆ تاقیکاریی جیاکردنەوەی چاک لە خراپ و ڕاست لە هەڵە.

(١٤٣) وەری رۆن {ور روغن}: ڕێورەسمێکی تایبەت بە گرتن و ئامادەکردنی رۆن کە هەمان سوێندی تایبەتی ئیزەدیی تێدا دەخورێت.

(١٤٤) فەڕی کیانی: فەڕ (خورە) واتای پرشنگ، تیشک، شکۆ و مەزنێتی دەدات و مەبەستی وشەکەش لێرەدا ئەو فەڕ و شکۆیەی کیانییەکانە.

١٤٥ وڵاتی ئەرێزەهی): بڕ پەرا ١٠٦

(١٤٦) وڵاتی سەڤەهی: بڕ پەرا ١٠٦

(١٤٧) وڵاتی فرەدەزفشو: بڕ پەرا ١٢٩

(١٤٨) وڵاتی ویدەدوفشو): بڕ پەرا ١٢٩

(١٤٩) وڵاتی ڤوئوورۆبەرشتی): بڕ پەرا ١٢٩

(١٥٠) وڵاتی ڤوئوورۆجەرشتی: بڕ پەرا ١٢٩

(١٥١) وڵاتی درەوشاوەی خڤەنیرەس: بڕ پەرا ١٢٩

(١٥٢) دەریای فەراخکەرت: لە ئاڤێستادا بە (ڤەئوروکەشە) و لە مینوخیرەددا (ڤەرەکەشە) هاتووە، واتە دەریایەکی بێ بن و بێ سنوور

(١٥٣) ڕووباری ڕەنگها:بڕ پەرا ٤٠

(١٥٤) کێوی هوکەر: یا هوکەئیریە، ناوی بەرزترین لووتکەی ئەلبورزە.

(١٥٥) ئەستێرەی وەنەند: وەنەند یا وەنەنتە بە واتای زاڵ بوو، تێکشکێنەر دێت.

(١٥٦) ١ــ رایومەند: سیفەتێکە بۆ ئیزەدەکان بەکارهاتووە بە واتای خودان فەڕ و شکۆ.

٢ــ تێشتەر: یەک لە ئیزەدەکانە

(١٥٧) ئەستێرەی هەفتوڕەنگ: واتە خاوەن حەوت نیشانە، مەبەست ئەو حەوت ئەستێرەیەیە کە بە (حەوتەوانان) ناسراوە.

(١٥٨) مانگی هەڵگری تۆوی گا: من نەک بە گا کە بە (گەئۆ) واتە (ژیان)ی دەزانم و پێموایە ئەمە بە هەڵە تێگەیشتن بووە لە وشەکە چونکە گەئو بە واتای گیان و ژیان دێت و (گا)یش هەر لەوەوە وەرگیراوە.

(١٥٩) گەرەزمان: بڕ پەرا ١٠٩

(١٦٠) فەروەردین یەشت: سێزدەیەمین یەشتی ئاڤێستایە کە باس لە توانا و گەورەیی فرەوەرەکان دەکات و لە بەشێکیشیدا داوای یارمەتییان لێدەکات.

(١٦١) سێیەمین توێی زەوی: لە ئەدەبیاتی دینیی ئێرانیەکاندا زەوی بە سێ توێ وێنا کراوە، لێرەشدا دەڵێت کە ئاسمان بەسەر توێی سێیەم واتە توێی سەروو و دەرەوەی زەویدا دەدرۆشێتەوە.

(١٦٢) ١ـ ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتا: بڕ پەرا (٢).

٢ـ ئاهوورایی کیش: مەبەست لەو کەسانەیە کە پەیڕەوی لە ئایینی مەزدیەسنا دەکەن و ئەهوورەمەزدا دەپەرستن.

(١٦٣) ئەو: مەبەست ئەرێدڤیسوەر ئاناهیتایە

(١٦٤) رووباری ناوتاک: ناوتاک سیفەتێکە بۆ رووبارە گەورەکان، بەواتای قووڵ، بەرین. شیاو بۆ کەشتییەوانی.

(١٦٥) گیاندارە پێنجینەکان: لە ئێرانی دێریندا گیاندارەکان دابەش دەبوون بەسەر پێنج دەستە: ١- ئاوییەکان ٢- خشۆکەکان ٣- باڵندەکان ٤- گیاندارە ئازاد و بەسوودەکان ٥- لەوەڕخۆران/ ئاژەڵە ماڵییەکان.

(١٦٦) ١ـ پیاوی ئەنجومەن (مرد انجمنی): مەبەست لە پیاوی ئەنجومەنی کەسێکە شارەزای یاسای دین و هەرواش قسەزان و زمانەوان بێت و توانای روبەڕووبوونەوەی لەگەڵ قسەی نەیاران و هەرواش وڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانی هەبێت.

٢ـ گەئوتێمە: یەکێکە لە دێو یەسناکان و نەیارانی زەردەشت کە دژایەتیی گێتی دەکات.

(١٦٧) سوشیانت: بڕ پەرا ١٦٠

(١٦٨) زەردوشتوم: ئیزەدی پاەوانی پێشەوا دینییەکان، وشەکەش بە واتای (کەسێک کە سەرتاپا شیوەی زەردەشت دەدات و لەو دەچێ) هاتووە.

(١٦٩) گاو: من بە هەڵەی دەزانم و پێشتریش گوتوومە کە ئەم وشەیە بە هەڵە بەکارهێنراوە و لە ڕاستیدا مەبەستی (گەئو)یە کە واتای گیان/ ژیان دەدات

(١٧٠) ١ـ نیوشا: واتە گوێگر، بیسەر، لێرەدا زیاتر بە واتای گوێرایەڵ هاتووە.

٢ـ بورزمەن: پایەبەرز، خاوەن شکۆ. ٣ـ پشتوێن بەستوو: مەبەست ئەوکەسەیە کە قۆڵی لێهەڵماڵیوە و خۆی بۆ کارێک تەرخان کردووە.

(١٧١) ١ـ خشتاوی: بنەماڵەیەکی ناسراو لە پارێزکارەکانی سەردەمی زەردەشت.

٢ـ دانوو: بڕ پەرا ٤٢

(١٧٢) کەرشنەزە یا کەرشنەز: ناوی بنەماڵەیەکی تری ئێرانی لە کۆندا.

(١٧٣) (....) رستەیەکی ناتەواو و نەناسراوە.

(١٧٤) سەتەوەیسە: ناوی ئەستێرەیەکە.

(١٧٥) داموئیش ئوپەمەن: ئیزەدێکی چالاکە و بۆتە هاوڕێی میهر.

(١٧٦) هەمەسپەتمەدەم: ڕۆژی تایبەتی شەشەمین گاهەنبارە کە جەژن و بۆنەیەکی زۆر مەزن و پیرۆزە.

(١٧٧) ئەنیران: دوو واتا لە خۆ دەگرێت: ١ـ ناوی سییەمین ڕۆژی مانگ و یەکێکشە لە ئیزەدەکان بە واتای رووناکیی بێپایان ٢ـ وەک (ئەن ئیریا)ش دێت کە بەواتای نا ئاریایی/ نا ئێرانی دێت.

(١٧٨) ئەستێرەی هەفتوڕەنگ: بڕ پەرا ١٥٧

(١٧٩) سامی گەرشاسپی گیسوەری گورزبوردار: مەبەستی باوکی زاڵ و باپیرەی ڕۆستەمی پاڵەوانە

(١٨٠) توخمی سپیتمان زەردەشت: واتە نەژاد و تیرە و خانەدانی زەردەشت.

(١٨١) وەرێنە: بڕ پەرا ٣١

(١٨٢) بەرزەقانی: هەمان بەردەقانێ

(١٨٣) دینی سوشیانتەکان: لێرەدا مەبەست لە دین هەمان شێواز و سرووت (تەقس)ە نەک خودی دین.

(١٨٤) ستایشی رۆحی گیانداران خشۆک و باڵندە و....: ئەڵبەت مەبەستی جڕوجانەوەری زیانبەخش نییە، بەڵکوو گیاندارە بەسوودەکان ستایش دەکرێن و هەوڵی بەخێو کردن و سوود لێوەرگرتنیان دراوە.

(١٨٥) تۆخشا: تێکۆشەر، کۆڵنەدەر، ماندوویی نەناس

(١٨٦) ١ـ پەتیارەیی: ناخۆشی و خراپە و ناپاکی.

٢ــ بەهمەن: بڕ پەراوێزەکانی بەرگی یەکەم. ٣ــ ئازەر: بڕ پەرا ١٢٧

(١٨٧) باوک و سەروەری تاقانەی ئەمشاسپەندان: ئەهوورەمەزدا:.... ئەم بڕوایە دواتر کەوتۆتە ناو ئەدەبیاتی مەسیحییەکانەوە کە بە باوک و فرزەند باسی حەزرەتی عیسا و خواوەند دەکەن.

١٨٨ گەرەزمان: بڕ پەرا ١٠٩

(١٨٩) ئورڤازیشتە: یەکێکە لە پێج جۆرە ئاگرەکە بە واتای شادی هێنەرتر، خۆشیبەخشتر.

(١٩٠) گەیە: بوون، ژیان، گیان

(١٩١) گەیومەرت: هەمان کەیومەرز، بە پێی ئاڤێستا، کەیومەرز یا (گەیە مەرێتەن) یەکەم کەسە کە گوێ بۆ راهێنان و فەرمانەکانی ئەهوورەمەزدا راداشت، هەرواش بە یەکەم کەس و بنیاتنەری ئێران و خانەدانی ئێرانی دەژمێردرێت.

(١٩٢) ١ــ ئاتوربان: پاسەوانی ئاگر ٢ــ ئەرتەشتار: سەرکردەی سەربازی، سەرۆکی جەنگاوەران. ٣ــ بەرزیگەر: وەرزێر

(١٩٣) دوایین بڕگە بەشێکە لە دان پێدانان (شەهادە هێنان) لە ئادابی زەردەشتیدا، ئەوەی بڕوای بەم دینە هێناوە، لە رەسم و یاسایەکی تایبەتدا نوێژی (ئەشێم ڤوهوو) دەکات و بە دەنگی بەرز بڕاو هێنان و شادمانی و بەختەوەریی خۆی بەم بڕوایەی دەر دەبڕێت.

(١٩٤) ١ــ ئەپەم نەبات: بڕ پەرا (٧٢). ٢ــ مەیدیوما: کوڕی ئاراستی و ئامۆزای زەردەشت و یەک لە یار و هاوڕێ هەرە نزیکەکانی. ٣ــ ئاراستی:{ مامەی زەردەشت کە یەکەم کەسیش بوو بڕوای پێ هێنا، سەرنج بدەنە (عەلی ئامۆزای محەمەد کە دەڵێن گوایە یەکەم کەسە بڕوای پێ هێناوە و....}.

(١٩٥) ..... (لێرەوە تا بڕگەی (١٤٢)ی کۆتایی کردەی سییەم، خشتەیەکی دوورودرێژە لە ناوی ئەشەڤەن و ناودارگەلێک کە ستایشیان کراوە)

(١٩٦) ١ــ سەیریەم: هەرێمی سەرم کە فەرەیدوون بە کوڕەکەی (سەلم)ی بەخشی.

٢ــ ساینی: یەکێکە لەو هەرێمانەی کە تا ئێستا شوێنەکەی بۆ کەس دیاری نەکراوە، دارمستەتر بەهەڵە بە (چین)ی لێکداوەتەوە.

(١٩٧) مەبەست خودی زەردەشتە.

(١٩٨) بەهرام یەشت: چواردەهەمین یەشتی ئاڤێستایە کە تایبەت کراوە بە ستایشی ئیزەدی سەرکەوتن (بەهرام/ وەرەهرام).

(١٩٩) زیناوەند: پڕ چەک، تەیار و ئامادە.

(٢٠٠) مەبەست بەرەولای زەردەشتە.

(٢٠١) ١ــ ستیهەندەیی: گەردەنکێشی، یاخیگەری، بەگژاچوونەوە.

٢ــ کەوی و کەرپەن: دوو هۆزی دەسەڵاتدارن لە دژی زەردەشت و کاری چاکە دەوەستانەوە و هانی خراپەکارییان دەدا.

(٢٠٢) ١ــ وەرزا: کەڵەگا، گای بەهێزی تایبەتی جووت. ٢ــ ئەمە: هێز و گوڕ و توانای زۆر، ناوی ئیزەدێکە بۆتە هاوڕیی بەهرام.

(٢٠٣) وارغنە: باڵدار، باڵندەی تیژپەڕ

(٢٠٤) بزنی گوشن: بزنی نێر، سابرین، نێری

(٢٠٥) رایومەند: بڕ پەرا ١٥٦

(٢٠٦) ماسیی کەرە: ماسییەکی گەورە و زۆر سەیروسەمەرەیە، لە دەریای فەراخکەرتدا دەژی و مەزنی ماسییەکانی دیکەیە.

(٢٠٧) باڵداران باڵدار: سیفەتێکە بۆ گەورەیی وارغنە، وەکچۆن دەڵێن (مۆبدان مۆبد) بۆ گەورە و سەردەستەی مۆبدەکان.

(٢٠٨) مەبەست ئاهوورامەزدایە.

(٢٠٩) کاووس: مەبەستی کەیکاوسی دووەم پاشای کیانییە.

(٢١٠) ئاوی ناوتاک: بڕ پەرا ١٦٤

(٢١١) کەبەستە: جۆرە ئافەت و نەخۆشییەکە.

(٢١٢) مەڕێک بکەنە نەزری بەهرام؟!!! من پێموایە ئەمە و هەندێ بڕگەی ئاوا لەژێر کەریگەریی...... دان، دەنا هەموومان دەزانین کە زەردەشت و ئایینی مەزدیەسنا دژی کوشتنی ئاژەڵ و خواردنی گۆشتیان بووە.

(٢١٣) ١ــ ویامبوەر: دێوێکە دژی ئاو. ٢ــ گوش ئەورڤەنە: بە واتای گیان (رەوان)ی گێتی و سەرەتای ژیان.

(٢١٤) ١ــ هـەپـەرێسـی: جـۆرە دارێکـە کـە سـووتاندنی حـەرام کـراوە . ٢ــ نـەمێـزەکـە: گیایەکە و سووتاندنی حەرام کراوە.

(٢١٥) ..... لێرەدا چەند واژەیەک نەماوە و واتاکەی ناتەواو هێشتۆتەوە

(٢١٦) وەرگیراو لە: گاتاکان/ یەسنا/ کۆپلەی (٤٨)/ بڕگەی (٥)

(٢١٧) با لێرەشدا هەر سەرنجی ئایەتی قورئان: "صم بکم..." بدەین

(٢١٨) ئەوپەرەتات: ناوی ئیزەدێکە، واتای سەرکەوتن و زاڵبوون دەدات.

(٢١٩) رام یەشت: یەشتی پازدەهەمی ئاڤێستایە کە تایبەت دراوە بە ئیزەدی رام بەڵام زیاتر باسی (وایو) دەکات کە ئیزەدی (با)یە.

(٢٢٠) ئەندەروەرا: ناوی ئیزەدی (هەوا/با)یە.

(٢٢١) بەغ: بڕ پەرا ٨٣

(٢٢٢) لـە جێـی ئـەو نوختانـەدا چـەنـدین وشـە پـەڕێنـراون و رسـتەکـە ناتـەواو و بـێ واتـا ماوەتەوە.

(٢٢٣) ئێرانویج: یا ئەئیریەنە ڤەئێچە: واتە ئێران، توخمە ئارییەکان، ئەوانەی بە شێوەی ئاریایی قسە دەکەن.

(٢٢٤) دێوی مەزەندەری: بڕ پەرا (٨٨)

(٢٢٥) تەهمورس: یا تەخمە ئوروپە: کوڕی ڤەیڤەنگەهان و یەک لە پاشاکانی پێشدادی.

(٢٢٦) کێوی هوکەر: بڕ پەرا ١٥٤

(٢٢٧) بڕوانە یەسنا، کۆپلەی (٩) بڕگەی (٥)

(٢٢٨) کەویریـەنـت: هـەمـان (کـرەنـد)ی ئێسـتایە لـە پارێزگـای کرماشـان کـە کـاتی خـۆی زوحـاک داگیـری کـرد و بـەسـەر لوتکـەکـەیەوە نـەزری کـرد تـا بتـوانێ هـەمـوو ئێـران وێران بکات.

(٢٢٩) ١ــ فەرەیدوون: لە ئاڤێستادا (ترەئێتەونە) و لـە پالـەویدا (فرێدون) و لـە فارسـی ئـەمـڕۆدا (ئافریـدون/ فریـدون)ە. کـوڕی (ئاسـویە) و یـەکێکـە لـە کـۆنترین نـاو و کەسایەتییە دێرین و ئەساتیرییەکانی ئاڤێستا و دیکەی دەقە کۆنە ئارییەکان.

٢ــ ئـابتین: یـا هـەمـان ئاسـویە، بـاوکی فـەرەیـدوون دووەمـین کـەسـە کـە گیـراوەی هــەوم دەگرێتــەوە و لــە پاداشــتی ئــەم کــارە چاکــەشــیدایە کــە کــوڕێکی وەک

فەرەیدوونی پێ دەبەخشرێت، کە توانیی ئەژیدەهاک شکست بدات و خوشک و کچەکەی جەمشید لە بەندی ئەژیدەهاک رزگار بکات و بگاتە فەڕی پاشایەتی و ببێتە یەک لە پیرۆزترین کەسایەتییەکانی جیهانی خاکی.

(٢٣٠) ١ـ گرشاسپ: پاڵەوانی ئوستوورەیی ئێرانی دێرین کە لەبەر ئازایەتی و لێهاتوویی بە گرشاسبی نەریمان ناوبانگی دەر کردووە، نەریمان هەمان (نەرمەنەوە)ی ئاڤێستایە بەواتای پیاو سرشت، نێری بەهێز

٢ـ تافی گەئوزە: بەشێکە لە رووباری رەنگە کە لەوێدا گەرشاسب ستایشی ئیزەدی (رام)ی بەجی هێنا.

(٢٣١) ١ـ ئەوروئەخشیە: برای گەرشاسب بوو، لە حاڵێکدا کە گەرشاسب پاڵەوان و جەنگاوەر بوو، ئەم پارێزکارو یاسا ناس بوو، باوکیشیان (تەریتە) یەکێک بوو لە یەکەمین پزیشکەکانی مێژووی مرۆڤایەتی.

٢ـ هیتاسپە: یەکێکە لە دژبەرەکانی گەرشاسب لە دێویەسناکان کە برای گەرشاسب (ئورڤەئەخشیە)یان کوشت و گەرشاسبیش دەیان کەسی لە تۆڵەی خوێنی براکەیدا لێ کوشتن. ئەشتی گەفیە و ئەئێوەگەفیە: ئەمانیش هەردوو لە نەیارەکانی گەرشاسب بوون.

(٢٣٢) کەیخەسرەو: سێیەمین پاشای کیانی، کوڕی سیاوەش و نەوەی کەیکاوسە، یەکێکە لەو پیاوچاکانەی کە لە ئاڤێستادا زۆر یادی کراوە و رێزی لێگیراوە.

(٢٣٣) ١ـ هوتەوسا: بڕ پەرا (٩٤) ٢ـ نەوزەر: بڕ پەرا (٤٣)

(٢٣٤) بە جێی نوختەکان، شەش وشە سڕراونەتەوەو ناخوێنرێنەوە.

(٢٣٥) لەجێی هەرسێ نوختەکاندا چوار و سێ وشە پەڕێنراون.

(٢٣٦) گێرەزە: جۆرە مارێکە، بە توندوتیژترین مار ناسراوە و هەرواش بە سوڵتانی مارەکان دەزانرێت.

(٢٣٧) ئەم رستەیە بەهۆی پەڕینی هەندێ وشەوە تێکچووە و ئاڵۆزە و هیچ واتایەک ناگەیەنێت.

(٢٣٨) ئەندەروەرای: ناوی ئیزەدی (با)یە.

(٢٣٩) ئەم رستەیە ناتەواوە و چەند وشەیەکی لێ قرتاون

(٢٤٠) هۆڤو: کچی فەرشوشتەر و هاوسەری زەردەشت

(٢٤١) ئاتوربانی دوورسەفەر: مەبەست لەو پارێزەرەی ئاگر و لەو پێشەوا دینیانەیە کە بەردەوام سەفەر دەکەن بەملاولادا بۆ خزمەتی دین و نەکوژانەوەی ئاگری پیرۆز.

٢٤١ ئەو، مەبەست زانستی مەزدا ئافەریدەیە.

٢٤٢ ئەو، مەبەست زانستی مەزدا ئافەریدەیە.

(٢٤٣) ئەرت یەشت/ ئەشەی یەشت: حەفدەهەمین یەشتی ئاڤێستایە کە تایبەت دراوە بە ستایشی (ئەشەی) ئیزەدژنی پاداشت و سامانداری.

(٢٤٤) چیستا: بڕ پەرا (١٢٦) ئێرێسە: یەکێکە لە ئیزەدژنەکانی دینی مەزدیەسنا کە زۆرجار ناوی لەگەڵ ئەشەی و چیستادا دێت و هاوڕێ و هاوکاری ئە دوو ئیزەدژنەیە. رەسەستات: ئەمیش یەکێکیترە لە ئیزەدژنەکانی ناو ئاڤێستا.

(٢٤٥) بۆ بەراوردێکی ورد بڕوانە سکاڵا و ناڵینی شەیتان لەدەست پێغەمبەری ئیسلام لە گێڕانەوە ئیسلامییەکاندا، دەردەکەوێت کە لەم دەقەوە وەرگیراوە، ئەم چەمکە لە شیعرەکانی نیچەشدا رەنگی داوەتەوە.

(٢٤٦) بۆ بەرواورد کردنی، بڕوانە ڤەندیدات، فەرگەردی ١٩ بڕگەی ٤

(٢٤٧) بنەماڵەی بەهێز: نازناوی بنەماڵەی فەرەیدوونە.

(٢٤٨) ١ــ ئەژی دەهاک: کوڕی مەرداسی تازی، ئەو دوژمنەی سەرزەوی و جەماوەری ئارییە کە جەمشیدی کوشت و دەستی بە سەر کرند و بەشێکی زۆرتری وڵاتی کورداندا گرت و سەرەنجام بە هۆی فەرەیدوون و کاوە شۆڕشێک لە دژی بەرپا کرا و لەناو چوو.

٢ــ سەنگهەوەک و ئەرنەوەک: هەمان شەهرناز و ئەرنەواز، دوو خوشکی جەمشیدن کە لەلایەن زەحاکەوە بە دیل گیران و دواتر فەرەیدوون رزگاری کردن. ئەم چیرۆکە بە بەشێکی کۆنتر و بناغەیی هێرش و داگیرکاری و ئەنفالی عەرەب دەبینم دژی گەلەکەمان کە لەهەموو هێرشێکیشدا گەلێ کچیان بەتاڵان بردووین و......!

(٢٤٩) هەوم و ئەفراسیاو و کەیخەسرەو و سیاوەش: بڕ پەراوێزەکانی بەرگی یەکەم. دەریای چەئێچەستە/ چیچەست: دەریاچەیەکی کۆنە گوایە لە هەرێی

ئـازەربایجانـدا، هـەنـدێ گێڕانـەوەش دەڵـێن شـوێنی لـە دایکبـوونی زەردەشـتە. ئەغریـرەس: یـەکێکـە لـە براکـانی ئـەفراسـیاب کـە بـە پێچـەوانـەی ئـەویتریـان (کرێسەوزدە)، بە پیاو چاک ناوی هاتووە.

(٢٥٠) ڕووباری دایتیا: بڕ پەرا (٢)

(٢٥١) ١ــ هەئوتەوسا: یا هوتەئەوسا: هاوسەری شا گشاسب و لە بەماڵەی نەوزەرانە، دەکرێ بڵێین خوشکی حەوت برا.

٢ــ ئەنجومەن: مەبەستی هەمان «مەگە» یە کە لە گاتاکان (یەسنای ٢٩، ٣٣، ٤٦، ٥١ و ٥٣) دا ئاماژەی پێ کراوە.

(٢٥٢) ١ــ ئەشـتو ئەوروەنـتەی کـوڕی ویسـپە سەروئەشـتی، یـا ئـەشـتە ئـەئورڤـەنتـە: نـاوەکـەی بـەواتـای خـودان هـەشـت سـوار دێـت، یـەکێکـە لـە نـەیـارەکـانی کـەوی ویشتاسب، بنەماڵەکەیان بەشێکە لە تۆرانییە دێویەسناکان.

٢ ــ زینیاوەرە خویزاهە: شوێن و گۆڕەپانی جەنگە، شوێنێک کە تیایدا گشتاسب بەسەر دوژمنەکانیدا سەرکەوت.

(٢٥٣) ١ــ ئەرجاسـبی خەیـوەن: نـاوی پاشـای تۆرانیـەکانـە بـەڵام بـە پێچـەوانـەی ئەفراسیابی برای کە بە ئەفراسیابی تۆرانی ناسراوەم ئەم وا نەناسراوە بەڵکوو سەر بە هۆزی خەیوەن بووە.

٢ــ دەرشینیکە: یەکێکە لە دێویەسناکان و دوژمنانی گشتاسب.

(٢٥٤) ١ــ تەسـەیاوەنتە: یـەکێکیتـر لـە دوژمنـەکـانی گشتاسـب کـە سـەرەنجـام هـەر بەدەستی گشتاسب کوژرا.

٢ــ سپینجە ئوروشکە: یەکێکیدی لە نەیارەکانی گشتاسب. ٣ــ واریزکەنا: یەک لە کچەکانی گشتاسب کە ئەرجاسبی خەیوەن پاش داگیر کردنی (بەڵخ){؟!!!} دیلی کردن و دواتر ئەسفەندیاری برایان ڕزگاری کردن.

(٢٥٥) ١ــ تۆرانی: واتە سەربە تۆران، تورکە فاشییەکنی ئەمڕۆ پاشماوەی هەمان هۆزی دڕندە و دوژمنی دێرینەمانن.

٢ــ نەوزەری: واتـە سـەربـە بنـەماڵـەی نـەوزەر کـە یـەکێکـە لـە سـێ کـوڕەکـەی مەنووچەر، زۆربەی ناودارانی ئەوسەردەمە لەم بنەماڵەیە بوونە.

٣ــ وەرزاوی (بەرێمایەون): ناوی ئەو (مانگا)یەیە کە بە منداڵی شیری داوەتە فەرەیدوون.

(٢٥٦) زۆرتر مەبەستی ئەو ژنانەن کە کۆرپەلەکانیان لە سگی دایکدا لەبار دەبەن.

(٢٥٧) ئاماژەیە بەو ژنانەی بە خیانەت دەکەن و بە دزیی هاوسەرەکانیان لەگەڵ پیاویتر دەنوون و گەر منداڵیشیان لییان هەبوو، ئەوا بە درۆ دەیدەنە پاڵ هاوسەرەکانی خۆیان.

(٢٥٨) ئەشتاد یەشت: هەژدەهەمین یەتی ئاڤێستایە، یەشتێکی کورتە لە ستایشی ئیزەد ژن (ئەرشتاد)دا.

(٢٥٩)١ــ بووشابی خەواڵوو: هەمان دێوی خەوە. ٢ــ ئەپووشە دێو: دێوی وشکەساڵی کە دەبێتە نەیاری تەشتەر کە ئیزەدی بارانە.

(٢٦٠) بارەگای خوسرەوانە: واتە بارەگای پاک و پیرۆز و رەنگاورەنگ، بارەگای فیردەوسی یەزدان.

(٢٦١) (ئەشە): بە واتای ڕاستی و دروستی و پاکی و پیرۆزییەت دێت، بۆتە بەشێک لەناوی ئەمشاسپەند (ئەشەڤەهیشتە). نابێ ئەم وشەیە لەگەڵ (ئەشەی)دا تێکەڵ بکرێ، ئەشەی ناوی ئیزەد ژنی سامان و پاداشتە، تەنیا لە واتادا یەکدەگرنەوە.

(٢٦٢) زامیاد یەشت یا کیان یەشت: یەکێکە لە دڵگیرترین یەشتەکانی ئاڤێستا کە تیایدا باسی شەڕ و بەرخودان و وڵاتپارێزی دەکرێت، لە ناوی خاک و نیشتیمانەوە وەرگیراوە چونکە زامیاد زەوی، سەرزەمین، هەروەها کیان یەشتیشی پێدەگوترێت چونکە لەم یەشتەدا زۆر باسی فەڕی کیانی کراوە و هانی پاراستنی دراوە لەبەرانبەر دوژمنە تۆرانییەکاندا. ئەم یەشتە جگە لەوەی بۆتە جەنگنامەیەک و سەرەڕای باسکردنی هەردوو فەڕی کیانی و فەڕی ئارییایی، ناوی سەرجەم یا زۆربەی زۆری کێوەکانی وڵاتیشی تێدا تۆمار کراوە.

(٢٦٣) ئەوشیدەرێنە: بە واتای شوێنی سپێدە دێت، کێوێکی پیرۆزە کە هەم بە ئوشیدەرێنە و هەم بە ئوشیدەم هاتووە و زۆرجار لە ئاڤێستادا باس کراوە، شوێنەکەی بەتەواوەتی ساغ نەکراوەتەوە، هەندێکەش دەڵێن لە سیستانە و

هەندێکیش بە کێوی بابای دەزانن و... بەڵام بەو پێیەی کە وڵات و سەرزەویی کیانەکانە، ئێمە دەڵێین هەمان (هەیشوور)ە کە ئێستا هاوینە هەواری گەندی (دەل)ە لە هەورامان یانخود (کەلو ئایشێ)یە کە دەکەوێتە نێوان گوندەکانی کەیمنە و هانەگەرمڵە و نارنجڵە و گەچینە.

(٢٦٤) یەکەمین کێو: ئەلبورز: لە بنەڕەتدا (هەرابێرێزە ئیتی)یە بەواتای زۆر بڵند و سەرکەش کە دواتر بۆتە (هەربورز و ئەلبورز)، یەک لە زنجیرە کێوەکانە کە لە ئاڤێستادا زۆر باس کراوە و رێزی لێگیراوە.

(٢٦٥) ١ـ زێرێدەزە: بە پێی ئاڤێستا دووەمین کێوە کە سەرجەم ناوچە و هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا لە خۆ دەگرێت.

٢ـ مەنووشە: بەشێکە لە زنجیرە چیای ئەلبورز، کیوێکی بەرز کە مەنووچەری تیادا لە دایک بوو.

(٢٦٦) ئێرێزیفیە: یەکێکە لە لووتکەکانی ئەلبورز و شوێنی نەزر کردنەکەی کەیکاوس.

(٢٦٧) (ئێرێزورە): شەشەمین کێوە کا زامیاد یەشت باسی دەکات (بومیە): حەوتەمین کێوە و بەواتای خاکی یا نیشتیمانی دێت. (زەوزیتە): هەشتەمین کێوە کە هیچ ئاگادارییەکمان لێی نییە. (مەزیشوەنتە): واتە گەورە و مەزن، ناوی نۆیەمین کێو لە ئاڤێستادا. (ئەنتەرێدەنگهو): واتە هەڵکەوتە لە ناو وڵاتدا، ناوی دەیەمین کێوە. (ئێرێزیشە): واتە ڕاست و هەڵکشاو، ناوی یازدەهەمین کێوە. (وایتی گەئێسە): یا واتگیس، ناوی دوازدەهەمین کێوە کە گوایە لە سنووری (واتگیسان؟!!!)دا هەڵکەوتووە.

(٢٦٨) (ئادەرەنە) و (بەیەنە) و (ئیشکەتە ئەوەپایری سەئێنە): ناوی سێ کێو کە پێکەوە دێت و بە پێی دەقەکانی زامیادیەشت هەموویان بە بەفر داپۆشراون و تەنیا کەمێک لە بەفرەکەیان دەتوێتەوە.

دوو زنجیرە کێوی (هەمەنگونە) و هەشت زنجیرەی (وەشەنە) و هەشت لووتکەی (ئەوروەنتە) و چوار شاخی (ویزەونە): لێرەدا وەکوو انەیەکی جوگرافی، هەوڵ دراوە زنجیرە کێوی ئەلبورز بەتەواوەتی بناسرێت بۆیە ناوی هەموو لووتکە و بەشەکانی هێنراوەتەوە.

(٢٦٩) (ئەئێزەحە) و (مەئێنەخە) و (واخێزریکە) و (ئەسەیە) و (توزەسکە) و(ویشەوە) و (دەرەوەشیشوەنتە) و (سایریەوەنتە) و (نەنگهەوەشمەنتە) و (کەکەهیوە) و (ئەنتەرێکەنگهە): ئەمانە هەریەکە ناوی کێو یا لووتکەیەکە لە زنجیرە چیای ئەلبورز.

(٢٧٠) (سیچی دەوە) و (ئەهوورەنە) و (رەئیمەنە) و (ئەشەستێمبەنە) و (ئورەنیووایزیمیزەکە) و (ئەسنەەنتە) و (ئوشەئومە) و (ئوشتەخوارێنە) و (سیامەکە) و (وەفرەیە) و (ڤوئوورۆشە)

(٢٧١) (یەهمیە جەتەرە) و (ئەزوەتەوە) و (سپیتەوەرێنە) و (سپیتۆداتە) و (کەزەرەوەئەسپە) و (کەوۆئیریسە) و لووتکەی (بەرۆسەرەیەنە) و (بەرەنە) و کێوی (فەراپەیە) و (ئەوەریە) و (رەئێوەنتە): ناوی بەشێکیتر لە کێو و لووتکە و شاخەکانی زنجیرە چیای ئەلبورزن.

(٢٧٢) گەرەزمان: یا گەروتمان، بەواتای حەرشی ئەعلا، لە کتێبی (کەیمنە مەڵبەندی ئەفسانە، لانکەی مرۆڤ، زیدی هونەر)مانادا بە دوورودریژی باسی گەروتمانمان کردووە.

(٢٧٣) هووشەنگی پێشدادی: پاسای پێشدادی کە دوای کەیمەرز چل ساڵ پاشایەتیی کرد، سیفەتی (ۆەرەداتە)یب دراوەتێ بە واتای یاسادانەر، واتای ناوەکەشی دەبێتە (بنیانتنەری خانووی چاک، گەلێ داهێنان لە بواری سەربازی و پیشەسازیدا دراوەتە پاڵ هووشەنگ و بە پیی گێڕانەوەیەکیش ئێرانییەکان لە توخمەی ئەون. ئەو بوو کە ئاسن و ئاگری دۆزییەوە و جەژنی (سەدە)ش یادگاری ئەوە.

(٢٧٤) تەهموورس: یا تەخمە ئەروپە، یەکێک لە پاشاکانی پێشدادی کە بە تەهمورسی دێوبەند بەناوبانگە چونکە سەرجەم دێوەکانی شکس دان و حەوت جۆرە خەت و شێوازی نووسینی داهێنا.

(٢٧٥) جەمشیدی روخسار جوان: دوای تەهموورس بوو بە پاشای پێشدادی، بە یەک لە مەزنترین پاشاکانی ئەم زنجیرەیە دەزانرێت، جەژنی نەورۆزی دیاری کرد، گەلێ ئامێری سەربازیی داهێنا، دەڵێن سەراب لە سەردەمی ئەودا داهێنرا.

(٢٧٦) ١ـ جەم: هەمان جەمشیدی شای پێشدادییە. ٢ـ ڤەیوەنگهان: یا

ڤیڤەنگهەوەنت: باوکی جەمشیدە... لە ریگڤیدادا بە وردی باسی کراوە.

(٢٧٧) فەرەیدوونی کوڕی ئاتبین (ئابتین): بڕ پەرا (٢٢٩)

(٢٧٨) گرشاسپی نەریمان: بڕ پەرا (٢٣٠)

(٢٧٩) ئەوبار/ ئەژدیهای ئەسپ ئەوبار: واتە ئەژدیهای ئەسپ خۆر، بڕ پەرا (٢٧٩)

(٢٨٠) ١ـ گەندەرێڤە: دێویکە و بەدەستی گەرشاسب کوژرا

٢ـ پەسەیەنە و نێیوەیکە و داشتەیانی: و هیتەسپە: و وەرێشەوە: و دانی: و پیتەوۆن): ئەمانە ناوی ئەو بنەماڵە و هۆزانەن کە دژایەتیی گەرشاسب و ئێرانییەکانیان دەکرد و هەموویان بەدەستی گەرشاسب کوژران و لەنێو بران.

(٢٨١) ئەرەزوشەمەن: یەکێکیتر لە نەیارەکانی گەرشاسب کە لەشەڕێکدا بەدەستی گەرشاسب کوژرا.

(٢٨٢) سناویزەکە: یەک لەو هۆزانەی دژایەتیی گەرشاسبیان دەکرد و هەر بە دەستی ئەویش لەناو چوون.

(٢٨٣) ١ـ بەهمەن و ئەردیبەهەشت: بڕ پەراوێزەکانی بەرگی یەکەم.

٢ـ ئەکەمەنە: یا ئەکەمەنو: واتە بەدئەندێش، یەکێکە لە خراپترینی دێوەکان، رەنگە هەمان (ئەکوان دێو) بێت.

٣ـ سپیتیوەر: گوایە برای جەمشید بووە بەڵام پشتی لەم کردووە و بۆتە داردەستی ئەژیدەهاک و سەرەنجام هەر ئەمیش دوای جەمشید کەوتووە و لێیداوە و دوولەتی کردووە!!

(٢٨٤) شەڕ و بەگژاچوونەوەکانی ئازەر و ئەژیدەهاک، بەتایبەتی لە وەندیدات، فەرگەردی ١٨ بڕگەی ١٩دا جوانتر باس کراوە.

(٢٨٥) ئەپام نەبات: ئیزەدی پاسەوانی ئاو.

(٢٨٦) ١ـ رەتوو: پێشەوا، رابەر، سەرکردەی دلێر و زانا. ٢ـ شیدوەر: بە واتای رووناکیبەخش، درەوشاوە، رۆشن دێت

(٢٨٧) ئاتۆربان: پاسەوانی ئاگر، ناونیشانی پێشەوایانی ئاینی زەردەشت بووە کە ئەمڕۆ بە ( مۆبد) ناو دەبرێن.

(٢٨٨) شاخاوە: مەبەست جۆبار یا رووبارە.

(٢٨٩) (ئیسێ، ئیسێ، پێسنە، ئەهمائی): لە ئاڤێستادا هیچ واتایەک بۆ ئەم رستەیە دا

نەنراوە و تەنیا گوتراوە کە ئەمانە دەقی جنێوەکانی ئەفراسیاون.

(٢٩٠) وەنگهەزادە: ناوی دەریاچەیەکە کە کاتی هێرشی ئەفراسیاب، فەڕی کیانی پەنای دەباتێ، ناوەکەی واتای (باشتر بەخش، جاکتربەخش) دەگەیەنێت، شوێنی ئەم دەریاچەیە نادیارە.

(٢٩١) (ئەوەئێسە، ئیسە، یەسنە، کەهمائی): بەشێکیترە لە جنێونامەکەی ئەفراسیاب کە واتا نەکراوەتەوە.

(٢٩٢) دەریاچەی ئەوژەدان ڤەنە: ئەمیش یەکێکە لەو رووبارانەی کە شوێنەکەی دەر نەکەوتووە.

(٢٩٣) ١ــ رووباری هیرمەند: یا هیلمەند هەمان (هەئێتومەنتە)ی ئاڤێستایە بە واتای خودان پرد و بەنداو، دەڵێن ئەم دەریاچەیە هەمان دەریاچەکەی ئەمرۆی سیستانە.

٢ــ دەریای کیانسیە: هەمان دەریاچەی هاموونە.

(٢٩٤) رووبارەکانی (خواسترا) و (هوئوسپا) و (فرەدەسا) و (خوارێنەنگهەیتی)ی جوان و (ئەوشتەوەیتی)ی بەهێز و (ئەوروەزا) خودان لەوەڕگەی بەرین و (ئێرێزی) و (زەرێنەوەمەیتی): ئەمانەش ناوی ئەو رووبارانەن کە دڕژێنە ناو دەریاچەی هیرمەندەوە.

(٢٩٥) ئەنیران: بڕ پەرا (١٢٧)

(٢٩٦) گیانداری پێنجینە: مەبەست لە ئاژەڵ و گیاندارە کەوی و ماڵی و بەسوودەکانە.

(٢٩٧) فەڕی کیانی پاش هەموو ئەو ناوانە دەگاتە دەستی کەیقوباد، کەی قوباد، (کەی ئەپیوە) و (کەی کاوس) و (کەی ئارەش) و (کەی پەشین) و (کەی بیارەش) و (کەی سیاوەش): هەموو ئەم ناوانەش ناوی پاشا کیانییەکانن کە یەک دوای یەک هاوون و ناوی هەموویشیان لە ئاڤێستادا بە رێزەوە هاتووە.

(٢٩٨) گرسیوەز: ئەمیش برایەکی تری ئەفراسیابی تۆرانی بوو کە دژایەتیی ئێرانی دەکرد.

(٢٩٩) سەرنجی جێگە و پێگە و کاریگەریی عومەری کوڕی خەتتاب بدە لە ئیسلامدا.

(٣٠٠) ١ــ تەسەرویاوەنتە: واتە تاریک و رەش، ناوی یەکێکە لە دێویەسناکان

٢ــ پێشەنە: ئەمیش ە دێویەسناکان و دوژمنی کەی گشتاسبە.

(٣٠١) ١ــ بوندەهێش پێمان دەڵێت کە فەرەیدوون ئەژیدەهاکی نەکوشت بەڵکوو یەخسیری کرد و خستییە زیندانێکەوە لە دەماوەند. ٢ــ ئەستوەت ئێریتە: واتە سوشیانت... رزگاریدەر. ٣ــ ویسپەتەوروەیری: واتە مایەی شانازیی باوکی، ناوی دایکی دوایین سوشیانتە.

(٣٠٢) زین مانگا (زین گاو): یەکێکە لە دوژمنەکانی ئێران، ناوەکە بە واتاتی درۆزن/ درۆخواز دێت.

(٣٠٣) وشەیەک پەڕیوە و رستەکە ناتەواو ماوەتەوە

(٣٠٤) هەوم یەشت: بیستەمین یەشتی ئاڤێستایە کە باسی چۆنیەتی گرتنەوەی شەرابی هەوم و چاکییەکانی دەکات.

(٣٠٥) بورزمەند: لە هەمان ریشەی بەرز وەرگیراوە و واتاتی بڵند دەگەیەنێت و لێرەدا بۆ بۆ بڵند پایە، بە شکۆ، مەزن هاتووە.

(٣٠٦) وەنەند یەشت: بیستویەکەمین/ دوایین و کورتترین یەشتی ئاڤێستایە کە تایبەت دراوە بە ئەستێرەی (وەنەند) کە تیایدا سەرکۆنەی جانەوەرە زیانەخرۆیەکان کراوە.

(٣٠٧) خرەفستر) ناوێکە بۆ سەرجەم جرۆجانەوەری زیانەخرۆ بەکار دەبرێت کە بە ئافەریدەی ئەهرمەن بۆ زیان گەیاندن بە گێتی و ژیان ئەشەڤەنی دەزانرێن.

(٣٠٨) هادۆخت نەسەک: بیستەمین نەسکی ئاڤێتای سەردەمی ساسانیەکانە کە تەنیا سێ فەرگەردی لێ بەجێماوە و ئێستا بۆتە پاشکۆی یەشتەکان هەر بۆیەش (هادۆخت یەشت)یشی پێدەگوترێت، بەڵام لە ڕاستیدا سەر بە یەشتەکان نییە.

(٣٠٩) ١ــ فرەوەرانە: دوعایەکی تایبەتە بەوانەی دینی زەردەشتی قەبووڵ دەکەن، لەسەرەتای یەسنا و زۆربەی بڕگەکانیشیدا دووبارە کراوەتەوە، ناسراوە بە دوعای (دانی پێدا دەنێم) واتە ئیقرار کردن بە دین، دەڵێت: من دانی پێدادەنێم کە مەزداپەرست و زەردەشتیم، دوژمنی دێوەکان و ئەهوورایی کیشم.

٢ــ هاوەنی: ئیزەدی پاسەوانی یەکێک لە گاهانبارەکان،(بەیانی تا هەڵاتینی خۆر) هەرواش ئەو ئامێرە پیرۆزەیە کە گیای هەومی تێدا کوتراوە، ئێستاش هەر بە هەمان ناو (هاوەن) لە ناوماندا ماوەتەوە و بڕواش وایە هەر ماڵێک هاوەنی تێدا

بێت زۆرترین خێر و بەرەکەت رووی تێدەکات، سەرەڕای هەموو ئەمانەش، دەنگەکەی ئامرازێک بووە بۆ کۆکردنەوەی ئیمانداران بۆ رێورەسمەکە، دەڵێن (ناقووس)ی کلێسەکان لەم هاوەنەوە وەرگیراوە.

٣ـ ساڤەنگەهی: ئیزەدێکە و بۆتە هاوکاری ئیزەدی پاسەوانی گاهەنبارەکان واتە هاوەنی..

٤ـ وەیسیە: لە وشەی (وەیس) بە واتای گوند هاتووە، ئیزەدی پاسەوانی گوند و هەرواش یاریدەدەری هاوەنی.

(٣١٠) ئوشتەڤەدگا: یا ئوشتەڤەئیتی: ناوی دووەمین بەشی گاتاکان و هەرواش ناوی دووەمین ڕۆژی پەنجەیە، واتە پێنج ڕۆژی کۆتایی ساڵ کە هەندێجار پێی دەگوترێت پەنجەی دزراو.

(٣١١) لە ئوستوورە ئێرانیەکاندا نیوڕۆژ (باشوور) جێگای تیشک و فیردەوسی ئیزەدی بووە.

(٣١٢) ئەنیران: جگە لەوەی واتای نا ئاریایی دەگەیەنێت واتایەکی تریش لەخۆ دەگرێت، لە ئاڤێستادا ئەنەغرەرئوچە کە لە دووبەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم نیشانەی نەفی کردنە و بەشی دووەمیش بەواتای سنوور، رادە، ئەمدازە دێت. سەرجەم واتای بارەگای تیشک و ڕووناکیی بێ پایان و بێ سنوور بەدەستەوە دەدات.

(٣١٣) رۆنی زەرێمەیە: مەبەست (کەرە)ی تازەیە کە لە وەرزی بەهاردا لە شیری تازە گیرابێت.

(٣١٤) بڕ: یەسنا/ گاتاکان/ بەشی ٤٦ بڕگەی ١

(٣١٥) ئەپاختەر یا باکوور لە ئوستوورە ئێرانیەکاندا جێگای دۆزەخ و بارەگای ئەهریمەن و دێوەکان بووە